# تەئریخی سلیمانی و وڵاتی
# لە دەورەی زۆر قەدیمەوە
# تا ئەوەڵی ئیحتیلال
# (١٩١٨م)

وەزیری ئیقتصاد و مواصەلاتی پێشوو
محەمەد ئەمین زەکی
نووسیویەتی

لە بەغداد و لەچاپخانەی (النجاح)دا لە چاپ دراوە
١٣٥٨ هیجری — ١٩٣٩ میلادی

# سكالأيەك

هيچ ولأتێ نييە كە لە صەحنەی تەئريخدا، وەظيفەی خۆی بەجێ نەهێنابێ. ولأتـی سلێمانيش يـەكێ لەوانەيـە. لـە زۆر قەديمـەوە تـا زەمـانی ئيحتـيلال زۆر حاديثاتو مەصائيبی ديوە. شاخی (پيرەمەگروون) ئەگەر بهاتايە زمانو، ئەوەی ديويە بۆی بگێرايناياوە، لە سەرگوزەشتی حەقيقەیی ئەم ولأتە زۆر باش، حالّی ئەبووين. بەلأم ئەمە، تەمەننەیی مەحالّە. پێشينانيش لـەم خـصووصەوە زۆر كەمتەرخـەمييان نوانـدووەو، لەحـەق سـەرگوزەشـتی ولأتەكـە هـيچ ميراتێكـی نووسـراوەيان بـۆ بـەجێ نەهێـشتووين و، ئـەم نەوعـە ئەركانـەيان خـستووەتە سەرشانی پاشينان، خۆش بێو ترش بێ ئەبێ قبوولّی بكەين و، ئێمە هەولّی بۆ بدەين. بەم فكرە ئەمە چەند سالّێكە خەريكم، ئەخوێنمەوەو، لە هەر كتێبێكدا دەرحەق بەم ولأتە شتێكم دی بێ لە پارچە كاغەزێكم ئەنووسی. لە دواييدا ئەمانەم كۆكردەوەو بە گوێرەی زەمانی، سەرگوزشتێكی كورتی ولأتەكەم لێ دروست كـردو، گەياندمە دەورەی ئيحتـيلال(١٩١٨م). مـومكين بـوو كـەتا ئەمسالّيشی بهێنم و، ئەوەی پێويست بێ هەيە، بەلأم بە فكرێكی ئيحتياط وازم لێهێنا، چونكە لام وايە نە سياسەت و، نە ئەشخاصی ئەم حاديثانە تەحەمولی بيستنی حەقايقيان نييە، بەش بە خۆم منيش حەز لە درۆ ناكەم.

محەمەد ئەمين زەكی

بەغداد

# تەئریخی ولاّتی سلیمانی
# لە زەمانی قەدیمەوە تا دەوری ئیسلام

ئەگەر باش لە تەئریخی قەدیم ورد بینەوە، تێ ئەگەین کە ولاّتی سلێمانیی ئیمڕۆ لە زۆر قەدیمەوە ئاوەدان بووەو، عادەتەن مەرکەزی ئەقوامی مەشهورەی ( مەنظومەی زاغرۆس) بووە. بەلاّم جێگەی ئەسەفە کە دەرحەق بەو زەمانە قەدیمە هێشتا مەعلومات و، ئەخبارێکی کافی دەس نەکەوتووە.

ئافرەتێکی تێگەیشتووی ئینگلیز، لە ساڵی (١٩٢٨)ی میلادیدا بەعضێ تەدقیقاتی لە لیوای سلیمانی دا کردووەو، لە ئەشکەوتەکانی (هەزارمێرد)و ( سورداش)دا بەعضێ ئاثاری بەشەری دۆزیوەتەوە، کە ئەبێ عائد بە (دەوری بەرد)ی ئەوەڵ و دووەم بێ، کە تەئریخی طەبیعیی بەشەر (Anthropolegie)ی تا سێ هەزار ساڵی پێشوو ئەچێ. ڕاپۆری ئەم عالیمەیە لە وەزارەتی مەعاریفی عیراقدا هەیە.

دەرحەق بە ئەحواڵ و خەڵکی چل پەنچا قەرنی پێشووی ئەم ولاّتە، بەعضێ مەعلومات هەیەو، مومکینە ئەمە ببێتە مەبدەیی تەئریخی. بەگوێرەی ئەم مەعلوماتە، کە لە ئاثاری مەکشوفەی (ئار رافا) و (ئاکاد) و(سۆمەر) دەرهێنراوە، تەئریخی قەومی(لۆللۆ Lullu)ی لەم ولاّتەدا بووە. مستەر (هۆل M.R. Hall) لە تەئریخی قەدیمی شەرقی قەریبدا باسی شەڕی قەڕاڵی گۆتۆ (ئیناتۆم Eannatum) لەگەڵ (عیلام) ئەکا کە لە ئەواخیری قەرنی سیو یەکەمینی میلاددا واقیع بووە. لەزەمانی ( مانیش تۆسۆ Manish Tusu) شدا، دیسانەوە قەومی گۆتۆ لەگەڵ عیلامی تێك هەڵچووە ( ٢٨٠٠ پ.م) " لاپەڕە ٢١٠". (نارام سین)ی قڕاڵی ئاکادیش لەگەڵ قڕاڵی لۆللۆ ساتونی Satuni دا لە ئەوائیلی عەصری بیست وحەوتەمینی پێش میلاددا شەڕی کردووەو شکاندویەتیو، لە "دەربەندی

گاور"دا، کە لە شاخی "قەرەطاخ"دایە، ستوونێکی ظەفەری بۆ داناوەو، باسی ئەم شەڕەی لێ نووسیووە.[1]

ئەم قەومە کۆنەی ولاّتی سلیمانی، وادەردەکەوێ کە لە شارەزوورەوە بۆ طەرەفی جنوبی شەرقی، یەعنی ولاّتی ( هالمان Halman )[2]، کە مەرکەزەکەی تەصادوفی (زەهاو)ی ئیمڕۆ ئەکا، بلاّوبۆتەوە. ئەم مەعلوماتە لە لەوحەیەکی دۆزراوەی قڕاڵی (لۆللۆ)، کە (ئاننو بانینی Annu Baniny)یە، دەرهێنراوەو، ئەم لەوحەیەش لە طەرەفی (زەهاو)ەوە کەشف کراوە. ئەهالیی (هاڵمان)، لەگەڵ لۆللۆکانا هاو عەرق و خزم بوون. ڕەنگە (ئاننو بانینی) کە قڕاڵێکی ئازاو، بێ خەوف بوو، ولاّتەکەی داگیر کردبن و، خستبیەتە سەر ولاّتی لۆللۆو، چەند ستوونێکی ظەفەری لەوێدا نابێ. واقیعەن ئینسقلۆپیەدیای ئیسلام لە باسی (سەرپێڵی زەهاو)دا باسی سێ کۆڵەکەی بەردی (ستوونی ظەفەر) نووسراوە لەلای چەپی ئاوی ئەڵوەندو لە نزیك (هەزار جریب) ئەکاو، ئەڵێ دووانیان ئاثاری ساسانیو، یەکێکیان ئاثاری (ئاننوبانینی)، قڕاڵی لۆللۆ بووە. بە گوێرەی خەط و ڕەسمی ئەم ستوونە ئەبێ حوکمداری (ئاننوبانینی) زۆر لە پێش (نارام سین)دا نەبووبێ.[3]

---

[1] (نارام سین – Naram Sn) یەکێ لە پادشاهانی بەشوورەتی ئاکاد بووەو، لە ئەواخیری عەصری بیست وحەوتەم و ئەوائیلی بیست و هەشتەمی پێش میلاددا حکوومەتی کردووە. ئەم لەوحە نووسراوە لە طەڕەف مستەر "ئەدموندس"ەوە دۆزراوەتەوە، دەرحەق بەمە لە مەجمووعەی "Geographical Journal"دا لە ژێر عینوانی " دوا ئەثەری قەدیم لە کوردستاندا" مەقالەیەکی زۆر نایابی نووسیووە.

[2] ئەم تەعبیری " هاڵمان"ە، لە شکڵی " ئارمان"یشدا بینراوە بە گوێرەی تەطابقی جوگرافی ڕەنگە ولاّتی "هەورامان" ی ئیمڕو بێو، ناوی ئیمڕوی لە "ئارمان"ەوە تەحریف کرابێ.

(٣) بەگوێرەی مستەشرق هۆڵ" تەئریخی قەدیمی شەرقی قەریب، لاپەڕە ٢١٠"، "ئاننوبانینی" لە مەبادی عەصری ٢٨ی پێش میلاددا قڕاڵی "گۆتی" بووە" وذاتەن ولاّتی لۆللۆ و " ئاراپخا" مەوطنی موشتەرەکی ئەم دوو قەومە بووە، لە دوای ئاننوبانینی، "لاسیراب Lasirab"بووە بە حوکمداری لۆلۆ و"شارلاك Sharlak"، بە قڕاڵی گۆتی نیشان دراوە، و لەزەمانی ئەم قڕاڵەدا، "ساراغۆن"ی قڕاڵی "ئاکاد" ، ولاّتی لۆلۆی زەوت کردووە. لە دوایی دا "ساتونی Satuny"ی قڕاڵی لۆلۆی زەوت کردووە. لە دوایی دا " ساتونی Satuny" ی قڕاڵی لۆللۆ موحتەمەلە تیکرار حوڕیەتی ولاّتەکەی سەندبێتەوە، بەلاّم ئەمیش تووشی تەعروضی"نارام سین"ی قڕاڵی ئاکاد بووە (مبادی عەصری ٢٧، پ.م).

لـه دوای دەوری (نـارم سـین) زۆر کـەم باسـی ئـەحواڵی سیاسـیەی وڵاتـی لۆلـلۆ کراوە. ئەم دەورە تاریکەی لۆللۆە، تـا دەوری حکومـەتی ئاسـووری ( ئاداد نیراری ئـەوەل ١ Adad nirari – ١٣١٠ پ.م) دەوامـی کـردووە[٤]. لەگـەڵ ئەمەشـدا زۆر موحتەمەلــە کــە ئــەم قەومــە، لــە عەصــری هــەژدەو نــۆزدەی پــێش مــیلاددا ئاسووریەشی داگیرکردبێ‌و، حاکمانی ئاسووریی ئـەم عەصـرانە ئـەبێ لـە قـەومی لۆللـۆ بـووبن. چـونکە ناوەکانیـان لەگـەڵ نـاوی قـەومی سـامی زیـاتر لەگـەڵ نـاوی قەومی زاغرۆس دا موناسـەبەت و مشابهەتی هەیـە[٥] ، حـەتتا ( تـەئریخی قـەدیمی شــەرقی قــەریب ، لاپــەڕە ١٩٤) ئــەڵێ هــیچ غــەیر موحتەمــەل نییــە کــە خــەڵکی ئاسـووریە لـە ئـەقوامی زاغـرۆس بـن و، لـە دواییـدا بـووبن بـە سـامی. لـە مـەبادی عەصری سیانزەمینی پێش میلاددا (ئاداد – نیراری)ی ئەوەل باسـی غەلەبەیـەکی بەسـەر (مـەنظومـەی زاغـرۆس)دا ئـەکاو، لـەم بەینـەدا باسـی ئـۆردووی لۆللۆشـی کـردووە " تـیغلات پیلیسیری ئـەوەل١ Tiglath Pleser" و " توکولتی نینورتـا"ش گەلێ شەڕیان لەگەڵ ئـەم قەومـە کـردووە. "ئاشـور ناصـرپال – Ashur Nasirpa I"ی سێیەم لە بەینی (٨٨٤ – و ٨٨٠ پ.م) دا سێ دەفعە شەڕی لەگەڵ کردوون.

پرۆفیسۆر "سپایزەر"، لە ساڵی ١٩٢٦دا، لەم وڵاتـی سلێمانیەدا تـەدقیقاتێکی باشی بە تایبەتی لە حەق ئەم سێ سەفەرەی "ئاشور ناصر پاڵی سێیەم ٨٦٠ – ٨٨٤پ.م" ی قڕاڵی ئاسووری کردووە[٦] بۆ خولاصە ئەڵێ:

---

(٤) بەگوێرەی (The Cambridge Ancient History ) قەومی گۆتی، لە ئەواخیری دەوری "شارکەلی شاری Sharkali Shari" دا، کەلە ئەخلاف (نارام سین)ە، بە فکری ئینتقام هەڵی کوتایە سەر وڵاتی "سۆمەر" و"ئاکاد" و زەوتی کردوە، وهەیکەلی مەعبوود "ئانۆنیت Anunit"ی لە "ئاکاد"ە وە بردۆەتە ئەراپخا – کەرکوك، وتاچەند قرنێك ئەم هەیکەلەی موحافەظة کردووە. خولاصە لە ئەواخیری عەصری ٢٧ می پێش میلاددا ئەم سەلطە نەتی "گۆتی"یە، بەدەس "ئۆتۆخەگال– Utukhegal"ی "ئوور"ەوە دوایی هاتووە وعەشائری "گۆتۆ" گەڕاونەتەوە وڵاتی لۆلۆو ئەرپخا، (جلد ١، لاپەرە ٤٢٣ و جەدوەلی حوکمداران ، نمرە ١، لاپەرە ٦٧٥)

(٥) ناوی بەعظێ لەم قڕاڵانی ئاسووری یە (ئاداس)، (بازاری)، (لۆبای)، و (لوللای)بووە(ئەقوامی مەزوپۆتامیا، لاپەڕە ٩٠).

(٦) ئەم تەدقیقاتەی لە شکڵی ئەثەرێکدا نەشر کردووە. تەنیا تەرجومەی قسمێکم لە ڕۆژنامەی ژیانی ١٩٢٩دا دیوە و تەئریخی دەوری حکومەتی ئەم مەلیکی ئاسووریەیە بە ( ٦٠٦–٧٧٥ق.م) دانراوە کە ڕەنگە غەڵەطی مەطبەعە بێ صەحیحەکەی وەگو لەسەرەوە نووسیومانە.

**" یەکێ لە ئومەڕای ولاٚتی (زاموا)، کە ناوی (نورەداد)ە[٧] و، لەگەڵ باقی ئومەڕای لۆللۆ لە تابعیەتی ئاسووری بێزار بوون و، عوصیانیان کردو، لەسەر ئەمە (ئاشور ناصر پالْ)، بە لەشکری ئاسووریەوە بەسەر (دەربەندی بازیان)دا ڕووی کردۆتە ولاٚتی (زاموا). لەشکری لۆللۆ، ئەم دەربەندەیان تەحکیم کردبوو. لە دوای شەڕێکی قورس و ضایەعاتێکی موناسیب، لەشکری ئاسووری دەربەند ئەگرێو،داخلْی ولاٚتی (زاموا Zamua)، ئەبێو بە سەر (گردی گۆپاڵە)[٨] دا پێش ئەکەون و، لە(دۆڵوبلاخ)ەوە تا (گردەبۆر)[٩] هاتوون، زەوتیان کردووە. ( نورەداد)[١٠] خۆی کێشاوەتە شاخێکی سەخت، کە ڕەنگە (پیرەمەگرون)بێ، ئەمە نیهایەتی ئەوەل سەفەرە. مەلیکی ئاسووری لە شارە زەوت کراوەکانا، بەعضێ لەشکر بەجێ ئەهێڵێ و ئەگەڕێتەوە.**

**لە دووەم سەفەردا، (دۆڵی سورداش) ئەگرێو، لە پاشدا ڕوو ئەکاتە شارەزوور تا ( شکمیدان) دێو، قەتڵ و عامێکی زۆر ئەکاو، ئەگەڕێتەوە قەلاٚی ( موان) یش ئەگرێو، ژمارەی شاری گیراو ئەگاتە (١٥٦). بەلاٚم ظەفەر بە قڕاڵی لۆللۆ (ئامیخا) ناباو، قەلاٚی (نیسیر) ی بۆ ناگیرێ.**

**قەلاٚی "موان" ئەکا بە ئەساسی حەرەکەو، دەس ئەکا بە سەفەری سێیەم و، ڕوو ئەکاتە چیاکانی ڕێگەی (پێنجوین) لە (ناڵپارێز)، خەڵکی ئەو ناوە ڕێگەیان پێگرت و، لە دوای شەڕێکی موناسب (زاموا)ییکان شکان و، لەشکری ئاسووری تا دەشتی (قزڵجە)و ،شاخی(کەچڵ کەچڵ)و (مەریوان) لە شوێنیان نەبۆتەوە، لە پاشدا ڕوو بە (موان) گەڕانەوە. شەڕکەری زاموا لە ڕەجعەتەشدا بە لەشکری ئاسووری هەڵئەچێو، لە دەربەندێکدا بەعضێ عەرەبانەی شەڕیان لێ زەوت کردن، و لە شکری ئاسووری بە ناعیلاجی بە ڕێگەیەکیتردا هاتەوە شارەزوور.**

---

**(٧) ئەم نورە ئادە، بە گوێرەی ئەثرەکە ی (ئۆلستیدا) ئەبێ حاکمێکی بابلی بووبێ و لۆلۆ نییە.**

**(٨) قەلاٚی (ئاوزی Uzi). بابێت ، دغارا، یارا، کاکری و بیست شاریتریان زەوت کردووە (ئولمستید).**

**[٩] شاری (زیمری Zimri)**

**(١٠) ئۆلمستید ئەڵێ، بەقایای لەشکری لۆلۆ، لە ئیدارەی قڕاڵ (ئامیخا)دا خۆی کێشایە قەلاٚی (نیسیر = پیرەمەگرون).**

بەعضیّ شارانی تریان تەسلیم بوو، تەنیا (مەسۆ)، کە لە جێگەی (ولاّتە)ی ئیمڕۆ بووە، خۆی ڕاگرت و تەسلیم نەبوو بۆ لەشکری ئاسووری، بە هجومێکی بە شیددەت ئەو شارەشی گرت و، زۆری خەڵکەکەی لەناوچوو، وە لە هەورامانیشدا پانزە شارێك کەوتە دەس ئاسووری.

لە دوای بڕانەوەی شەر، ئاشور ناصر پاڵ، دەسی کرد بە تەعمیری شارەکان، قەلاّی (بەکراوا) کرا بە عەمماری دەغلّ ودان و، لە سەر ڕێگەی بازیان بەعضیّ مەرکەزی عەسکەری دانراو، ئەمین کرایەوەو، بەم تەرحە سەفەری سێیەمیش دوایی هات.

قڕاڵی لۆللۆ کە ناوی (ئامیخا Amikha) بوو، خۆی کێشابووە کێوان و بە گوێرەی ( تەئریخی ئاسوور، ئۆلمستید، لاپەڕە ٨٨، ٨٩) لەگەڵ بەعضیّ ڕوئەساو ئەهالیدا لە قەلاّی (کینبا –پیرەمەگروون)دا، خۆیان قایم کرد بۆ لەشکری ئاسووری، کە لەژێر قوماندەی (شلمانەصر Shalmaneser)ی ولی عەهدا بوو، هاتە سەریان و ئەوەل تەجروبەی هجوومیان سەری نەگرت و، لەم موحاصەرەیەدا ئاسووریەکان تووشی ئەذیەت و ضایعاتێکی زۆر بوون. بەلاّم وادەر ئەکەویّ کە لەدواییدا لەگەڵ مدافعیندا، ڕێکەوتوون[١١]. (ئاشوور ناصر پاڵ) بەم ظەفەرەیەوە فەخری کردووەو، حەتتا لە نزیك ستوونی ظەفەری (تیغلات بیلیسر)، و (توکواتی نینورتا Tukulti-Ninurta)دا، ئەویش ئستوونێکی ظەفەری دروست کردووە.

ولاّتی (لۆللۆ – زاموا)، لە ساڵی (٧٤٤ پ.م)دا دیسانەوە بۆتە صەحنەی حەرب. (شلمانەصر)ی چوارەم لە حدودی ( نامیری – مەنطقەی پشدەر)دا لەگەڵ لەشکری (ئورارتو Urartu) تێکهەڵچووە.

قڕاڵی خالدی ( ئەرگستیس Argistis)، هەروەکوو لە مەنطقەی (نامیری Nrmiri)داو لە دەوری (میلید – مەلاّطیە)و (پارسو) و(مانی) و(طور عابدین)دا ئۆدووی ئاسووری شپرزە کردبوو، لێرەشدا غەلەبەی سەندو، حکومەتی ئاسووری بەهەزار حاڵ توانی ولاّتی لۆللۆ موحافظە بکا(کامبریج تەئریخی قەدیم، لاپەڕە

---

[١١] قامبریج تەئریخی قەدیم، جلدی ٣، لاپەڕە ٢٢٣.

٣٠). له ٧٦٦ پ.م دا لەشكرى ئاسوورى ديسان بەسەر ولأتى لۆللۆدا ڕۆيى و ڕووى كرده ميديا، بەلأم موەفەق نەبوو، گەڕايەوە.

(ئاشوور نيرارى پێنجەم)( ٧٥٤ –٧٤٦ پ.م) يش دوو دەفعه له مەنطقەى( نامير)دا سيلاحى خۆى تەجروبه كردووە.

(شلماناسەرى سێيەم)يش له ٨٥٩ پ.م دا، هاته سەر ولأتى "زاموا" و تا هەورازى شاخانى "نيكديم" و نيكدى – ئيرا"ى[12]زەوت كرد. عەينى حوكمدار له ٨٤٤ پ.م دا چووه سەر ولأتى "ناميرى" و قڕاڵەكەى كه ناوى " مردوك – موديك" بوو، خۆى كێشايه كێوان.

"شلمانصەر" له ٨٢٩ پ.م دا ولأتى كارخى[13]ى تالأن و وێران كرد. خولأصه ساڵى دووايى ئەم ولأتى "زاموا"يه، بووه ولأتێكى ئاسوورى.

له ئەواسطى قەڕنى هەشتەمى پێش ميلاددا، ئەم ولأته بەينێك بەدەس "ئيليا" ناو حاكمێكى عاصى ئاسوورى يەوه بوو، وه له ئەواخيرى ئەم قەڕنەدا ئەم ولأته له طەڕەف ئاسووريەكانەوه ناونرا " لۆللۆم"[13]. "تيغلات پليسر"ى چوارەم له ساڵى ٧٤٥پ.م دا له ئاراميەكانى مەزوپۆتامياى نەقڵى ئەم ولأته كرد "فورەو، لاپەڕه ٤٣" و لەساڵى دواييشدا بەسەر ولأتى لۆللۆو "ناميرى"دا ڕووى كرده ميدياو، ئەم ولأتەى تالأن و وێران كرد.

خولأصه ئەم ولأته له ئەواخيرى حكومەتى ئاسووريدا نزيك عەصرێك له ناو شەڕو شۆڕو ئيختيلالى ئەواميرى ئاسووريدا ماو، نيهايەت له دواى ظهورى حكومەتى ميدياو، لەناو چوونى دەوڵەتى ئاسوورى، كەوته دەس ميدياو، سێيەم پادشاى ميديا كه (كيخسار) بوو، دەفعەى دووەم كه ڕووى كرده ( نەينەوا)، به سەر ئەم ولأتى ( لۆللۆ)م دا، ڕابورد.

( سيروس = كيخسرو)، له پێش تەعروضى بۆ سەر (بابل) به چەند ساڵ (٥٤٦پ.م) ولأتى (گۆتۆ – گۆتيوم) ى هێنايه ژێر حوكمەوه. لەو دەورەدا ولأتى

---

[12] ئەم دوو شاخه ڕەنگه شاخى "تاسلوجه" و"گڵەزەرده" بن.

[13] ئەم مه نطقەى كارخى يه له ولأتى لۆلۆوه يه ڕەنگه دەشتى شارەزوورى ئێستابێ.

[13] تەئريخى ئاسوور، ئولمستيد، لاپەڕه ٢٤٥.

(کۆتـۆ -  Kutu) عبـارەت بـوو لـە حـەوضـەی (زیـی کۆیـە) و مـەنطیقـەی دیجلـە وشـاخانی سـلیمانی وسـیروان. ئـەم ولأتـە لـە دوابیـدا کـەوتبووە ژێـر حـوکمی بابلـستانەوە. قۆمانـدانی بـابلی (نەریگلیـساو — Neriglisser) هەیکـەلی مـەعبوود (ئانونیت — Anunit)ی لە گۆتۆ سەندبووەوە. خولأصە ئەم ولأتە لـە پـاش دەوڵـەتی ماد کەوتە دەس ئێران و والییەکی ئێرانی بۆ تەعیین کرابوو کـە نـاوی ( غوبـاروا — GAUBARUYA) بوو.

**قەومی لۆللۆ:**

ئـەم قەومـە مـەعلوم نییـە کـە کـەی ولـە کوێـوە هاتۆتـە  ولأتـی سـلیمانی. تقریبـەن پێـنج هـەزار سـاڵ لەمـەوپێش تـەئریخی ئـەم قەومـەی لـەم ولأتـەدا دیـوەو لەگـەڵ قـەومی (گۆتـۆ —Gotu) بەیەکـەوە ژیـاون.بعـضـێ قـۆڵی لـە ئاسـووریە و سوریەدا بینراوە. زۆر جار تووشی تـەعروضـی قڕالأنـی (ئاکـاد) و(ئاسـوور) بـوون، بەلأم تا ڕوبعی دوایی‌ی عەصری نۆهەم ئیستقلالی داخلـی خـۆیـان بـە دەرەجەیـەك محافظە کردووە. ئەم قەومە لە عناصری (منظومـە ی زاغـرۆس) و لەگـەڵ (گـۆتی GUTI (GUTIUM= ( سوبیر SNDARUM = SUBIR) و (کاسای = Kassai — KASSITES)دا بـە ئەصڵی کورد دانرابوون.

**مەدەنیەتی:**

**قـەومی لۆللـۆ، مەدەنیـەتێکی باشـی بـووەو، لـە دوای تەماسـیان لەگـەڵ (ئاکاد)دا، وا دەرئەکەوی کە زیـاتر تـەرەقیان کـردووە، شاهیدی ئەمـەیش بلـذات ڕوایەتی ( ئاشوور ناصر پاڵ)ی قڕاڵی ئاسووریە. حـەتتا ئـەم قڕاڵـە بـۆ تـەزبیتی شارانی ئاسوور و، تەعمیمی صەنعەت،  لـە بـەینی ئاسـووریە کانـا گـەلێ ئـەهلی صـەنعەتی لـەم لۆللۆیانـە هـەڵ بـژاردو، نـاردنی بـۆ ئاسـووریە، زۆری شـاران و قەلأیانی، کە لە طەڕەف قڕالأنی ئاسووریەوە باس کراوە، دەلالەت لە دەوڵەمەندی و ئاوەدانی ئەم مەملەکەتە ئەکا.**

**زمانی:**

**به گوێرەی موستەشرق (هۆزینغ)** ئەبێ زمانی لۆللۆ، لە تەوابیعی زمانی عیلامی بێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر تەماشای بەعضێ ئەسمائی خاصە بکرێ، ئەبینرێ کە لەگەڵ زمانی (هۆری)دا زۆر موشابەهەتی هەیە.

هەر چەندە پرۆفیسۆر (سپایزەر) کوردی "لوڕ" بە نەتەوەی لۆللۆ دائەنێ، بەڵام ئەغلەبی موستەشرقەکان وباخصوص ( ولادمیر مینۆرسکی) قەومی کوردی لوڕ بە ئەولادی (کاسای) قبووڵ ئەکەن.

**جوغرافیای:**

دەر حەق سەرحەدو سنووری ولاّتی قەومی (لۆللۆ) یا (زاموا) ی دەوری ئاسووری، مەعلوماتێکی قەطعی وواضح نییە، بە گوێرەی ڕوایەتی بابلیەکان، سەفینەکەی نوح (علیە السلام) لە دوای طۆفان لەسەر شاخی (نیسیر - Nisir ) (شاخی نەجات)، ڕاوەستاوەو، ئەم شاخی(نیسیر)ە ، کە بەزمانی لۆللۆ (کنیبا Kniba-) یان پێ وتووە، ڕەنگە شاخی ( پیرەمەگروون – پیر عمر مقرون)بێ[١٤]. بە گوێرەی خەریطەی (ئۆلمستید)، ڕەنگە ولاّتی (زاموا = مازاموا) بەینی ( تاسلوجە)و (بانی مەقان) بێ، مەنطقەی(کیماش Kimash) (لارا – Lara) و (سیماش Simash) یش وەکو سورداش[١٥]و (شارباژێر) دوو ناحیە بوون و، بەشی شەرقی (تاسلوجە)ش (لۆللۆ)م یان پێ گوتبێ. بە گوێرەی ( قامبێریج

---

[١٤] ئەم شاخی (نیسیر)ە، لە طەڕەف (ئاشوور ناصر پالْ) قڕاڵی ئاسووریەوە تەعریف کراوەو ئەڵێ لە شەرقی ئاسووریەوە شاخێکی تەنیایە، سڕەکەی وەکو نووکی ڕم تیژە شاهیدی ئەم قڕاڵە، ئیدیعاکەی سەرەوەی ( ولاد مینۆرسکی) تەئیید ئەکا.

موئەفین ڕوحانیەی گاورەکان ئەڵێن سەفینەکە لەسەر شاخی (جودی) نیشتۆتەوە. ئەم لەفظی(جودی) یە، لاوام وایە لە ئیسمی (گۆتی = گۆدی) یەوە هاتووەو ڕەنگە سامیەکان ویا ناقیلی ئەم ناوە، کە ئەغلەبی ئیحتمال عەرەب بووە، حەرفی (g) یس بە (ج) ی عەرەبی تەبدیل کردبێ و (گۆدی) بووبێتە (جودی) واقیعەن محڕرینی عەرەب بلخاصە مصرییەکان بەعضەن حەرفی (گ) بە (ج) ، بەعضەن حەرفی (ج) بە (گ) تەلەفوظ ئەکەن، وەکو (کوپنهاگ) بە (کوبنهاج)، (ماگدە بورگ) بە( ماجدە بورج) ئەنووسن.

[١٥] ئەم ناوی (سورداشە) ش زۆر لە ناوانی لۆللۆ و گۆتۆ ئەکا، بەڵکۆ ئەشوبهێتە ئەسمائی خاصەی (کاسای)ش، چونکە ئاخیر کەلمەیان ( ئاش) بووە.

تەئریخی قەدیم، جلدی ٣) موحتەمەلە ئەم وڵاتی "زاموا"یە لە دەربەندی بازیان " بابیت – Babit"ەوە تا " شاخی گوێژە – ئەزمر – ئازیرو " دەوامی کردبێ.

لە شیمالییەوە مەنطیقەی " نامری –Namri" و لە طەرەفی ڕۆژهەڵاتیەوە، نەواحی‌ی "سومی" "هاشمار" و " هارهار" بووە" تەئریخی ئاسوور، ئۆلمستید"[١٦].

لە جنوبەوە لەگەڵ وڵاتی "باراهی" و " توکریش" و "کەرخی – Kirkhi"ی عیلام هاوحدود بووە. لە غەربی وڵاتی "لۆللۆ"دا وڵاتی " ئاررافا – ئەراپخا"، یەعنی لیوای کەرکوکی ئەمڕۆ بوو، کە مەرکەزی وڵاتی " گۆتو – گۆتۆیوم" ی ئەو دەورە بووە.

بە گوێرەی " ئۆلمستید"، بەشی ناوەڕاستی لۆللۆ " ئاراکدی – Arakdi" یان پێ وتووە کە دوقتۆر "سپایزەر " ئەقوامی مەزۆپوتامیا – لاپەڕە ١٤٣" ئەم ناوە بە ناوی شاری مەرکەزی "لۆللۆییان" دا دەنێ[١٧]، وەلحاڵ (ئۆلمستید) ئەڵێ پایتەختی ئەم وڵاتە (زیمری - Zimri) بووە.

جا سەفینەی نوح (علیه السلام)، چە لە شاخی (نیسیر) و، چە لە سەر شاخی (جودی) (گوتی – کوردی) ڕاوەستا بێ، ئەبێ دەفعەی دووەم بەنی ئادەم لەو موحیطەوە یەعنی لە کوردستانەوە بڵاو بووبێتەوە، لە ئەولادانی حەضرەتی نوح ( علیه السلام) سام و حام و ڕوویان کردبێتە جیهەتی فەلەسطین و ئەفریقیاو (یافث) ڕووی کردبێتە شیمال و لای ژووری قافقاسیا. واقیعەن صاحبی تەئریخی عمووومی ئەوروپا (بوستون – ١٩٢٤) ئەڵێ لە ئەدواری قەبلئەلتەئریخیەدا موختەلف ئەلعرق، گەلێ کۆمەڵی ئینسان لە شەرق و شیمالی بەحری خەزەرەوە تا حەوضەی سوفلیی‌طونەنی داگیر کردبوو. ئەم کۆمەڵانە ئەجدادی ئێرانی، پارث، یۆنان، ڕۆمەن، سلاوو، جەرمەن و سەکەنەی ئەوروپای ئیمڕۆ بوون، لە

---

[١٦] ئەم شاری "هارهار"ە لە دەوری حکومەتی ( ئاکاد)دا ( نوصفی ئەوەلی قەڕنی ٢٨ پ.م) تووشی تەعروضی (سارغۆن) بوو وە زەوت کراو ناوەکەی گۆرا وکرا بە (کار – شاروکین ) یەعنی شاری "سارغۆن". وە ئەبێ وێرانەی ئەم شارە یا لە ژێر شاری "هەڵەبجە" دا یا لە نزیکییەوە بێ.

[١٧] مستەشرق (بیلەر بەگ) و (ستریگ) شارەزوور بە مەرکەزی وڵاتی (زاموا) قبووڵ ئەکەن.

تەئریخێکی زۆر قەدیم و مەجهولدا ئەم کۆمەڵانە هاتوونە حەرکەتەوەو، بەشێکی هندوستانیان زەوت کردووەو، بەعضێکیشی تا بەریطانیا چوون.

ئەم کۆمەڵانە هەموویان بە (هندو – ئەوروپایی) ناو نراون. ئەم ئەقوامە دراوسێ یە– کە بەعضەن (ئاری) یان پێ گوتوون – وادیارە کە تەقریبەن لە عەصری بیست و پێنجەمی پێش میلادا لە شەرق و شیمالی بەحری خزەردا بوون و، لە دواییدا بۆ شەرق و غەرب و جنوب بلاوبوونەوەو، زمانە موشتەرەکەکەیان بە مروری زەمان، گەلێ فەرقی تیا پەیا بووە، گەیشتۆتە دەرەجەیەك کە لەیەك تێگەیشتنیان مومکین نەماوە. واقیعەن ئەمڕۆ ئەبینین کە ئینگلیز لە ئەڵمان و ڕوس تێناگاو ئەمە نەتیجەی ئەو فەرقانەیە.

شارانی ئەم وڵاتە (لۆللۆ)ە، زۆر بووە، ئەمەش دەلیلی ئاوەدانی یەتی، مەثلەن ( ئاشوور ناصر پاڵ) لە ستوونی ظەفرەکەیدا ئەڵێ بیست وپێنج شارم لە لۆللۆ زەوت کردووە، ناوی ئەم شارانە:

بابیت، داغارا، بارا، کاگری، زیمری وینی.... الخ ،بێجگە لەمانە (سپایزەر) باسی شاری (هۆدون-Huduu)، (مەسو -Mesu) قەڵای ( ئاوزی -Uzzi) ئەکا، کە لەپشت دەربەندی بازیانەوە بووە.

شاخانی بەشوورەتی ( نیسیر – کینیبا – پیرەمەگروون) (نیکدیم)، (نیکدی – ئیرا) ، (سیماکی)، (ئاریرو -Aziro = ئەزمر). ( کولار -Kullar)، (لالار - Lalar)( سوانی -Suani) و( نیسپی -Nispi= شاخی هەورامان)، بووە. و ئاوی (رادنو -Radnu) و( ئەدیر -Edir)یش مەعلومە. ( سپایزەر)، ئەڵێ: ناوی دێی (ولوبە) ی نزیك "سلیمانی"ش زۆر موهیمە. وەلام وایە ناوێکی تەئریخی کوردە. ئەم ناوی (ئولوبە Ullube) یە لە زمانی ئاسووریەکاندا ناوی ئەراضی دەوری (بتلیس)ی ئیمڕۆ بووە. کە (تیغیلات پلایزەری سێیەم)، سیی هەزار کەسی لە (حەما)وە نەقڵی ئەوێی کردو، بە دوور نییە کە لۆللۆ لەم ناوەوە ئیقتباسیان کردبێ.

# ئاثارو مەواقیعی قەدیمەی ولآتی سلیمانی

بەردێکی نووسراو لە دەربەندی (گەورە = گاور)[١٨]دا، کە جنوبی (قەرەداغ) ئەکەویٚ، دۆزراوەتەوەو عائید بە یەکیٚ لە قرالٚەکانی (لۆللۆ)ە، موستەشریق ( بەرزوروسکی) ش باسی بەردێکی نووسراوی تر ئەکا، کە لە نیهایەتی شاخی دەربەندو، لە نزیك ئاوی (زیٚی کۆیە)، دۆزراوەتەوە.

موستەشریق (هەرزفەلٚد)یش بەعضیٚ ویٚرانەی زۆر کۆنی لە ناحیەی چوارتا، وسرۆچك دا دۆزراوەتەوە. لەم ولآتەدا لە بەشی ( زاموا) و (لۆلۆ)مدا ئەگەر تەدقیقاتێکی عیملیی باش بکریٚ، ویٚرانەی بەعضیٚ لە شارە قەدیمەکان وەکو (زیمری) ، (داغارا)، (بارا)، (کاکری)، (کینیبا) و( هارهار) ... الخ ئەدۆزرێتەوە.

لەشرەقی (تاسلوجە)و لە ڕاست وچەپی شەقامی سلیمانیو کەرکوك دا بەعضیٚ تەپۆلکەی جویٚ جویٚ هەیە، زۆر ڕەنگە لە ژێر ئەمانەدا ویٚرانەی بەعضیٚ شاری قەدیم شارابێتەوە. دیوارەکەی دەربەندی ( بابیت – بازیان) ئیستاش بەعضیٚ ئاثاری لەبەر چاوە.

لەبەشی شەرقی ئەم ولآتەدا، کە ئەبیٚ شارەزووری ئێستاکە بیٚ، بەعضیٚ ئاثارو ویٚرانە کەشف کراوە، کە عائید بە زەمانی ملوکی ساسانییە. دەرحەق بە زەمانی قەدیمتریان هێشتا هیچ نەدۆزراوەتەوە. ئێرەیش بە نەظر دەوری زۆر قەدیمەوە، موحتاجی تەدقیقاتێکی باشی ئارخەلۆژییە. تەئریخی قەدیم لە نزیك جێگەی ئێستای (هەلٚەبجە) وە باسی شاری (هارهار = کارشاردۆکین) ئەکا کە مەرکەزێکی موهیم بووە. ئەبیٚ ئاثاری ئەم قەلاٚ موهیمەی ( سارغۆن)ە، ئێستا مەوجود بیٚ و ئەگەر کەشف و تەدقیق بکریٚ، لام وایە، تەئریخی قەومی (لۆللۆ) و ولآتانی ئەو ناوە باش تەنویر ئەکا.

بینای( پەیکولی) زۆر کۆن نییەو، بەقایای دەوری ساسانییە. بە گوێرەی تەئریخی کلێسای سریانی، ولآتی (سلیمانی)ی ئێستا لە سەر دائیرەی پسقپوس ( بەس – گەرما – Path – Garmai) بووە.

---

[١٨] لە قۆپی قەرەداغدا نزیك شاخی زەردەیە.

(میجەر سۆن)، لە سیاحەتی (زهاب) یدا ئەڵێ: بتخانەی (پەیکۆڵی). وێرانەی (هۆرین)، ئەشکەوتە پڕ لە ئاثارەکانی (شێخان)، لە نەظەر عیلمی ئاثاردا زۆر موهیمن. (قەڵای شیروان)ە، کە ناوی (سیروان)ی لێ پەیابووە، لە ئاثاری قەدیمەیە. وێرانەی (سمیرام = شمیرام) یش ئەبێ ئاثاری (سمیر ئەمیس) ی قڕاڵیچەی ئاسووری بێ.

خەرابەکەی دەشتی (هۆرین)، لە ئاثاری ساسانی ناچێ، ڕەنگە لە بەقایای ئاثاری دەوری بابلی بێ. نزیك گوندی (شێخان) یش هەندێك وێرانە هەیە، کە بە گوێرەی ڕەسم و خەطی بەردەکانی لە ئاثاری بابلی ئەکا (لاپەرە ٣١).

بە گوێرەی ڕوایەتی (ابن مهلهل)، ئەبێ ماجەرای (طالوت) وداود( علیە السلام)، لەشارەزوردا واقیع بووبێ، وچەند گوندێکی جولەکەش لەو ناوەدا بووە. ئەم ڕوایەتە ئەگەر ڕاست بێ، ئەبێ (بختنصر)ی مەلیکی( بابل)، جولەکەی ولاّتی قودسی هێنابێتە ناوچەی (شارەزوور) و (هەورامان). ( ڕاوڵنسن)، ئەڵێ: مەنفای ئەم جولەکانە ولاّتی (زهاب)ەو ئەم هەر دوو ولاّتە لە تەنیشت یەکەوەن.

شاری ( نیم ئازری = نیمراه)، لە دەوری ساسانیدا، مەرکەزێکی گەورە و موهیمی شارەزوورو لەبەینی (مەداین = کنەسیفون) و ئاشتگەدی ( شین)[19]دا بوو. موستەشریق (چەریکۆف) و (هەرزفەڵد) ئەڵێن ئم شاری (نیمراه). واقیعەن تەعریفی (ابن مهلهل) و (یاقوت) یش لەگەڵ ئەم تەفسیرەدا یەك ئەگرێ. چونکە ئەم دوو موئەریخە ئەڵێن شاری (نیمراه)، لەنزیك شاخی (شاران = هەورامان) و (زەڵم) بووە.

بە گوێرەی کتێبی (خەلاّتی قەڵەم)، ئەبێ وێرانەی قەلاّی (زەڵم = ظلم)یش، بەقایای وێرانەی قەلاّیەکی (یەزدگرد = یزدجرد) بێ. لە نزیك ئەم قەلاّیە

---

[19](شین)، ئاتشگەدەیەکی مەشهورو زۆر موهیمی ئێرانی قەدیم بووە, شاهانی ئێران کە ئەهاتنە سەر تەخت، بە پێیان لە (مەداین) ەوە بەسەر (نیمراه)دا ئەچوونە زیارەتی ئەم ئاتشگەدەیە، کە لە جنوبی شەرقیی (بەحری ئورمێ = بحیرە اورمیە)ەوە بوو. ئەڵێن مەشهور( زەردەشت = زوروئاستر ) لەم شارەدا هاتۆتە دنیاوەو بەچل ساڵی لێرەدا دەسی کردووە بە دەعوەت و ئیرشاد، بەلاّم تووشی تەضییق و تەعقیبی (مغ)ەکان بوو وە بەناعیلاجی ولاّتەکەی بەجێهێشت و چوو بۆ (سیستان) و (خۆراسان).جێگەی ئەم ئاتشگەدەیە ئێستا بە ( تەختی سلیمان) مەشهورە.

ئەشكەوتێكی قەدیمیش هەیە. تەپۆلكەكانی دەوری ئاوی (زەڵم)، نیشانەی دیاری هێندێ كۆنە شارە ( ئنسیقلوپەدیای ئیسلام).

پـردە وێرانەكـەی سـەر ئـاوی (تۆرنـات = سـیروان)، كـە بـە واسـیطەی قـەلأی (شـەمێران)ەوە مودافەعـەو حیمایـەكراوە، ڕێگـەی بـەینی (نیمـراه) و (قەصـری شیرین) باش نیشان ئەدا. ئەو شەقامەی كە لـە (مـەداین)ە وە ئـەهات، لـە (قەصـری شـیرین) ئـەبوو بـە دوو ڕێگـە، یـەكێكی بـۆ (هەمـەدان = اقباتـان) و دووەمیـشی بـۆ شارەزوور ئەچوو.

بـە گـوێرەی تـەدقیقاتی (ڕاوڵنسن)، قـەلأی (پـەیكولی)، لـە سـەر ڕێگـەی "نیمـراه"، ونزیـك قـەلأی "بـانی خـێلان" بـووە، كـە لـە "نیمـراه" ەوە قۆناغـە ڕێ یەكـە. هێنـدێ لـە موستەشریقین ئەڵێن جێگەی ئەم قەلأی "بانی خیلان"ە" یاسین تەپە" یە، كە شیمالی غەربی دەشتی شارەزوور كەوتووە. ئەم قەلأیەش لە بەقایای ئاثاری ساسانییە.

" مستەر ڕیچ"، ئەڵێ، جێگەی شاری "شـارەزوور" ی قـەدیم، نزیـك "عەربـەت" و "قزقەلا"ی ئێستایە[٢٠].

موئـەلیفی مەسـائیلی بـابلی Babylonian Problemes، قائممقـام W. H. Lane، ئـەڵێ شـاری "سـیلونا– Celanae، كـە لـە سـەر ڕێگـای " ئاقباتـان" و لـە بـەینی " دەربەنـدی بازیـان" و ئـەو شـارەدا بـووە، ئـەبێ لـە جێگـەی شـاری "سـلیمانی" ی ئیمڕۆ بووبێ "لاپەڕە ٧٠". مستەر ڕیچ، وەقتێك كە لـە سلیمانی بـوو، لـە مـەحمود پاشای بیستبوو كە بەعضێ ئاثاری كۆن، لە بناغەی سەرادا دەرچووە. جا بـەدوور نییە كە ئەو ئاثارە بەقایای شاری "سیلونا" بێ.

ئیمبراطۆری ڕۆم "هەراقلیوس"، لە سێیەم سـەفەری ئێرانیـدا، لـە شـوبـاطی ٦٢٨ ی مـیلاددا، هاتۆتـە شـارەزوورو، تـا ٢٤ی ئـەم مانگـە لەوێـدا تـەخریباتی كـردووەو ئـاوەدانی تیانەهێـشتووە، و لـە پاشـدا بەسـەر دەشـتی "قزڵجـە"و

---

[٢٠] ابن خلكان، لە (وفیات اعیان)ی دا ئەڵێ، شارەزوور لە طەڕەف (زۆر)ی كوڕی (ضحاك) ەوە بناكراوەو ئەسكەندەری كەبیر لەم شارەدا مردووە(جلد ١، لاپەرە ٤٢٢). بە گوێرەی (ابن الفقیە) و (مستوفی) ئەبێ شارەزوور لە طەرەف (كاواز = قباد) ی كوڕی (فیروز) ی ساسانی( ٤٧٨– ٥٣١م) یەوە دروست كرابێ.

"بانە"[٢١]دا ڕووی کردۆتە "قانزاقا = ئاقباتان". حەوت ڕۆژ لە ولاتی "بانە"دا ماوەتەوەو، لە شەشی مارتی عەینی ساڵدا، بە دەربەندی (زارا) دا (ئەبێ کەلیخان بێ) ڕابوورد و بە سەر (سەقز)دا چوو بۆ (قانزاقا).

موئەڕخینی بیزانس بە (شارەزوور)یان (سیازور - Soazir) گوتووە، وەحەتتا ئیمبراطور (هراقیلیوس)یش لە ڕاپۆرەکەیدا کە بۆ (سنا = مجلس اعیان) ی نووسیوە بەم ناوەوە بەیانی کردووە (ڕاوڵنسن).

خولاصەی کەلام، ئەم ولاتی (شارەزوور) یا (سلیمانی)یە، لە دوای حکومەتی ئاسووری دەس حکومەتی میدیا کەوت و لە دوایدا ئینتقالی کردە حکومەتی (ئاخەمنی= پیشدادیان) ولە عەصری چوارەمی پێش میلاددا کەوتە دەس ئەسکەندەر[٢٢]وچەند قەڕنێك بەدەس ئەخلافیەوە ما وە لە مەبادی قەڕنی دووەمی پێش میلاددا کەوتە دەس حکومەتی ئەشکانی ئێران و، تا پەیابوونی ( ئەردەشیری پاپکان)ی موئەسسی طەبەقەی ساسانی (٢٢٤ پاش میلاد)، ئەم ولاتەش وەکو باقی ولاتانی کوردستان، زۆر جار لە ژێر پێی لەشکری ڕۆماو ئەشکانیدا شێلراوە. لە دوای ئەم تەئریخە بە سێ چوار ساڵێك بە تەواوی بووەماڵ بۆ حکومەتی ساسانی. بەلام تا فەتحی ئیسلام لە شەڕو ضەڕەڕی دەعوای بەینی ئێران وحکومەتی ڕۆما نەجاتی نەبوو، واقیعەن بەقەت باقی ولاتانی کوردستان ضەرەڕی نەبوو، بەلام چونکە لەشکری ساسانی بوو، ضەڕەڕی خۆماڵی زۆر بوو. حوکمدارانی ساسانی، بەسەر ئەم ولاتەدا ئەچوون بۆ شەڕ. (بەهرام چۆپین)، لە (مەداین)ەوە بەسەر ئەم ولاتەدا تێپەڕیو لە دەوری (زێی کۆیە)دا مودەتێك ماو بەسەر (سەردەشت)دا چوو بۆ شەڕ لەگەڵ (خەسرەو پەروێز) (٥٩١میلادی) وەکو لە سەرەوە باسمان کرد لە پێش هاتنی ئۆردوی ئیسلام بۆ ئەم ولاتە (٢١ هیجری، ٦٤٣میلادی) بەینێك تووشی وەحشەت و، تەخریباتی ئۆردوی (هراقیلیوس) بوو.

---

[٢١] مەرکەزی ولاتی "بانە" لەم تەئریخەدا (بروزە = بەرزە) بوو. ئیستاکەش خەڵکی ولاتی "بانە" (پیرۆزە)ی پێ ئەڵێن. لام وایە (بەرزە) ڕاستترە ، لە تەبرێزەوە بۆ کوردستانی ئێرانی. ڕاولنسن، لاپەرە ٩١-١٠٠).

[٢٢] ئەسکەندەر، لە دوای گرتنی(بابل) کە ڕووی کردە( ئاقباتان)، بەسەر(کەرکوك)و (دەربەندی بازیان) و ولاتی سلیمانی و (کەلی خان)دا ڕۆیی(کورتیوس).

## (٢)

## له ئیبتدای دەوری ئیسلامەوە تا دەوری بابان

بە گوێرەی ڕوایەتی "ابن الفقیە"، قەومی عەرەب لە پێش ئیسلامێتیاو لە دەوری ساسانیدا هاتۆتە شارەزوور، بەڵام موەثەق ئەمەیە، کە لە ساڵی ٢١ هیجریو لە دەوری خیلافەتی حەضرەتی عومەر" رضی الله عنه" دا "عومەر بن عەزرە بن قەیس"ی لە "حەلەوان"ەوە ویستی بێنیتە سەر "شارەزوور"و فەتحی بکا، بەڵام قوەتی پێی نەشکا، ئەغڵەبی ئیحتیمالە لە ساڵی دواییدا" عقبه بن فرقد" هاتە سەر ئەم وڵاتە، و لە پاش شەڕێکی زۆر زەوتی کردو گەلێکی لە خەڵکەکەی کوشت. ئۆردوی صحابەش چە لە شەڕدا وچە لە تەئثیری دوپشك زۆریان لێ شەهید بوو.

ئەم مەنطقەیە، بە سەبەب دووری لە مەرکەزی خلافەتەوە، گەلێ جار عوصیان و نا ئەمینی تیا پەیا ئەبوو، وەکو مەسئلەی خارجیو ئەمثالی. واقیعەن لە دەوری خەلافەتی معاویەدا " فروة بن نوفل الاشجعي" لە شارەزوورەوە بێشك بە یارمەتی کوردەوە لە ساڵی ٤١ ی هیجریدا عوصیانی کردو ڕووی کردە " کوفە" و زەوتی کردو، مودەتێکی بە طول لەگەڵ خەڵکی کوفە شەڕو دەعوایان بوو، لە دواییدا، خەلیفە لە قۆماندای "مغیرة بن شعبة"دا لەشکری کردە سەریان، ""فروە" کوژراو لەشکرەکەش تا شارەزوور تەعقیب کراو، کوشتارێکی زۆری لێکرا "تأریخ الجمعیات السریة" لاپەرە ١٩و ٢١، قودەمای موئەرخین ئەحواڵی تەئریخیەی شارەزووریان دائیمەن لەگەڵ ئەحواڵی وڵاتی "دامغان" و "دارئاباد" دا باسی کردووە.

لە وەقتی ئیعلانی خیلافەتی عەباسیدا، حاکمی شارەزوور (عثمان بن أبو سفیان) بوو، (أباعون عبدالملك) کە لە سەردارانی ئەبو موسلیم خۆراسانی بوو لە (نەهاوەند) ەوە (قحطبة بن شیب)ی بە لەشکرێکەوە ناردە سەر شارەزوور و (قحطبة)، (عثمان بن ابو سفیاني) کوشت. ئەوەل خەلیفە ( ابو العباس السفاح )، ( أبو عون)ی کرد بە حاکمی شارەزوور، وئەم ( ابو عون)ە بە لەشکرێکەوە چوو بۆ

کۆمەکی (عبداللە بن علي) کە بەرامبەر بە ئاخیر خەلیفەی ئەمەوی ( مروان بن محمد) بۆ شەڕ مەئموور کرا بوو.

" ابن مهلهل" ئەڵێ لە ساڵی ٣٣٠ی هیجریدا لە شارەزووردا ٦٠٠٠٠ ماڵی خێڵاتی گەڕۆکی کورد هەبوو. وە عەشائری جەلالی = ڕەنگە گەلاڵی بێ"، بازیان، هاکامی، سولی = شوتی لەو خێڵاتانە بوون.

" ئیبن حەوقل"، لە عەصری چوارەمی هیجریدا باسی شارەزوور ئەکاو ئەڵێ شارێکی موستەحکەم بوو، خەڵکەکەی کورد بوون. هەموو دەوری شارەزوور بە دەس ئەو کوردانەوە بوو وە میوەیەکی زۆری بوو. " ابن مهلهل و یاقوت "یش هەر لە عەصری چوارەمدا باسی بەعضێ شارو دێهاتی ئەم وڵاتەیان کردووە، وەکو دزدان، تیران شاه، کینا، دیلمستان. شاری هەرە بە شوورەتی "نیم راه" بوو، وچونکە لە ناوەڕاستی ڕێگەی "مەدائن" و"شیز" دا بوو، بەم تەرحە ناونرابوو، شاخانی نزیک شارەزوور بە "شاران" و "زەڵم" مەشهوور بوون و لێرەدا، بە گوێرەی ڕیوایەتی "قزوێنی" نەوعە ترێیەکی بووە، زۆر بە لەذەت و مەقوی بووە. لە زەمانی حمداللە المستوفي "عەصری هەشتەم"یشدا شاری شارەزوور، هێشتا ئاوەدان بووە. وە خەڵکەکەشی کورد بووە.(٢٣)

لە دەوری ئینحیطاطی خیلافەتی عەباسیەداو، لە ساڵی ٣٦٩ی هیجریدا عضد الدولة ئۆردویەکی کردە سەر شارەزوور و مەقصەدیشی ئەمە بوو کە عەشائری شارەزوور لە یارمەتیەتی دانی عەشیرەتی بنی شیبان مەنع بکا.

وە ئەم مەقصەدەی حاصل بوو. وە لە ساڵی ٤٠٠ – ٤٣٤ هیجریدا ئەم وڵاتە کەوتە دەس حکومەتی کوردی (حسنەوای = حسنوية) لە ئومەڕای ئەم حکومەتە " هیلالی کوڕی بەدر"، کە حاکمی " صامغان" بوو شەڕ بە "ابن الماضي" حاکمی

---

(٢٣) نیکتیین باسی بەعضێ ئەشعاری کوردی ئەکا کە بە زمانی پەهلەوی و لە وەقتی ئیسلامییەت بە کوردستاندا نووسراوەو لەم ئەشعارەدا ئەڵێ، عیبادەتخانەی هورمزد وێران بوو، ئاگر کوژایەوە، ئەولیا خۆیان شاردۆتەوە ، لەشکری .... کوردی شکاند و کورد خۆی کێشایە ناو شارەزوور، ئافرەت وکچان بە دیل گیران، قارەمانان لە کەمیندا کوژران، قانونی زەردەشت بێ حوکم ما، هورمزد ئیتر رەحم بە کەس ناکا. ( مودافەعەنامەیەکی کوردی سنی ، لاپەرە ١١، حاشیەی ژمارە ١٨.

شارەزوور فرۆشت هەر چەندە باوكی مەنعی كرد ، فائدەی نەبوو لە پڕێكا لەشكری كردە سەرو شارەزووری موحاصەرە كردو، گرتی و (ابن الماضي)ی كوشت و ولاّتەكەی تالاّن كرد.

"امیر هلال"، لە دوایی‌داو لە سەر ئەمە لەگەڵ باوكیشیا كەوتە شەڕەوە. لە دوای گیرانی " امیر هلال" لە طەرەف فخرالدولە بهاء الدولة، ابو نجم بدری، باوكی ولاّتی شارەزووری‌دا بە عەمیدی ئەلجیوش، وەزیری بهاءالدولة و نیهایەت لە ٤٠٤ ی هیجریدا لە طەرەف امیر "طاهر هلال" ەوە سێنرایەوە.

مودەتێكیش طاهر كوڕی هیلال، لە شارەزووردا حوكمی كرد. لە ئەواخیری حكومەتی حەسنوی‌دا شەڕ و هەرایەكی زۆر و بەردەوام لە ولاّتی شارەزووردا بەرپا بوو، لە ئومەڕای حكومەتی ( بەناو عەنان)ی كورد "مهلهل"، لە دوای گرتنی "ابوالفتح"، لە طەرەف "ابوالشوق"ەوە لە شارەزووردا تووشی شەڕ بوو. لە دوای سێ ساڵ(٤٣٤ی هیجری)، " ابو الشوق"، دیسان هاتە سەر شارەزوور و تالاّنی كردو قەلاّی "تیرانشاه" ی موحاصەرە كردو، مودەتێكی زۆر لە بەینی شەڕو هەرای "مهلهل" و " ابوالشوق"دا ئەم ولاّتە تووشی ضەرەرێكی زۆر بوو.

ئەم ولاّتە بەینێك كەوتە دەس " سالار ابراهیم" ی كوڕی (مرزبان) ی ( ڕەوادی)، لە دوای ئەمە كەوتە دەس سەلجۆقییەكان. وە مودەتێكی زۆر بە دەس ئومەڕای توركمانەوە ما. (عمادالدین الزنكی)ی حاكمی موصل لە ٥٣٤ی هیجریدا، لە دەس (ئەمیر قپچاقی كوڕی ئەرسەلان طاش)ی سەندوو تا ساڵی ٥٨١ی هیجری، حاكمی شارەزوور بوو، لە دوای عمادالدین كەوتە دەس زین الدین علی كوچوكی ئەمیری هەولێر و تا ٥٦٣ هیجری بە دەسیەوە بوو، وە لە پاشدا ولە پێش وفاتیدا ڕەددی كردەوە بۆ قطب الدین مودودی كوڕی عمادالدین، كە ئەتابەكی موصل بوو.لە پاشاو لە تەئریخی ٥٨١ی هیجریدا كە ئەتابەكی موصل عزالدین محمود، مەجبووری صولْح بوو لەگەڵ سولطان صلاح الدین، شارەزوورو ولاّتانی پشتی زیی گەورەی تەسلیمی سولطان كردو، بووە مەلیكی ئەیوبی.

سولطان صلاح الدين، لـه دواى بـه‌ينێك ئـه‌م ولاّتـى شاره‌زووره‌یدا بـه ( كه‌شتوئى)ى غولاّمى كه نه‌ته‌وه‌ى (يعقوب، كيقچاق) بـوو لـه دواى ئـه‌و، حاكمیـه‌تى‌ى شاره‌زوور كه‌وتـه ده‌س (حه‌ســه‌ن كيقـچاق) كــه ڕه‌نگــه كــوڕى (كــشتوئى) بــێ و حاكميــه‌تى ته‌صــادوفى ٥٨٥هيجريـدا سـولطان صـلاح الـدين، هـه‌ولێرو شـاره‌زوورى لـه بـاتى (حـران) و (ڕه‌هـا) و (سميـساط)، دا بـه مظفـرالـدين گـوگبرى. لـه تـه‌ئريخى ٦١٥ى هيجرى‌دا مظفـرالـدين، شاره‌زوورى له باتى(عه‌قر)دا به عيماده‌دين كوڕى قطب الدين مه‌ودود و تا ٦٣٠ هيجرى بـه‌ده‌س عيماددينـه‌وه مـا. لـه ٦٢٣ى هيجريـدا زه‌لزه‌له‌يـه‌كى به‌شيدده‌ت، ئـه‌م ولاّتـه‌ى زۆر تووشى ضه‌ڕه‌ڕ ومالّوێرانى كرد(ئينسقلۆپه‌ديا).

له سالّى ٦٥٥ى هيجريدا ئۆردويه‌كى مه‌غۆل بـه سـه‌ر شـاره‌زووردا ڕووى كـرده (هـه‌ولێر) و ئـه‌م ولاّتـه‌ى وێـران كـرد. مطفـرالـدين گـۆگبريى حـاكمى هـه‌ولێر بـه لـه شكرى خۆيه‌وه‌و له‌گه‌لّ به‌عضىٚ كۆمه‌ك له طـه‌ڕه‌ف خه‌ليفـه‌ى به‌غـداوه نێـررا بـوو. ويستى ڕێگه به له‌شكرى مه‌غۆل بگرىٚ، هه‌تا شاره‌زوور هات و لـه غـه‌ربى قـه‌لاّى شاره‌زوورو له گوندى موغان (ڕه‌نگه موان بىٚ)، خێوه‌تيان هه‌لّدا. به‌لاّم به سه‌به‌بى نـه‌بوونى ئـاوى خواردنـه‌وه، زۆر لـه له‌شكره‌كه مردوحـه‌تتا مظفـرالـدين گـوگبريش نـه‌خۆش كـه‌وت و، گه‌ڕايـه‌وه هـه‌ولێر. لـه دواى ئه‌مـه عه‌سـكه‌رى خه‌ليفـه لـه نزيـك (ده‌ربه‌ند) تووشى ته‌عروضى مه‌غۆل بـوو، گـه‌وره‌ى ئـه‌م له‌شكره كه (قشتمر) بـوو له‌گه‌لّ به‌عضىٚ ئومه‌راو باقى عه‌سكه‌ر خۆيـان گه‌يانـده ( شـه‌هرى كـورد) و لـه‌وێوه خۆيان گه‌يانده به‌غداد (الحوادث الجامعة، ابن الفوطي).

چونكه ئـه‌م ولاّتـه لـه سـه‌ر شـه‌قامى (مراغـا – هـه‌ولێر)و (مراغـا – به‌غـداد) بـۆ چـه‌ند جارێك لـه ژێـر ده‌سـت وپێـى تاتـاردا شێلراو، ئه‌هاليه‌كه‌ى بـه ده‌ره‌جه‌يـه‌كى‌وا په‌رێـشان بوون كه چاريان نه‌ما، ولاّته‌كه‌يان به‌جێهيشت و، كۆچيان كرده سوريه و ميصر.

موئه‌ريخ (العمرى –٧٤٩ى هيجرى) ئه‌لّىٚ: له پێشا كوردانى (كۆسـا) لـه‌م ولاّتـه دابوون، واقيعـه‌ن موسته‌شـريق (ڕيـچ) لـه كتێبه‌كـه‌ى خۆيـدا باسـى بـه‌عـضىٚ جێگـا ئـه‌كا وه‌كـو: كۆسـا – مادينـا، مامـه‌نو –كۆسـا) كـه ظـاهـيرى ته‌ئييـدى ئيـدعاى "العمرى" ئه‌كا، وه‌عه‌ينى موئه‌ريخ ئه‌لّىٚ، له دواى له ناوچوونى خيلافـه‌تى به‌غـداد

ئەم عەشیرەتی "کۆسا"یە چوون بۆ طەرەفی سوریەو میصر[٢٤]. وە قەومێکی تر کە ناوی (حوسنا Hwsna) بووە، هاتووەتە شارەزوور وجێگیر بووەو موحتەمەلە طائیفەی " هەورامی" لەم " حوسنا"یەوە هاتبێتە خوارەوە.

خولاصە، ئەم ولاٌتە مودەتێك لە ئیدارەی " بابا ئەردەلاٌن" و "گۆران"داو لە ژێر حوکمی مەغۆلدا بووە، لە دواییدا کەوتووتە دەس حکومەتی جەلایری. لە ساڵی ٨٠٣ی هیجریدا کە تەیمور لەنگ، لە بەغداد گەڕایەوە، بە سەر شارەزووردا تێپەڕیو وێرانی کرد، لە دوای تەیمور، مودەتێك نفوذی جەلایریو قرەقۆیۆنلی بە سەر ئەم ولاٌتەدا حاکم بووەو، لە دوای ئەوان کەوتە دەس ئاق قۆیۆنلیو صەفەوی.

بەلاٌم ئیدارەی ئومەڕای ئەردەلاٌن، لەم هەموو ئەدوارەدا باقی بووە. بە گوێرەی شەرفنامە، بابە ئەردەلاٌن، کە باپیرەگەورەی ئومەڕای ئەردەلاٌنە، ئەبێ لە نەتەوەی خانەدانی مەروانی "دیاربەکر" بێ، ولە ناو عەشیرەتی "گۆران"دا ڕایبوارد بێ لە ئەواخیری حکومەتی " مەغۆل"دا بووە بە حاکمی شارەزوور.

بەلاٌم موستەشرق "ڕیچ"، ئەڵێ: " بابە ئەردەلاٌن" لە عەشیرەتی گۆرانەو، لە قولی " مامۆیی"یە. بە گوێرەی تەئریخی"سنە"، قەلاٌی " ظەڵم = ظاڵم = زەڵم" لە ٥٦٤ ی هیجریدا لە طەرەف بابە ئەردەلاٌنەوە دروست کراوە.

لە دەوری بابا ئەردەلاٌنەوە، تا زەمانی " مەئموون بگ"، کە حەوتەمین پشتی ئەم خانەدانەیە، ئەحواڵی تەئریخیەی مەعلوم نییەو، شەرەفنامە باسی ناکا، بەلاٌم ئەڵێ ئەم ئەمیر " مەئموون"ە موستەقیل بووەو، زەمانیشی بە ئاشتی و ڕاحەتی ڕابوارد. بە گۆێرەی موئەریخ "علی أکبر"دەوری ئەمیر مەئموون لە ٨٦٢ تا ٩٠٠ ی هیجری دەوامی کردووە. لە دوای ئەو " پیکە بەگ"ی کوڕی هاتە جێیو، قەلاٌی " چرخ ظاڵم"، تاگسو، شەمێران، هاوار، سیمان، داودان "یاخود راودان" و

---

[٢٤] موستەشرق فۆن (لوکۆك)، لەساڵی ١٩٠١ب میلادیدا لە شام تووشی یەکێ لە کوردانی (کۆسا) بووە، کە بەزازایی قسەی لەگەل کردووە( ئینسقلوپەدیای ئیسلام).

ئیسقلۆپودیا، لە مادەی (سنە)دا باسی (گردی کۆسالان) ئەکا کە لە هەورامانی تەختە، وە بە زمانی یۆنانی و پەهلەوی بەعچێ ئاپاری تیا دۆزراوەتەوە کە عائید بە قرنێك پێش میلادە.

"گوڵعەنبەر"ی بە دەستەوە بوو، باقی موڵکی ئەردەڵان بە دەس دوو براکەی تریەوە بوو.

سولطان سلیمان قانونی، کە هاتە قەڵای شارەزوور "پیکە بگ" چووە لایو، بۆ دەفعی شوبهە مەئموون بەگی کوڕی بە بارمتە لەلای داناو، سولطان ئەم کوڕەی تەسلیمی سلیمان پاشای والی بەغداد کردو، والی مەئموون بەگی بۆ ئیمارەتی بەعضیٚ سنجاق، نارد، ئاخیر مەئموریەتی سنجاق بەگێتی حلە بوو" گلشن خلفا، لاپەڕە ٦٢ موکەرەر).

لە دوای "پیگە بگ"، (مأمون)ی کوڕی بوو بە حاکمی ولاٚتی شارەزوور، بەلاٚم لەگەلٚ عەشائیرەکەی ڕێك نەکەوت و شەڕو نائەمینی ئەو ناوەی ناڕەحەت کرد، سولطان سلیمان قانونی، بۆ دەفعی ئەم شەرو شۆڕە (سولطان حسین)ی ئەمیری (عمادیە)ی لەگەلٚ لەشکری بەعضیٚ ئومەڕای کوردی تردا ناردە سەر شارەزوورو، سولطان حسینی ئەمیر مەئموونی لە قەلاٚی (زەلْم)دا موحاصەرە کردو، لە پاشا گرتیو ناردی بۆ ئەستەمول. بەم تەرحە ولاٚتی شارەزوور بە دەستی کوردێك لە ئەمیرێکی کورد زەوت کراو، درا بە حکومەتی عوثمانی (٩٤٤هیجری ١٥٣٧ی میلادی).

سولَطان حسین، لە دوای داگیرکردنی شارەزوور قەلاٚی "گوڵعەنبەر"ی بینا کرد. (سرخاب)ی مامی ئەمیر مەئموون، زۆری پیٚ نەچوو لە ژێر حیمایەی (شاە طهماسپ)دا حدودی ولاٚتەکەی تەوسیع کردو، شارەزووریشی داگیر کردو بە گوێرەی شەرفنامە حوکمی تا قەلاٚی (کۆی) کە کۆیسنجاقی ئێستایە، چووە.

سولطان سلیمان، کە ئەمەی بیست ، ئەمیر ( مەئموون)ی لەحەپسخانە هێنایە دەرەوەو، سونجاغی (حلە)ی دایە، سنجاغی (سرۆچك) یشیدا بە ئیسماعیل بەگی برای، بەلاٚم ئەم دوو برایە بەرامبەر بە قوەت و عەقلٚ و تەدبیری ( امیر سرخاب)، هیچیان پێنەکرا، واقیعەن ئەم ئەمیرە نەوعی ئەسلافی نەبوو، زۆر ئازاوو بە کار بوو لە بەینی عەشائیری ئەو ناوەدا. ئیتیحادێکی بە قوەتی ڕێکخستبوو، وە بە سایەی ئەمەوە ئیدارەیەکی قایم و ڕێکی دامەزراند بوو. (گلشن خلفا) باسی

ئەمیر سرخاب ئەکاو، ئەڵێ: لە ٩٥٩هیجریدا میر میرانی حەلەب، عوثمان پاشا لەگەڵ لەشکری حەلەب و بەغداد، ئەمیر سرخابی لە قەڵای شارەزووردا موحاصەرە کرد، بەڵام بۆی زەوت نەکراو، مرد. لە دواییدا بە سەرداری والیی بەغداد محمد پاشا، لەشکرێکی تری هاتە سەر. محمەد پاشا بەکر بەگ و والی بەگ ناو دوو ئەمیری کوردی بۆ گفتوگۆ نارده لای و ماڵ و منداڵی سرخاب بەگی، کە لە طەڕەف عثمان پاشاوە بە دیل گیرا بوو، ناردەوە. سرخاب بەگ بە تەدبیری ئەم پیاوەتێتی خۆی تەسلیم کرد(٩٦١هیجری). لە دوای تەسلیم بوونی، قەڵای شارەزوور و قەڵاکانی (هاوار)، (نقود)، (پاسکە)، (شەمیران)و (فرنچە)ش تەسلیمی حکومەتی عثمانی کرا.

ئەمیر سرخاب، لەگەڵ ئۆرغورلۆ بەگی، قزڵباش و دوو هەزار ماڵی تەوابعیان بۆتە تەبعەی عثمانی. ئەمیری بانە، میر محمەد سەیف و دستارە بەگی کوڕی یوسف بەگ و بروج بەگی بۆداق بەگ و ئۆرخان بەگ و جیهانشاه بەگیش کلیلی ئەغلەب قەڵاکانیان تەسلیم کرد. ( لاپەڕە ٦٣).

لە دوای وەفاتی ئەمیر سرخاب، محمەد بەگی ئەمیری مەئموونی حاکمی حلە، هاتۆتە ناوەوە. سنجاغی(حلە) و(سرۆچك)ی لە طەڕەف حکومەتی عثمانییەوە دراوەتێو،حدودی ئیمارەتەکەی تەوسیع کردوە. شارانی قەرەباغ (ئەبێ قەرداغ بێ)، ومەهران ویا دلجوران ( ڕەنگە دەمیرگان بێ)ی داگیر کردو، بۆ تەوجیهی ئەم وڵاتە بۆ خۆی مراجەعەتی ئەستامۆلی کرد.

ئەستەمۆل، لە حەرەکەتی محمەد بەگ، عاجز بوو، سولطان سلیمان ئەمری بە صەدری ئەعظەم کرد، ڕۆستەم پاشا تا لەگەڵ میری میرانی بەغداد، عثمان پاشاو باقی ئومەڕای کوردستان، (ئەردەڵان) زەوت کا. لەسەر ئەمە لەشکرێکی زۆر هاتە سەر شارەزوورو محەمەد بەگی لە قەڵای (زەڵم)دا موحاصەرە کردو، ئەم موحاصەرەیە دوو ساڵ دەوامی کرد، وە لەم بەینەدا ( محمەد بەگ)یش وەفاتی کرد. بەڵام شاه طهماسپ، یارمەتی مەحصورینی ئەدا. ڕۆستەم پاشا کە وای زانی صەرفنەظری لە موحاصەرەی (زەڵم) کردو، ڕووی کردە شارەزوور. بەڵام لەم

وەقتـەدا وەفـاتی کـردو/ مەشـهور بالطـەجـی محمـەد پاشـا هاتـە جێگـەیو بـە شـددەتێکی فەوقـەلعادە ئـەم ولأتـەی لەگـەڵ ئەردەلأنـدا داگـیر کـرد. ئیمـارەتی ئـەردەلأن، کـە ولأتـی سلێمانی ئیمڕۆشـی تیـا داخل بـوو، بـەم تەرحـە کەوتـە ژێـر ئیدارەی عثمانی ( ٩٦٩هیجری، ١٥٦٢میلادی).

لـە دوای محەمـەد بـەگ، کوڕانی (ئـەمیر سـرخاب)، مابۆنـەوە، لەمانـە (سـولطان عـەلی) نیهایـەت سـاڵێك ئیـدارەی کـردو لـە دوای وەفـاتی ئـەو ( بسـاط بك)ی بـرای لەگـەڵ (تـەیمور خـان)ی کـوڕی سـولطان عەلیـدا کەوتنـە هـەراوە، وتـەیمورخان بـە لەشکرێکی مناسبەوە ئەو ناوەی تالأن کردو، بە معاونەتی عثمانی مامی شکاندو، هەموو ولأتەکەی هێنایە ژێر دەسی خۆیو تابعیـەتی سلطان مـرادی قبـووڵ کـرد ( ٩٨٨هیجری، ١٥٨٠ میلادی).

حکومـەتی عوثمـانی ولأتـی شـارەزووری لەگـەڵ ڕوتبـەی مـیری میرانـدا دا بـە تەیمورخان، چوار کوڕیشی کرد بە سنجاق بەگی ئەم سنجاغانە:

(١) سولطان عەلی: سنجاق بەگیی سنە، حەسەن ئابادو قەلأی قزڵجە بوو.

(٢) بوداق بگ: سنجاق بەگیی قەرەداغ بوو.

(٣) مراد بەگ: سنجاق بەگیی مهروان بوو.

(٤) بەدرخان: سنجاق بەگیی شارباژێر ( شەهربازار) بوو.

دوکتۆر ڕیچ، ئـەڵێ: دەوری تـەیموور خـان بۆ ئەم ولأتانـە مـصیبەتێکی گـەورە بـوو، چونکە تالأن کردن پیشەیەکی دائمیی بوو. نهایەت ئەم تیمووخانـە لـە شـەڕێکدا کوژراو، (هـەڵۆخان)ی بـرای هاتـە جێگـەی، بـەلأم شـەڕو شـۆڕو نائـەمینی دیـسانەوە نەبڕایـەوە. صاحبی شەرفنامە تا زەمانی ئەم ئەمیرە، باسی ئەکاو، ئەڵێ:

ئەم (هەڵۆخان)ە ذاتێکی موقتەدیر و بە ئیدارە بوو (١٠٠٥هیجری).

وەکـو ئینـسقلوپەدیا، ئـەڵێ: نەتـەوەی (هـەڵۆخان) دەوامـی کـردووەو، ولأتـی سـلێمانیی ئێـستا کـە بـە تـەواوی وە یـا بەشـێکی زۆری تـا تەشـکیلی حکومـەتی بەبـە، بـە دەس خانـەدانی ئەردەلأنیـەوە بـووە. واقیعـەن وەکـو لـە خـوارەوە باسـی ئەکەین تەواریخی عثمانیش ئەمە تەئیید ئەکەن.

**لەلایـەکی تریـشەوە وا دەرئەکـەوێ کـە وڵاتـی شـارەزوور بـەینێکیش بـە دەس ئومـەڕای (مـوکری) یـەوە بـووە. واقیعـەن ئینـسقلوپەدیای ئیـسلام، لـە مـادەی (سـابلاخ)دا باسـی ئـەکاو، ئـەڵێ: عەشـائری مـوکری، ئیـدیعای ئەمـە ئەکـەن کـە لـە پێشدا لە شارەزوور بوون و، لەوێوە هـاتوون، لـە نەتـەوەی ئـەوەل ئـەمیری مـوکری (سیف الدین) و (ئەمیر بەگی دووەم) مەشهور بووەو لـە ٩٩١ ی هیجریـدا سـولطـان مورادی سێیەمی زیارەت کردووە.**

## دەوری حکومەتی بەبە

### أ - خانەدانی ئەوەل تا پێنجەم

دەرحەق بە ئەصڵی ئەم خانەدانە تەنیا صاحبی شەرفنامە مەعلوماتێکی داوە. واقیعەن ئەم ڕوایەتی شەرفنامەیە لە خصوص تەفصیلات و ئینتظامەوە نا تەواوە. بەڵام چونکە تەئریخ لەم خصوصەوە شتێکی تر نازانێ بە ناعیلاجی بە مەعلوماتی شەرفنامە ئەبێ ڕاضی بین. شەرفخان ئەڵێ:

" خانەدانی بەبە، لە ناو بنەماڵەی ئومەڕای کوردستاندا، لە هەموویان زیاتر صاحبی خەدەم و حەشەم بوون. بەڵام ئەم خانەدانە ئەوەندە دەوامی نەکردو، لە دوای (پیربۆداق بەبە) و برازاکەی کوێر بووەوەو، کەوتە دەس ئومەڕاو نۆکەرانیان.

میر بۆداق بەبە:

کوڕی ئەمیر ئەبداڵ و، لە ئازایی و ڕەشیدیدا بێ ئەمثال بوو. ئەوەڵ دەفعە وڵاتی (لارجان = لاهیجان) ی لە خێڵاتی (زەرزا) و ناوچەی (سیوەی) لە ئیمارەتی (سۆران) زەوت کردو، لە خاکی قزڵباشیش ( سوڵدوز) ی سەند، قەڵای (ماران)ی باش تەحکیم کرد، عەشائیری موکری و بانەشی خواه ناخواه هێنایە ژێر حوکمەوە، نەواحی (شارباژێر)ی لە ئیمارەتی (ئەردەڵان) داگیر کردو، بۆ ئەم شاران و نەواحییە حاکمانی تەعیین کرد. وڵاتی (کەرکوك)یشی لە حکومەتی بەغداد سەندو لە طەرەف خۆیەوە حاکمێکی بە سەرەوە دانا. خولاصە ڕۆژ بە ڕۆژ نفوذو قودرەتی ڕوو لە زیادی بوو.

لە زەمانی حکومەتیدا شتێکی عجائیبی داهێناوە. کچی ئومەڕاو پیاوماقوڵانی ئەکرد بە دەزگیرانی خۆی و تەداروکی باشی بۆ ئەکردن و لە پاشدا بێ ئەوەی خەبەر بە کەسێ بدا یەکە یەکە لە ئاغاکانی خۆی مارە ئەکردو، بۆی ئەناردن. ڕۆستەم ناو برایەکی ئەبێ دڵی لێ پیس ئەکاو، ئەیەوێ پیربۆداق بەبە، لەناو بەرێ. ئەمیر بەم خیانەتە ئەزانێو، لە وەقتی سەفەری بۆ سەر (زەرزا)، ڕۆستەم وهاوفکرانی ئەکوژێ. لە پاشدا بۆ زەوت کردنی سۆران لەشکر هەڵ

ئەگرێو ئەچێ بۆ سەر ئەمیر سەیدی کوڕی عەلی شاهی حاکمی سۆران. ئەمیر سەیدی ئەزانێ دەرەقەتی نایە مەرکەزی حکومەتی بۆ بەجێ ئەهێڵێو ئەکەوێتە شاخان. پیر بۆداق، لەم حاڵە غرور پەیا ئەکاو لە دوای بەینێك لەگەڵ چەند کەسێکدا بۆ ڕاو، ڕوو ئەکاتە طەرەفی (خروبیان) ، تەصادوف ئەمیر سەیدی لەو ناوەدا ئەبێ بۆ سەیان لێ ئەگرێو پیر بۆداق و مەعیەتی ئەکوژێ ، چونکە پیر بۆداق، وەجاخ کوێر ئەبێ لە دوای وەفاتی (بۆداق)ی برازای ئەبێتە ئەمیری بەبەو، دوو ساڵێك ئیدارە ئەکاو لە دواییدا لە خەفەتی سەرکێشیو خودسەریی ئاغاو، نۆکەرانی ئەمرێ. وبەم تەرحە خانەدانی ئەوەلی بەبە، لە ناو ئەچێ.

## دووەم خانەدان:

لەدوای وەفاتی (بۆداق بەگ)ی ڕۆستەم بەگ، حاکمیەتیی وڵاتی بەبە کەوتە دەس ( پیر نەظەری بارام) کە یەکێك بوو لە ئومەرای پیر بۆداق بەبە. ئەم ئەمیرە زۆر دەس بڵاوو ئازاو خۆشەویستی لەشکرو خەڵکی بەبە بوو.

مودەتێك بە عەدالەت، ئیدارەی حکومەتی کردو ناحیەی "کفری"ی لە حکومەتی بەغداد زەوت کردو، خستیە سەر موڵکی بەبە.

## سێیەم وچوارەم خانەدان:

لە دوای پیر نەظەر، وڵاتی بەبە کەوتە دەس دوو ئاغای پیربۆداق بەبە. ئەم دوو ئاغایە میر سلیمان و میر ئیبراهیم بوو، کە لە زەمانی "پیربۆداق"دا کرابوون بە میری سنجاق. ئەم دوو ذاتە وڵاتەکەیان لە ناو خۆیانا بەش کردو مودەتێك بێ شەڕو شۆڕ هەر کەسە بە شە وڵاتی خۆی ئیدارە کرد. بەڵام لە دواییدا بەینیان تێکچوو، میر سلیمان، میر ئیبراهیمی لە ناوبردو، بەشە موڵکەکەی ئەویشی داگیر کرد. لە دوای پانزە ساڵیك حاکمیەتی، میر سلیمان ئەمری خوای بەجێهێنا، چوار کوڕی بوو: حسین، ڕۆستەم، محەمەدو سلیمان.

میر ئیبراهیم، لە دوای پیر نەظەر نۆ ساڵ حاکمی نیوەی موڵکی بابان بوو لە دواییدا بە دەسی سلیمان بەگ کوژرا. سێ کوڕی بوو، حاجی شێخ، ئەمیرەو میر سلیمان.

حاجی شێخ، لە دوای کوژرانی باوکی سەری خۆی هەڵگرت و، چووە لای شاه طوهماسپی صەفەوی. بەلاّم شاه رووی نەدایەو مەعاونەتی نەکرد، لە سەر ئەمە گەڕایەوە وەطەنی خۆی‌و، لە ناحیەی ( نلین) و( دیالە) دا، وکیلەکانی میر عیزەددینی برای میر سلیمانی کوشت و، ئەم موڵکەی زەوت کردو، لە دوای وەفاتی میر سلیمان، بە سەر هەموو موڵکی باباندا زاڵ بوو، وە بووە حاکمێکی سەربەخۆ. ( میر حسین)ی کوڕی سلیمان بەگ پەنای بردە لای شاه طهماسب و، شاه دەفعەی ئەوەل والی‌ی (دینەوەر)ی لەگەڵ نارد. وە دووەم جار والی‌ی هەمەدانی بۆ معاوەنەتی میر حسین مەئموور کرد، بەلاّم لەم دوو مەعاونەتە هیچ فائیدەیەکی حاصل نەبوو. دەفعەی سێیەم، عبدالله خانی ئوستاجلو بە لەشکرێکی زۆرەوە نێررایە سەر حاجی شێخ و حەتا باوکی "شەرفخانی بەتلیسی"یش لەگەڵ ئەم لەشکرەدا بوو. حاجی شێخ، بەبێ معاوەنەتی ئومەرای کوردی‌ترو، تەنیا بە قووەتە بچکۆلەو ئازاکەی خۆی لە شاخی (گەلاّڵە) بەرەنگاری لەشکری قزڵباش بووەو زۆر خراپ شکاندی‌و کوشتارێکی باشی لێکرد. شاه طهماسپ، لەسەر ئەمە (ئەمیر حسین)ی لەگەڵ دوو برایدا گرت و لە قەلاّیەکدا حەپسی کردن. لە دوای بەینێك بەردران و هەر سێ برا چوونە ئەستەمول، و لەوێ مەعاشێکیان بۆ بڕایەوەو نێرانە ڕۆم ئیلی. نیهایەت لە ساڵی ٩٤١ ی هیجریدا کە سولطان سلیمان قانونی بەغدادی فەتح کرد، حاجی شێخ، ویستی بچێتە خدمەتی‌و کە گەیشتە ناحیەی (مەرگە)، خەڵکی ئەو ناوە کە دوژمن بوون و بۆ لە ناوبردنی لە فرصەت ئەگەڕان، لە وەقتێکدا کە نوێژی ئەکرد، هەڵیان کوتایە سەری‌و لەگەڵ دەست و پێوەندیا کوشتیان و، ئەمیرەی براشی لەم هەرایەدا لە ناوچوو، دوو زڕ برای کە میر سلیمان بوو ئەویش لەو بەینەدا وەفاتی کرد. حاجی شێخ ، دوو کوڕی بوو: (بۆداق) و (صارم). کە خەبەری قەتلی حاجی شێخ لە بەغداد بەرگوێی سولطان سلیمان کەوت، ولاّتی بەبەی‌دا بە (بۆداق بەگ)، و ئەم ئەمیرە شانزە ساڵ مەملەکەتەکەی زۆر باش ئیدارە کرد. لە پاشدا بە تەحریك و ئیفسادی ئەم و ئەو، حسین بەگی کوڕی میر سلیمان لێی ڕاست بووەوەو، سولطان

سلیمان ولاّتی بەبەی‌دا بەم حسین بەگەو، لەگەڵ سولطان ئەمیری عەمادیەدا ناردیە سەر بۆداق بەگ. ئەم ئەمیرە نەیتوانی بەرامبەری بوەستیٚ، ولاّتەکەی بەجیٚهیٚشت و، خۆی هاویٚشتە سەرای شاە طهماسپ. لە دوای شەش مانگ ڕۆستەم پاشای صەدر ئەعظم تەوسطی بۆ کرد وناردیە ئەستەمول و واقیعەن لەویٚ دووبارە فەرمانی ئیمارەتی بەبەی درایە، خەلاّت کرا و گەڕایەوە سەر موڵکی باو باپیری. حسین بەگی ڕەقیبی بە لەشکریٚکی هەشت هەزار کەسییەوە لە (رابیە بۆلاق) ڕیٚگەی پیٚگرت و شەڕ هەڵگیرسا، بەلاّم لە پیٚش ئەوەدا کە شەڕ گەرم بیٚ حسین بەگ لەشکرەکەی بەجیٚهیشت و، ڕای کردو چووە ئەستامول، لەویٚ بە تەوەسطی بەعضیٚ ئومەرای عوثمانی بە خدمەت پادشاە گەیشت و، فەرمانی شەریکی حوکمی لەگەڵ بۆداق بەگدا وەرگرت و گەڕایەوە بۆ ولاّتی بابان[٢٥]. بەلاّم ئەم ئیدارەی موشتەرەکە بە طەبیعەت مومکین نەبوو، هەر دوو ئەمیر چوون بەگژ یەکاو، لەم هەرایەدا حسین بەگ لەگەڵ ڕۆستەم بەگی برای کوژرا. ئەم حاڵە بووە سەبەبی غەضەبی عوثمانی. ئومەرای کوردی دراوسیٚ بۆ تەئدیبی بۆداق بەگ مەئموور کران. ئەمیری بەبە موقابەلەی پیٚنەکرا و،خۆی هاویٚشتە لای سولطان حسینی ئەمیری بادینان لەسەر تەوسطی ئەم ئەمیرە پادشاە بۆداق بەگی عەفوو کردو سنجاغی (عینتاب)ی دایەو (وەلی بەگ) ناویٚکیشی کرد بە حاکمی ولاّتی بابان.

ئەم ئەحواڵە تەصادوفی دەوری شەڕو شۆڕی بەینی شاهزادە سەلیم وبایەزیدی کرد. بۆداق بەگ، کە لە موڵکی بابان مەئیوس بوو هەڵساو چوو بۆ طەرەفی قۆنیەو بووە طەڕەفداری شەهزادە (بایەزید)و لەویٚوە چوو بۆ (کۆتاهیە). بەلاّم لە پاشدا بە ئەمری پادشاە لە طەرەف شهزادە بایەزیدەوە کوژراو بۆ عەفوی خۆی سەری ئەم طەڕفداری خۆیەی نارد بۆ ئەستەمول. بۆداق بەگی بەد طاڵع

---

. [٢٥] معامەلەی حکومەتی عوثمانی دەرحەق ئومەڕای کورد با خصوص لە حەق ئومەڕای بەبە، بەڕاستی جیٚگەی عیبرەتە، تەعینی دوو ڕەقیب و دوشمن یەك لە دوای یەك بۆ ئیدارەی ولاتی بەبە، غەیری بەشەڕدانیان و ویٚران کردنی ولاّتەکە بە نوعیٚکیتر تەفسیر ناکریٚ. وحەتا بەمەش قەناعەت نەکراوەو، ڕەنگە بە فکری ضەعیف کردنی ئیمارەتەکانیتر وخستنی دوشمنایەتی لە بەینیانا لەشکری ئومەڕای کوردی دراوسیە یان ناردونە سەر.

چوار کوڕی لە پاش بەجێ ما: حاجی شێخ، حسین بەگ، محمەد بەگ، محمەد بەگ و میر سیف الدین.

حاجی شێخ لە دوای لەناوچوونی باوکی لەگەڵ شهزادە (بایەزید) چوو بۆ ئێران و، لە دوای کوژرانی شهزادە[٢٦]، لەگەڵ ئومەراو نۆکەرانی شەهزادەی بەدبەخت، حاجی شێخیش سەری خۆی داناو، (ئەمیر سیف الدین)ی براشی وەفاتی کردو، نیهایەت محەمەد بەگی برای لە طەرەف حکومەتەوە کرایە حاکمی سنجاغی کستانە.

حسین بەگی سلیمان بەگ، وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، بەدەس بۆداق بەگ لە ناوچوو. خضر بەگ، ناو کوڕێکی لە دوا بەجێماو، مودەتێك حاکمیەتی (مەرگە)ی کرد. لە پاشداو لە ئەواخیری سەلطەنەتی سولطان مراددا حکومەتی عوثمانی ناحیەی مەرگەیدا بە (ئەمیرێکی موکری). بەم تەرحە لە بەینی خضر بەگ و ئەمیرە بەگدا شەڕ بەرپا کراو زۆری پێنەچوو خضر بەگ بە ڕەحمەت چوو، وە عەشائیری بەبە بێ ئەمیر مایەوەو، نزیك چوار هەزار سوارێکی ئازاو مەزبووتی بوو، وە ئیطاعەتی کەسی نەکرد. هەر ناحیەیەك بە دەس ئاغایەکەوە بوو، لە ناوخۆیانا هەموو ساڵێك چوار خەروار ئاڵتونیان کۆ ئەکردەوەو تەسلیمی خەزێنەی ولاتی (شەهرەزول = شەهرەزوور) ئەکرد. ذاتەن ئەم ولاتی بەبەیە لە خەواصی هەمایۆن بوو. لەبەر ئەمە ڕعایەتی خەڵکەکە زۆر ئەکرا، ئەگەر لە خۆیانەوەو، بە خۆشی شتێکیان بە میری میران و دەفتەردارەکانی نەدایە بە زۆر نەیان ئەتوانی لێیان بسێنێن.

مەعلوماتی شەرەفنامە، عیبارەتە لەمەو تا تەئریخی ١٠٠٥ی هیجریدا دێ. ئینسقلوپەدیای ئیسلام لە مادەی (سابلاخ) دا کە باسی خانەدانی ئیمارەتی (موکری) ئەکا، مناسەبەتێك لە بەینی ئەم خانەدانی بەبەیەو، خانەدانی بەبەی

---

[٢٦] ئەم شازادەیە حاکمی قارەمان بوو لە سولطان سلیمانی باوکی عاصی بوو لە ٣٠ رەجەبی ٩٦٦ دا شەڕی لەگەڵ لەشکری باوکی کردو شکاو ئیلتجای کردە شاە طهماسپ. بەلأم خیلاف عەهدو مەردایەتی لە ١٥ موحەڕەم دا، لە قەزوێن تەسلیمی هەیئەتی سەفارەتی سولطان سلیمان کراو لە عەینی ڕۆژدا کوشتیان (هاممەر).

سلیمانیدا ئەبینیّو، هەر پیّنج قوّلەکە بە نەتەوەی (بوّداخ) سولطان سابلاّخی ئەنویّنیّ.

دەرحەق بە خانەدانی دوایی بەبەی سلیمانی مەعلوماتیّکی تەواوو مە ضبوط چنگ نەکەوت. لەم خصوصەوە تەدقیقاتی (چوار عەصری دوایی عراق)و(لە کوردستانا ئیقامەت) زوّر بە کەلّك هات و لە دەفتەرەکەی حسین ناظم بەگ و بەعضیّ ئاثاری موعتەبەریتریش[٢٧] ئیستیفادە کراو، بەزەحمەتیّکی زوّرو، موتالاّتیّکی بە طول، ئەم خولاّصەیەمان بوّ پیّکەوە نرا.

## ب - خانەدانی پیّنجەم

## (بەبەی سلیّمانی)

## لە دامەرانیەوە تا بینای شاری سلیّمانی

## ( ١١٩٩ هیجری)

**عینوانی بەبە:**

( چوار عەصری دوایی عیراق)، دەرحەق بەم عینوانە ئیضاحیّکی مەعقول ناداو تەنیا ئەلّیّ: " رابیطە ومناسبەتی (سوّران) و (پشدەر) لەگەلّ عینوانی بەبەدا ئەوەندە مەعلوم نییە، تەنیا لە ئەواخیری عەصری حەڤدەمینی میلاددا (احمد الفقیە = فەقیّ ئەحمەد) ناویّك لە پشدەرا پەیا بووەو، ئەم عینوانەی بە میراتی دەس کەوتووە، یا خوّی بە خوّی داوە".

(مستەر ریچ)، ئەلّیّ: " من لەم خصوصەوە لە مەحمود پاشای عەبدولرەحمان پاشام پرسی، ووتی:" ئەصلّی عەشیرەتی ئیّمە (کرمانج)ەو، هەموو عەشائری بەبە لە ژیّر ئەم ناوەدا ناسراون، بەگزادەی بەبە لە فیرقەیەکی (کرمانج)ن کە بە (بەبە) مەشهوورە".

ئەم دوو ئیفادەیە، بەراستی ئەوەندە جیّگەی بروا نییە. لە عەقلّ نزیکتری ئەمەیە کە ئەبیّ ئەم عینوانە لە خانەدانی قەدیمی بەبەی (موکری)یەوە، ئینتقالی

---

[٢٧] وەکو تەئریخی جەودەت ، سجلی عوثمانی، تەئریخی نەعیما، ئینسقلوپەدیای ئیسلام... الخ

**کردبێو، یا وەکو بەعضێ موئەرخین باسی ئەکەن ئەم عینوانە، لە موئەسیسی حەقیقی ئەم خانەوادانەوە کە (سلیمان بەبە)یە پەیا بووبێ. سەبەبی ناونرانی ئەم (سلیمان بەگ)ە بە (سلیمان بەبە)[٢٨] ئەوەندە مەعلوم نییە.**

**مەنشەئی:**

**دەرحەق بە ئەصڵ و مەنشەئی ئەم ئیمارەتە، ئەنواعی ڕوایەت هەیەو، لە ناو ئەمانەدا دۆزینەوەی هەرە ڕاستی زۆر زەحمەتە، لەگەڵ ئەمەشدا مومکینە کە نەتەوەی خانەدانی چوارەمی بەبەی موکریی بێ، واقیعەن حکومەتی (مەرگە) لە ئەواخیری دەوری سلیمانی قانونیدا (٩٧٤هیجری) بە دەس خضر بەگی کوڕەزای سلیمان بەگەوە بووە. وە لە دوای وەفاتی ئەم خضر بەگە، مەملەتەکەی کەوتۆتە دەس عوثمان و،هیچ بە دوور نییە کە ئەولادو ئەحفادی لە مەرگە، ما بێتەوەو مودەتێك بەبێ دەنگ و، بەبێ حکومەت ژیابن، ڕوایەتی ناو پشدەر کەمێ زۆری لەگەڵ شەرەفنامە یەك ئەگرێ، ئەم ڕوایەتە ئەڵێ: " (بۆداخ بەگ) حاکمی مەرگەو پشدەر بووە لە پاش وەفاتی میرە بەگی کوڕی لە پشدەرداو، کاکە شێخی کوڕیشی لە مەرگەدا، حکومەتی کردووە، لە دوای بەینێك بابامیر ، کاکە شێخی باوکی فەقێ ئەحمەدی کوشتووە". واقیعەن شەرفنامە ئەڵێ: کە بۆداق بەگی حاجی شێخ بەگ ( میر حسین)ی کوشت خضر بەگی کوڕی میر حسین بووە حاکمی مەرگەو ( ئەمیرە بەگ) ناوێکی (موکری)ش لە بەشێکی ئەم سنجاغەدا ( ڕەنگە پشدەر بێ)، حاکم بۆ خضر بەگ مودەتێکی زۆر دەوامی کردو لە دوایی‌دا وەفاتی کردو، موڵکەکەی خرایە ناو خەواصی سولطاتانەوەو، هەموو ساڵێك ئەم عەشیرەتی بەبەیە، بەرگویان ئەبردە کەرکوك و تەسلیمیان ئەکرد. ڕەنگە ئەم خضر بەگە ، لە مەبادی عەصری یانزەمینا لە ناوچوو بێ‌و، ئەگەر باوکی فەقێ ئەحمەد نەبێ، ئەبێ باپیری بێ. وە بە دوور نییە، کە لە دوای خضر بەگ دوو**

---

**(٢٨) ڕوایەت ئەکرێ کە سلیمان بەگ چووە بۆ ئەستەمول لەوێ سولطان ئەمری کردووە، کە بە قیافەتی کوردیی خۆیەوە بچێتە حضوور و بەو نەوعە حەرەکەتی کردووە، و سولطان کە چاوی پێی کەوتووە لە مەقامی حیرەتدا وتوویەتی: "وای ، بەبەم"و بەم سەبەبەوە ناو نراوە سلیمان بەبە.**

کوڕی (وەکو ڕیوایەتی ناو پشدەر) لە مەرگەو پشدەر گەورەیی عەشیرەتیان کردبێو لە پاشا بابامیر، کاکە شێخی باوکی فەقێ ئەحمەدی کوشتبێ.

ئینسقلوپەدیای ئیسلام، لە مادەی ( سابلاخ)دا باسی ڕوایەتێکی تر ئەکاو، ئەڵێ: ( بۆداخ سولطان) و(بابا سلیمان) برابوون و، بۆداخ سولطان وتویەتی کە کوڕی فەقێ ئەحمەدەو، عەزیز خانی سەرداری موکری هەشتەمین نەتەوەی بۆداخ سولطانە( جلد ٤، لاپەرە ١٨٦).

بەڵام لام وایە ئەم ڕوایەتە ضەعیفە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەبێ پێی لێ بنرێ کە ڕاستیی ماجەرای فەقێ ئەحمەدو، ئەصڵ و فەصڵی زۆرو کەم زانراوەو مشەوەشە.

مستەر ڕیچ، لە ١٨٢٠ ی میلادیدا، لە سلیمانی بووە، لەم خصوصەوە زۆر پرسیاری کردووە، نیهایەت یەکێ لە خەڵکی (دارەشمانە) کە مەرکەزی قەدیمی خانەدانی بەبە بوو، ئەم حیکایەتەی بۆ کردووە:

" لە گوندی (دارەشمانە)دا دوو برا بوون، فەقێ ئەحمەدو خضر، ئەم دوو برایە لە دوژمنایەتی عەشیرەتی(بڵباس) کە هەرە بە قوەتی عەشائیری پشدەر بوو، زۆر بێزار بوون، فەقێ ئەحمەد کە زۆر زیرەك و مەزبوت بوو، بە دزیەوە (دارەشمانە)ی بەجێهێشت و، قەراریدا تا قودرەتی حەق سەندنی لە بڵباس نەبێ، نەگەڕێتەوە، بەم قەول و قەرارە چووە ئەستەمول و، لەوێ بە صیفەتی موحاریب داخڵی لەشکری تورك بوو، لەو وەقتەدا سولطان لەگەڵ فەرەنگدا لە شەڕدا بوو، وە لەو زەمانەدا ئصوڵی شەڕی یەك بەیەکی بوو، شاسوارێکی فەرەنگ هاتبووە، مەیدانەوەو پێنج ڕۆژ لە سەریەك هەر موبارزێکی تورکی کە بۆ هاتبوو خستبوویەو، کوشتبووی، فەقێ ئەحمەد طەڵەبی موبارەزەی ئەم شاسوارەی کرد، سولطان ناردیە شوێن فەقێ ئەحمەدو پرسیاری وڵاتی لێکردو، لە دوای ئەمە کە ئەمنیەتی پێکرد، ئەسپێکی باش وچەك و سیلاحێکی نایابی دایەو، ناردیە مەیدان، لە حەملەی ئەوەڵدا فەقێ ئەحمەد شاسواری فەرەنگی لە وڵاخ فڕێدایە خوارەوەو تەمای بوو سەری ببڕێ ، بەڵام کە سەرنجی لێدا دی کە ئەم دوژمنە مەغلوبەی پیاو نییەو، کچێکی عازەبە، فەقێ ئەحمەد، بە طەبیعەت لە

سەر سنگی هەڵساو دەسی لێهەڵگرت ، بەلاّم ئەم کچە تەکلیفی لە فەقێ ئەحمەد کرد کە مارەی بکا، فەقێ ئەحمەد ئەم نێچیرە جوانەی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و، بردیە ئۆردوگای تورك لە دواییی‌دا سولطان ، فەقێ ئەحمەدی بانگ کردو، لاواندیەوەو وتی دڵخوازت چی‌یە؟ فەقێ ئەحمەد، ڕجای کرد کە فەرمانێکی بەگێتی بداتێو گوندی (دارەشمانە)و ئەطرافی بە قەدەری حەیات پێببخەشێ، سولطان ئەمەی لێ دریغ نەکرد، ئەگەر فەقێ ئەحمەد، لە وەقتی خۆیدا داوای هەموو کوردستانیشی بکردایە دیسان هەر پێی ئەبەخشرا، بەلاّم نەی ئەزانی. فەقێ ئەحمەد لە دوای ئەمە بە دڵێکی شادەوەو، لەگەڵ ژنەکەیدا گەڕایەوە وەطەنی خۆی. لەم ئافرەتە دوو کوڕی بوو: یەکێکی (بابا سلیمان) و ئەوی تری (بۆداق کیغان) بوو، مستەر ڕیچ، ئەڵێ: ظاهر وایە کە ناوی ئەو کچە ئینگلیزە (کیغان)بووە. فەقێ ئەحمەد، لە دوای گەڕانەوەی شەڕو دەعوایەکی زۆری لەگەڵ عەشیرەتی بڵباس بووە، وە هێناویەتە ژێر ئیطاعەوە، ڕۆژی لە ڕۆژان فەقێ ئەحمەد لە ماڵ نابێ، لەشکرێکی زۆری بڵباس دێتە سەر ماڵەکەی، کیغان، لێیان سوار دەبێو چوار کەسیان لێ ئەکوژێ و باقی دوو صەد سوارەکەش ئەفرێنێو زۆریان لێ ئەکوژێ، لە دوای ئەمە کیغان بە خەڵکی دارەشمانەی گوت" کە بەینێك ئەسیری فەقێ ئەحمەد بووم حەیاتی پێبەخشیم، ئەوا من ئیمڕۆ ئەو حەقەم بەجێهیناو، لە ژێر ئەو بارەی دەرچووم. کە فەقێ ئەحمەد هاتەوە ئەوێ لە منتان دی بۆی بگێرنەوەو، پێی بڵێن کەوا من ڕۆیشتم ئیتر من نا دۆزێتەوەو پێشی بڵێن کە دوام نەکەوێ، چونکە فائیدەی نییەو بۆشی خراپە، خوا ئەیزانێ کە من حەز بە خراپەی ناکەم". لە دوای ئەمە کیغان سەری ولاّغەکەی وەرئەگێرێو لە ظەرفی دەقیقەیەکدا لە چاو گوم ئەبێ.

فەقێ ئەحمەد، کە دێتەوە، لەم ماجەرایە سەری سووڕ ئەمێنێو، لە گوم بوونی ئەم ژنە صادقەی زۆر عاجز ئەبێ و بە عەکسی نەصیحەتی کیغان قەرار ئەدا کە بچێ بە دوایاو، نیهایەت لە چەمی (خوران)دا کە ناو پشدەر کەوتووە، تووشی کیغان ئەبێو ڕجای لێ ئەکا کە بگەڕێتەوە. کیغان ئەڵێ گەڕانەوەم مومکین نییە، چونکە تۆ موسڵمانیو، من فەرەنگم من ئەبێ بڕۆمەوە بۆ ولاّتی خۆم و، پێشت

ئەڵێم نزیکم مەکەوە، چونکە ضەرەرم بۆت ئەبێ، خولاصە فەقێ ئەحمەد دەسی لێ هەڵناگرێو ئیصراری لێ ئەکا. کیغان لەمە رقی هەڵەسێو تیرێك ئەدا لە شانێو فەقێ ئەحمەد بە بریندار لە ولاغ ئەگلێ و کیغان ئاوزەنگیی پێوە ئەنێو، دوور ئەکەوێتەوە. بەلام لە پرێکا جڵەوی ولاخەکەی ئەگرێتەوەو، لە کردەوەی خۆی پەشێمان ئەبێتەوەو، چاکەی رابردووی فەقێ ئەحمەدی دێتە بەر چاوو، لەگەڵ ئەمەشدا کە فەقێ ئەحمەد هەر چەندە موسڵمان بوو، بەلام باوکی منداڵەکانی بوو، کیغان لە دوای ئەم لێکدانەوەیە ئەگەڕێتەوە دواوەو فەقێ ئەحمەد هەڵئەگرێ و لەجێگەیەکی وای دائەنێ کە بەر چاوبێو بە فریایدا بگەن، لە دوای ئەمە ئەگەڕێتەوەو رووی ئەکاتە فەرنگستان، عاشقی صادقی کیغان، فەقێ ئەحمەد، هەر کە برینەکەی چاك ئەبێتەوەو ئەتوانێ سەفەر بکا، ئیتر خۆی رانـاگرێ و ئەکەوێتە شوێن کیغان و، هەر چۆنێ ئەبێ خۆی ئەگەیەنێتە مەملەکەتی فەرەنگ و بە شەوەکی ئەگاتە شارێکی گەورەو تەماشا ئەکا دەنگی مۆزیقەو دەهۆڵ و زورنا دێ لە هەموو لایەکەوە ، شاپلیتە هەڵکراوەو هەموو لایەك بۆ شایی رازانراوەتەوە.

فەقێ ئەحمەد، سەری سوور ئەمێنێو نازانێ چی بکاو، شەو لە کوێ رابوێرێ. نیهایەت تابعی جەریانی بەخت و طاڵع ئەبێو، جڵەوی ئەسپەکەی شل ئەکاو ئیختیار ئەداتە دەس ولاخەکەی. ئەسپەکەی لە بەر دەرگای ماڵی پیرێژنێکا ئەوێستێو صاحێبی ماڵەکە، لە دوای رجایەکی زۆر بە میوانی قبووڵی ئەکا. فەقێ ئەحمەد، پرسیاری ئەم زەماوەندەی لێ ئەکا، پیرێژن ئەڵێ: کچی قراڵی فەرەنگ چوو بووە شەڕی موسڵمانان و، چەند ساڵێك بوو، وون بووبوو لەم چەندی پێشوودا هاتەوەو ئێستاکە ئەیدەن بە ئامۆزاکەی. فەقێ ئەحمەد، لە پیرێژنەکە ئەپاڕێتەوە کە بیبا بۆ ئەم شاییە و مساعەدەی بۆ بسێنێ کە سەیر بکا، پیرێژن لە سەر رجاو تکای فەقێ ئەحمەد نا عیلاج ئەمێنێو قبووڵی ئەکاو، قەرار ئەدەن کە فەقێ ئەحمەد جلی ژنان لەبەر بکاو وبچێ.

وە وایان کرد، فەقێ ئەحمەد بەم نەوعە خۆی ئەگەیەنێتە ماڵی قراڵ و لە دوای بەینێك بووك دێتە دەرەوەو زاوای نا موبارەك ئەچێ بە پیریەوەو کە ئەگاتە

بەردەمی بووک، زللەیەکی لەبناگوێ ئەداو ئەڵێ: " کەسێك کە لەناو موسلمانانا ئەسیر بووبێ وای معامەلە لەگەڵ ئەکرێ، وە جەزای هاتنە حضوری منت ئەمەیە!" بووکەکە لە پڕێکا بە زمانی کوردی و بە دەنگێکی بەرز ئەڵێ: " ئاخ فەقێ ئەحمەد لە کوێی!"، فەقێ ئەحمەد ئیتر خۆی ڕاناگرێو پەلاماری بووك ئەداو ئەیفرێنێو هەر چۆنێك ئەبێ خۆی ئەگەیەنێتە ئەستەمول. وە لەوێ سولطان زۆر حورمەتی ئەگرێو بەعضێ خەڵات و مەنصەبی تریشی ئەداتێ.

نیهایەت فەقێ ئەحمەد، لەگەڵ مەعشوقەیدا ئەگەڕێتەوە پشدەرو، بەینێك لەگەڵ کیغان دا بە ڕاحەتی ئەژیو لە پێش مردنیا ناوچەی (پشدەر) و (مەرگە) و (ماوەت)ی بە تەواوی هێنابووە ژێر حوکمی خۆی. وە لە دوای وەفاتی، بابا ڕەسول کوڕە گەورەی هاتە جێگەی، کە ئەم ئەمیرە جەدی حاکمی ئیمڕۆی سلیمانیەیەو ئەحفادی بەرە بەرە ئەم بەشی کوردستانەی کە بە دەس حاکمانی بەبەیە، زەوتیان کردو، دووەم کوڕی کە (بۆداق کیغان) بوو، بێ ئەمەی کە حوکم بکا لە ناوچوو".

بێجگە لەمە ڕوایەتێکی تری ناو (پشدەر) هەیە، کە ئەڵێ: " خانەدانی بەبە، نەتەوەی (بۆداخ بەگ) ناو ئەمیرێك بووە، ئەم ئەمیرە دوو کوڕی بووە، یەکێکیان (بابامیر) بوو کە لە (پشدەر)دا حاکم بوو، وە ئەوی تریان کاکە شێخ بوو، ناوچەی (مەرگە)ی بە دەسەوە بوو، لە دوای بەینێك (بابامیر) هەر چۆنێك ئەبێ کاکە شیخ ئەکوژێو (مەرگە)ش داگیر ئەکا، ژنی کاکە شێخ لەگەڵ منداڵەکەیدا ڕائەکاتە طەرەف (بتوێن) و لەوێ لە گوندی (خدران)دا لەلای کوێخای دێ، کە پیاوی کاکە شێخ ئەبێ جێگیر ئەبی، وە تا کوڕەکەی گەورە ئەبێ لەوێ ئەمێنێو کوڕەکەی فێری خوێندن ئەکاو ناوی ئەنێ ( فەقێ ئەحمەد). ئەم کوڕە، کە لە سەر گذشتی باوك و مامی حاڵی ئەبێ، هەوای حەق سەندنی باوکی ئەکەوێتە کەللەوەو چەند کەسێ لە پیاوانی کوێخای (خدران) لەگەڵ خۆی هەڵئەگرێ و شەوێك ئەدا بە سەر ماميا و ئەیکوژێو ئەو ناوە داگیر ئەکاو لە دوای چەند ساڵێك بە لەشکری خۆیەوە ئەچێ بۆ یارمەتی لەشکری عوثمانیو، لەگەڵ ڕوسا شەڕێکی باش ئەکاو کچی قۆماندانی ڕوس ئەسیر ئەکاو لەگەڵ خۆی ئەی هێنێتەوە ( پشدەر = پژدەر) ومارەی ئەکا. ئەم کچە ناوی کیغان ئەبێ. حکومەتی عوثمانی بەرامبەر

بە خدمەتی ( فەقێ ئەحمەد) ناوچەی (پـژدەر)ی داوەتیێ. فەقێ ئەحمەد، لەم ئافرەتە (خان بۆداق) ناو کوڕێکی ئەبێو ئەم کوڕە لە دوای باوکی ئەبێتە حاکمی (پـژدەر) و (مەرگە) و ناوچەی (ماوەت) و (سەردەشت)، وبەعضێ دێهاتی (بانە)ش لە خانەدانی (ئیختیارەددین) زەوت ئەکا. ئەم (خان بۆداخ)ە لە دەوری ١٠٧٥ ی هیجریدا لە (ماوەت) وەفات ئەکا، (باباسلیمان)، کوڕی ئەم ( خان بۆداخ)ە بووە".

ئنسقلوپەدیای ئیسلام، لە باسی ئەم خانەدانەدا ئەڵێ: " ئەصڵی لە عەشیرەتی (بڵباس) و لە قولی (سکر)ە و لە گوندی (دارەیشمانە)دا پەیا بوون. باوکە گەورەیان (بابا سلیمان)ە کە لە دەوری ١٠٨٨ ی هیجری و یا ١٦٧٧ ی میلادیدا ژیاوە (جلد ٤، لاپەرە ٥٣٧).

## خولاصەی تەئریخی

مستەر ریچ ئەڵێ: ئومەرای بەبە لە ژێر حوکمی (ئیمارەتی سۆران)دا[٢٩]دا، حاکمێتی پژدەریان کردووەو مەرکەزیان (دارەشمانە) بووە، هەر وەکو بەبە گەلێ ئیمارەتی تری کوردیش لەناو حکومەتی سۆراندا پەیا بوو بوو، ئیمارەتی (کۆیە) لەوانە بوو کە لە دوایی‌دا کەوتە دەس بەبە.

تەئریخی بەبە، بە شکڵێکی ئەفسانە لە ( فەقێ ئەحمەد)ەوە دەس پێ ئەکا، وە فەقێ ئەحمەد پیاوێکی ئازاو مەزبوت بووەو، لە جیهادێکدا خذمەتێکی زۆری حکومەتی عوثمانی کردووەو، ناوچەی پژدەری دراوتێ. بە گوێرەی تەدقیقاتی مستەر ریچ و ئینسقلوپەدیای ئیسلام ، مادەی سابلاخ، ئەبێ دوو کوڕی بووبێ ناویان (بۆداخ سولطان) و ( بابا سلیمان) بووە. دەرحەق بە سەر گذوشتەی ( بۆداخ سولطان) زۆر حیکایەتی عەجائب، عەجائب ئەگێڕێتەوە[٣٠]، بەلاّم ئەوەندە قیمەتی تەئریخیەی نییە.

---

[٢٩] ئەم عینوانی (سۆران)ە، بە گوێرەی کتێبەکەی دکتۆر فریچ، لاپەڕە ٢٥٠، ئەبێ بە ئەمیری عیسی درابێ کە ئەم ذاتە لەگەڵ بەعضی پیاوی خۆی قەلاّی (ئاودیان )یان موحاصەرە کردووەو لە سەر تاشە بەردێکی سورەوە هجومیان کردووەو خەڵکی قەلاّکەیان ترساندووەو بە ( سنگ سورخی) ویا (سۆران) شورەتیان سەندووە.

[٣٠] یەکێ لە هەورازەکانی چیای قەندیل بە (خان بۆداخ کیغان) مەشهورە کە ڕەنگە بە ناوی ئەم خان بۆداخ سولطانەوە ناو نرابێ.

**سليمان بەبە :**

لـە دواى فـەقێ ئەحمـەد ( سـليمان بەبـە = مـير سـليمان) ى كـوڕى هاتۆتـە جێگەى[(٣١)](چوار عەصرى دواييى عيراق، ئەڵێ " بناغەى ئـەم ئيمارەتـە لـە طـەرەف ( بەبە سـليمان)ەوە دانـراوەو، ئـەم ذاتـە لـە نيـوەى دوايـى قـەرنى حەڤدەمينـدا بـە راستى يەكـەمين پيـاوى ئـەو نـاوە بـووە. لـە دواى ئەمـە كـە ئـيش وكـارى ولأتەكـەى رێكخست، چـاوى بڕيـە ( ليـواى كـەركوك)و بـەرە بـەرە دێهاتـانى ئـەطـرافى زەوت ئـەكردو عەشـائيرى ئـەو نـاوەى هێنايـە ژێـر ئيطـاعـەتى خـۆى. (دلاوەر پاشـا)ى متەصەريفى كەركوك، بوو بە بەربەستى مير سليمان، لەشكرێكى كۆكردەوەو چوو بەگژيا، بەلأم زۆر خراپ شكاو هەموو بـارگرانى كەوتـە دەس مـير سـليمان و، حـەتا خۆشى نەجاتى نەبوو، وە كوژرا (١١٠٢هيجرى).

لـە دواى ئـەم واقيعەيـە، واليـى بەغـداد، حەسـەن پاشـا، كاغـەذێكـى پـڕ هەڕەشەى بۆ مير سليمان نووسىو طەڵەبى ئيعادە كردنى بارگرانيى دلاوەر پاشـاو ئيطاعەتى لێكرد. وا دەرئەكەوێ كە مـير سـليمان گـويى نـەدواوەتىو لـە سـەر ئەمـە لە عـەينى سـاڵدا لەشـكرى بەغدادو ئيمـارەتى جـەزيرەو عەمادييـەى هاتۆتـە سـەرو

(٣١) مستەر ريچ، لە حضورى مەحمود پاشا سەر گذشتى ( سليمان بەبە) ى لە پيرەمێردى سليمانى ئەحمەد بەگ ( ٩٣ ساڵ عومرى بووە) پرسيوەو ئەم ذاتە وتويەتى: " بەبە سليمان، كوڕى مير سليمان و هەرە پچوكى دوانزە براى بوو. مير سليمان كوڕەزاى مير مەحمود بەگى پژدەر بوو" بەعضێ كەس ماجەرى كيغان ئەبەنەوە سەر ئەم مەحمود بەگە. ئەحمەد بەگ وتويەتى: بەبە سليمان، هێشتا پچوك بوو كە كەوتە شەڕەوە و لە دواى بەينێك ئەم ولأتى بەبەيەى لە تورك و ئيران زەوت كرد. بەلأم لە دوايدا ئەم دوو حكومەتە لەشكريان لێكرد و سليمان بەبە خۆى ڕانەگرت چووە رەواندز و ماڵ ومنداڵى لەوێ بەجێهيشت و خۆى بە تەنيا و لە تەئريخى ١١١١ ى هيجريدا چووە ئەستەمول.

مستەر لۆنگريك، لە (چوار عەصرى دواييى عيراق) يدا ئەڵێ " بەبە سليمان، كوڕى مامناوەندى فەقێ ئەحمەدە. و ماوەند لە دواى باوكى نفوذيكى باشى پەيا كردو ناوچەى شارباژێرى داگير كرد. جەودت پاشا، لە جلدى سێيەمى تەئريخەكەيدا، لاپەرە ١٢٧، كە باسى بنەماڵەى بەبە ئەكا ئەڵێ: فەقێ ئەحمەد لە پشدەردا بناغەى ئەم ئيمارەتەى داناو لە دواى ئەو كوڕەكەى ، ماوەت و شارباژێر = شهربازار، و بەعضێ ناوجەى ماوەتى زەوت كردو كوڕەزاكەى كە سليمان بەگ بوو لە ١٠٨٠ى هيجريدا حكومەتى قەلأچۆلان ى درايە". بەلأم باسى ناوى باوكى سليمان بەگ ناكا.

ئەم لەشکرە بەرامبەر بە میر سلیمان هیچی پێنەکراوەو گەڕاوەتەوە. ( گلشن خلفا)

میر سلیمان، لە دوای ئەم هەرایە مودەتێك لەگەڵ ئیش وکاری وڵاتەکەیو، تەدقیقکردنی ئیدارەو، ئەحوالی ئەردەڵان مەشغوڵ بوو، کە تێگەیشت ئەم وڵاتی ئەردەڵانە زۆر پەشۆکەو، والیەکەی بێکارەیە، ئەمەی بە فورصەت زانیو بە لەشکرێکی موناسیبەوە لە ١١٠٦ هـ دا تەعەروضی تێکردو، بەعضێ نەواحیی لێ زەوت کرد. بەڵام زۆری پێنەچوو، سلیمان خانی والیی ئەردەڵان لەگەڵ لەشکری خۆیو ئێران هەڵی کوتایە سەر میر سلیمان و، شکاندی ( چوار عەصری دواییی عیراق).

لە ١١٠٧وەیا ١١٠٨ هـ ، لە طەڕەف والیی بەغداد عەلی پاشاوە یا ئیسماعیل پاشای خەلەفیەوە لەشکرێکی تر نێراوەتە سەر میر سلیمان و ئەم جارەش ئەمیری بەبە بەربەستی کردوون. لە دوای ئەمە حکومەتی عوثمانی زیاتر ئەهمیەتی بە ئیشەکە داوەو لەشکرێکی گەورەی ( قوەتی بەغداد و دیاربەکر و حەلەب) ی کردۆتە سەر میر سلیمان و بە تەواوی ئەمیری بەبەی شکاندو، میر سلیمان نا عیلاج ماو تەسلیم بوو (١١١١هـ، گلشن خلفا).

لە دوای ئەم وەقعەیە سلیمان بەگ[٣٢]، چووە ئەستەمول و لەوێ حورمەت و عزەتێکی زۆری گیراو، ئەوەندەی پێنەچوو سنجاغی (بابان)ی درایەو، ڕەسمەن ڕەبطی پاشای کەرکوك کرا. مەرکەزی سلیمان بەگ، گوندی (قەڵاچوڵان) بوو لە بەینی ڕوایات و، حکایاتی دەوری سلیمان بەگدا، ئەوی زۆر بە گەرم باسی ئەکرێ، وەقعەی ( ئەحمەد کوڵوان)ە کە لەوێ دوانزە سوارەی بەبە، لەشکرێکی چەند هەزار کەسیی ئیرانی شکاندووە.

**بەکر بەگ:**

---

[٣٢] بەپیی بەعەضێ ڕوایەت ، سلیمان بەگ لە طەڕەف ئۆردوی ئیران و حکومەتی عوثمانی ئێڵچییەکی ناردۆتە لای سلیمان بەگ و پیی وتووە کە لە پێش هاتنت بۆ خاکی عوثمانی ئەبێ لەگەڵ حکومەتی ئیران ڕێك بگەوێ.

**له دوای سلیمان بەگ[٣٣] بەشێکی زۆری ولأتەکەی بیٚ صاحب ماو کەوتە دەس عەشیرەتی زەنگەنەو بەعضیٚ عەشائری تر، بەشی دوایی‌شی بۆ کوڕەکانی مایەوە.**

**بە ڕوایەتێکی تر، لە دوای تەسلیم بوونی سلیمان بەگ و، چوونی بۆ ئەستەمول (تەیمور خان) یٚکی برای بوو بە وەکیلی‌و تا ١١١٥ ی هیجری ئیدارەی ئیمارەتەکەی کردو سیٚ کوڕی لە پاش بەجیٚ ما کە ئەم کوڕانەش، خانە بەگ ، فەرهاد بەگ و خالد بەگ بوون، لە دوای تیمور خان بەگ، بەکر بەگی برای هاتە جێگای. ئەم ئەمیرە بە ( بەکر بەگی سوور) شورەتی سەندووە.**

**ئەو نفوذی تورکە کە لە وەقتی نیزاعی بەگزادەی بەبەدا پەیا بوو بوو، بە حوسنی تەدبیرو، درایەتی بەکر بەگ، وردە وردە گوم بوو وە نەما. ولأتی بەبە لە دیالە (سیروان) ەوە تا (زیی کۆیە) چوو. هەموو بەشی شاخستانی شەرقی ڕێگەی ( کفری – ئالٚتون کوپری) داخلٚی مولٚکی بەبە بوو. حاکمی بەبە لەگەلٚ حاکمانی ئەردەلأنا حوسنی ئیدارەی کردو، لە لایەکی تریشەوە عەشیرەتی جاف حمایەی کرد کە لەو وەقتەدا لە ئێرانەوە هیجرەتیان کردبووە شارەزوور. حاکمی بەبە ولأتەکەی خۆی باش ئیدارە کردو، ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشکەوتنا بوو.**

**وەضعیەتی کوردستانی جنوبی لەم بەینەدا وابوو:**

**صولٚحی ١٦٣٩ ی میلادی، قەومی کوردی، لە بەینی حوکمی شیعی‌و سونیدا تەقسیم کردبوو. عەشائیری کەلهور و ئەردەلأن، بە تەواوی کەوتبووە دەس ئێران**

---

**[٣٣] سجلی عوثمانی، شەجەرەی سلیمان بەگ، بە نەوعێکی تر ئەنوێنیٚ و ئەلٚیٚ: سلیمان بەگ کوڕی میر محەمەد کوڕی سلیمان کوڕی ئەحمەد کوڕی حسین کوڕی عوثمان کوڕی مصطەفا کوڕی حسین کوڕی عومەری کوری ئیبراهیم کوڕی مەحمود کوڕی عیسا کوڕی خضر کوڕی میر ئەحمەد برایی میر ضیاءالدین کوڕی میر عزالدین کوڕی عەبدوللأ. ئەم ئەمیرانە یەك لە دوای یەك بوونە ڕەئیس عەشیرە. میر سلیمان لە دوایی محمەد بەگ بۆتە ڕەئیس و لەگەلٚ ئیران شەری کردووەو لە دوایی‌دا دەخالەتی کردۆتە حکومەتی عوثمانی (١١١١ی هیجری) چووە بۆ ڕۆم ئیلی لە طە رە ف (باباطاغ) ەوە شەرێك قەوماوە سلیمان بەگ لەم شەرەدا زۆر ئازایی نواندووەو ( باباطاغ) بە ناوی ئەوە وە ناونراوە. لە پاشا کراوە بە سنجاق یەکی ئەدرنە و لە ١١١٥دا (١٧٠٣میلادی) وەفاتی کردو ئەوەل کەسی کە لە خانەدانی بەبە بەدەخالەتی کردۆتە حکومەتی عوثمانی ئەم ذاتەبووە (جلد، ٣، لاپەرە ٧١) سلیمان بەگ تەصادوفی دەوری (سولطان محمەد خانی رابع)ی کردووە.**

و، چاوەڕوانی ئەوە بوو. عەشائیری موکریش کرابوو بە دوو بەشەوە، خاکی شارەزوور بەشی تورك بوو. بەعضیٚ جێگە وەکو سەقز، زوهاو، درنە بۆ نیزاعێکی موستەقبەل هێڵرابووەوە. هاتووچۆی عەشائیری گەرۆك، کە هێشتا خەطی حدودیان نەناسیبوو، بە طەبیعەت سەبەبی نیزاعێکی موتەقابیلی دەوری حدود بوو. نفوذی حکومەت، تەئثیری بۆ ناو ئیمارات و عەشائیری کورد نەبوو، لەبەر ئەمە بە کەیفی خۆیان حەرەکەتیان ئەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا نفوذی تورك بەرە بەرە ڕوو لە تەرەقی بوو.

بەکر بەگ، لە پاش بەینێك لەگەڵ پاشای کەرکوك تێك چوووە، لەگەڵی کەوتە ڕقەبەریو حەتتا چاوی بریبە کەرکوکیش، بەلاّم حەسەن پاشای والیی بەغداد لەشکری کردە سەریو لە دوای شەڕێکی زۆر بە هەزار حاڵ شکاندی و لە دواییدا بەکر بەگ، خۆی ون کرد. لە دوای ئەمە حەسەن پاشا، ئەمیرێکی تری بۆ ئیدارەی ولاّتی بەبە تەعیین کردو گەڕایەوە بەغداد ( ١١٢٦هیجری).

بەکر بەگ، لە دوای بەینێك بە دزیەوە چووە بەغداد، بەلاّم لەویٚ زوو فەرقیان پیٚکردو گرتیان و بە ئەمری حەسەن پاشا کوژرا. ( گلشن خلفا، لاپەڕە ١٢٨)[٣٤].

عوصیانی عەشیرەتی بلباسیش لەم تەئریخەدا بوو وە حەسەن پاشا بە شیددەت تەئدیب و تەسکینی کردوون و تەعروضی(جاف)یش بۆ سەر باجەلان لەم عەصرەیەدا بوو.[٣٥]

**فاصیلەی ئیمارەت :**

---

[٣٤] صاحێبی سجلی عوثمانیئەڵیٚ: جۆگەی بەکرەجۆی سەرچنار بە ناوی بەکر بەگەوە ناونراوەو، بەکر بەگ لە ساڵی ١١١٥ی هیجریدا و لە دوای بیستنی خەبەری وەفاتی باوکی لە خەفەتانا مرد( جلدی ١، لاپەڕە ١٧٥). بەڕیوایەتێکی تریش گوندی (بەکراوا)ی نزیك هەڵبجەش یادگاری بەکر بەگەو زۆر بۆ تەرەقیی زراعەت هەوڵی داوە.

[٣٥] گلشن خلفا، ئەڵیٚ لە ١١٢٩ی هیجریدا عەشائیری جاف بە کوتووپڕی تجاوزی حدودیان کرد. و عوثمان بەگی ئەمیری باجەلانیان لەگەڵ چەند کەسێك دا کوشت. والی حەسەن پاشا، لەگەڵ لەشکرێك چوو بە شوێنیانا ، بەلاّم پیانەگەیشت و جافەکان گەڕابوونەوە ئێران. ( لاپەڕە ١٢٩).

له دوای وەفاتی بەکر بەگ، ولأتی بەبە کەوتـەوە دەس حکومـەتی عوشمانیو لـە طـەرەف متسلمێکەوە ئیدارە کـراو خرایـە سـەر شـەهرەزوور. کـوڕانی بـەکر بـەگ ( شـێر بـەگ و سـەلیم بـەگ) و کـوڕانی تـەیمورخان بـەگ( خانـە محەمـەد بـەگ[٣٦]، فەرهاد بەگ و خالید بەگ) لە مـوڵکی باوباپیریـان بێبـەش مـان و، مـودەتی چـەند ساڵێك لە ماڵی خۆیانا ڕایان بوارد.

لەم دەورەدا، ئەحمـەد خـانی زەنگەنـە ئەهاتـە نـاوەوەو دەمـی ژەنـدە مـوڵکی بێــصاحێبی بەبــە، (قــەرەداغ) و (ســەنگاوی) زەوت کــردو، چاویــشی بڕیــە (بازیان)، تا شارەزوور و حەتا بەینێك تا چەمی (تانجەرۆ)ش هات.

**خانە پاشا:**

بەرامبـەر بـەم حاڵـە ( خانـە محەمـەد بـەگ)، خـۆی ڕانـە گـرت. هـەر چـەندە هێشتا شـانزە سـاڵە بـوو، بـەلأم دیـسان هـەر چـۆنێ بـوو لەشـکرێکی بـچووکی پێکـەوە نـاو بـەرەنگاری زەنگەنـە بـوو، ڕێگـەی لێبەسـتن و لـە دوای چـەند وردە شـەڕێك لەشـکری ئەحمـەد خـانی شـکاندو، بـەرە بـەرە لـە مـوڵکی بەبـەی کـردە دەرەوەو ئیمـارەتی بەبـەی ئیحیا کردەوە (١٧٢١م، بە گوێرەی حسین ناظم بەگ ١١٣٤هیجری).

لە عەینی ساڵدا بوو، کە والیی بەغداد حەسەن پاشا بە لەشکرێکەوە چووە سەر ئێران و خانە محەمەد بەگیش بۆ یارمـەتی لەشکری بەبـەی هـەڵگرت و لەگـەڵ عەبــدولرەحمان پاشــای موتەصــریفی کــەرکوك دا ئیلتیحــاقی کــردە لەشــکری بەغـدادو، لـە دوای گـرتنی ( کرماشـان ١٧٢٣م)، خانـە بـەگ کـرا بـە مـیری مـیران وحاکمی ولأتی ئەردەلأن، وخالید بەگی براشی بوو بە حاکمی بەبە. خانە پاشا بە لەشکری بەبەوە ڕووی کردە (سنە).

ڕەضا قلیخـانی والیـی ئـەردەلأن لەگـەڵ سبحان وێـردی برایـو، ڕەئیـسی عەشیرەتی مامۆیی، دەروێش بەگ دەخالەتیان کرد (گلشن خلفا، جلد ٢، لاپەرە ١٢٠٣).

---

[٣٦] مستەر لۆنگریك، لە شەجەرەی خانەدانی بەبەدا، خانە بەگ بە برای بەکر بەگ ئەنۆێنێ، بەلأم بە قسەی ناظم بەگ ئەبێ ئامۆزای بەکر بەگ بووبێ. ڕاستیەکەی برازای بووە. عەینی شەجەرە خالید پاشاش بە کوڕی بەکر بەگ ئەداتە قەلەم وڕاستیەکەی وەکو حسین ناظم بەگ ئەڵێ ئەبێ کوڕی تەیمورخان بەگ بێ.

لەم بەینەدا حەسەن پاشای والیی ئەمری خوای بەجێهێناو ئەحمەد پاشا هاتە جێگەی والی و سەرداری تازە لە ساڵی ١١٣٦ هیجری(١٧٢٤م)دا ڕووی کردە هەمەدان.

خانە محەمەد پاشاو کورد ئیبراهیم پاشای والیی دیاربەکر پێشرەوی لەشکری عوثمانی بوون. مودەتێك لەگەڵ لەشکری عوثمانی، موحاصەرەی شاری هەمەدانیان کرد، لە دواییدا بۆ دەفع کردنی لەشکری شازادە لەطیف میرزا مەئموور کران و سێ قۆناغ لە ژوور هەمەدانەوە تووشی بوون و بە پێنج صەد سوارێکەوە هەڵیان کوتایە سەر لەشکری شازادە[٣٧]، وە زۆر خراپ شکاندیان و خۆیەو بەعضێ ئومەرایان بەدیل گرت و، لە سەر ئەم ظەفەرە ( هەمەدان )تەسلیم بوو.[٣٨]

لەم بەینەدا ئەحمەد پاشا، بە سەبەبی عوصیانی عەشیرەتی بن جەمیل و تەعروضیان بۆ سەر بەغداد، گەڕایەوە عیراق، و خانە پاشای کرد بە والیی هەمەدان، و موحافەظەی وڵاتەکەی حەواڵەی ئەو کرد (٢٠ی جەمادی ئەلئاخیر ١١٣٧ھ).

لەم دەورەدا ئێران بە دەس ئومەرای ئەفغانەوە بوو. غاصبی تەختی ئێران ئەشرەفخان ناو، سەردارێکی ئەفغانی بوو. کە دی لەشکری عوثمانی وڵاتی هەمەدانی زەوت کردووەو، ئەیەوێ بێتە سەر ئەصفەهانیش، بە لەشکرێکی موناسیبەوە ڕووی کردە لەشکری عوثمانی. ئەحمەد پاشا، کە ئەمەی بیست ئەویش ڕووی کردە (ئەصفەهان)، کە لەو وەقتەدا پێتەخت بوو. کورد ئیبراهیم پاشای بۆ موحافظەی (نەهاوەند) و ئەطرافیمەئموور کردو، لە مەوقیعی (ئەنچەدان) تووشی لەشکری ئەفغان بوو ( ئەوەلی ڕەبیعی ئەوەل).

---

[٣٧] حسین ناظم بەگ، لە دەفتەرەکەی خۆیدا ئەڵێ ئەم شازادەیە، طهماسپی کوڕی شاە سولطان حسین بووە. ئەم ئیدیعایە خیلافی تواریخ و مەصادیری ترە.

[٣٨] حسین ناظم بەگ، ئەڵێ لە دوای ئەم خدمەتە گەورەیە بوو کە خانە پاشا کرا بە میری میران و خەڵاتی درایە ئەم ئیدیعایە واقیعەن مەعقولە.

بەڵام ئیدیعای کوژرانی خانە پاشای لە دوای فەتحی هەمەدان لە عەقل دوورەو ڕاست نییە، چونکە بوونی خانە پاشا لە شەڕی (ئانچەدان)داوخۆ شکاندنی موحەقەقە.

ئەشـرەفخان، زۆری و شـەڕکەری لەشـکری عوثمـانیی بیـستبوو، کـەوتبووە ترسەوەو ئەی زانی تەنیا بە قوەتی خۆی شکاندنی لەشکری ئەحمەد پاشا زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەمە لە ئەصفەهانەوە دەسی کرد بە تەفرەدان و، چەند کەسێکی ناردو، لەناو لەشکری عوثمانی دەسیان کرد بە هەڵخەڵەتاندنی ئومەڕاو، ئەیان گوت زۆر حەیفە دوو حکومەتی سنیی خوێن لە بەینیاندا بڕێژن. ئەم نەوعە پروپاغەندایە تەئثیرێکی زۆری بوو وە لە هەمووی زیاتر ئومەڕای کورد توفرەیان خوارد. لە ئەوەل ڕۆژی شەڕدا لەشکری ئەفغان زۆر پەشۆکاو لە شکاندندا بوو، بەڵام شەو بە فریادا گەیشت و دوو لەشکر لەیەك جوبوونەوە. گلشن مەعاریف، لە باسی ماجەرای ئەم شەڕەدا ئەڵێ: " ئەشرەفخان، خانە محمەد پاشاو بابان متصرفی قارداشی خالد بەگ عمادیە حاکمیو سائر امرای کوردستاندن اون درت نفر الویە بکلرینە، عثمانیان اصفهانە ملك اولورسە سزلرایچ ایلدە رعایاکی قالیر سکز. بکا طرفدار لق ایدك خانە محمد پاشایە بروجە اوجا قلق ایالت همدان وسائرلر کزە خانلق ویرەیم دیونهانی کغذلر وتاجو کمرلر و خلعتلر ارسالله بعد الاضلال میسرەء سپاهدەکی اکراد، بر کروە افغانیان هجومندە آنلردە بی جنك قاچملریلە ... لاپەرە ١٢٣٤)

واقیعـەن ڕۆژی دوایـی کـە شـەڕ دەسـی پێ‌کـرد، قۆمانـدانی دەسـە ڕاسـتی لەشکری عوثمانی خانە محەمەد پاشا بە خۆی‌و لەشکریەوە گەڕایەوە دواوەو باقی ئومەڕای کوردیش بەم تەرحە خۆیان کێشایەوە و، لە نەتیجەدا لەشکری ئەحمەد پاشا زۆر خراپ شکاو، دوانزە هەزار کەسێکی لێ‌کوژرا. ئەحمەد پاشا، هەموو بنەو بارکەرازی‌و طۆپخانەی بەجێ‌هێشت و لە کرماشانیشدا خۆی نەگرتەوە تا بەغداد ڕای کرد.

ئەگەر ئەم حەرەکەتی خانە پاشاو، بەعضێ ئومەراو تیرەی کوردو تورك ( وەکو محەمەد پاشاو دوو پاشای کوپریلی ) حەقیقە واقیع بووبێ، چە خانە پاشاو وچە ئومەڕایانی‌تر لە نەظەر تەئریخ و ئەخلاقدا بە ڕاستی لایەقی لۆمەن. هیچ بە دوور نییە کە خانە پاشا، ئەم ئیشەی لەبەر نا ئەمینی لە حکومەتی عوثمانی‌و، حەق سەندنی

خوێنی (بەکر بەگ) ی مامی کردبیّ. وەعدو وەعیدی ئەشرەفخانیش بە طەبیعەت بیّ تـەئـثیر نـەبووە. لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـەو تەشـویقانەی کـە لـە طـەرەف مـەئمورانی ئەشرەفخانەوە لە ژێر پـەردەی دینـدا کرا، تـەئـثیرێکی زۆری کردە لەشکری عوثمانیو، کوردو تورك موتـەئـثیر بـوون. وەکـو ڕوایـەت ئـەکریّ نـصایح و موجامەلـەی عولـەمای ئەفغان، کە بەتایبەتی نێررابوو بۆ لەشکری عوثمانی مێشکی ئەفرادی موتەعصیبی پڕ کردبـوو، وە هـەموو بـەبیّ لزومیـی شـەڕ قـانیع بـوو بـوون. حـەتا ئیـشتراکی پاشـایان و ئومەرای تورك لەم حەرەکەتەدا بە ڕاستی دەلیلێکی بە قوەتی ئەم قناعەتەیە.

( گلـشن مـەعاریف )، لەباسـی تەشـەبوثـاتـی صـوڵحیەی ئەشـرەفخان لەگـەڵ دەوڵەتی عوثمانیدا، ئەڵیّ: "سنەو سابقەدە اسائت ایدن عسکر اکراد، نقدینـەو جانربنی اغور همایونـدە نپـار نیتیلـە اردویـە تکرار کلـدیلر"(لاپـەرە ١٢٣٨). لـەم قەیدە وا دەرئەکەویّ کە خانە پاشاو باقی ئومـەڕای کورد، ساڵی دوایـی پەشێمان بوونـەوەو، دەخالـەتیان کـردووە بـە حکومـەتی عـوثمـانیو،خانـە پاشـا والیـەتیی ئـەردەڵانی محافـەظـەکـردووە. وە لەعـەینی سـاڵدا لەگـەڵ کـورد ئیـبراهیم پاشـا بـۆ تەمکینی عوصیانی دەوری تەبرێز ( تەورێز) مەئموور کراوە. خانـە محەمـەد پاشـا کـە نزیـك (تـەورێز) ئەبێتـەوە، ئـەبینیّ کـە دونبلـی عـەلی سـولطان و جەعفـەر خـان، لەگـەڵ مقـداریّ قزڵبـاش، لـە نزیـك (گـەرمود) و (مراغـە) کۆبوونـەوە، دەس بـەجیّ ئەچێتە سـەریان، عـەلی سـولطان ئـەگریّو، دوو سـەرکردەی ڕەفیقیـشی ئـەکوژیّو، ئەبدال بەگیش لەگەڵ ئەشقیای ئەفشاردا لەناو ئەبا.

لـە دوای ئەمـە، لەگـەڵ ئیـبراهیم پاشـا، ئەچـێتە سـەر ( سـەرخاب خـان) و، ئەشقیای طاغستان، کە لەگەڵ قوەتێکی ڕووسدا یەکدگیر بووبوو. خانە پاشا، لە مـودەتێکی کەمـدا لـە قـەراغ زیـی (کـۆریّ) ئـەم ئەشـقیانەش ئەشـکێنیّو لـە بـەینی (ئـاراس)و (کـۆریّ)دا خێـوەت هـەڵ ئـەداو، لـەویّ (٣٠٠٠)، مالێـك لـە عەشـائیری ئەفـشارو ئـەیانللو، دەخالـەتیان پێکـردووە. لـە دوای ئـەم موەفەقیەتانـە لەگـەڵ ئیبراهیم پاشادا ئەگەڕێتەوە (تەورێز)و لەویّ خەڵاتی بۆ یە.

ئەحواڵی دوایی خانە پاشا، مەعلوم نییە، بە گوێرەی (گلشن مەعاریف) ئەبێ کوژرابێو ئەگەر ئەمە ڕاست بێ ئەبێ لە دوای گەڕانەوەی بۆ ( تەورێز)و،خەڵات کرانی بە دزیەوە لە طەڕەف ئەحمەد پاشای والیی بەغداوەو، بە ئینتقامی ئیهانەتی لەناو برابێ.

( چوار عەصری دوایی عیراق)، ئەڵێ، خانە پاشا، ئیدارەی وڵاتی ئەردەڵانی گرتبووە دەس خۆی. خالید پاشای براشی حاکمی وڵاتی بەبە بوو. خانە پاشا، چوار ساڵێك لە ئەردەڵاندا حاکمیی کردو، لە دوای وەفاتی، کوڕەکانی (محەمەد بەگ، عەلی بەگ) ، هاتنە جێگەیو، هەردووکیان بەحوسنی ئیدارەو عەدالەت لە ئەردەڵاندا شۆرەتیان سەند. لە ساڵی ١٧٣٠دا کە نادر قولی (نادر شاە) بە سەر ئێراندا زاڵ بوو، ئەم ئیدارەی بەبەش لە ئەردەڵاندا نەما.

**خالید پاشا:**

لە ئەثەرە دەستخەتەکەی حسین ناظم بەگدا، وەقائیعی دوای خانە پاشا بەم تەرحە باس ئەکرێ: نادر شاە کە ڕووی کردە حدودی عوثمانی، قۆڵی لەشکری عەجەمیش لە ئیدارەی (لوطف عەلی بەگ) ناو سەردارێکدا لە ئازربایجانەوە ڕووی کردۆتە (قەڵاچۆلان). خالید پاشا، بە خۆیو لەشکرییەوە لە سەردەشت ڕێگەی پێگرتبوون و، نەی هێشتبوو داخڵی موڵکی بەبە بێن.

نادرشاە، بە سەر شارەزووردا ڕووی کردۆتە خاکی عوثمانی. سەلیم بەگی کوڕی بەکر بەگ، لەو بەینەدا لە شارەزوور بووەو، هەڵی کوتاوەتە سەر دوایی لەشکری نادر شاە و، بارگرانیی لێ زەوت کردوون. لە دواییدا نادر شاە بانگی کردۆتە لای خۆیو هەرچۆنێ بووە تەفرەی داوەو، کردویەتی بە طەڕەفداری خۆیو سەوقی کردوتە سەر خالید پاشا. زۆری بەگزادەو قوەتی بەبەش لای (سەلیم بەگ)یان گرتووەو (خالید پاشا) نا عیلاج ماوەو، قەڵاچۆلانی بەجێهێشتووەو چووە بۆ ئەستەمول[٣٩]، لەوێ ماوەتەوە.

---

[٣٩] گلشن مەعاریف، ئەڵێ: ئیبراهیم بەگ، ناو ئەمیرێکی کورد، لە ساڵی ١١٦٧هیجیریدا، لە ئەستەمول ئیدیعای کرد کە کوڕی خانە پاشای کوژراوە، و طەڵەبی ئیمارەتی بابانی کرد، بەڵام ڕووی نەدرایە. کەوای

**سەلیم پاشا:**

نادر پاشا، لە دوای ئەمە کە سەلیم بەگی گرتە دەس خۆی کاغەذیشی بۆ ( شێخ حەسەن)[٤٠]ی گلـەزەردەیی نووسیوە، بەلاّم شێخ حەسەن نەچۆتە لای‌و جوابێکی موناسیبی بۆ نووسیوەتەوە[٤١].

سەلیم بەگ، وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، لە (قەلاّچوّلان)دا جیّگیر بوو، وە لە ئیعتباری ئەم ئەمیرەوە طەرەفداری ئیران لە بەینی ئومەرای بەبەدا پەیا بوو. سەلیم بەگ، بە طەبیعەت حکومەتی بەغدای ئەناسی، بە نادر شاه پشت ئەستوور بوو وە هەموو ئەمرو نەهی لەو وەرئەگرت. خاکی بەبە بە تەواوی بووە ولاّتێکی عەجەم.

ئەحمەد پاشای والیی بەغداد لە ١١٦٠ی هیجریدا بە لەشکرەوە رووی کردە خاکی بەبە. عولەماو مەشایخی ئەم ولاّتە مساعەدەی شەڕی بەینی دوو موسلمانیان نەکرد، بەم تەئثیرە خەلّك لە (سەلیم بەگ) تەکیەوەو، بە ناعیلاجی(سەلیم بەگ)، لە قەلاّی ( سرۆچك)داو، ( شێر بەگ)ی براشی لە ( قەمچوغە)دا خۆیان قایم کرد. لەشکری بەغداد( شێر بەگ)ی زۆر زوو دەرپەڕاندو رووی کردە (سرۆچك). لەو بەینەدا نەخۆشیەکی قورس کەوتە لەشکری بەغداوەو، زۆریان ئیّمرد،والیش تووشی نەخۆشی بوو. لەو وەقتەدا ( سەلیم بەگ)، بۆ دەخالەت کوڕەکەی ناردە لای والی‌و بە شەرطی ئەمە کە لەگەلّ ئێران قەطعی عیلاقە بکا، دەخالەتەکەی قبوول کرا. والی لە وەقتی گەڕانەوە بۆ بەغداد لە ( دەلی عەباس)ئەمری خوای بەجیّهێنا.

---

زانی بە واسیطەی عەرضوحالّچیو حەکاکێکەوە فەرمانێکی ساختەی پێکەوە ناو لەگەلّ چەند کەسێکی مەعیەتیدا گەڕایەوە ،بەلاّم حکومەت پێی زانی و گرتی و لە ( ئەزمیردا) کوشتی ، لاپەرە ١٤٥٤ – ١٤٥٥.

[٤٠] حسین ناظم بەگ، لە دەفتەرەکەی خۆیدا ئەلّیّ: ئەم شیخ حەسەن)ی گلّەزەردەیە لە ئەحفادی شێخ عیسا بووە. شێخ عیسا لەگەلّ شێخ موسای برای لە ٦٥٦ی هیجریدا لە هەمەدانەوە هاتۆتە ناحیەی سرۆچك و جێگەی بەرزنجەی ئیمڕۆ و لەویّ خانوویان بۆ خۆیان کردووەو دانیشتوون. شێخ موسا بە وەجاخ کوێری وەفاتی کردووەو سیلسیلەی ساداتی بەرزنجە لە شێخ عیسا وە هاتۆتە خوارەوە.

[٤١] ئە جوابی (شێخ حەسەن)ە بە عەرەبی نووسراوەو صورەتی لە دەفتەرەکەی حسین ناظمدا هەیە.

سـەلیم پاشـا، هەرچـەندە کـە دەخالـەتی کردبـوو، بـەلاّم دیـسانەوە لـە طـەرەفداریی ئێـران وازی نـەهێنا. لـە سـەر ئەمـە والیـی تـازەی بەغـداد مەشـهوور سلیمان پاشا، زۆری نەصیحەت کرد، بەلاّم فائیدەی نەبوو، حەتا لەگەڵ (عوثمـان بەگ)ی حاکمی کۆیەو حەریرو ئیتفاقی کردو دەسی بۆ (زەنگاباد)یش درێژ کرد.

(سەلیم پاشا)ی والی بەغداد کە بە ( ابو لیلە)[٤٢] ، شـوورەتی سـەند بـوو، لـە ١١٦٤ی هیجریـدا ( بـەگوێرەی گلـشن مـەعاریفی ١١٦٧ی هیجـری) بـە لەشـکرێکی زۆرەوە ڕووی کـردە خـاکی بەبـە، لـە چـوار قۆناغەیـەکی بەغـداد تووشـی لەشـکری (سەلیم پاشا) بوو. لەدوای شەرێکی موناسیب (سەلیم پاشا) شکاو لەگەڵ چەند سوارێکیدا ڕای کرد بۆ ئیران. ( سلیمان پاشا) تا نزیك قەلاّچوّلان هات و، لەوێ سلیمان بەگی کوری خالید پاشای بە مەنصەبی پاشایی کرد بە حاکمی بەبە.

**سلیمان پاشا:**

لەشکری بەغداد لە پاشدا ڕووی کردە ( کۆیـە)و (عوثمـان پاشـا) ی حـاکمی ئـەویی لـە چـیایەکی نزیـك کۆیـەدا تەنگـەتاو کـردو، لەگـەڵ دوو برای‌و کورێکیـدا گرتی‌و کوشتی. (قوچ بەگ) ناو برایەکی عوثمان پاشاش لە قەلاّی (هەولێردا) خۆی قایم کرد بوو لە دوای موحاصەرە و تەضیقیکی کورت ئەویش گیراو، لەناو برا.

سلیمان پاشـای تـازە حـاکمی بەبە[٤٣]، ئـەڵێن زۆر دینـدارو بـە زەبـرو زەنـگ بووە. والیی بەغداد زۆر ئەمنیەتی پێ بووە، حەتا کۆیەو حەریرو زەنگابـادو چـەند جێگەیـەکی تریـشی خـستە ژێـر ئیدارەیـەوە. وە صـەرفونەظـەری لـە وەرگـرتنی مقطەعی ساڵانەش کرد تا بۆ چەك و سیلاحی لەشکری بەبە صەرفی بکاو قوەتێکی باش پێکەوە بنێ.

مێجەر لونگریك، لە ئەثەرەکەی خۆیدا ئەڵێ، ئەم سلیمان پاشـای بەبەیـە، فاصیڵەیەکی کـەم و زۆر نزیـك چـواردە سـالێك لـە مـەقامی ئیمارەتـدا مایـەوەو، لـە

---

[٤٢] ئەم سلیمان پاشایە کۆیلەی ئەحمەد پاشا بوو. زۆر وریاو بە جەرگ بوو، بەرە بەرە پێش کەوت و بوو بە کهیای ئەحمەد پاشا وزاواشی. لە دوای وەفاتی ئەحمەد پاشا بوو بە والی . چونکە زۆر جار بە شەو ئەچووە سەر عەشائیری عاصیو بە کوتوپڕ ئەیدا بەسەریانا ناویان نا (ابو لیلە).

[٤٣] حسین ناظم بەگ، ئەڵێ: بە ( مەقتول سلیمان پاشا) شوورەتی بووە.

هەرە گەورەی ئەعضای خانەدانی بەبەیە. ئۆردوەکەی بۆ معاونەتی والیی بەغداد دائیمەن حاضر بوو، وە لە وەقتی تەنگانەدا ئۆردوی بەغدادیش یارمەتیی حکومەتی بەبەی ئەدا. والیی بەغداد سلیمان پاشا، لە مەخطەرەی ساڵی ١٧٥٨ ی میلادیدا، ئەم حاکمی بەبەیەی بەڕەقیبێکی گەورەو بە تەهلوکە داوەتە قەڵەم.

بێینەوە سەر عاقیبەتی سەلیم پاشا، ئەم ئەمیرە بەدبەختە دوو ساڵێك لە ئێراندا سووڕایەوە، بەلاّم معاونەتی لە کەس نەدی. بەڕوایەتێك کەریم خانی زەند، نیهایەت لەشکرێکی دوانزە هەزار کەسیی دایە. سەلیم بەگ بەم لەشکرەوە هاتە سەر خاکی بەبە، بەلاّم موەفەق نەبوو.[٤٤]

لە ساڵی ١١٧١ هیجریدا، لەگەڵ بەعضێ قووەتی عەشائیری ئێران، دیسان هاتەوە سەر سلیمان پاشاو لە (قزڵجە) کەوتنە شەڕەوەو، ئەم جارەش سلیمان پاشا شکا. لە تەئریخچەی ئەردەلاّن وا دەرئەکەوێ کە سلیمان پاشا لە دوای شکاندنی سلیم پاشا، شوێنی کەوتووەو بەشێکی ئەردەلاّنیشی داگیر کردووە. بەلاّم لە دواییدا بەرامبەر بە ( سوبحان وێردی) خانی والیی پیی موحافەظە نەکراوەو، گەڕاوەتەوە پاشەوە. نیهایەت لە دوای بەینێك سەلیم پاشا هاتە بەغدادو دەخالەتی بە سلیمان پاشا کرد. بەلاّم لەوێ بە تەئثیری (عادلە خانم)[٤٥]ی ژنی والیی کەس ڕووی نەدایەو، لە قەهرو یەئسدا مرد[٤٦].

---

[٤٤] حسین ناظم بەگ،مەسئلەی (دوانزە سوارەی مەریوان) لێرەدا باس ئەکاو ئەڵێ: ئەم دوانزە کەسە، سەلیم بەگی سێ تەنگە( ئامۆزای سلیمان پاشا)، مەحمود بەگ، جوامێر ئاغا، بریندار ئەغا، زوڵاڵ حەمەد ئاغا، محەمەد بەگی مەرگەیی، ئەحمەدە رەش دارۆغا، ئەکرەمی مەلا هەمزە، وچوار کەسی تر بوون، کە لەشکری سەلیم بەگیان لە مەریوان دا شکاندووە وەئەلحال (چوار عەصری دواییی عیراق) ئەڵێ ئەم وەقعەیە لە زەمانی سلیمان بەبەی کوری (ماوەند) دابووە. مستەر ریچیش لە کتێبەکەی خۆیدا (لاپەرە ١٧٢، جلد ٢) تەئییدی قسەی مێجەر لۆنگریك ئەکاو ئەڵێ ئەم شەڕی دوانزە سوارە، تەقریبەن میلێك لە شەرقی ( ئەحمەد کۆڵوان) دا قەوماوە و لە زەمانی سلیمان بەبەدا بووە کە دەوری ئیمارەتی ، رەنگە لە بەینی ١٠٨٨ – ١٠٩٢ ی هیجریدا بووبێ. و ئەمەش تەصادوفی زەمانی شاە سولطان حسین ی کردووە.

[٤٥] عادلە خانم ، کچی ئەحمەد پاشا و ژنی سلیمان پاشا بوو. ئەغلەبی ئیشوو کاری حکومەتی گرتبووە دەس خۆی و زۆر بە نفوذ بوو.

[٤٦] حسین ناظم بەگ، دەر حەق بە سەر ئەنجامی سەلیم بەگ ئەڵێ: لە دوای دەخالەتی ، لە طەرەف سلیمان پاشای والییەوە ئیعدام کراوە.

له دوای وەفاتی سەلیم پاشا، تەنیا ڕەقیبێك مابوو، كە ئەویش محەمەد بەگی كوری خانە پاشا بوو. واقیعەن ئەم ئەمیرە لە سالی ١١٧٤ ی هیجریدا بە لەشكرێكەوە هاتە سەر ولآتی بەبەو داگیری كرد، بەلآم ئەوەندەی پیّ نەچوو كە لە بەغدادوە لەشكرێك بە ئیمدادی سلیمان پاشاوە هات و لە سەر ( چەمی نارین) كەوتنە شەڕەوەو، محەمەد بەگ شكاو لەگەلّ بەعضیّ ئومەڕا گیراو كوژرا[٤٧]. ئەحمەد بەگی براشی دوو دەفعەو هەر جاریّ چەند مانگێك حكومەتی بەبەی گرتە دەس خۆی، بەلآم مەجبوور بوو كە بۆ سلیمان پاشای بەجیّبهێلّیّ.

وەفاتی (ابو لیله) سلیمان پاشا( ١١٧٥هیجری) وەضعیەتی خانەدانی بەبەی گۆڕی. واقیعەن تا وەفاتی ئەم والیەیە، حاكمانی بەبە موطیعی ئەمری بەغداد بوون و، بەینیان زۆر چاك بوو. بەلآم عەلی پاشای تازە والی تێكیدا و، ڕەسمی مەقطەعی دوانزە سالّی ولآتی بەبەی ، كە لە زەمانی ( ابولیلە)دا بەرامبەر بە تەجهیزو تەسلیحی لەشكری بەبە بۆ سلیمان پاشا هێلّرا بوو بووەوە، بە جارێك داوای كرد هەر چەندە سلیمان پاشا، باسی موساعەدەو وەعدی والیی پێشووی كردو صەرفونەظەركردنی ڕجا كرد، فائیدەی نەبوو، ناچار جوابی ڕەددی بە بەغداد دایەوە. لەسەر ئەمە والیی بەغداد كەوتە لەشكر كۆكردنەوە، بە طەبیعەت سلیمان پاشاش خۆی حاضر كردو، بە لەشكرێكی شەش هەزار سوارو هەشت هەزار پیادەو طۆپ و چەك و سیلاحێكی باشەوە ڕووی كردە بەغدادو تا دەربەندی ( قەشقە) هات و دەسی كرد بە تەحكیمی. كە لەشكری بەغداد گەیشتە (دەلی عەباس) كاغەذێكی بۆ عەلی پاشا نووسیو ڕجای خوێن نەڕشتنی لیّكردو، خۆشی بە سەر پردی (نارین)دا گەڕایەوە دوانزە ئیمامی (كفری). لێرەشەوە دیسان ڕجانامەی نارد، بەلآم فائیدەی نەبوو.

مێجەر لۆنكریك، ئەلّیّ: نیهایەت دوو لەشكر كەوتنە شەڕەوەو لە نەتیجەدا لەشكری بەبە شكاو سلیمان پاشا بە هەشتا سوارێكەوە ڕای كرد بۆ ئێران. بەلآم بە گوێرەی دەفتەرەكەی حسین ناظم بەگ، سلیمان پاشا لە پێش شەڕدا خەوێكی

[٤٧] حسین ناظم بەگ، ئەلّیّ ، محەمەد بەگ لەگەلّ لەشكری باجلان هاتووەو لە (پیباز) دا شەری كردو كوژرا.

خراپی دیوەو لە دوای ئەوە هەڵساوە لەشکرەکەی تەسلیمی ئەحمەد بەکی برای کردووەو نەصیحەتی شەڕ نەکردنی کردووەو، خۆشی بە چەند سوارێکەوە چۆتە ئێران بۆ لای (کەریم خانی زەند).

**ئەحمەد پاشا:**

لە دوای ڕۆیشتنی سلیمان پاشا، ئەحمەد بەگ لەگەڵ بەعضێ ئومەرادا چوونە لای عەلی پاشاو، عەرضی ئیطاعەتی کردووەو، بە ڕوتبەی پاشایی کراوە بە حاکمی بەبەو، (تەیموور بەگ)ی کوڕی عوثمان پاشای سۆرانیش کراوە بە حاکمی کۆیەو حەریر. لەشکری عەلی پاشا گەڕاوەتەوە بەغداد.

سلیمان پاشاش کە چووە لای (کەریم خان)، کرا بە حاکمی (ئەردەلاًن) و بە لەشکرەکەیەوە چووە ولاًتەکەی لە (سوبحان وێردی) خان داگیر کرد. لە ١١٧٧ هیجریدا، عەلی پاشا، لەشکری کردۆتە سەر عەشیرەتی (کەعب) و ئەحمەد پاشاشی بۆ موعاوەنەت طەلەب کردووە. ئەحمەد پاشا، مەحموود بەگی کرد بەوەکیل لە قەلاًچۆلانداو خۆشی بە لەشکرێکەوە چوو بۆ موعاوەنەتی لەشکری بەغداد. سلیمان پاشا، لە دەوری ئەحمەد پاشا ئیستیفادەی کردو (خالید بەگ)ی کوڕی لە (سنە) بەجێهێشت وخۆی بە لەشکرێکەوە هاتە سەر (قەلاًچۆلان) وگرتی.

ئەحمەد پاشا، کە لە شەڕی ( بەنی کەعب)، گەڕایەوە، لە بەغداد ئەم خەبەرەی بیست و، بە کۆمەکی لەشکری بەغداد هاتە سەر سلیمان پاشاو بەبێ شەڕ دەری پەڕاند.(٤٨)

لەم بەینەدا، لە عەلیهیی عەلی پاشا، ئیختلالێکی زۆر قورس لە بەغداد ڕوویداو لە نەتیجەدا عەلی پاشا ئیعدام کراو، عومەر ئاغای کهیا مەقامی ولایەتی گرتە دەس خۆی، زۆری پێنەچوو کرا بە وزیرو والی.

---

(٤٨) لەم خصوصەوە سجلی عوثمانی ئەڵێ، لە دوای فیراری سلیمان پاشا، ئەحمەد پاشای برای بوو بە حاکم (١١٧٦هیجری)، و لە وەقتێکدا کە ئەحمەد پاشا لە خاکی بەبەدا نەبوو، سلیمان پاشا هاتەوەو قەلاًچۆلانی داگیرکرد. ئەلاًم ئەحمەد پاشا، فرصەتی نەدایە و زوو لیی سەندەوە. ئەحمەد پاشا زۆری پێ نەچوو حکومەتی بەغدادی عاجز کردو عەزل کراو لە دوای ساڵێك کرا بە حاکمی کۆیە. لە ١١٨٠ دا محەمەد پاشای برای کە حاکمی قەلاًچۆلان بوو هاتە سەری و گرتی و حەپسی کرد. ( جلدی ٢، لاپەرە ٢٦٦).

**دەفعەی دووەم: سلیمان پاشا:**

عومەر پاشای تازە والی، دۆستی قەدیمی سلیمان پاشا بوو. لە دوای ئەمە کە بوو بە والیی بەغداد، بەراتی حکومەتی بەبەو کۆیەو حەریرو هەولێرو ئاڵتون کۆپری‌و قەرەحەسەن و زەنگابادو جەسان و بەدرەی، لەگەڵ خەڵاتدا بۆ ناردە (سنە). لە سەر ئەمە سلیمان پاشا حکومەتی (سنە)ی بۆ خالید باگی[٤٩]، کوڕی بەجێهێشت و،هات بۆ قەڵاچۆلان. ئەحمەد پاشا کە وای زانی ماڵ و منداڵی خۆی هەڵگرت وچوو بۆ (عیمادیە)و لەوێوە بۆ موصل. والی عومەر پاشا، نەیویست کە ئەحمەد پاشا مضایقە بەکیشی بانگی کردە بەغداد و ئیدارەی تەئمین کرد.

ئیمارەتی بەبە بەم تەرحە بۆ سلیمان پاشا ساغ بووەوە، بەڵام قەضاو قەدەر وازی لێهێنا. لە دوای بەینێك لە طەرەف فەقێ ئیبراهیم ناوێکەوە بە شەو لە ماڵی خۆیداو، لە حاڵی نووستوودا کوژرا. لە قەڵاچۆلان نێژراو، لە سەر کێلی قەبرەکەی ئەمە نووسراوە:

موفسیدی نیمە شبی باخنجر          جوهەری جەسمی کرامش بسمید[٥٠]

**محەمەد پاشا:**

لە دوای کوژرانی سلیمان پاشا، محەمەد پاشای برای کرا بە حاکمی بەبە. لە ساڵی ١١٧٩هیجریدا کە عومەر پاشا لەشکری کردە سەر عەشیرەتی (خەزاعل)، محەمەد پاشاش بە دوو هەزار سوارێکەوە بۆ معاوەنەتی چوو. وە لە ئیش وکاری تەئدیباتدا ئازایی‌یەکی تەواوی نواندو، لە پاشدا گەڕایەوە قەڵاچۆلان. لە پاش بەینێك لەلای عومەر پاشا تکای کرد تا ئەحمەد پاشا لە غوربەت نەجاتی‌داو، بینێرێتەوە خاکی بەبەو، بەم مەقصەدە مەحموود بەگی براشی ناردە بەغداد لە دوای ئیصراڕێکی زۆر عومەر پاشا مساعەدەی کردو، ئەحمەد پاشا هاتەوە قەڵاچۆلان. محەمەد پاشا زۆر حورمەتی گرت و حکومەتی (کۆیە)و (قەرەداغ)ی دایە، بەم تەرحە هەشت ساڵێك ڕایان بوارد. بەڵام ئەحمەد پاشا هەر چاوی لە حکومەتی قەڵاچۆلان بوو، لە فرصەت ئەگەڕا لەو بەینەدا

---

[٤٩] میجەر لۆنگریك، ئەڵی: عەلی بەگ ە

[٥٠] دەفتەرەکەی حسین ناظم بەگ.

طاعونێکی زۆر بەشیددەت هەموو عیراق و خاکی بەبەی وێران کرد. محەمەد پاشا لە ئەندێشەی ئەم نەخۆشیە چوو بووە کۆیە. بەڵام لەو وەقتەدا بارانێکی بە شیددەت باری‌و (زیی کۆیە) بە نەوعێك هەڵسا کە هیچ بواری نەئەدا. بەنا عیلاجی ئەحمەد پاشا لەبەر ئەم ئاوەدا ڕاوەستا. محەمەد پاشا کە ئەم خەبەرەی زانی ئەویش دەس وبرد لەشکرێکی بچووکی کۆکردەوەو، هاتە بەرامبەری ڕاوەستا. نیهایەت عولەماو سادات کەوتنە بەینەوەو، مەنعی ئەم شەڕە بیٚ مەعنایەیان کرد لە سەر تەرتیبی پێشوو دوو برا صوڵحێکی ظاهیری یان کردو، گەڕانەوە.

محەمەد پاشا، ئیتر ئەمنیەتی بە ئەحمەد پاشا نەماو ویستی داوێکی بۆ بنێتەوە نیهایەت بە بەهانەی ئیش وکاری ئەردەڵانەوە بۆ موذاکرە ئەحمەد پاشای بانگ کردە (قزڵجە) و لەویٚ گرتی‌و لە قەڵای (سرۆچك)دا حەپسی کرد، لەشکرێکیشی بۆ گرتنی مەحمود بەگی برای کە لەگەڵ ئەحمەد پاشا لە دایکێك بوون ناردە سەر (قەرەداغ)، بەڵام مەحمود بەگ پیی زانی ودەرچوو خۆی گەیاندە بەغدادو لەویٚ لە طەڕەف والیەوە مەعاشی بۆ بڕایەوە.

محەمەد پاشا، کە زانیی والیی بەغداد حیمایەی مەحمود بەگی کرد کەوتە شوبهەوەو ڕووی لە بەغداد وەرگێراو دەسی کرد بە موخابەرە لەگەڵ ( کەریم خان زەند)دا. عومەر پاشا، کە ئەمەی زانی دەس بەجیٚ مەحمود بەگی بە ڕوتبەی پاشایی کرد بە حاکمی بەبەو لە ئیدارەی موتەسەلمی بەصرە، سلیمان ئاغا لەشکرێکی خستە تەکی‌و ناردی بۆ قەڵاچوڵان. محەمەد پاشا کە ئەمەی بیست خۆی ڕانەگرت وچوو بۆ (سنە)، مەحمود پاشاش بیٚ شەڕ هاتە قەڵاچوڵان و ئەحمەد پاشای برای لە قەڵای ( سرۆچك) دەرهێناو، بە خواهێشتی خۆی حاکمیتیی بەبەی دایە.

**دەفعەی دووەم: ئەحمەد پاشا:**

محەمەد پاشا کە گەیشتە ( سنە) ئەحواڵی خۆی عەرضی کەریم خان کرد. و ئەم حوکمدارە کاغەذێکی بۆ عومەر پاشای والیی بەغداد نووسی‌و ڕجای لێکرد کە حکومەتی بەبە بداتەوە بە محەمەد پاشا، بەڵام عومەر پاشا ئەم ڕجایەی قبوول

نەکرد. کەریم خان لەمە عاجز بوو. وە لە قۆماندانی عەلی مراد خاندا[٥١] لە شکرێکی لەگەڵ محەمەد پاشادا نارده سەر قەڵاچوڵان و لەگەڵ ئەحمەد پاشاو سلیمان ئاغادا کەوتنە شەڕەوە. لەشکری ئێران زۆر خراپ شکاو بلذات قۆماندانی عەجەم، لە طەرەف عوثمان بەگی کوڕی مەحمود پاشاوە ئەسیر کراو، بە حورمەتێکی تەواو نێرار بۆ بەغداد.[٥٢] کەریم خان، کە ئەم خەبەرەی بیست، سێ لەشکری گەورەی کۆکردەوەو بۆ طەرەفی بەصرەو بەغدادو شارەزووری نارد. قۆڵی شەفیعیخان کە دوانزە هەزار کەسێك بوو، ڕووی کردە قەڵاچوڵان.

**دەفعەی دووەم: محەمەد پاشا:**

عومەر پاشا، کە وای زانی پەشێمان بووەو، ئەحمەد پاشای عەزل کردو محەمەد پاشای کردەوە بە حاکمی بەبە. کار لە کار ترازا بوو لەشکری شەفیعیخان وڵاتی بەبەو تەوابیعی تالاَن و وێران کرد. محەمەد پاشا لە قەڵاچوڵاندا دامەزرا. ئەحمەد پاشا لەگەڵ مەحمود پاشای برایو تەوابعیدا چووە کەرکوك و لەوێ دانیشت.

لەشکری نەظەر عەلی خان، لە کرمانشاهەوە ڕووی کردە ( درنە) و (باجلان) و تا ( قەرەحەسەن) ئەو ناوەی وێران کرد.ئەحمەد پاشا بە خۆیو تەوابعیەوە بۆ مقابلە لە کەرکوك هاتە دەرەوە ، بەڵام ئۆردوی ئێران ڕووی ورگێراو گەڕایەوە دوواوە. زۆری پێ نەچوو تەیمور پاشای کۆیە، عەزل کراو حکومەتی کۆیەو حەریر درا بە ئەحمەد پاشا.

---

[٥١] مێجەر لۆنگریك، عەلی مرادخان ئەڵێ: بەلام ڕاستیەکەی عەلی مراد خانە کە لە دواییدا بوو بە حوکمداری زەند.

[٥٢] جەودەت پاشا لە جلدی ئەوەلی تەئریخەکەیدا( لاپەرە ١٣٤) و لە صرەی وەقایعی ١١٩١ ی هیجریدا باسی شەڕی خالید پاشا ناو ئەمیرێکی بەبە، لەگەڵ لەشکری بەغداددا ئەکاو ئەڵێ، ئەم ئەمیرە لە طەرەف کەریم خانی زەندەوە کراوە بە حاکمی سنجاغی (مەندلچین)، (بەدرە)و (جەسان) یشی زەوت کردەوە لەگەڵ عەشیرەتی کەلهوور ئیتیفاقی کردوە. لە پاشدا لەشکری بەغداد چۆتە سەری و ئەم خالید پاشایە و مەحموود بەگی ئامۆزای و بەعضێ ئومەڕای تری کشتووە. رەنگە ئەم ئەمیرە، خالید بەگی کوڕی سلیمان پاشایی کە لە زەمانی باوکیا حاکمی (سنە)بوو و لە دواییدا لە طه رەف کەریم خانەوە سنجاغی ( (مەندەلچین)ی دراوتی.

لە دوای بەینێك (١١٩٢هـ)، حکومەتی عوسمانی ڕەسمەن ئیعلانی حەربی لەگەڵ ئێران کردو، والی دیاربەکرو چەند پاشایەکی تری بە لەشکرەوە نارد بۆ بەغداد. وە لە لایەکی تریشەوە عومەر پاشا بە موسەبیبی ئەم دەعوایە درایە قەڵەم و عەزل کراو لە جێگەی ئەو جەلیلی زادە ئەمین پاشا تەعیین کرا، بەڵام نەگەیی بچێتە بەغدادو، بۆ تەسکین غەضەبی کەریم خان، عومەر پاشای لە ناوبردو، سەرەکەی نارد بۆ ئەستەمول. حکومەتی بەغداد نیهایەت بۆ مصطەفا پاشاش نەما، دەس کهیا عەبدوڵلا ئاغا( عبدالله پاشا) کەوت و حەسەن پاشاش کرا بە والیی شەهرەزوورو سەرداری لەشکر.

حەسەن پاشا، لە هەموو زیاتر بە محەمەد پاشا و ئەحمەد پاشای ڕائەپەرموو. محەمەد پاشا بە خۆی و لەشکریەوە لە ڕێگەی ( بانە)وە ڕووی کردە ئەردەڵان. ئەحمەد پاشاش ئەبوایە لە ( زەهاب) ەوە ڕووی بکردایە خاکی عەجەم. ئەحمەد پاشا بە پێنج هەزار کەسێکەوە کە گەیشتە (زەهاب) بیستی کە حەسەن پاشا کۆیەو حەریری دیسانەوە داوەتەوە بە تەیمور پاشا لە سەر ئەمە عاجز بوو، وە لەگەڵ ( کەریم خان زەند)دا کەوتە موخابەرەوە.

لەولاوە محەمەد پاشا ڕووی کردە ( بانە)و لە ١٤ی ڕەبیعولئەوەلی ١١٩١ دا لەگەڵ صالح خانی حاکمی (بانە)دا کەوتە شەڕەوەو لە دوای سێ سەعات، لەشکری ئێرانی شکاندو دە طۆپیشی زەوت کردو ئەو ناوەی تالان کرد. ( خەسرەو خان)ی حاکمی ئەردەڵان کە ئەمەی بیست لەشکرێکی زۆری کۆکردەوەو ڕووی کردە خاکی بەبە. دوو لەشکر لە مەریوانـدا تووشی یەك بوون (٢٧ی ڕەبیعولئەوەلی ١١٩١) و خەسرەوخان زۆر خراپ شکاو بلنەفس خەسرەو خان بە هەزار حاڵ ڕزگار بوو وە لەچیاکانی ئەو ناوەدا خۆی شاردەوە. لە دوای ئەم غەڵبەیە محەمەد پاشا، لە طەڕەف سولطانەوە خەڵات کرا.

خەسرەوخان، سەر ئەنجامی خۆی بۆ کەریم خان نووسی. حوکمداری زەند کلبعەلی خانی لوڕی بە لەشکرێکی زۆرەوە لەگەڵ ئەحمەد پاشادا ناردە سەر محەمەد پاشاو، حاکمی بەبە بەرامبەر بەم قوەتە زۆرەوە خۆی ڕانەگرت و ڕەجعەتی کردە کۆیەو، لەشکری ئێران لەگەڵ ئەحمەد پاشادا داخلی خاکی بەبە بوو. ئەحمەد پاشا لە

قەلأچـۆلاندا دامـەزرا( ١١٩٢هـ) و ئـەو ولأتـەش لـەژێر دەس وپێـی لەشـکری عەجەمـدا شێلرا.[٥٣]

**دەفعەی سێیەم – ئەحمەد پاشا :**

لـە دوای گەڕانـەوەی لەشـکری ئێـران، محەمـەد پاشـا لەگـەڵ تـەیمور پاشـای کۆیـەدا بـە لەشـکرەوە ڕووی کـردە (قەلأچـۆلان). ئەحمـەد پاشـاش بـە لەشـکرەوە هـات بـە پیریـەوەو هـەر دوولا لـە داوێـنی شـاخی( ژاژیلـە) دا کەوتنـە شـەڕەوەو لـە نەتیجـەدا لەشـکری محەمـەد پاشـا شـکاو بلـذات محەمـەد پاشـاو تـەیمور پاشـاش گیران. ئەحمەد پاشا، تەیمور پاشای دەس بەجێ کوشت و، محەمـەد پاشاشـی لـە قەلأی ( سرۆچك)دا حەپس کرد. حەسەن پاشای والی شەهرەزوور، هیچ مداخەلـەی ئـەم شـەڕو هەرایـەی بـەینی ئومـەڕای بەبـەی نـەکردو بـە سـەیرکردنی ڕای بـوارد. چونکە بەسەبەبی حادیثـەی عەجـەم محەمـەدەوە ئـیش وکـاری بەغداد، کـەوتبووە حاڵێکی زۆر بێ مەعناو ڕکێکـەوە نـەی ئەویـست لـەو بەینـەدا لەگـەڵ ئومـەڕای بەبـە تێك بچێ ذاتەن لەو ناوەدا نەماو ڕووی کردە بەغدادو ڕۆیشت و لەپێش ڕۆیـشتنیا وەضـعیەتـی ئەحمـەد پاشـای بـەڕەسمی ناسـی و یـەعنی کـردی بـە حـاکمی بەبـەو کۆیەو حەریر.

مێجەر لۆنگریك، لەم باسەدا ئەڵێ: مناسەباتی حاکمانی بەبە لەگەڵ بەغداد دائیمـەن وەکـو موعـەمما وابـوو. بـەگزادەکان عەلائـەعادە لـە بەغـداد دائەنیـشتن، وە لـەم مەرکـەزە موهیمـەدا دائیمـەن سـەعیان بـۆ قـایمکردنی بناغـەو گـەورە کردنـی ئیمارەتەکـە ئـەکرد. بـە قـوەتی دەوڵـەت وثـەروەتیـان و بـە واسـیطەی ئـەنواعی تەشـەبوثیـان دائیمـەن لـەلای والی وموصـاحەبەکانیان خۆشەویـست بـوون و، بـەم قوەتـە هەرچـی ئـارەزووی خۆیـان و دۆسـتیان ببوایـە جێبـەجێیان ئـەکرد. بـە واسـیطەی دانـانی کـوڕێکی عاقلیـان لـە بەغـداد، یـا لـە کرماشـاندا ئـیش وکـاری سیاسی حکومەتەکەیان تەئمین ئەکرد.

---

[٥٣] حسێن ناظم بەگ، ئەڵێ لە دوای ئەمە کە ئەحمەد پاشا لە قەلأچۆلاندا جێگیر بوو کەلبعەلی گەڕایەوە ئێران. وەلحال ( چوار عەصری دواییی عیراق) ئەڵێ کەلبعەلی خان تا نزیك کەرکوك هات و ئەو ناوەی وێران وتالأن کرد.

والیـەکانی عـیراق، چـونکە لـە عەسـکەری یەکـچری ئـەمین نـەبوون و ئـۆردوی (کۆلەمەن)یشیان هێشتا تازەو نا کامیل بوو، دائیمەن موحتاجی قوەتی شارەزوور بوون و، ئەم قوەتە گەورەو ئازایە لە وەقتی عصیان و تەنگانەدا دائیمەن بە فریای والیەکانا ئەگەیشت و ئیطاعەتی ئەکردن. ئەم ئۆردوە زۆر باش بە خێو ئەکراو تەعلیم و تەربیەی حەربیەی بەپیی ئەو زەمانەیە زۆر چاك بوو، وە لە ژێر ئیدارەی خانەدانێکی حکومەتیدا بوو. سیلاحی ئینتظامیو قابلیەتی حەربییەی لە بەینی ئەمثالەکانی عیراقیدا زۆر بڵندو بەسەر هەموویان فائیق بوو. لەناو شاردا جل وقیافەتی ڕوئەساو بەگزادەیان وە طاقم و تەداروکی سوورمەو ئاوریشمیان بەڕاستی شەوق و ڕەونەقی بەسەرای حکومەت ئەدا. بەلاّم موقابیل بەم ئەوصاف ومەزاپایە، شەڕو هەرای داخلی بەینی خۆیان و، گاه گاه جەلبکردنی قوەتی ئەجنەبی بۆ سەر ولاّتەکەیان مەسئەلەی تابعیەتیانی خستبووە شکەوەو ئەم قوەتەشیانی کردبوو بە تەهلوکە بۆ حکومەت.

حەسەن پاشا، بۆ دەفع و تەئدیبی شێخی قەبیلەی ( ئەلوەند)، ئەحمەد بن خەلیل و عەجەم محەمەد، کە بەغدادیان عادەتەن موحاصەرە کردبوو، طەڵەبی یارمەتی لە ئەحمەد پاشا کردو، واقیعەن ئەحمەد پاشا بیٚ تەرەدود بەفریای بەغدادا گەیشت و کۆمەڵی ئەشقیای تێك و مەکاندا. سەرکردەی عاصیەکان، ئەحمەد خەلیل و عەجەم محەمەد، دەخالەتیان بە ئەحمەد پاشا کردو، بەتەوەسطی ئەو عەفوو کران. ئەحمەد پاشا لە دوای ئەمە هاتەوە قەلاّچۆلان.

لە دوای ئەحمەد پاشا زۆری پیٚنەچوو عاصیەکان دیسان هاتنە مەیدانەوەو بەغدادیان خراپ تەنگەتاو کردو حەسەن پاشا طەڵەبی معاونەتی لە شێخی ئەلعوبێدو بەعضیٚ عەشائیری تر کردو قوەتی عەشائیرو بەعضیٚ قوەتی بەغداد چوونە سەر ئەشقیاو بەلاّم خراپ شکان. حەسەن پاشا، ناعیلاج شاویزادە محەمەد بەگی ناردە قەلاّچۆلان و طەڵەبی معاونەتی دووبارە لە ئەحمەد پاشا کرد. حاکمی بەبە، لە محەمەد پاشای برای ئەمین نەبوو ئەوەلەن چاوی هەڵکۆڵیو لە دواییدا کەوتە تەداروکی سەفەر. بە ڕوایەتی حسین ناظم بەگ، ئەحمەد پاشا لەم

ظوڵمەی پەشێمان بووەوەو زۆر سەغڵەت بوو، وە هێشتا لە ئەزمر تێپەر نەبوو کە لەرزی ایێهات و نیهایەت لە (سەگرمە) ئەمری خوای بەجێ هێناو بردیانەوە قەڵاچۆلان وناشتیان. لەسەر کێڵی قەبرەکەی ئەم شیعرە نووسراوە:

شاه غازی احمدی لشکر شکن          آنکه تیغش قلب أعدا میبرید

**مەحمود پاشا:**

لە دوای وەفاتی ئەحمەد پاشا، حەسەن پاشای والی خەڵات ویراتی بۆ مەحمود پاشا ناردو کردی بە حاکمی بەبەو ڕجای ایێکرد کە زوو بەزوو بە فریای بەغدادا بگا. مەحمود پاشا واقیعەن بە تالوکە خۆی گەیاندە بەغدادو عەسکری مەحصوری بەغدادی لە قۆماندای عوثمان کهیادا خستە مەعیەتی خۆی وشوێن ئەشقیا کەوت و ئاخر مەلجەئیانی کە (یدی دگرمن) بوو، وێران کردو زۆری لێ کوشتن، بەڵام ئەحمەد خەلیل و عەجەم محەمەد ڕایان کردە لورستان. لە دوای ئەم غەلەبەیە مەحمود پاشا گەڕایەوە قەڵاچۆلان.

لە دوای وەفاتی ( کەریم خانی زەند)، ئێران پەشۆکا. صادق خانی برای بەصرەی بەجێهێشت و ڕووی کردە شیراز. زەکی خانی زڕبرای کەریم خان، تەختی حکومەتی داگیرکرد بوو. مەشهوور متەسلمی بەصرە، سلیمان ئاغا، کە لە دوای ساڵێ زیاتر موحاصەرە ئینجا بە ئەمری والی بەغداد بەصرەی تەسلیم کردبوو، وە بە ئەسارەت برابووە (شیراز)، نێررایەوە بەصرەو نیهایەت بە معاونەتی شێخی منتەفیك بەصرەی لە متسەلمی تازە نیعمان ئەفەندی سەندو جێگیر بوو. لە دوای ئیختلالی خەڵکی بەغدادو دەرکرانی والی حەسەن پاشا، سلیمان ئاغا کرا بە وەزیرو والی بەصرەو بەغدادو شارەزوور.

سلیمان پاشا، چووە بەغدادو بۆ تەئدیبی ئەشقیا ئەحمەد خەلیل و عەجەم محەمەد، کە لەگەڵ لەشکری ئێران گەڕابوونەوە، خۆی حاضر کردو کاغەذیشی بۆ مەحمود پاشا نووسی وطەڵەبی هاتنی کرد. مەحمود پاشا، لەباتی خۆی عوثمان بەگی کوڕی بە پێنج صەد سوارێکەوە نارد بۆ بەغداد. سلیمان پاشا لە نەهاتنی مەحمود پاشا عاجز بوو. بەڵام بە یارمەتی بە قیمەتی عوثمان بەگ جەمعیەتی ئەشقیا بڵاوکرایەوەو، ئەحمەد خەلیل کوژرا. وە لە دوای ئەم غەلەبەیە

سلیمان پاشا ڕوتبەی میری میرانیدا بە عوثمان بەگ و ناردیەوە بۆ ولاَتی خۆی، بەلاَم ڕقی لە باوکی هەلَگرتبوو( ١١٩٣هـ).

مێجەر لۆنگریك، ئەلَیٚ: ئیبراهیم بەگی کوڕی ئەحمەد پاشا لەو بەینەدا لە بەغداد ساکن بوو. دۆست و طەرەفداری زۆر بوو. والی سلیمان پاشاش خۆشی ئەویست. بەشیددەت لە حەق مامی ( مەحمود پاشا) ئەدواو بۆ جێگەکەی هەولَی ئەدا و وەعدیشی پیٚ درابوو.

دەفتەرەکەی حسین ناظم بەگ، ئەم باسە بە نەوعێکی تر ئەگێڕێتەوەو، ئەلَیٚ: سلیمان پاشای والی ( بە سلیمان پاشای گەورە مەشهوورە)، بۆ ئەمەی کە مەحمود پاشا بشکێنیٚ ویستی دوژمنایەتی بخاتە بەینی بەگزادەکانی بەبەوە، بەم فکرە ئیبراهیم بەگی ئەحمەد پاشای بانگ کردە بەغدادو، تەکلیفی قبوولَکردنی حکومەتی بەبەی لیٚکرد. وەلحال ئیبراهیم بەگ، بە چاوی باوکی تەماشای مامی ئەکردو ئەم تەکلیفەی قبوول نەکرد". لەگەلٚ ئەمەشدا کە ئیبراهیم بەگ تەکلیفی سلیمان پاشای ڕەد کردەوە، باز مەظهەری تەوجوه و حوسنی معامەلە بوو وە لەبەغداد دانرا.

والی، لە سالَی ١١٩٦هیجریدا لەشکرێکی زۆری لە عەسکەرو عەشائیر پێکەوە ناو ڕووی کردە ولاَتی بەبە. کە گەیشتە کەرکوك، لەویٚ حەسەن بەگی خالید پاشای کوڕی سلیمان پاشای بانگ کردو لەگەلٚ مەنصەبی میری میرانی حکومەتی بەبەشی دایەو کەوتە تەداروکاتی ناردنی بۆ قەلاَچۆلان. مەحمود پاشا، کە ئەمەی بیست لە عولەماو ئەشرافی چەند کەسێکی ناردە لای سلیمان پاشاو، طەلَەبی عەفووی کرد. والی بۆ عەفوو چوار شەرطی داناو لەگەلٚ حاجی سلیمان بەگی شاوی ناردی بۆ مەحمود پاشا. ئەم شەرطانە، دانی سیٚ صەد کیسە پارەو وازهێنان لە کۆیەو حەریرو دەرکردنی کهیا عوثمان ئاغا لە خاکی بەبەو، دانانی یەکیٚ لە کوڕانی مەحمود پاشا لە بەغداد بوو.

مەحمود پاشا، بە ناچاری ئەم شەرطانەی قبوول کردو سلیمان بەگی کوڕی بە بارمتەدا بە سلیمان پاشا لە دوای ئەمە والی سلیمان پاشاش گەڕایەوە بەغداد. ئەم کهیا عوثمان ئاغایە، بە قسەی ( چوار عەصری دوایی عیراق)، موتەصریفی

کەرکوك بوو، وە بە تەشویقی مەحمود پاشاو عوثمان پاشای کوڕی عوصیانی کردبوو. وەلحال حسین ناظم بەگ، ئەڵێ ئەم کۆنە کهیایەی حەسەن پاشایە لە کەرکوك مەنفی بوو.

مەحمود پاشای بەبە، لە عەینی ساڵدا لەگەڵ تازە حاکمی کۆیەو حەریر، کە مەحمود پاشای کوڕی تەیمور پاشا بوو، تێکچووو لەشکرێکی لە قۆماندای عوثمان پاشای کوڕیدا ناردە سەر کۆیەو سەبەبەکەشی بۆ بەغداد نووسی. لەگەڵ ئەمەشدا والی دیسان ڕقی هەڵساو ئیبراهیم بەگی ئەحمەد پاشای کرد بە حاکمی کۆیەو حەریرو، لە ١١٩٧ی هیجریدا لەشکرێکی زۆری کۆکردەوەو ڕووی کردە کەرکوك، لەوێ ئیبراهیم بەگ بە لەشکری کۆیەوە هاتە لای لەگەڵ ئیبراهیم بەگ چەند بەگزادەیەکی تری بەبەو تەوابعیشی هەبوو. مەحمود پاشای حاکمی قەلاچوڵان، کە ئەم حاڵەی دی لەلایەکەوە مقاوەمەتی مومکین نەبوو، وە لەلایەکیتریشەوە بێ فائیدە خوێن ڕشتنی بە مناسب نەزانی، بێ شەڕ وهارا بە خۆی و ماڵ و منداڵیەوە چوو بۆ (سنە).

**مەحمود پاشا لە ئێراندا:**

ئەم ئەمیرە کە گەیشتە ( سنە)، عوثمان پاشای کوڕی ناردە لای ( عەلی مراد خان)، کە لەو بەینەدا لەسەر تەختی زەند بوو، لە وەقتی خۆیدا ئەم حوکمداری ( زەند)ە ئەمیری ئەو لەشکرە بوو کە لە طەڕەف کەریم خانەوە نێررابوو بۆ شارەزوورو، لە زەمانی ئەحمەد پاشادا لە طەڕەف مەحمود پاشاوە ئەسیر کرابوو، وە حورمەتی گیرابوو. بە مناسەبەتەوە ناسیاویەکیان لە بەیندا بوو، وە ڕجای لێکرد، کە خاکی ئەردەلانی وەکو چۆن لە پێشدا بەدەس خانە پاشاو سلیمان پاشاو خالید پاشاوە بوو، بیدا پیی. عەلی مرادخان[٥٤]، ئەمەی بۆ ساغ کردنەوە ولاتی ئەذربایجانی بە فرصەت زانیو دەست وبرد فەرمانی حکومەتی ( سابلاخ)ی بۆ نارد. مەحمود پاشا، کە گەیشتە ( ساقز)، ئەمرەکەی

---

[٥٤] چوار عەصری دوایی عیراق، لە جێگەی عەلی مراد خان، ناوی عەلی مەردان خانی بەختیاری ئەبا، بەلام صەحیح نییە و ڕوایەتی حسێن ناظم بەگ ڕاستترە.

عەلی مراد خانی تەبلیغ بە ( بۆداق خان)ی حاکمی ( سابلاخ) کرد. بۆداق خان، ئیطاعەتی ئەم فەرمانەی نەکردو بەیارمەتی خانەکانی ئورمیەو خۆیو سەلماس و مراغە، لەشکرێکی دوانزە هەزار کەسی کۆکردەوەو بۆ شەڕ خۆی حاضر کرد. ظاهیر وایە کە قوەتی مەحمود پاشا نیهایەت پێنج صەد سوارێك بووە لەگەڵ ئەمەشدا لەشەڕ کردن خەوف نەکردووەو لەلایەکەوە خۆیو لە لایەکی تریشەوە عەبدولرەحمان بەگی کوڕی لەگەڵ دوشمن کەوتۆتە شەرەوەو شکاندویانە. بەلاّم لە دوای شەڕ گوللەیەکی ئاوارە لەسەری مەحمود پاشا کەوتووەو کوژراوەو لەسەر ئەمە باقی لەشکرەکەی گەڕاوەتەوە پاشەوە (١١٩٨ھ).

عوثمان پاشا، لە سنە مابووەوە کە ئەم خەبەرەی لە عەبدولرەحمان بەگی برای وەرگرت دیسان طەڵەبی ئیمدادی لە عەلی مرادخان کردو ئەم حوکمدارە لەشکرێکی بۆ نارد، عوثمان پاشا، کە هاتە ( ساقز) خەبەری زانی کە حاکمی ئەو شارە (عەباس قلیخان)، لەگەڵ ( بۆداق خان)دا موتەفیقە لەسەر ئەوە کوشتیو شارەکەشی تالاّن کردو لەدوای ئەمە ڕووی کردە ( سابلاخ) وبۆداق خانی موحاصەرە کرد.

ئەمیر لەشکری عەلی مرادخان، کە لەگەڵ عوثمان پاشا بوو لە خصوص تالاّنی ( ساقز)ەوە شکاتی لە لای عەلی مراد خان کرد بوو وە ئەم حوکمدارەش کاغەذێکی بۆ نووسی کە لە فرصەتێکدا عوثمان پاشاو تەوابعی بکوژێ. ئەم کاغەذە هەر چۆنی بوو دەس عەبدولرەحمان بەگ کەوت وناردی بۆ عوثمان پاشا. ئەمیری بەبە کە وای زانی وازی لە موحاصەرە هێناو گەڕایەوە بۆ ( ساقز = سەقز) و لەڕێگە لەشکری عەجەمی، قەتلّ و عام کردو بەیارمەتی عەشیرەتی ( بلّباس) ، ماڵ و منداڵەکانیان لە ( سەقز) هەڵگرت و ڕوویان کردە ڕەواندز. کە گەیشتە ئەویّ کاغەذێکی بۆ والی سلیمان پاشا نووسیو سەرگذشتەکەی تێگەیاند. سلیمان پاشا، مصطەفا ئاغای سلاحداری ناردە لای بۆ سەرخۆشیو بانگی کردنە بەغدادو موقاطەعەی ( خانەقین)و ( عەلیاوا)ی دانیّ.

**ج – له بیناى سلیمانىیەوه تا وەفاتى عەبدولرەحمان پاشا ( ١١٩٩ – ١١٢٨ ى هیجرى )**

**ئیبراهیم پاشا:**

**له دواى ئەمه که مەحمود پاشا بىٚ شەڕ ولأتى بەبەى بەجىٚهێشت، والى سلیمان پاشا، ڕوتبەى میرى میرانىو حاکمیەتى بەبەىدا به ئیبراهیم بەگى برازاى ( ١١٩٨هـ) ئەم حاکمه تازەیه، ئەمیرێکى زۆر ڕەشیدو عادل و شارەزا بوو. لەلاى ئومەڕاو ئەرکانى بەغدادو بەخصوص لەلاى والى سلیمان پاشا زۆر خۆشەویست ومەقبوول بوو. چونکه عومرێکى زۆرى له بەغداددا ڕابوارد بوو زۆر حەزى له حەیاتى مەدەنى ئەکردو، له گوندێکى بچووك و بىٚخێرى وەکو قەلأچوٚلاندا ژیانى لەلا گران بوو.**

**بیناى سلیمانى:**

**ئیبراهیم پاشا، لەلایەکەوه لەگەڵ ڕێکخستنى ئیش وکارى ئیمارەت و نەشرى عەدالەت خەریك بوو وه لەلایەکى تریشەوه هەر له نزیك سەراکەى مەحمود پاشاى مامى که له ١١٩٦هیجریدا له نزیك گوندى " مەڵکەندى"یەوه [٥٥] دروست کرا بوو دەسى کرد به بیناى شارێك. له دەورى سەراکەدا بەعضىٚ خانوو مزگەوت و حەمام و بازاروخانى دروست کردو، لەساڵى ١١٩٩ هیجرى (١١٧٨٤میلادى)دا ئەم شاره تازەیەى تەواو کردو مەرکەزى ئیمارەتى له ( قەلأچوٚلان)ەوه بردە ئەوىٚو بەناوى سلیمان پاشاى والى بەغدادەوه ناوى نا(**

---

[٥٥] مەڵکەندى، ڕەنگه ئەصڵەکەى (مەلیك گوندى)بىٚ. مستەر ریچ ئەڵىٚ، لەسەر ئەوگردە که شارى لىٚ دروست کراوه گوندێك بوو ( مەلکەندى وەیا مەلیك هندى)یان پىٚ ئەگوت مەحمود پاشا، گوتى ئەگەر ئەم گردە هەڵکەنى ژێرەکەى وێرانەیەکى گەورەیه، زۆر لەته کوپەو ئێسقانى تیایه وه بەعضىٚ شتى نووسراویشى تیا دۆزراوەتەوه ، بەلأم کەسىٚ نەیزانیوه بیخوێنێتەوه و تێى بگا. بلذات مەحمود پاشا چەندى لەوەو پێش به فکرى تەعیمرات بەعضى جێگەى هەڵکەندوه و بەعضى ئیسقان و پارچه کوپەى تیا دۆزیوەتەوه. له زەمانى عەبدولرەحمان پاشادا لەگەڵ جێگەوه ئەم وێرانەیه هەڵکەنرا بوو وه بەردو ئەنقاضى له بناغەى خانوانا به عەمەل هێنرابوو.

سلیمانی)[٥٦]. مەعلوم نییە کە لە دوای تەواو بوونی چەند ماڵ بووە. بەڵام مستەر ( هارت Huart) لە ئەثەرکەی[٥٦] خۆیدا، ئەڵێ: لە ١٨٢٠ ی میلادیدا یەعنی لە دوای تەواو بوونی بەسی و شەش ساڵ نفوسی دەهەزار کەسێك بووەو عەدەدی ماڵیشی ٢١٤٤ بووە کە لەمە ١٣٠ ماڵی جولەکەو، ٩ ماڵی کلدانیو پێنج ماڵێکیش ئەرمەنی بووەو پێنج مزگەوتیشی بووە.

ئەم مەعلوماتی مستەر (هارت)ە، هەر وەکو ئیضاحاتی مستەر (ڕیچ)ە کە لە عەینی تەئریخدا سلیمانی دیوەو ئەڵێ، (کنشتە – کڵێسا)یەکی بچووك و شەش کاروانسەراو پێنج حەمام ( تەنیا یەکێکی باش بووە) وپێنج مزگەوتیشی بووە.

مێجەرسۆن، لە کتێبەکەی خۆیدا[٥٧] ئەڵێ، شاری سلیمانی لە ١٨٢٥م دا ١٠٠٠ ماڵ بووەو لەمە ٨٠٠ ماڵی جولەکەو گاورو تورکمان بووە، کە بەڕاستی ئەم ڕوایەتە زۆر عەجائیبە.

لەلام وایە مەعلوماتی ( میجەرسۆن )و (هارت)، فەرقێکی زۆری هەیەو لە عەقل بە دوورە کە ئەو شارە لە طەرەفی پێنج ساڵدا ئەمەندە فەرق بنوێنێ. لەلایەکی تریشەوە چۆن عەقڵ قبووڵی ئەکا ئەم مەرکەزی ئیمارەتی کوردە، خەڵکەکەی هەموو غەریبە بێو تەنیا پێنج یەکێکی کورد بێ.

---

[٥٦] حسێن ناظم بەگ، لە دفتەرە طەبع نەکراوەکەی خۆیدا ئەڵێ، لە وەقتی هەڵکەندنی بناغەی سەراکەی سلیمانی مۆرێکی سلیمان ناو دۆزراوەیەوە و ئیبراهیم پاشا بەو دەمی (یمین) ئەمەوە شارەکەی ناونا سلیمانی وحەتا کوڕێکیشی ناو نا سلیمان. لەگەڵ ئەمەشدا بۆ بەغدادی نووسی کە بە ناوی سلیمان پاشاوە ناوی شارەکەی ناوە (لاپەرە ١٤٩)

خەطیبیموصل یاسین العمری، لە کتێبێکی دەس خەطیدا، کە عینوانەکەی ( غایە المرام فی محاسن دار السلام)ە، ئەڵێ: سلیمانی لە تەئریخی ١١٩٦ دا لە طەرەف مەحمود پاشای خالید پاشاوە وە بەئەمری سلیمان پاشای جەلیلی دروست کراوە. ( لاپەرە ٢١١).

ئەم ڕوایەتە لام وایە صەحیح نییە، چونگە هیچ مەصدرێکی تر تەئییدی نەکردووە. تەنیا ئەوەندە هەیە، کە ئەڵێن مەحمود پاشا سەرایەکی لە نزیك (مەڵکەندی)یەوە بینا کردو باسی بینای شار ناکرێ ، ڕەنگە ڕوایەتی عمری لەمەوە هاتبێ.

[٥٦] تەئریخی بەغداد، پاریس ، ١٩٠١م.

[٥٧] بە تەبدیل لە مەزۆپۆتامیا و کوردستاندا.

**مستەر (لیك لاما Lyk lama) لە ١٨٦٨ی میلادیدا نفوسی سلیمانی بە ٦٠٠٠ ماڵە کوردو (٣٠) ماڵە کلدانیو (١٥) ماڵە جولەکە داناوە ( ئینسقلوپەدیای ئیسلام).**

**خولاصە ئیبراهیم پاشا، بە دروست کردنی ئەم شارە یادگارێکی باش و بەردەوامی بۆ کورد بەجێهێشت، بێجگە لەمەش بۆ ئاوەدانی ولاَتەکەو ڕاحەتی خەڵکەکەی زۆر هەوڵیدا، حوکمی بەبەی بەبێ شەڕ وهەرا گەیاندە ( خانەقین)، و (قەصری شیرین)،و ( زەهاو) یش کەوتبووە حوکمی بەبەوە. ئیشووکاری ئەو ولاَتەی بە ئوصولێکی باش و مەدەنی ڕێکخست ، خەڵك حەسایەوە و ئاوەدانی کەوتە ولاَتەکەوە و زراعەت پێش کەوت و شەرو هەرا کەم بوو.**

**ئیبراهیم پاشا، لە ١٢٠٠دا، بە سەبەبی عصیانی شاویزادە حاجی سلیمان بەگەوە بۆ معاونەت بانگ کرا وعەسکەری بەغدادیش لە قۆماندای میهردار ئەحمەد ئاغادا خرایە ژێر ئەمری. بەلاَم بەرەی حاجی سلیمان بەگ، لەپێش گەیشتنی ئیبراهیم پاشادا ڕایان کرد. ئیبراهیم پاشا لە دەوری (عەقرقوف) بەعضێ غەنائیمی عائید بە ئەشقیای گرت و گەڕایەوە بەغداد. بەلاَم هیچ مکافەئاتی لە والی نەدی و ڕۆیشتەوە سلیمانی. شاوی زادەش لە ترسی ئیبراهیم پاشا ئەوەلەن ڕای کردە ( تکریت )و لەوێ چوو بۆ طەرەفی (خاپوور) ( مطالع السعود)**

**ساڵی دوایی شاویزادە دیسانەوە تەنگی بە بەغداد هەڵچنی و لەشکری بەغدادی خراپ شکاند، سلیمان پاشا ناچار دیسان طەڵەبی کۆمەکی لە ئومەڕای بابان کرد، عوثمان پاشا چونکە نزیك بوو زوو پیاگەیشت .**

**ئیبراهیم پاشا تا لەشکری کۆکردەوە وەقت ڕابووردو درەنگ گەیشتە بەغداد. لەبەر ئەم دواکەوتنەی و بەعضێ تەئثیراتی تری ڕەقیبەکانی عەزل کراو حکومەتی بەبە، درا بە عوثمان پاشا[٥٨]**

---

[٥٨] تەئریخی جەودەت ئەڵێ، عوثمان پاشا لە پێش ئەم جارەشدا چەند مانگێك حاکمیەتی بەبەی کرد، بەلاَم لە پاشدا بە تەئثیری ئیبراهیم پاشا و عەلی بەگی خەزنەدار عەزل کرا وە دیسان ئیبراهیم پاشا کرایەوە بە حاکم و لە عەینی ساڵدا بە سەبەبی درەنگ گەیشتنی بۆ بەغداد عەزل کرایەوە. ئەم ڕوایەتی

**عوثمان پاشا:**

عوثمـان پاشـا، بـەراتی ئیمـارەتی لـە بەغـداد وەرگـرت و لـە دوای ئەمـە کـە قـوەتی عەبدولرەحمان بەگیشی گەیشتێ لەگـەڵ ئیـبراهیم پاشـاو لەشـکری والیـدا ڕوویـان کـردە مونتـەفیك و لـە ( ام العبـاس)دا ( شـیخ ثـویني) و طـەرەفـدارانی تەفروتونا کراو وبەصرەش سێنرایەوەو کورد مصطفا ئاغای خەزنەداری سلیمان پاشا کرا بە متسەلمی بەصرەو، عەسکەری کوردی (زەند)یش خرایە مەعیەتیەوە.

والی سـلیمان پاشـا زۆر مونتـەظـەم و خـوود پەسـەند بـوو دەر حـەق بـە ئومـەڕای بەبە زۆر تونـدو لاقەیـد بـوو. ئەحمـەد ئاغـای کهیاشـی کـە بـە والی دووەم حساب ئـەکرا ئـەویش حـەزی لـە ئومـەڕای بەبـە نەئـەکردو، دائیمـەن لـە حـەقیان ئەدواو و دڵی والیی زیاتر لێ عاجز ئەکردن، بە طەبیعەت ئومەڕای بەبەش ئەمـەیان پـێ نـاخۆش بـوو. لەسـەر تـەکلیفی موتەسـەلیمی بەصـرە، بەرامبـەر بـەم حاڵـە تـەرتیباتێکی خەفیـە کـراو شیخ ثـوینی و عوثمـان پاشـاش داخل بـوون. عوثمـان پاشاو مصطەفا ئاغا هـەردووکیان کاغـەذیـان بۆ شـاوی زادە حـاجی سـلیمان بـەگ نووسی وتەکلیفی ئەویشیان کرد.

مێجـەر لۆنگریـك، لـەو فکرەدایـە کـە ئـەم تەرتیباتـە بـە فکرێکـی واسـع و سیاسی کرابوو. مەقصەد لەمە تەقسیمی عیراق بوو. مصطەفا ئاغا( بەصرە)ی، شێخ ثوینی (مونتەفیك) ی و عوثمان پاشاش بەغدادی داگیر ئەکرد.

مصطەفا ئاغا، بۆ تـەعیین کردنـی (ثـوینی) بـۆ شـێخێتی مونتـەفیك ئـەمری سـەندو ( حمـود الثـامر)ی عـەزل کـرد، و لـەژێرەوە کەوتـە تەداروکاتـەوە. لـە دوای سەفەری بەصرە، سلیمان پاشـا گەڕایـەوە بەغداد، عوثمـان پاشـاو عەبـدولرەحمان بەگ چوونەوە سلیمانی وئیبراهیم پاشاش لە بەغداددا بۆ خۆی دانیشت.

---

جەودەت پاشایە لەگەڵ قەیدی مێجر لۆنگریك و حسێن ناظم بەگدا یەك ناگرێتەوە. لام وایە جەودەت پاشا، ئەم سەهوەی بە سەبەبی چوونی عوثمان بەگ بە ئیمدادی سلیمان پاشاوە (١١٩٣هـ) کردووە واقیعەن لەو ساڵەدا کە سلیمان پاشا لەشکری کردە سەر عەجەم محەمەد ئیبن خەلیل، مەحمود پاشا ، عوثمان بەگی کوڕی لەگەڵ (٥٠٠)سوار ناردبوو بە ئیمدادەوە. (مطالع السعود).

شاویزادە حاجی سلیمان بەگ لە ١٢٠٣ هـ دا دەخالەتی بە سلیمان پاشا کردو مساعەدەی کرا کە لە (قەرە ئەورامان) کە موڵکی خۆی بوو دانیشێ. حاجی سلیمان، بۆ ئیعادەی تەوەجوهی والی کاغەذەکانی مصطفا ئاغاو عوثمان پاشای بە واسیطەیەکی باش زانی، و خەبەری دا بە والی . سلیمان پاشا دەس بەجێ بۆ ئەم کاغەذانە موعتەمەدێکی کهیاکەی خۆی ناردە لای و کاغەذەکانی هێنایە بەغداد، و کە لە حەقیقەتی حاڵ تێگەیشت زۆر ڕقی هەڵساو بۆ لەناوبردنی عوثمان پاشا کەوتە بەهانە دۆزینەوە، بە فکرە و بەظاهیری بۆ چاوپێکەوتن وموذاکەرە، عوثمان پاشای بانگ کرد بەغدادو بەڕووخۆشیەکی فەوقەلعادە قبوولی کرد. وەضعیەتی عمومیە بۆ کوشتنی عوثمان پاشا مساعەدە نەبوو لەبەر ئەوە بە فێڵ ئیشەکەی دواخست و ڕجای لێکرد کە خوشکەکەی[٥٩] بدا بە عەبدوڵلا ئاغا. عوثمان پاشا ئەم تەکلیفەی قبوول کردو نیکاحی کرا وبە شەرطیئەمە کە لە بەهاردا بۆ سەفەری بەصرە بێ، گەڕایەوە سلیمانی.

واقیعەن عوثمان پاشا، بێ ئەمەی کە لە سلیمان پاشا شك پەیا بکا لە بەهاردا بە خۆیو لەشکری بەبەوە هاتە بەغداد. لەو بەینەدا سلیمان پاشا، محەمەد ئەلشاوی، بە وەظیفەیەکی ظاهیری ناردە بەصرە، مەقصەدی لە ئەحوالی مصطفا ئاغا گەیشتنی بوو، وە تەمێی کردبوو کە ئەمیر ئەلبەحر ( مصطفا ئاغای حیجازی) بەبیننی وبەعضێ تەعلیماتی بداتێ. مصطفا ئاغا لیی کەوتە شکەوەو فرصەتێکی دۆزیەوەو کوشتی. کە ئەم خەبەرە گەیشتە بەغداد، سلیمان پاشا مەجبوور بوو بە عەجەلە دەرچووە دەرەوە بۆ سەفەری بەصرە، و عوثمان پاشاشی لەگەڵ خۆی برد. بوونی عوثمان پاشا لەگەڵ والیدا بەرەی مصطفا ئاغای شپرزە کردو بلاوبوونەوە مصطفا ئاغا ڕای کردە (کویت)، (ثوینی) خۆی کێشایە چۆل، والیی بێ شەڕ بەصرەی گرت( ١٧٨٩م)، وعیسا بەگی ماردینی کرد بە موتەسلیمی بەصرە، و حەموود ئەلثامریشی کردەوە بە شێخی مونتەفیك و گەڕایەوە بەغداد.

---

[٥٩] شێخ عوثمان، لە ئەثەرەکەی خۆیدا ئەڵێ خوشکی کهیا لە عوثمان پاشا مارە کرا.؟

سلیمان پاشا، لە دەرەوەی شاری بەغداد خێوەت و بارەگای هەڵدا شەوێك لەوێ مایەوە و ڕۆژی دوایی عوثمان پاشای لەگەڵ خۆی سواری بەلەم کردو چووە شار، و ڕۆژی دوایی مەجلیسی بەست و لەسەر تەمیی خۆی قەهوەیەکی زەهراوی هێنرا بۆ عوثمان پاشا، لە دوای قاوەخواردن کاغەزەکەی کە بۆ حاجی سلیمانی شاوی نووسیبوو، دەری هێناو نیشانی داو ئەسبابی خیانەتی لێپرسی. بە تەئثیری خەجاڵەتی و زەهر عوثمان پاشا قسەی پێنەکراو خولاصە شەوێ وەفاتی کرد[٦٠] ، لە ئیمام ئەعظەمدا دفن کرا.

**دەفعەی دووەم – ئیبراهیم پاشا:**

لە دوای وەفاتی بێ وەقتی عوثمان پاشا، ئیمارەتی بەبە دیسان درایەوە بە ئیبراهیم پاشا[٦١]. لەو بەینەدا عەبدولرەحمان بەگی برای عوثمان پاشا بەوەکالەت لە سلیمانی حاکم بوو. کە خەبەری وەفاتی کاکی و حاکمیەتی ئیبراهیم پاشای بیست ماڵ و منداڵی خۆی هەڵگرت و چوو بۆ طەرەفی ( صەنغوور) و بەبێ ئەمە کە ئیلتیجا بە ئێران بکا مدەتێك لەوێ ڕای بوارد. و کاغەذی عوذر خواهی بۆ سلیمان پاشا نارد. سلیمان پاشا، لەو بەینەدا لە طەرەف (بەندنیجین) و خەریکی ڕاو بوو. کە کاغەذی عەبدولرەحمان بەگی گەیشتی عەفوونامەی بۆ ناردو، بانگی کردە بەغدادو بەعضێ موقاطەعەی درایەو، ئیدارەی تەئمین کرا.

ئەم تەوجیهەو دڵنەوایی سلیمان پاشا، کە خیلافی طەبعی بوو جار جاری ڕووی ئەکردە بەعضێ ئومەرای بەبە، لە حسێکی ئینسانی زیاتر بە مەقصەدێکی سیاسی بوو، وە ئەیویست دائیمەن بەرامبەر بە حاکمی بەبە ئەمیرێکی بەبەی بە

---

[٦٠] چوار عەصری دوایی عیراق، ئەڵێ، سلیمان پاشا کە لە بەصرە گەڕایەوە، عوثمان پاشای حەپس کردو عوثمان پاشا لەبەر خەجالەتی نەخۆش کەوت و لە حەپسخانەدا وەفاتی کرد. وەلحال شێخ عوثمان ئەڵێ، تووشی نەخۆشیەکی قورس بوو، وەبرایە ماڵی دەفتەردار سەعید ئەفەندیو لەوێشەوە برایە ماڵی دایکی و لەوێ وەفاتی کرد. بەڕوایەتێکی تریش لە طەرەف کدخدا ئەحمەد بەگەوە دەرمان خوارد کراو مرد( لاپەرە، ١٩).

[٦١] مستەر ریچ ئەڵێ، مەحمودی مەصرف بۆی گێرامەوە کە وەقتێ لەشکری بەبە لە مونتەفیك گەڕایەوە بەغداد و ئیبراهیم پاشا کرا بە حاکم، لەشکری بەبە مەمنون نەبوو وە بە ئیلغار گەرایەوە بۆ سلیمانیو بەو هاوینە ڕۆژی سێیەم گەیشتە سلیمانی لە ١٣٠٠ سوار ، دوو صەد سواری لە ناوچوو. ( لاپەرە، ١٢٤).

دەستەوە بێ. لەلایەکەوە حاکمی بەبەی پێ بترسێنێو، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بێ ئەمری کرد دەس بەجێ ئەم ڕەقیبە بنێرێتە جێگەی. خولاصەی مەقصەد ئیبقای فیتنەو نیفاق لە بەینی ئومەڕای بەبەدا بوو.

لەو بەینەدا مەحمود پاشای تەیمور پاشا، کە حاکمی کۆیەو حەریر بوو وەفاتی کردو موڵکەکەی خرایە سەر موڵکی بەبەو درا بە ئیبراهیم پاشا.

**عەبدولرەحمان پاشا:**

ئەم تەوەجوهی والیە ئەوەندە دەوامی نەکردو، لە عەینیساڵدا ئیبراهیم پاشا بێسەبەب عەزل کراو عەبدولرەحمان بەگ، بە ڕوتبەی میری میران کرا بە حاکمی بەبە( ١٢٠٤). حاکمی تازە چووە ( قەرەداخ)و سەلیم بەگی برای لە پێشەوە نارد بۆ سلیمانی. ئیبراهیم پاشا، خۆی حاضر کرد بچێ بۆ بەغدادو عەبدولعەزیز بەگی برای لە پێشەوە نارد. لە (گڵەزەردە) کە تووشی سەلیم بەگ بوو هەرچۆنێ بوو لێیان بووە شەڕو لە نەتیجەدا عەبدولعەزیز بەگ بە بریندار دەس سەلیم بەگ کەوت و ناردی بۆ بەغداد. ئیبراهیم پاشا کە ئەمەی بیست بۆ ئەوەی کە تووشی شەڕێکی تر نەبێ بەسەر ئێراندا ڕووی کردە بەغداد[٦٢] ، وکە گەیشتە ئەوێ واریداتی موقاطەعەی (خانەقین)و (قولە)و (عەلیاوا)و گوندی (تازەخورماتوو)ی بۆ تەخصیص کرا.

**دەفعەی سێیەم – ئیبراهیم پاشا:**

عەبدولرەحمان پاشا، کە گەیشتە سلیمانی، سەلیم بەگی برای کرد بە حاکمی (قەرەداخ) وناردی. عەبدولرەحمان پاشا نزیك هەشت ساڵێك حاکمیەتی کردو، لە ١٢١٢ دا لەطەڕەف سلیمان پاشاوە بانگ کرایە بەغدادو، لە جێگەی ئەو ئیبراهیم پاشا دیسانەوە کرایەوە بە حاکمی بەبە، و بۆ دڵنەوایی عەبدولرەحمان پاشا، سنجاغی کۆیەو، حەریریش درا بە سلیم بەگ.

---

[٦٢] این السند شیخ عوثمان ئەڵێ، ئیبراهیم پاشا لە سلیمانیەوە چوو بۆ ئێران و لەوێوە کاغەذی بۆ والی بەغداد نووسی وە طەڵەبی عەفوی کرد. سلیمان پاشای والی کاغەذی عەفوی لەگەڵ محەمەد بن عەبدوڵڵا بن شاوی ئەلحەمیریدا بۆ نارد و ئەم ئیلچییە ئیبراهیم پاشای هێنایەوە بەغداد، وعەبدولعەزیز بەگی براشی لە حەپسخانە دەرهێنرا.

مێجەر لۆنگریك، ئەڵێ، عەزلی ئەم جارەی عەبدولرەحمان پاشا بە تەئثیری ئیبراهیم پاشا بوو وە لە دوای عەزلی لە بەغدادا دانرا.

ئیبراهیم پاشا، کە نزیك سلیمانی بووەوە هەموو خەڵك چوو بە پیریەوەو بە ڕووخۆشیەکی عمومی قبوول کراو بەپێی عادەتی ئەو زەمانە طەرەفدارانی عەبدولرەحمان پاشا خاکی بەبەیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن.

عەبدولرەحمان پاشا، چوار ساڵێك لە بەغداد دانیشت لە پاشدا لەم دانیشتنە بێزار بوو وە داوای ئیذنی لە سلیمان پاشا کرد، سلیمان پاشا لەمە عاجز بوو، سەلیم بەگی برای عەزل کردو هەردووکیانی نەفی کردە حلە. کۆیە حەریریدا بە محەمەد بەگی کوڕی مەحمود پاشای تەیمور پاشا.

سلیمان پاشای والی لە عەینی ساڵدا وەفاتی کرد( ١٢١٥هـ). عەلی پاشای زاوای هاتە جێگەی. گەورەی یکچیری ئەحمەد ئاغا لەگەڵ سەلیم بەگی زاوای سلیمان پاشادا ئیتفاقی کردو، بۆ والیەتی سلیم بەگ بە دزیەوە جەمعیەتێکیان دامەزراند. زۆر کەس لە ئەشرافیش داخلی ئەم کۆمەڵە بوون. نیهایەت لە فرصەتێکدا هەڵیان کوتایە سەر عەلی پاشا. شەڕو هەرا زۆر طوڵی کێشا. ئەم عاصیانە بۆ تەئمینی موەفەقیەتی خۆیان عەبدولرەحمان پاشاو، سەلیم بەگیان لە حلە بەڕەڵلا کردو، داخلی جەمعیەتی خۆیان کردو بە قوەت بوون لە نەتیجەدا عەلی پاشا بە مەجبووری ڕای کردە طەرەفی کەرخ و لەوێ بە یارمەتی خەڵکی ئەو گەڕەکانە لە دوای چەند ڕۆژێك هجوومیان کردە سەر طەرەفی ڕەصافەو عاصیەکانیان شکاند. ئاغای یکچیری ئەحمەد ئاغاو عەبدولرەحمان پاشاو سەلیم بەگیش لە طەرەف (کاظمیە)ەوە گیران، و بەغەیری عەبدولرەحمان پاشا هەموویان لە ناوبران.

عەلی پاشا، لە ١٢١٧دا بۆ تەئدیبی عەشیرەتی بڵباس، چوو بۆ طەرەفی هەولێر عەبدولرەحمان پاشا و خالید بەگیشی لەگەڵ بوو. وئەمریش بە ئیبراهیم پاشا کرا تا بەشێکی ئەو عەشائیرە کە لە طەرەف (کۆیە)و (بتوێن)، تەئدیب بکا. لە دوای تەئدیبات و تالانی بڵباس ئیبراهیم پاشا لە ( هەولێر) هاتە لای عەلی پاشا. لە پاشدا بۆ تەئدیبی یەزیدی ڕوو کرایە طەرەفی (سنجار). لەشکری عەلی مراد خان پاشای حاکمی بادینانیش ئیشتراکی کردو لە لەشکری موصڵیش چەند صەد

کەسێك بۆ معاونەت هات و، لەشکری بابان بوو بە پێشرەو و ڕوو کرایە سنجار. شەڕێکی بە طولْ و زۆر پڕ زەحمەت ڕوویدا. ئیبن سند لە کتێبەکەی خۆیدا ئەڵێ محەمەد پاشای حاکمی کۆیە لەم شەڕی سنجارەدا زۆر جورئەت و جەسارەتی نواند. لەو صرەیەدا بوو کە ئیبراهیم پاشا نەخۆش کەوت و لە گەڕانەوەدا لە نزیك (موصل) ئەمری خوای بەجێهێناو لە نزیك مەرقەدی حەضرەتی یونس (علیە السلام) ەوە دفن کرا.

لەشکر، لە شەڕی یەزیدیدا دەوامی کردو ضەربەیەکی بەشیددەتیان لێدان و مەجبووری ئیطاعەت کران.

**دەفعەی دووەم — عەبدولرەحمان پاشا:**

عەلی پاشا، ویستی خالید بەگی برای ئیبراهیم پاشا بکا بە حاکمی بەبە، بەلاّم ڕوئەساو ئومەرا هەموو طەرەفداری عەبدولرەحمان پاشا بوون لە بەر ئەوە بەنا عیلاجی عەبدولرەحمان پاشای کردەوە بە حاکمی بەبە(١٢١٨ه).

عەلی پاشا، لە دوای چەند ڕۆژێ، لە سنجار گەڕایەوە لە ( تەلعفەر) بەعضێ لە شاویزادەکانی کوشت و عەلی مرادخان پاشای ئەمیری بادینانیشی عەزل کردو قوباد بەگی خزمی لە جێگەی دانا، وخالید بەگی برای ئیبراهیم پاشای بە پێنج صەد سوارەوە لەگەڵ نارد.

عەبدولرەحمان پاشا، کە گەیشتە سلیمانی عەبدوڵلا بەگی کرد بە حاکمی (قەرەداخ). لە ١٢١٩دا مەسئەلەی وەهابی حکومەتی عوثماني تەنگەتاو کرد، و لە دوای چەند ڕۆژێك عەبدولرەحمان پاشا گەیشتە بەغداد، و لەگەڵ لەشکری بەغداد ڕووی کردە حلەو شامیە. عەلی پاشا، عەبدولرەحمان پاشاو سلیمان بەگی کهیای لەگەڵ سێ هەزار سوارێك نارد بۆ طەڕەفی بەصرە. ئەم لەشکرە بەسەر (زبێر) دا ڕووی کردە ( ئحسا)و لەوێ کوشتارێکی مناسبی لە وەهابیەکان کرد. لە عەینی وەقتدا لە لەشکری بەبە چەند صەد کەسێك لەبەر گەرماو تینوێتی مردو بەعضیکیشی کوێر بوو وە عەبدولرەحمان پاشا مظەفەرانە گەڕایەوەو، مدەتێکیش بۆ محافەظە لە حیلە مایەوە. لە دواییدا واقیعەن ڕۆیەوە، بەلاّم بە سەبەب تەعروضی شاویزادە و شێخی منتەفیك، لە کەرکوکەوە دیسان گەڕایەوە

بەغداد. لە ڕێگە لەگەڵ محەمەد پاشای حاکمی حەریر کەوتە شەڕەوە وکوشتی و مەسئەلەکەی بۆ بەغداد نووسی و گەڕایەوە کەرکوك. هەر چەند عەلی پاشا ظاهیرەن قسەی نەکردو حەتا کۆیەو حەریریشی دایە، بەلاّم عەبدولرەحمان پاشا فەرقی بەم ئیغفالەی کردو، نەچوو بۆ بەغداد ڕاستەو ڕاست گەڕایەوە سلیمانی.

**عصیانی عەبدولرەحمان پاشا:**

عەبدولرەحمان پاشا، ئەیزانی کە والی بەغداد وازی لێناهێنێ و لەشکری ئەکاتە سەر، لەبەر ئەمە شێخی ئەلعوبید (ضامن ئەلمحەمەد) و شێخی عززە (حەمەد ئەلحەسەن) ی بۆ معاونەت بانگ کردو، لەگەڵ ئەمانە بۆ شەڕ و مدافعە خۆی حاضر کرد.

لە قوەتی بابان ئەو بەشەی کە لەلای خالید بەگ وسلیمان بەگ بوون ئەوانە لە عەبدولرەحمان پاشا جوێ بوونەوەو لەگەڵ ئەو دوو بەگزادەیەدا چوونە لای عەلی پاشا، ئەم حاڵە بووە سەبەبی بێهێزی عەبدولرەحمان پاشاو بە ناعیلاجی طەڵەبی معاونەتی لە حکومەتی ئێران کرد.

عەلی پاشای والی، کەتەماشای کرد عەبدولرەحمان پاشا بە ئاشکرا عاصی بووە، دەسی کرد بە لەشکر کۆکردنەوە. خالید بەگی برای ئیبراهیم پاشا لەو وەقتەدا لە (عەمادیە) بوو. ئەمری بۆ چوو کە بە لەشکری بادینانەوە بێتە کەرکوك، عەینی ئەمری بە حاکمانی موصل و هەولێریش درا. خالید بەگ، ئەساسەن چاوی لە جێگەکەی عەبدولرەحمان پاشا بوو، ئەم فرصەتەی بۆ هەڵکەوت دەس بەجێ بە لەشکرەوە ڕووی کردە کەرکوك . عەبدولرەحمان پاشا کە ئەم خەبەرەی بۆ هات و تێگەیشت کە عەبدولفەتاح پاشای (باجەلان)یش بە لەشکرەوە دێ، خۆی ڕووی کردە لەشکری خالید بەگ و سەلیم بەگیشی ناردە سەر حاکمی (دەرنە)و (باجەلان).

عەبدولرەحمان پاشا، لە (ئاڵتون کۆپری)دا دای بەسەر لەشکری خالید بەگداو زۆری لێ کوشتن و بلاّوەی پێکردن. خالید بەگ بە خۆی و بەعضێ مەعییەتیەوە دەرچوو. عەبدولعەزیز بەگی براشی بە قوەتێکەوە ڕزگاری بوو، وەچوو بۆ لای عەلی پاشا.[٦٣]

---

[٦٣] میجر لۆنگریك ئەڵێ، ئەم لەشکرە ، لەشکری خالید بەگ و لەشکری جلیلی زادە عەلی پاشا بوو، وە عەبدولرەحمان پاشا دای بە سەریانا.

لەشکری سەلیم بەگ، هەر چەند دای بەسەر باجەلاندا بەلاّم عەبدولفەتاح پاشای دەس نەکەوت و نیهایەت بەعەضیّ تالاّنی کردو گەڕایەوە. عەلی پاشای والی بە لەشکرێکی زۆرەوە لە بەغداد هەڵساو ڕووی کردە کەرکوك و کە گەیشتە مەنطیفەی (بەیات)، لەویّ عەبدولعەزیز بەگ گەیشتە لای و سەرگوذستەی خالید بەگی بو گێڕایەوەو نیهایەت والیی گەیشتە کەرکوك. عەشیرەتی ئەلعوبید و عززە ، لە ترسانا لە عەبدولرەحمان پاشا جویّ بوونەوە. والی، قوەتی عەشائیری عەرەبی کردنە سەرو، کوشتارێکی زۆری لێ کردن و، هەر دوو شێخەکەشی کوشت.( ١٢٢٠هـ).

**شەڕی دەربەند:**

عەبدولرەحمان پاشا، کە وای زانی خۆی کێشایە ( دەربەندی بازیان) و لەویّ دەسی کرد بە سەنگەر دروست کردن، زۆری پیّ نەچوو، لەشکری عەلی پاشاو خالید بەگ هاتە ( شیوەسوورو، لەویّ هەڵیاندا. ڕۆژی دوایی لەشکری خالید بەگ لە دەستە ڕاستەوە بە بەعەضیّ پیادە ڕێدا لە شاخی دەربەند تێپەڕیو دەستە چەپی عەبدولرەحمان پاشایان خستە تەهلوکەوە لە لایەکیتریشەوە لەشکری سلیمان بەگیش بەسەر (ئاغجەلەر)داو لە دەربەندی ( خەطیبان)ەوە هاتبووە ( دوو لوران) و خەطی ڕەجعەتی عەبدولرەحمان پاشای تەهدید ئەکردو لەشکری عەلی پاشاش لەبەر دەمەوە ڕوویان کرد بووە (دەربەند)، نیهایەت شەر دەسی پیّکرد و زۆری پیّنەچوو لە هەر دوو لاوە عەبدولرەحمان پاشا تەنگەتاو کرا. بەلاّم شەرێکی قورس کراو لەنەتیجەدا عەبدولرەحمان پاشا گەڕایەوە سلیمانیو بەجیی هێشت و چوو بۆ ئێران.

لە ڕۆژی شەڕدا بوو کە کاغەذی حوکمداری ئێران بۆ عەلی پاشا هات و ڕجای عەزل نەکردنی عەبدولرەحمان پاشای تیابوو، بەلاّم کار لەکار ترازا بوو وە فائیدەی نەما بوو.

حسین ناظم بەگ، ئەڵیّ، عەلی پاشا بۆ شاردنەوەی تەلەفاتی خۆی و نیشان دانی زەبرو زەنگی، لەکەللەی کوژراوان منارەیەکی وەحشەتی دروست کردو هەر وەکو " تەیمور لەنگ"، ئەویش بەرامبەر بەم شەناعەتە فەخر وسروری ئەنواند.

**خالید پاشا:**

لە دوای ئەم قیتالە، والی خەلآتی حاکمیەتی بەبەی لەگەڵ ڕوتبەی میری میراندا دا بە خالید بەگ و بەعەینی مەنصەبەوە سلیمان بەگیشی کرد بەحاکمی کۆیەو حەریر و خۆشی گەڕایەوە بەغداد" ڕەجەب ١٢٢٠".

عەبدولرەحمان پاشا، کە گەیشتە (سنە)، ماجەراکەی عەرضی حاکمی (سنە)، فەرهاد میرزاو حوکمداری ئێران فەتح عەلی شاە کردو، مەوەقەت ولآتی (سنغوور)ی بۆ ئیدارە درایە.

**تەعروضیعەلی پاشا:**

حکومەتی ئێران جارێکی تریش ڕجای بۆ عەبدولرەحمان پاشا کرد، بەلآم دیسانەوە تەئثیری نەبوو. عەلی پاشا بۆ حاڵی کردنی حکومەتی ئێران، مەئمورێکی مەخصوص نارد. بەلآم ئەمەش بێ فائیدە بوو، چونکە حکومەتی ئێران ئەیویست لەم فرصەتە ئیستیفادە بکا. واقیعەن زۆری پێ نەچوو، بۆ ئیعادە کردنەوەی عەبدولرەحمان پاشا، پەنجا هەزار تومان تەضمینات، کاغەذێکی بە شیددەت گەیشتە والی بەغداد. عەلی پاشا لەمە ڕقی هەڵساو ئیعلانی حەربی لەگەڵ حکومەتی ئێران کردو، وەلحال حەقی ئەمەی نەبوو. والی، ئەوەلەن قوەتێکی بۆ معاونەتی خالید پاشا نارد بۆ سلیمانی وخۆشی لە دوای چەند ڕۆژێك بە دوانزە هەزار کەسێکەوە لە بەغداد هاتە دەرەوەو ڕووی کردە حدودی ئێران. کە گەیشتە (شارەبان= شەهرەبان)، خالید پاشا، عەبدولفتاح پاشای باجەلانیو حەسەن خانی فەیلی بە لەشکرەوە هاتنە لایو، ئۆردوی بەغداد تا (پایطاق) چوو، لەوێ ئەمری پادشاهی هات کە حەقی نییە ئیعلانی حەرب لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا بکاو ئەبێ بگەڕێتەوەو واقیعەن گەڕایەوە. بەلآم پێشدار تا (ماهی دەشت) ئەو ناوەی تالآن کردبوو( ١٢٢١ھ).

**تەعروضیئێران:**

حکومەتی ئێران، لەسەر ئەم هەرایە بۆ محافەظەی حدود شازادە محەمەد عەلی میرزای ناردە کرماشان و شەش هەزار کەسێکیشی نارد بە ئیمدادی (ئەمانوڵلا خان)ی ئەردەلآنەوە. لەو بەینەدا عەبدولرەحمان پاشاش بە خۆیو تەوابعیەوە هاتبووە (مەریوان) و، لەوێ ئینتظاری ئەحوالی ئەکرد.

خالید پاشا، گەڕایەوە سلیمانی، خەبەری لەشکری (سنە)ی بیست و طەڵەبی معاونەتی لە والی کرد. واقیعەن بۆ معاونەت، ئەمری بە سلیمان پاشای حاکمی کۆیەو حەریرو لەشکری نیظامی کەرکوك دراو سلیمان بەگی خوشکەزای عەلی پاشاش کرا بە قۆماندانی ئەمانەو نێررا بۆ سلیمانی، عەلی پاشا خۆشی لە (شیروانە) هەڵیداو ئینتظاری وەضعی کرد.

**شەڕی مەریوان:**

ئەم سلیمان بەگە لە (شارەزوور) لەگەڵ خالید پاشادا یەکدگیر بوو، وە بەبێ کەشف و تەحقیق ڕووی کردە (مەریوان) و لەنزیك گۆمی (زرێبار)و لەلای گوندی (گوزە گەورە)وە تووشی لەشکری عەبدولرەحمان پاشا بوو وە شەڕ دەسی پێکرد. لەشکری کهیا شکاو زۆری لێ کوژرا، بەشێکی لەشکر لەگەڵ سلیمان پاشای حاکمی کۆیەو حەریرو سلیمان بەگی کهیا بەدیل گیران. عەبدولرەحمان پاشا ئەم دیلە ماقوڵانەی نارد بۆ (چەهران).(٦٤)

ئەسارەتی کهیا، عەلی پاشای زۆر سەغڵەت کردو، لەو بەینەدا شازادە محەمەد عەلی میرزا لە طەڕەف (زەهاو)ەوە دەسی کرد بوو بە تەعروض. والی بە ناعیلاجی ئۆردوگاهەکەی نەقلی (کفری) کرد. لەشکری شازادە تا دەوری (قزلرباط = قزراباد) هات و لەوێوە گەڕایەوە ئێران.

عەلی پاشا، لەو بەینەدا کاغەذێکی لەعەبدولرەحمان پاشا وەرگرت. ئەم ئەمیرەی ناودارو بەکاری بەبەیە مەسئلەی نەهاتنی بۆ بەغدادو کوشتنی محەمەد

---

(٦٤) کتاب المآثر السلطانیة ، لەم بەحثە دا ئەڵێ، شەهزادە محەمەد عەلی میرزا لە قۆماندای فەرج اللّٰه خان وئەمان اللّٰه خاندا مقداری لەشکری بۆ ئیستقامەتی سلیمانی تەخصیص کردو ناردی. کهیای عەلی پاشا سلیمان بەگ لەگەڵ دوانزە هەزار کەسێك بە ئیلغار ڕووی کردە عەبدولرەحمان پاشا کە لەو وەقتەدا لە (دیزە) بوو. عەبدولرەحمان پاشا ماڵ ومنداڵی وبارگرانی ناردە دواوەو خۆشی لەگەڵ قوەتێکدا خۆش حاضر کردو کەوتە شەڕەوە، بەڵام بە سەبەبی کەمیی قوەتیەوە نزیك شکان بوو کە لەشکری ئێران پیاگەیشت و لە دوای شەڕێکی بەشیددەت ، دوو سێ هەزار کەسێك لە لەشکری کیها کوژرا و خۆی و سێ هەزار کەسێکیشی ئەسیر بوو. لە دوای ئەم شەڕە عەبدولرەحمان پاشا چووە سلیمانی و جێگیر بوو عەلی پاشای والی بۆ شەفاعەت ( شێخ جەعفەر خەزاعی) ی لە نەجەفەوە نارد بۆ لای شازادەو بە تەوەسگی شازادە شاه لەشکری کێشیایە دواوە. ( لاپەرە، ٧٩،٨٤).

پاشای سۆران و سوئی فکری والی دوورو درێژ ئیضاح کرد بوو وە لە نەتیجەدا طەڵەبی ئیعادەی مەوقعیو وازهێنان لە شەڕو کوشتار کرد بوو.

عەلی پاشا، کە تەماشای ئەحواڵی کرد تێگەیشت کەڕێك کەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان پاشا لازمەو بەم تەرحە ئینجا ئەتوانێ لەم کەشمەکەشە نەجاتی بێ. دەس بەجێ جەوابێکی باشی بۆ نووسیەوەو، حکومەتی بەبەی دایەوە. عەبدولرەحمان پاشا لە ( مەریوان)ەوە کاغەذێکی بۆ شازادە نووسی، وە تەشەکوری معاونەتی کردو گوتی چونکە حکومەتی سلیمانی بۆم ڕەد کرایەوە ئیتر ئیحتیاج بە تەضییقی ئێوە نەما. لە دوای ناردنی ئەم کاغەذە لە جەماذی ئەوەلی ١٢٢١ی هیجریدا هاتەوە سلیمانی. دەوری ئیمارەتی خالید پاشا یانزە مانگ دەوامی کرد.

**دەفعەی سێیەم – عەبدولرەحمان پاشا:**

لە دوای کوژرانی والی عەلی پاشا لە طەرەف ئیختلال پەروەرانی بەغدادەوە، (١٤ ی جەماذی ئەلئاخیر ١٢٢٢) عەبدولرەحمان پاشا ویستی لە پەشۆکی ئەحواڵ ئیستیفادە بکاو سلیمان پاشای حاکمی کۆیەو حەریر تەئدیب بکا. بەم فکرە بە لەشکرێکی مناسبەوە ڕووی کردە کۆیە، بەڵام سلیمان پاشا نەی وێرا شەڕی لەگەڵ بکا، هەڵساو چوو بە پیریەوە و طەڵەبی عەفووی لێ کرد. واقیعەن عەبدولرەحمان پاشا صەرفونەظەری لێ کردو گەڕایەوە.

خالید پاشا، لەو بەینەدا لە کەرکوك بوو کە خەبەری تەعەروضی عەبدولرەحمان پاشای بیست لە خۆی ترساو بە بیانووی تەبریکی سلیمان پاشای تازە والیەوە چوو بۆ بەغداد. عەبدولرەحمان پاشا کە ئەم خەبەری زانی شوێنی کەوت و تا (خالیص) چوو، بەڵام تووشی نەبوو، گەڕایەوە . عەبدولرەحمان پاشا، لە حیلەو فێڵی خالید پاشا زۆر خەوفی بوو وە ئەیزانی کە ئەگەر بچێتە بەغداد مطلەقەن لەلای والی لیی ئەدوێ و بەینیان تێك ئەدا. ئەساسەن بەم فکرە شوێنی کەوت ، بەڵام فائیدەی نەبوو.

عەبدولرەحمان پاشا، بۆ تەبریکی والیەتی سلیمان پاشا نەچووە بەغداد، چونکە ئەمنیەتی پیی نەبوو بەخصوص خالید پاشا دڵی والی بە تەواوی لێ ڕەش کرد بوو. والی لە نەهاتنی عەبدولرەحمان پاشا زۆر عاجز بوو وە ئەمری بە کۆکردنەوەی لەشکر کردو لە دوای بەینێك بە هەموو لەشکرەوە چووە کەرکوك ( ڕەبیع و ئەلئاخیر١٢٢٣)و لەگەڵ قوەتی موصل وهەولێر یەکدگیر بوو وە ڕووی کردە سلیمانی. عەبدولرەحمان پاشا، دیسان دەربەندی تەحکیم کرد بوو. لەشکری والی لە (شیوەسوور) هەڵیدا. قوەتی والی زۆر زۆر بوو، وەکو قسەی لێ ئەکەن نزیك صەد هەزار بوو. بەرامبەر بەمە قوەتی عەبدولرەحمان پاشا لە دە هەزار زیاتر نەبوو.

**دووەم شەری دەربەند:**

لە دوای ڕۆژی مۆڵەت شەڕ دەسی پێکرد مقاوەمەتی لەشکری بەبە بە ڕاستی شێرانە بوو. زۆری لەشکری بەغداد قەت تەئثیری لێ نەکردن. لەو مەیدانە تەنگە بەرەدا شەڕێکی وەحشی کرا. کە تەماشایان کرد لە جەبهەوە هیچیان پێ ناکرێ، بەرەی خالید پاشاو سلیمان پاشای کویسنجەق بە واسیطەی لادێیەوە بەعضێ ڕێگەیان دۆزیەوەو لە شاخی دەربەند تێپەرین و، لای چیاو ڕاستی لەشکری عەبدولرەحمان پاشایان گرت. بەعضێ لە لەشکری سلیمانیش عەبدولرەحمان پاشای بەجێ هێشت و چوونە لای خالید پاشا. خولاصە ئەم حاڵە عەبدولرەحمان پاشای بە ناعیلاجی گێرایەوە دوواوە. و لە سلیمانی نەوێستا وچوو بۆ (سنە) لەوێ بەواسیطەی (ئەمانوڵلا خان)ی والیەوە سەرگوذشتەی خۆی عەرضی حکومەتی ئێران کرد.

**سلیمان پاشا:**

سلیمان پاشای والی ، کە بە (لاز سلیمان پاشا) مەشهوورە، لە دوای ڕۆیشتنی عەبدولرەحمان پاشا بۆ ئێران ، خیلافی مەئموول حکومەتی بەبەی دا بەسلیمان پاشای کوری ئیبراهیم پاشا. وە حکومەتی کۆیەو حەریریشی دابە محەمەد بەگی خەزنەدارو، خالید پاشای نا ئومێد کرد. والی لە دوای ئەم ئیجرائاتە گەڕایەوە بەغدادو خالید پاشاش لە کەرکوك دانیشت.

والی سلیمان پاشا، لەم ئیجرائاتی دوایی‌دا هیچ تەماشای ئەحواڵ و مەصڵەحەتی نەکرد، لە دوای عەبدولرەحمان پاشا، هەرە لایق بۆ حکومەتی بەبە خالید پاشا بوو. غەلەبەی ئەم جارەش دیسان بە هیمەتی خالید پاشاوە دەس کەوتبوو. خالید پاشا بە طەبیعەت لەم تەرتیباتە مەمنوون نەبوو وە ئینتظاری فرصەتێکی ئەکرد.

عەبدولرەحمان پاشا، لە (سنە) هوە خۆشی مراجەعتی بە شاە کردو طەڵەبی معاونەتی لێکرد. واقیعەن کاغەذێك بۆ ئیعادەی عەبدولرەحمان پاشا بۆ بەغداد نووسرا، بەڵام والی گوێی نەدایە. لەسەر ئەمە لەشکرێکی ئێران خرایە تەك عەبدولرەحمان پاشاو نێررایە سەر ولاّتی بەبە. خالید پاشا لە کەرکوك ئەم خەبەرەی زانی‌و تەوابیعی خۆی کۆکردەوەو بەسەر (زەهاو)دا چووە ئێران و لە (مەریوان) لەگەڵ عەبدولرەحمان پاشا یەکدگیر بوو. عەبدولرەحمان پاشا صەرفنەظەری لێ کردو سەرکردەیی لەشکری دایە.

**دەفعەی چوارەم – عەبدولرەحمان پاشا:**

والی سلیمان پاشا، کە ئەم خەبەری زانی طاقەتی شەڕو هەرای نەبوو بە ناعیلاجی خەلاّت و بەراتی حکومەتی بەبەی نارد بۆ عەبدولرەحمان پاشاو سلیمان پاشای بانگ کردەوە بەغدادو ئیدارەی تەئمین کرد.

سلیمان پاشای والی لە ١٢٢٤ی هیجریدا بەبێ سەبەب چووە سەر سنجارو لەگەڵ یەزیدی‌دا کەوتە شەڕەوە لە نەتیجەدا هیچی بۆ نەکراو ضایەعاتێکی زۆریدا. لە دوای ئەمە ڕووی کردە طەڕەفی (رأس العین) بۆ شەڕی عەشیرەتی (الظفیر) بەرامبەر بە وانیش شکاو پەرێشان بوو. بە سەبەبی تەعیینکردنی حاکمێکی غەیرە، جەلیلی زادەکانی (موصل)یشی لێ بووە دوشمن و، حەشریان پێکرد. خولاّصە بە حاڵێکی خراپ گەڕایەوە بەغداد.

لەم سەفەرەیدا بەعضێ لە ئەطرافی (ماردین)یشی تالاّن کردبوو لەسەر ئەمە لە هەموو لایەکەوە شکاتنامە نێررا بۆ ئەستەمول . ذاتەن مودەتێك بوو نە عەلی پاشای خاڵی‌و نەخۆی ویرگۆیان نە ناردبوو بۆ ئەستەمول. چە بۆ تەحقیقی شکایەت و چە بۆ سەندنی ویرگۆی چەند ساڵە لە ئەستەمولەوە مەشهوور حالەت

نێررا بۆ بەغداد. ئەم ذاتە لە ٢٥ ی جەماذی ئەلئەوەلی ساڵی ١٢٢٥ی هیجریدا گەیشتە بەغداد.

چەند هەفتەیەك مایەوەو زۆر هەوڵیدا نەی توانی سلیمان پاشا ئیقناع بکا نیهایەت مایوس بوو، وە چەند پارەیەکی بە ناوی خەرجی ڕێگە لێ سەندو لە بەغداد دەرچوو، وە هاتە موصل. لەو بەینەدا سابق خەزنەدار عەبدوڵلاٛ ئاغاو چوغەداری پێشوو طاهر ئاغا لە طەرەف سلیمان پاشاوە نەفی کرابوونە بەصرەو ویستی لەوێ لە ناویان بەرێ، بەلاٛم متەسلمی بەصرە سەلیم بەگ ڕجای بۆکردن و عەفوو کران. ئەوەندەی پێ نەچوو ئەم دوو مەنفییە ڕایان کردە لای عەبدولرەحمان پاشا لە سلیمانیەو بە قەدرو حورمەت قبوول کران.

حالەت ئەفەندی، لە موصلەوە وەضعیەتی بەغدادو تەمەرودی سلیمان پاشای بۆ ئەستەمول نووسیەو داوای تەعلیماتی کرد. زۆری پێ نەچوو جوابی بۆ هاتەوەو، ئەستەمول صەلاٛحیەتێکی فەوقە ئەلعادەی دایە، بە دەرەجەیەکی وا کە فەرمان و بەراتی مصدەق و بێ ناوی بۆ ناردبوو تا بەهەر کەسێ کە مناسب ئەزانێ والیەتیو قائممقامی والیەتی بدا. حالەت ئەفەندی، بەم نفوذو صەلاٛحیەتەوە لەگەڵ متصەریف و قوەتی موصل هەڵسا ڕووی کردە کەرکوك و، لەگەڵ عەبدولرەحمان پاشای بابانیشدا مخابەرەی کردو کاغەذێکی متواضعانەی بۆ نووسی وە وەعدی پێدا عەبدولرەحمان پاشا ذاتەن بۆ چوونە سەر بەغداد حاضر بوو ئەویش لەگەڵ ئۆردوەکەی (١٢٠٠٠) پیادەو (٨٠٠٠ سوار) و عەبدوڵلاٛ ئاغای خەزنەدار ڕووی کردە کەرکوك. حالەت ئەفەندی، عەبدوڵلاٛ ئاغای کرد بە قائممقامی والی بەغداد( یەعنی وەکیل وەیا معاون)، وفەرمانەکەی بۆ پڕ کردەوەو بۆی ناردو ئەمری تەعینیشی بە هەموو لایەکدا نەشرو ئیعلانی کرد. لە دوای ئەمە کە ئۆردوی بەبە لەگەڵ حالەت ئەفەندی دا یەکدگیر بوون، ڕوویان کردە بەغداد، لە ڕێگە گەلێ شێخی عەرەب بە خۆیان و مەعییەتیانەوە هاتن و ئیلتیحاقیان کرد.

سلیمان پاشای والی، کە ئەمەی بیست خۆی بۆ شەڕ حاضر کردو لە مەعیەتی فەیضوڵلاٛ ئاغای کدخدادا ئۆردویەکی ناردە سەر ڕێگەی حالەت ئەفەندی، لەلایەکی تریشەوە کاغەذێکی بۆ شازادە محەمەد عەلی میرزای حاکمی کرماشان

نووسیو ڕجای کرد یا معاونەتی بکەن وە یا عەبدولرەحمان پاشا لە حالەت ئەفەندی جوێ بکەنەوە. واقیعەن شازادە خەبەری بۆ عەبدولرەحمان پاشا نارد، بەڵام حاکمی بەبە گویی نەدایە. حاصلی فەیضوڵڵا ئاغا، لە (خرنابات)دا ڕاوەستا وتەحکیماتێکی زۆری بە دەوری ئۆردوگاکەیا کرد. زۆری پێنەچوو ئۆردوی حالەت ئەفەندیش گەیشتە (خرنابات) و بەرامبەر فەیضوڵڵا ئاغا خێمەو خەرگاهی هەڵدا، وچەند ڕۆژێك بەرامبەر یەك وەستان و هیچ لایەك جەسارەتی تەعروضی نەبوو.

لەم فرصەتەدا حالەت ئەفەندی بە واسیطەی بەعضیکەوە عصیانی سلیمان پاشای دەرحەق بە حکومەتی عوثمانی لە بەغدادا ئیعلان کرد. ئەهالی کەوتە هەیجانەوەو بە تەدبیرو ئیشارەتی عەبدولرەحمان پاشا، عەبدولرەحمان ئاغای موصلیو یکیچیرییەکان لە عەلیهی والی عصیانێکی گەورەیان بەرپا کرد. ئەهالیو یکیچیری هەڵیان کوتایە سەر ( ئیچ قەلا) شەڕە تفەنگ دەسی پێکردو والی بەخۆی و کۆلەمنەکانیوە مدافەعەیەکی بە شیددەتی کردو عصیانی تەفروتونا کرد.

**شەڕی بەغداد:**

حەلەت ئەفەندی، کە لەم حاڵە خەبەردار بوو، ئیتر ڕانەوەستا ئۆردوی فەیضوڵلا کدخدای بەجێهێشت و ڕووی کردە بەغداد، وساعاتێکی مابوو بۆشار، لەگەڵ قوەتی سلیمان پاشادا تووشی یەك بوون و، شەڕ دەسی پێ کرد. قوەتی پیادە و طۆپچی سلیمان پاشا مکەمەل بوو. وەلحال قوەتی حالەت ئەفەندی هەموو غەیر منتەظەم و عەشائیر بوو بە غەیری ئۆردوی عەبدولرەحمان پاشا، شایانی ئیعتماد قوەتێکی نەبوو. لەشکری (درنە) و(باجەلان)، کە لە قوماندای عەبدولفەتاح پاشادا بوو، عادەتەن بەزۆر هینرا بوو، وە ئەوەندە دەماغی بۆ شەڕ نە ئەسووتاند. ئۆردوی بەبە بەڕاستی شەڕێکی مەردانەی کردو، عەبدولرەحمان پاشا سێ جار بە شیرەوە هجوومی کردە سەر طۆپچی بەغدادو، تا سەر طۆپەکان هات، بەڵام تەئثیری طۆپ و تفەنگی کۆلەمن زۆر بەشیددەت بوو، وە نیهایەت قوەی مەعنەوییەی ئۆردوی حالەت ئەفەندی شکاو قوەتی (درنە)و

(باجەلان) عادەتـەن سـەیر کـەربوون هـیچ شـەڕیان نەئـەکرد. عـەزیز بـەگی[٦٥]، ئـامۆزای عەبدولرەحمان پاشا، لەدوای ئەمە کە بەشی زۆری قوەتەکەی مەحوو بووەوە ناعیلاج گەڕایەوە دواوە. لـەم وەقتـەدا ئـیتر تاریـك داهـاتبوو، وە هـەردوو طـەرەف لێـك جـویێ بوونەوەو گەڕانەوە ئۆردوگای خۆیان. نەتیجەی شەڕی ئەمڕۆ، بە طەبیعەت بۆ سلیمان پاشا زۆر مساعد بوو وەبۆ تەواو کردنی غەلبە بەڵکو هجومێکیتر کافی بوو ئەگەر ئۆردوی سلیمان پاشا لە جیی خۆی بمایە، ڕۆژی دوایی بە تەنیا هجومێك غەلەبەی خۆی تەواو ئەکرد. بەڵام ئەم ئۆردوە، لە تاریکی شەودا بەش بەش ڕایان کردە بەغدادو، بەنەوعێ بڵاوەیان کرد کە سبەینێ سلیمان پاشا هەڵسا، لە دەوری خۆی بە غەیری صەدو پەنجا کەسێکی نەدی وە ئەمەش خەواصی بەندەکان بوون و شەڕیان لە دەس نە ئەهات. بەرامبەر بەم وەضعیەتە سلیمان پاشا نەی توانی ڕاوەستێو لەگەڵ پێنج شەش سوارێکدا ئۆردوگای بەجێهێشت و ڕووی کردە بەغداد. لە ڕێگە تووشی ئۆبەیەکی عەرەب بوو وە پرسیاری ڕێگەی لێکردن شێخەکەیان هاتە لای[٦٦]، و بەقسەی خۆش غافڵی کردو لە پڕێکدا هجومی کردە سەری کوشتیو سەری بڕی و بە ئومێدی خەڵات سەرەکەی برد بۆ حالەت ئەفەندی. خەبەری کوژرانی سلیمان پاشا، زوو لە بەغداددا بڵاو بووەوە. دەس بەجێ ئومەڕاو ئاغاوات و ئەشراف بەغداد هاتنە ئۆردوگا وعەرضی ئیطاعەتیان بە عەبدوڵڵا ئاغا کرد.

جەودەت پاشا، ئەڵێ، لە وەقتێکدا کە حالەت ئەفەندی بە مەئیوسی لە بەغدادەوە چووە موصل، عەبدولرەحمان پاشا، پیاوێکی موعتەبەری خۆی بە عەریضەیەکەوە ناردە ئەستەمول و، ڕجای کرد کە ئەیالەتی بەغدادو مولحەقاتی تەوجیه بەخۆی بکرێ بە شەرطی ئەمە کە لە باتی هەزار کیسە وێرگۆی سالانەی بەغداد هەموو سالێك پێنج هەزار کیسە بدا بە ئەستەمول.

---

[٦٥] کوڕی ئەحمەد پاشایە.

[٦٦] جەودەت پاشا، ئەڵێ: سلیمان پاشا لەگەڵ پانزەسوارێکدا ڕووی کردە شەرقی بەغداد و لە دوای چەند سەعاتێك تووشی چەند ڕەشماڵێکی ڕەفاعی بۆ شێخەکەیان چوو بە پیریەوە وە بەفکری نیشاندانی ڕێگە بۆ بەعضی خێڵی شەمر طوقە کەوتە پێشی و بەقسەی خۆش غافڵاندی و لە پڕێکا کوشتی .(جلدی ١٠، لاپەرە ٢١٦)

بابولعالی واقیعەن ئارەزووی ئەکرد کە بەم تەرحە حکومەتی بەغداد لە کۆلەمن نەجات بدا، بەلأم چونکە ئیش وکاری عیراقی حەواڵەی حالت ئەفەندی کردبوو، ئەم عەریضەیەو تەکلیفی عەبدولرەحمان پاشایەشی نارد بۆ ئەو. حالت ئەفەندی، لە جەوابەکەیدا خولأصە ئەڵێ، تەعهودی عەبدولرەحمان پاشا بە گوێرەی سالأنەی بەغدادەوە واقیعەن زۆر باشە و چوار هەزار کیسە زیاترە. بەلأم جێگیر بوونی عەبدولرەحمان پاشا لە بەغداددا ئەبێتە سەبەبی لەناوبردنی بەرەی کۆلەمن و کوشتارێکی زۆرو ئینتقالی حکومەتی بەغداد بە خانەدانی بەبە. هەر چەندە کۆلەمن، بەغدادی کردووە بەماڵ و بۆ خۆی تەبدیل و عەزلی والیەکانی زۆر زەحمەتە لەگەڵ ئەمەشدا ئەمانە بۆ محافەظەی مەوقعی خۆیان ئیلتجا ناکەنە ئەجنەبی. بەعەکسی ئەوان خانەدانی بەبە، بەعضیکی طەرەفداری حکومەتی عوثمانیو بەعضیکیشی مەیالی حکومەتی ئێرانە و لەهەر دوولا دەستیان هەیە. کەوا بوو دانی بەغداد بە عەبدولرەحمان پاشا هیچ جائیز نییە ( جلدی -١).

خولأصە لەسەر ئەم موطاڵەعەیە ئەستامول گوێی نەدا بە ڕجای عەبدولرەحمان پاشا. حالت ئەفەندی لە بەیانی ئەم مطاڵەعەیەدا بێطەرەف نەنووانددوە. واقیعەن ئەوی دەرحەق ئومەڕای بەبەی گوتووە ئینکار ناکرێ.بەلأم بەعضێ ئومەڕای کۆلەمنیش لە سەر ئەو شوێنە ڕۆیشتوون و حالت ئەفەندی خۆشی ئەیزانی کە سلیمان پاشای والی بۆ محافەظەی مەوقیعی ئیلتیجانامەی نووسی بۆ شازادە محەمەد عەلی میرزای حاکمی کرمانشاە. ئیتفاقی والی عەبدوڵڵا پاشاش لەگەڵ ئەم شازادەی ئێرانە لە عەلیهی عەبدولرەحمان پاشاو بە لەشکری ئێران و بەغدادەوە چووە سەر (کۆیسنجق)ی تەکذیبی قسەی حالت ئەفەندی ئەکا.

**فروفێڵی حالت ئەفەندی:**

حالت ئەفەندی، لە دوای ئەمە کەهاتە بەغداد وئەحواڵی وەضعیەتی باش تەحقیق کرد بۆی ساغ بووەوە کە ئیبقای عەبدوڵڵا ئاغا، کە بەقوەتی طەرەفداری عەجەم و عەبدولرەحمان پاشاوە بووە بە قائیممقام، باش نییەو لە هەموو چاکتر سەعید بەگی کوڕی سلیمان پاشای مەرحومە، چونکە حورمەت و عزەتێکی زۆری

لە بەینی ئومەڕاو ئەهالیدا هەبوو. حالت ئەفەندی، بۆ تەطبیقی ئەم فکرەی تەشەبوثی بە ئوصولێکی بێمەعنا کرد، لەژێرەوە لە عەلیهی عەبدولرەحمان پاشاو عەبدوڵلاَ ئاغا ئەهالی بۆ عصیان تەشویق کردو، سەرکردەی ئەم عصیانەش ئاغای یکچیری تازە عەبدالرەحمان ئاغای موصلی بوو.

ئەم حەرەکەتی حالت ئەفەندیە، بۆ تێگەیشتنی ئەحوالی ڕوحیەی ڕیجالی ئەو زەمانەیە حەقیقەت میثالێکی باشە. لەمە وا دەردەکەوێ، کە ذهنیەتی حالت ئەفەندی، لە خصوص فەضیلەتی ئەخلاقیەو صەنعەتی ئیدارەوە بە تەواوی مەعلول و موفلیس بوو. واقیعەن تا دوێنێ عەبدولرەحمان پاشا پشتیوانی بوو، بۆ تەئمینی موەفەقیەتی حالت ئەفەندی، خوێنی چەند هەزار کوردی لە بەردەمی بەغداددا ڕژاندو حەیاتی خۆیو خزمەکانی چەند دەفعە خستە تەهلوکەوە، گوێی نەدایە تەهدیدی شازادە محەمەد عەلی میرزا، ئێرانی کرد بە دوژمن. نیهایەت ئارەزووی حالت ئەفەندی هێنایە جێ. لەجیی حالت ئەفەندی، ئەگەر وحشیەکی ئەفریقیایش بوایە دیسانەوە بەرامبەر بە عەبدولرەحمان پاشا بەم تەرحە ئێرتیکابی خیانەت و سوئی قەصدی نەئەکرد. لەلایەکی تریشەوە، تشویق کردنی ئەهالی بۆ عصیان بەرامبەر بە مەئمورێك کە هێشتا مەرەکەبی فەرمانەکەی ووشك نەبوو بووووەوە، لەگەڵ صیفەتی ئیدارەدا هیچ قابیلی تەوفیق نییەو ئەخلاقی ئەهالی ئەفساد ئەکا. ئەم نەوعە حەرکەتانە لە پیاوێکی گەورەی حکومەت نە ئەبوو صادر بێ، ذاتەن ئەم نەوعە ئەحوالەی حالت ئەفەندی بوو کە لە نەتیجەدا بووە سەبەبی لەبەرچاوکەوتن و ئیعدامی.

خولاًصە حالت ئەفەندی ، پیلانەکەی خۆی تەطبیق کردو ئەهالی لە عەلیهی عەبدوڵلاَ ئاغا عصیانی کردو هجومیان کردە سەر ( ئیچ قەلاً)، بەلاًم عەبدولرەحمان پاشا، لەگەڵ کۆلەمنەکانا زوو گەیشت بە فریاداو ئەهالی شکاندو بلاًوی کردنەوەو، بەم تەرحە خیاڵی حالت ئەفەندی سەری نەگرت. بلعەکس چە ئەهالی و چە عەسکەر لە عەلیهی حالت ئەفەندی کەوتنە غەلیانەوەو طەڵەبی دەرکردنی لە بەغدادیان کردو چەند کەسێکیان ناردە سەری کە ئەم قەرارەی تێ بگەیەنن.

حالت ئەفەندی، شەیطانانە هاتە پێشەوە کە ئەم قەرارەی تەبلیغ کرا. بە درۆو تورەوە گوتی: " ئەهالی بەغداد چەند خراپن. من لەگەڵ چی خەریکم و ئەوان فکری چی ئەکەنەوە. من چەند سەعاتێ لەمەوپێش لە ئەستەمولەوە فەرمانی وزارەت و والیەتی عەبدوڵلا ئاغام بۆ هات بچن پیی بڵێن ئومەڕاو ئەشراف گردکەنەوە ئیستا دێم و فەرمان ئەخوێنمەوە".

حالت ئەفەندی، ئەم فێڵەی بۆ چووە سەر لە شاربەدەرکردن نەجاتی بوو، واقیعەن فەرمانە خاڵیەکەی کە لەلای بوو زوو پڕی کردەوەو چووە سەرا لەوێ خوێندیەوە و طەرەفی موقابلی مەمنوون کردو لە دوای چەند ڕۆژێك عەبدوڵلا پاشای والی تەداروکی ڕێگەی بۆدی و مەمنونانە بۆ ئەستەمول ڕەوانەی کرد.

بابان عەبدولرەحمان پاشا، لە پاش ئەمە کە گەیشتە بەغداد، بە سەبەبی ساردی و بێخدمەتی لە وەقتی شەڕدا متەصەریفی (دەرنە) و(باجەلان) عەبدولفەتاح پاشای عەزل کردو لە جێگەی ئەو خالید پاشای ئامۆزای دانا. وەلحال ئەم عەبدولفەتاح پاشایە لە طەرەف حکومەتی ئێرانەوە حمایە ئەکراو حەتا لاز سلیمان پاشاش لە ژێرەوە لەگەڵ ئێران متەفیق بوو وە لەبەر ئەمە عەبدولفەتاح پاشا نەیەویست شەڕی لەگەڵدا بکاو مەغلوب بێ. بەپێی ئەم حاڵە ئەم ئیجرائاتی عەبدولرەحمان پاشایە مخالفی ئارەزووی حکومەتی ئیران بوو. واقیعەن (بۆداق خان)ی حاکمی (سابلاخ) بە ئیدیعای ئەمە کە (سەردەشت) لە وەقتی خۆیدا لەسەر سابلاخ بووەو بە ناحەقی لەطەرەف حاکمانی بەبەوە زەوت کراوە، بە ئەمری شاە بە بەعضێ قوەتەوە چووە سەر (سەردەشت). کە ئەم خەبەرە گەیشتە بەغداد، عەبدولرەحمان پاشا بەتالوکە گەڕایەوە کوردستان( ١١ صەفەر ١٢٢٦هیجری).

کوڕی عەبدولفەتاح پاشای مەعزول عەبدولعەزیز بەگ، بە خۆی‌و دەستە ودائیرەیەوە لە (زەهاو) ڕای کردو چوو بۆ (کرماشان) و لەوێ دەخالەتی بە شازادە ( محەمەد عەلی میرزا) کرد.

ئەم شازادەیە کاغەذێکی بۆ بەغداد نووسی‌و ڕجای لە والی کرد کە عەبدولفەتاح پاشا بخاتەوە جێی خۆی. بەلاّم عەبدوڵلا پاشا بەیانی مەعذورەتی

**کردو ڕەددی کردەوە. شازادە دیسانەوە نووسیو ئیصراری کرد. ئەم جارە عەبدوڵلا پاشا ئەم ئیشەی حواڵەی عەبدولرەحمان پاشا کرد، بەلام عەبدولرەحمان پاشا ڕاضی نەبوو، ذاتەن هیچ گوێی نەئەدایە ئەمرەکانی تریشی. عەبدوڵلا پاشا لەم ئەحواڵ و تەموردەی عەبدولرەحمان پاشایە عاجز بوو وە لە ڕقی ئەو، ئەو ئیشانەی کە لە پێشا بە ڕەئی ئەو کردبووی یەکە یەکە تێکیدا. ئاغای یکچیری و کتخدای عەزل کرد، چونکە هەر دووکیان دۆستی عەبدولرەحمان پاشا بوون (١٢٢٦هیجری)[٦٧].**

**عەبدولرەحمان پاشاش، مەغرور بە سەفەری دواییو، منەت باری عەبدواڵلا پاشا، نە گویی دایە ئەمری والیو نە ئەهمیەتی بە ڕجاو ئیصراری شازادەداو حەتا بێجگە لەمەش تەعروضی کردە بەعضێ ملحەقاتی (سنە)، لەسەر ئەمە عەزلی عەبدولرەحمان پاشاو تەعینی خالید پاشا بۆ جێگەکەی ئەو، لەبەینی والی عەبدوڵلا پاشاو شازادە محەمەد عەلی میرزادا بە دزیەوە قەرار درا. بۆ تەطبیقی ئەم قەول و قەرارە شازادە محەمەد عەلی میرزا بە ئۆردویەکی (٦٠٠٠٠) هەزار کەسیەوە ڕووی کردە ( زەهاو)[٦٨]**

---

**[٦٧] ابن سند شێخە عوثمان، ئەڵێ سەبەبی تێکچوونی عەبدوڵلا پاشا لەگەڵ عەبدولرەحمان پاشا، چاوبڕینی حاکمی بەبە لە ( هەولێر) بوو وە قوەتێکی بۆ زەوت کردنی ئەم شارە ناردبوو.**

**[٦٨] (کتاب المآثر السلطانیة) لە جوملەی حادثاتی ١٢٢٨ی هیجریدا مەسئلەی خواجە محەمەدی کاشغری بەیان ئەکاو ئەڵێ ئەم ذاتە لە شازادەکانی چین بوو وە لە هندستاندا مودەتێك ، وە لە دواییدا لە ئەوروپا و بیلادی ڕۆمدا بەعضێ سیاحەتی کردبوو. لە میصرەوە هاتە سلیمانی و عەبدولرەحمان پاشای کرد بەمریدی خۆی و تەفرەیدا و بردیە سەر بەغداد ئەم شارەی زەوت کرد لە دواییدا خەڵکی بەغداد لە ئەستامول شکاتیان لە عەبدولرەحمان پاشا کردو بە ئەمری ئەستامول ئەهلی بەغداد عەبدولرەحمان پاشایان کردە دەرەوە، عەبدولرەحمان پاشا لەگەڵ خواجە محەمەددا گەڕایەوە سلیمانی. لەسەر ئەمە شاهی ئێران ئەمری بە شازادە محەمەد عەلی میرزا دا تا عەبدولرەحمان پاشا تەئدیب بکا لەسەر ئەوە شازادە بەلەشکرێکەوە ڕووی کردە وڵاتی بەبە و عەبدولرەحمان پاشا ڕای کرد، و ولاتی بەبە تالان وێران کرا(لاپەرە،١٧٢)**

**ئەم حادپەیە ئەگەر صەحیح بێ، ئەبێ تەئریخەکەی پێشتر بێ، چونکە هاتنی شازادە محەمەد عەلی میرزا بۆ سەر عەبدولرەحمان پاشا لە ١٢٢٦دایە.**

عەبدولرەحمان پاشا، مقداریَ قوەتی بۆ یاریيەی خالید پاشا لەگەڵ سلیمان بەگی کوڕیدا ناردە (زەهاو)و، خۆشی بە ئۆردویەکی گەورەوە ڕووی کردە لەشکر شازادە.

خالید پاشا، بە گوێرەی تەعلیماتی عەبدوڵلاَ پاشای والی، لەنزیك بوونەوەی شازادە بە ( زەهاو)، چوو بە پیریەوەو لەگەڵ قوەتەکەی لەگەلی یەکدگیر بوو. عەبدولرەحمان پاشا، کە ئەمەی بیست، زانی کە ئیتر خۆی ڕاناگریَ، سلیمانی بەجێهێشت و چووە (کۆیە)و لەقەلاَکەیدا خۆی قایم کرد. شازادە محەمەد عەلی میرزا تا کۆیە هات و قەلاَکەی عەبدولرەحمان پاشای محاصەرە کرد. عەبدوڵلاَ پاشای والیش بە خۆیو لەشکریەوە حاضر بوو.

**دەفعەی دووەم – خالید پاشا:**

عەبدوڵلاَ پاشا، بە مووجیهی قەول و قەرار، ولاَتی بابان و کۆی و حەریریدا بە خالید پاشا. بەلاَم لە دواییدا کە باش لێکی دایەوە، تیَگەیشت. کە ئەگەر شازادە غەلەبە بەسەر عەبدوالرحمان پاشادا بکا ئەم ولاَتی سنیيە لەگەڵ ئەهلەکەیدا لە ژێر دەست وپیی لەشکری ئێراندا ئەشێلریَو پرێشان ئەبن و بێجگە لەمەش ڕەنگە (کەرکوك)یش زەوت بکەن و لە دوای لێکدانەوە زانی کە چ غەڵەطیکی گەورەی کردووەو لەسەری لازمە کە بۆ تەصحیحی سەعی بکا. بەم قەناعەتە خەبەری بۆ عەبدولرەحمان پاشا ناردو بۆ مدافعەعە تەشجیعی کردو ئەمری نووسی بۆ ئومەڕاو عەشائیر تا زوو بگەنە فریای عەبدوالرەحمان پاشاو معاوەنەتی بکەن عەبدوالرەحمان پاشا یەکی لەم ئەمرانەی والی دەس کەوت و ناردی بۆ شازادە. محەمەد عەلی میرزا کە زانی بەغداد فکری تێکچووەو ئیتر لە گەلی یەك نییە دەس بەجیَ لەگەڵ عەبدوالرحمان پاشادا صوڵحی کردو لەگەڵ والی بەغدادیشدا بە شەرطی ئەمە کە ولاَتی بەبە بدریَ بە خالید پاشاو کۆیەو حەریریش بە دەس عەبدوالرحمان پاشاوە بیَ صوڵحی ئیمضا کردو گەڕایەوە بۆ (کرماشان).

ئەم حادثەی ئیتفاق و ئیستیلای عەجەمیش، لە نەظەری تاریخیدا، نموونەیەکی عەجائبە بۆ ماکینەی ئیدارەی عوثمانیو ذهنیەت و ئەفکاری

ڕیجالی. والیەك، کە لەلای خۆی مەربوطی بابولعالی بووە، دێو لەگەڵ والیەکی حکومەتێکی غەیرەداو، بەبێ خەبەردان بە حکومەتی خۆی، ئیتفاق لە عەلیهی متصرفێکی خۆی ئەکا. ئۆردوی ئەجنەبی ئەهێنێتە ناو وڵاتەکەی، تەخریبات و قەتل و قیتالی تیا ئەکرێو لە پاشدا عەقلی دێتەوە سەر خۆی وەسعی بۆ دەفعی ئەکا. ئەگەر لەجیی محەمەد عەلی میرزا، قۆماندانێکی فەعال و شەیطانیتر ببوایە چی ئەکردو چۆنی دەکرد؟ وجەوابی حکومەتی خۆی چوون ئەدایەوە؟ وحکومەتی تابعیەی بابان بۆچی ئیشی گەیاندە ئەم دەرجەیە؟ خالید پاشا، بۆچی ئەم خیانەتەی دەرحەق عەبدولرەحمان پاشا کرد؟ ئەم نوقاطانە حەقیقەت میثالێکی عیبرەتە بۆ ئیدارەو ذهنیەتی ئەو دەورە.

عەبدولرەحمان پاشا، لە حوکمی ئەم صوڵحە بە طەبیعەت مەمنوون نەبوو، وە لە دوای سێ مانگ لەگەڵ حکومەتی (کرماشان)دا ڕێك کەوت و بە تەشویقی ئەو قوەتێکی گرد کردەوەو چووە سەر (سلیمانی). خالید پاشا، زانی کە موقابەلەی عەبدولرەحمان پاشای پێ ناکرێت. لە پێش گەیشتنی ئەوا بە دەستەو دائیرەی خۆیەوە سلیمانی بەجێهێشت و چووە (مەندەلی = بەندنیجین)و، لەوێوە ڕجای یارییەی لە عەبدوڵلاْ پاشا کردو، لە سەر ئەمە عەبدوڵلاْ پاشا دەسی کرد بە ئیستحضاراتی سەفەر.

عەبدولرەحمان پاشا، بە فکرێکی سیاسی داخلی سلیمانی نەبوو وە لە (سەرچنار) هەڵیدا. مەغدەرەت و ئیطاعەتی خۆی بۆ عەبدوڵلاْ پاشا نووسی. والی ذاتەن بە سەبەبی نزیکی زستان و سەرماو سۆڵەی وڵاتی بەبە ئەوەندە مەیلی سەفەری نەبوو وە ئەم مراجەعەتەی عەبدوالرحمان پاشای بە فرصەت زانیو صەرفونەظەری لە شەڕ کردو سنجاغی بەبەشی لەگەڵ (کۆیە) و(حەریر) دا بەعەبدوالرەحمان پاشا. خالید پاشاشی هێنایە بەغدادو قەضای ( بەندنیجین)ی بەشکڵی تەخصیصات دایەو ئەم هەرایەی – بەعەقلی خۆی – بڕییەوە.

**دەفعەی پێنجەم – عەبدوالرەحمان پاشا:**

عەبـدوالرەحمان پاشـا، صـەرف بـە قـوەتی ذەکـاو سیاسـەتی خـۆی ئـەم جارەش موەفـەق بـوو. بـەڵام بەرامبـەر بـە والی بەغـداد دائیمـەن بـێ موبـالات بـوو، چونکە لە سایەیی خۆیەوە عەبدوڵڵا پاشا بوو بوو بە والی ئەوەندە ئەهمیـەتی نـە ئەدایە. لەلایەکی تریشەوە خۆی لەگەڵ حکومەتی کرماشان ڕێکخستبوو بە قوەتی پـارەو دیـاری شـازادە محەمــەد عـەلی مـیرزاو پیـاوە ماقوڵـەکانی کردبـوو بـە طەرەفداری، وە بەمە پشت ئەستوور بوو. حەتا ( هەولێر)یشی داگیر کـردو تـەنگی بە (کەرکوك) یش هەڵچنی.

عەبـدوڵڵا پاشـا، بەرامبـەر بـە وەضـعیەتـی عەبـدوالرەحمان پاشـا، زۆر سەغڵەت بوو، وە نیهایەت خۆی ڕانەگرت لە ساڵی ١٢٢٨ی هیجریـدا عـەزلی کـردو خالید پاشای کرد بەحاکمی بەبە. (کۆیە) و(حەریر)یشی دا بەسلیمان پاشـاو، بۆ جێگیرکردنی ئەم دوو پاشایەو شکاندنی عەبدوالرەحمان پاشا، لـەمانگی جەمادی ئەلئەوەلدا بە ئۆردویەکەوە ڕووی کردە کوردستان.

**شەڕی کفری:**

عەبـدوالرەحمان پاشـاش ئـۆردوی کـۆکردەوەو بـە جورئـەت و جەسـارەت ڕووی کـردە بەغـداد( ١٢٢٨هـ – ١٨١٢مـیلادی)[٦٩]. دوو ئـۆردوو لـە نزیـك (کفـری) تووشـی یـەك بـوون و تێك ئـاڵان. صـەوڵەت و جورئـەتی ئـۆردووی بەبـە حەقیقـەت مـدهیش بـوو. عەبـدوالرەحمان پاشـا بـە ڕەغمـی شـددەتی گوللـەبارانی طۆپـچی و تفەنگچی (کۆلەمن)، تەنگی بە ئۆردووی بەغداد هەڵچنیو قوەتی عەشایری بەغداد شـکاو بـڵاوەی کـردو قـۆڵی سـوارەی کـورد، بـە هجـومێکی سـەر بازانـە پیـادەی کۆلـەمنیان شـێلاو صـەفی حـەربیان دڕین و تـا پـشتی ئـۆردووی بەغداد هـاتن. ئـەم صـەوڵەتە مدهیـشە بـە شـێکی زۆری کۆڵـەمنی شـپرزە کـردو ڕووی پێـوەرگێران، بەڵام لەم وەقتەدا دەفتەردار داود ئەفەندی( مەشهوور بە داود پاشا) بـە جورئـەت و جەسارەتی بووە میثال بۆ کۆلەمن و، لەگەڵ قۆڵێکا سەنگەریان گـرت و بەشـیددەت

---

[٦٩] مستەر ریچ ئەڵێ، شەڕی کفری لە ١٢٢٦ی هیجریدا بووە ( جلدی ٢، لاپەرە ٣٨٥). ابن السند ئەڵێ لە ١٢٢٧دا بووە.

ئۆردوی بەبەیان گوللەباران کرد. عەبدوالرەحمان پاشا ضایعاتی زۆر بوو وە ئەم گوللەبارانی دوایش بە تەواوی شیرازەی بەشی زۆری ئومەڕاو ضابطانی کوژرا بوو، خالید بەگی براشی لەبەینی کوژراوانا بوو، لە دوای ئەمە عەبدوالرەحمان پاشا ئیتر خۆی ڕانەگرت و لەگەڵ بیست سوارێکی خاصەیدا، لەم وەقتە نازەکەدا ئۆردووە بەدبەختەکەی خۆی بەجێهێشت و لە وەقتێکدا کە بە ئیلغار ڕووی کردبووە ئێران و ئەڕۆیشت[٧٠] ئەگەر سەری وەربگێرایەوە و تەماشایەکی مەیدانی محارەبەی بکردایە دەیبینی کە عەسکەری مەملوك و یکیچیری ، لە کەللەی مەظلومینی کورد بۆ والیەیە غەدارەکەی بەغداد منارەیەکی وەحشەت و ئابدەیەکی فەجیع و پڕ مەعنا دروست ئەکەن !

بەڕاستی ئەم حەرەکەتی عەبدوالرەحمان پاشایە ئەوەندەی کە خیلافی دەستووری ئەمیری بوو، زیاتر لەوەش عەکسی فەنی حەرب و ئەوصافی قۆماندانی بوو. نەدەبوو لە وەقتێکی واتەنگانەدا ئۆردوەکەی بەجێ بهێڵێ و ئەو بەسەزمانانەی کە صەرف بۆ مدافەعەی شەرف و مەقامی ئەو گرد بووبوونەوەو تا وڵاتێکی غەریب بۆ کوشتن و خۆبەکوشت دان هاتبوون بەم تەرحە بەرامبەر بەدوشمن بەجێیان بهێڵێ، بە گوێرەی ئوصولی حەرب ممکین بوو کە بەقایای ئۆردوەکەی لە دوواوە کۆ کاتەوەو لەدواییدا ڕێی کرماشان بگرێتە پێش. بەڵام ظاهیر وایە کە قۆماندانی ئەو دەورە هەر ملاحەظەی نەفسی خۆیان کردووە.

محەمەد عەلی میرزا، کە لە پێشدا خالید پاشای حمایە کرد بوو، ئەم دەفعەیە بوو بەطەرەفداری عەبدولرەحمان پاشا،و لەمەش بە ئاشکرا

---

[٧٠] حسێن ناظم بەگ، ئەڵێ، (لاپەرە ٣٠٥:٣٠٩) ئەم شەڕە بێ ئەمثالە چەند ڕۆژێك دەوامی کرد و لە نەتیجەدا لەشکری عەبدولرەحمان پاشا لەشکری والیی شکاند. بەڵام ڤەفەر بە طۆپچی نەبرا و لە ئاخر ڕۆژدا قوەتی طۆپچی کە لە حمایەی خالید پاشا و سلیمان پاشای بەبەدا بوو ضایعاتێکی زۆری بە لەشکری بەبەدا. خالید بەگی برای عەبدلرەحمان پاشا،، رەئیسی ( بەیات) ئیسماعیل بەگ و دوو کوڕی ، ( وەلەد بەگ) ی جاف و زۆر ئومەرای تر کوژران و لە دوای ئەمە عەبدولرەحمان پاشا، تەنیا خۆی و بیست سوارێکی خزمی مایەوەو بە نا عیلاجی ڕووی کردە ئێران. ئەگەر ئەم ڕوایەتە ڕاست بێ ئەبێ لەشکری بەبە هەموو لە ناو چووبێ و وەلحال لە عەقل بەدەرە.

وادەرئەکەوت، کە سیاسەتی ئێران مەحضەن مداخەلەی ئیش وکاری ولآتی بەبە بوو. تەبدیلی ئەشخاص بۆ ئەوان ئەهمیەتی نەبوو. بەم مەقصەدە کاغەذێکی بۆ عەبدوڵلآ پاشا نووسیو طەڵەبی عەفووی عەبدوالرەحمان پاشای کرد. عەبدوڵلآ پاشا گوێی نەدایە ئەم ڕجایەو خالید پاشای کرد بەحاکمی بەبەو کۆیەو حەریریش دا بە سلیمان پاشاو گەڕایەوە بەغداد. بەلآم لە پێش گەیشتنیدا بیستی، کەسەعید بەگی کوڕی سلیمان پاشا ڕای کردۆتە لای عەشیرەتی ( مونتەفك).

**دەفعەی سێیەم – خالید پاشا:**

لەم صریەدا شای ئێران( فتحعلی شاه)، لە صوڵح کردنی حکومەتی عوثمانی لەگەڵ روسیە عاجز بوو، لە دوای بیانو ئەگەڕا. وە لە وەقتێکدا کە خالید پاشا خەریکی ڕێکخستنی ئیش وکاری ولآتەکەی و تەداوی برینی ئەهالییە مەظلومەکە بوو، عەبدولرەحمان پاشا خەریکی ئەوە بوو کە ئۆردوویەکی عەجەم جەلب بکاتە سەر ولآتەکەو صەرف موقابیل بەسەنەدو نەوەی کورسی حاکمیەتی خۆی دیسانەوە لیوای سلیمانی تووشی وێرانی وتالآن بکا ! حکومەتی ئێران ذاتەن لە دوای ئەم نەوعە بیانوانە ئەگەڕا لای ئەو شەخصی عەبدوالرەحمان پاشا وە یا خالید پاشا ئەوەندە ئەهمیەتی نەبوو، تەنیا خوایشتی ئەو دەوامی نفوذی لە شارەزوودا بوو. بۆ ئەم غایەیەش ئومەرای بەبە دائیمەن ئالەت بوون. خولآصە لەم بەینەدا هەرەشە و گوڕەشەی شازادە محەمەد عەلی میرزا بەغدادی پڕکرد لە مولتەجی و، ئەوەندەی پێنەچوو شازادە بە ٧٠٠٠٠ کەسێکەوە لەسەر حەدی عوثمانی تێپەڕی. عەبدوڵلآ پاشا بۆ بەرامبەر وێستان حاضر بوو، بەلآم هەرای منتەفك و هەڕەشەی سەعید بەگ ترساندیو نەی توانی بەغداد بەجێبهێڵێ. ناعیلاج ما، خالید پاشای عەزل کردو بەعضێ پارەو دیاریشی بۆ شازادە ناردو سلیمانیو کۆیەو حەریریشی دایەوە بە عەبدولرەحمان پشا (١٢٢٨هـ).

**دەفعەی شەشەم – عەبدولرەحمان پاشا و وەفاتی:**

عەبدوالرەحمان پاشا، ئەم جارە نزیکەی ساڵێك بێ شەڕو هەرا حاکمیەتی بەبەی کرد[٧١] و لەپاشدا وەفاتی کرد. ئەم ئەمیرە، بێ شوبهە لە هەرە گەورەی ئومەڕای بەبە بوو، زۆر بە جەرگ و نەبەز و ووریاو تێگەیشتوو و لێکەوەدەر بوو. خاصیەتی حوکمداری بە تەواوی هەبوو، بەلاّم خیانەت و دوو ڕوویی خزمەکانی، حیلەو ئیفساداتی والیانی بەغدادو ئومەڕای ئێران، ناموساعیدی وەضعیەتی جوغرافیەیی مەملەکەتەکەو ئەحواڵی ئەو دەورە نەی هێشت بە مەقصەدی خۆی بگا. زۆر دیندارو حورمەتکارو شەریعەت و موحبی عولەما بوو، شعورێکی قەومی بەرزی بوو. بە بەعضێ فاصیلە نزیك بیست و چوار ساڵ ئیمارەتی بەبەی بە دەسەوە بوو. لەم مودەتەدا لە گەلێ حادثاتی گەورەو بچووکدا خۆی نواند. لە دەوری ئیقبالیدا زۆر بۆ والیەتی بەغداد هەوڵیدا وحەتتا بەم فکرە داخلی بەعضێ شەڕو هەراش بوو. حکومەتی سلیمانی – بە گوێرەی ذەکاو قودرەتی ئیدارەی خۆی – زۆر بچووك ئەهاتە بەرچاو. واقیعەن ئەگەر حادثات و طاڵع یاریدەی بدایە موحەقیق حکومەتێکی گەورەی پێکەوە ئەنا. خولاّصە لەلایەکەوە کەم طاڵع و لەلایەکی تریشەوە زۆری ڕەقیبانی خانەدانی خۆی، نەی ئەهێشت بە مەرامی خۆی بگا، وە بێجگە لەمەش ولاّتی بەبە لە زەمانی ئەم ئەمیرەدا ڕەفاه و ڕاحەتی نەدی، بە سەبەبی هاتنی چەند جارەی لەشکری عەجەم و شەڕ لەگەڵ لەشکری بەغداد تووشی ضەرەڕ وماڵ وێرانیەکی زۆر بوو.[٧٢]

---

[٧١] سەید حسێن موکریانی، ئەڵێ لە ژی ئەلحجەی ساڵی ١٢٢٨دا مەولانا خالید هاتەوە سلیمانی ودوو ساڵێك بوو لە بەغداددا مەشغولی ئیرشاد بوو.

[٧٢] حسێن ناظم بەگ، لە دەفتەرەکەی خۆیدا، دەرحەق بە فەضائیلی عەبدولرەحمان پاشا زۆری نووسیوە. باخصوص باسی مەلا محەمەد ئەمین ئەکا و ئەڵێ بە سەبەبی داواکاری دوو قەرضدارەوە چۆتە سەر عەبدولرەحمان پاشاو زۆری پیاهەلشاخاوە، بەلاّم پاشا هیچ عاجز نەبووەو قەرضیقەرضدارەکانی داوەتەوەو نەجاتی داون.
باسی کچێکی (دەربەند فەقەرە)ییش ئەکا کە عەبدولرەحمان پاشا حەزی لێ کردوەو مارەیی بریوەو گواستویەتەوە. ( محەمەد ئاغا) ناو عاشقێکی ئەو کچە چەند قەصیدەیەکی پڕ لە هاوارو شیوەنی بۆ پاشا ناردووەو لەسەر ئەوە عەبدولرەحمان پاشا بە زەیی پیاهاتۆتەوەو کچەکەی بە هەموو جل وتەداروکاتەوە پێشکەشی ئەو عاشقە دڵسۆزە کردووە.
ئەوەل و ئاخری ئەم مەنظومەیە ئەم دوو شیعرەیە:

مستەر ریچ، لە کتێبەکەی خۆیدا دەرحەق بە فکرو ئەمەلی عەبدوالرەحمان پاشا ئەڵێ، ئەم ئەمیرە ئەیویست کە مەملەکەتەکەی تابعی بابی عالی بکاو، مەربوطی پاشایەکی دراوسێەی نەبێ، بەوە ڕاضی بوو کەوێرگۆیەکی مەقطوعی ساڵانە حەتا پێشەکی بداو بە شەرطی ئەوە کە بەغەیری سولطان تابعی ئەمری کەسێکی تر نەبێ. وە مەعروضی عەزل ونەصبی قوەتێکی تر نەبێو کەسێکی تر مداخەلەی ئیش وکاری وڵاتەکەی نەکا. بەڵام ئەم فکرەی بۆ نەچووە سەر . حەتا لە وەقتی عوصیانی کوچوك سلیمان پاشا( والی بەغداد) بەرامبەر بە حکومەتی عوثمانی، مەشهوور رئیس حالت ئەفەندی بۆ عەزلی نێررا بوو وە حالت ئەفەندی تەکلیفی والیەتی بەغدادی لە عەبدوالرەحمان پاشا کرد، بەڵام عەبدوالرەحمان پاشا بە فکرەیەکی دەوراندیشی قبوولی نەکردو گوتی: " واقیعەن ڕاستە کە ئەبم بە وەزیرێکی عالیشان، بەڵام مەنظەرەیەکی شاخە پڕ بەفرەکانی وڵاتەکەم ، لای من لە حوکمداریش عەزیزترە. لەگەڵ ئەمەشدا هاتنە بەغداد موحتەمەلە کە ببێتە موحبی شان و شەرەف بۆ خۆم، بەڵام لە عەینی وەقتدا دەبێتە سەبەبی لەناوچوونی خانەدانی بەبە".[٧٣]

---

میرزام تەواری، میرزام تەواری　　　شیروانی بازی ترلان تەواری
شەرگە بێ دوعا نەکیشوم نەفس　　　تا سەببکار یارم بوو بە قەقنەس

بەعضیَك بە خیلافی حسین ناظم بەگ، ئەڵێن ئەم ماجەرای محەمەد ئاغای دەربەند فەقەرەیە لە دەوری ئەحمەد پاشای ئاخر ئەمیری بەبە دابووە.

(٧٣) مستەر ریچ ئەڵێ، (لاپەرە، ١٦٤)عەبدولرەحمان پاشا ئەیویست مەرکەزی حکومەتی بباتە سەر شاخی سەرسیر، چونکە زۆر سەخت و بڵند بوو. بەغەیری ڕێگەیەکی پیادە بۆ سەرکەوتن ڕێگەیەکی تری نەبوو. بەڵام کەمیی ئەو مانعی تەطبیقی ئەم فکرە بوو. ئەم شاخە کەوتۆتە شیمالی (چوارتا).

جەودەت پاشا، لە جلدی دەهەمی تەئریخەکەیدا ئەڵێ، عەبدولرەحمان پاشا ساڵی دە هەزار تومانی ئەدا بە حکومەتی ئێران، ئەم حکومەتە لە ١٢٢٨دا وازی لەم ڕەسمە هێناوە و گەڵەبی کردووە لە ئومەڕای بەبە کە بەموافەقەتی خۆیان تەعیین بکرێ.( لاپەرە، ١٠٧)

## د – له ئیمارەتی مەحمود پاشاوە تا دوایی ئیمارەتەكە

### دەفعەی ئەوەل – مەحمود پاشا :

لە دوای وەفاتی عەبدولرەحمان پاشا، ئومەڕاو سادات و پیاوە ماقولاّن، مەحمود پاشا بەگی كوڕیان لە جێگەی داناو بۆ تەصدیقی مەئموریەتیشی بۆ بەغدادیان نووسی. لەو بەینەدا عەبدوڵلاّ پاشا لە شەڕی مونتەفیكدا لە ناوچوو بوو وە سەعید بەگی كوڕی سلیمان پاشای گەورە بوو بە والی بەغداد. ئەم ذاتە حاكمیەتی مەحمود پاشای تەصدیق كرد[٧٤] و ڕوتبەی میری میرانیشی بە گوێرەی عادەت بۆ نارد.

ولاّتی كۆیەو حەریریشی دابە مەحمود پاشا، بەلاّم لە دوای سالێك كۆیە لە مەحمود پاشا سێنرایەوەو درا بە سلیمان پاشای كوڕی ئیبراهیم پاشا[٧٥] و خالید پاشاش بەینێك حاكمی هەولێر بوو. زۆری پێنەچوو خالید پاشا نێرایە كۆیەو سلیمان پاشا ڕای كردە ئێران.

سەعید پاشای والیی بەغداد، بە تەئثیری (حادی) ناو هەتیوێكی خۆی لە پڕێكاو بەبێ سەبەب مەحمود پاشای عەزل كردو عەبدوڵلاّ پاشای مامی كرد بە حاكمی بەبەو بۆ جێگیركردنی، قۆماندانی سواری بەغداد (عەبدولفەتاح ئاغا) ی مەئموور كردو لەگەڵ عەبدوڵلاّ پاشادا ناردی بۆ سلیمانی.

حكومەتی ئێران لەم عەزل و نەصبە خەبەردار بوو، دە هەزار كەسێكی بە ئیمدادی مەحمود پاشاوە نارد. مەحمود پاشا لەگەڵ قوەتی عەجەم یەكدگیر بوو چوو بە پیر عەبدوڵلاّ پاشاوەو شكاندی. عەبدوڵلاّ پاشا گەڕایەوە كەركوك و لەشكری عەجەمیش گەڕایەوە ئێران.

---

(٧٤) مستەر ریچ لە كتێبەكەی خۆیدا ( لاپەرە ٣٢٥ و ٣٢٦) و لەگەڵیّ جێگادا مەدحی مەحمود پاشای كردووەو ئەڵیّ ( قەت تەصەورم نە ئەكرد كە لە شەرقدا پیاوی وا ببیّ).

(٧٥) تەئریخی جەودەت، خیلافی (چوار عەصری دوایی عیراق) هیچ باسی سلیمان پاشا ناكا. بەلاّم حسین ناظم بەگ ئەڵیّ، لە دوای سالێك كۆیە درا بە سلیمان پاشا و لە دوای ئەویش درابە مەحمود بەگی خالید پاشا.

لەو بەینەدا ئیش وکاری حکومەتی بەغداد، بەسەبەبی نە شارەزایی و غروری سەعید پاشاو گیرۆدە بوونی بە دەس هەتیویکی وەکو (حادی) یەوە زۆر پەشوکا بوو، هەموو دۆست و طەرەفدارو والی لیٚ تەکی بوونەوە، بەعضیٚ ئاغاوات و ئومەرای بەغداد رایان کردبووە کرماشان. دەفتەردار داود ئەفەندیش لەبیٚ موبالاتی والی سەغلەت بوو بوو وە رووی لە والی وەرگیراو، لە پریکا بە خۆی‌و دەستەو دایەرەیەوە بەغدادی بەجیٚهیشت و رووی کردە کوردستان. مەحمود پاشا کە ئەم خەبەرەی بیست کاغەذیکی بۆ نووسی‌و بانگی کردە سلیمانی. داود ئەفەندی، ئەم دەعوەتەی پیٚخۆش بوو وە رووی کردە سلیمانی‌و لەویٚ ئیستقبالیکی باشی کرا. لە دوای ئەو نامەمنوونەکانی تریش روویان کردە سلیمانی‌و لەویٚ کۆبوونەوە. سلیمان پاشای بەبەو موتەسەلیمی پیشووی کەرکوك وبەصرە رۆستەم ئاغاو خەلیل ئاغای یەکیچیری سەید علیوی ئاغاش لەناو ئەمانەدا بوون. ئەم طاقمە سلیمانیان کرد بە مەرکەزو لە حەق حکومەتی بەغداد دەسیان کرد بە پروپاغەندا. و لەعەینی وەقتدا بۆ تەعیین کردنی داود ئەفەندی بە والیەتی بەغداد عەرضی مەحضەریان دروست کردو ناردیان بۆ ئەستەمول. بیجگە لەمە لەگەلٚ ئومەراو ئەشراف کەرکوکیشدا موخابەرە کراو ئەوانیش داخلی پارتیی داود ئەفەندی بوون و عەرضی مەحضەریان نارد.

داود ئەفەندی، چل رۆژیك لە سلیمانی دانیشت و لە دواییدا لەگەلٚ مەحمود پاشا و بەگزادە کانی تری بابان و طەرەفدارانی خۆی چوو بۆ کەرکوك و لەریگە تا پیش کەوت طەرەفداری زۆرتر بوو. لە نزیك کەرکوك، ئۆردوگای هەلٚ دا. لەم وەقتەدا بابان عەبدولٚلاٚ پاشا هیشتا لە کەرکوك بوو. داود ئەفەندی ویستی ئیقناع و جەلبی بکاتە لای خۆی. عەبدولٚلاٚ پاشا گویی نەدایەو رۆیشتەوە بەغداد. خالید پاشای حاکمی کۆیەو حەریریشی دەعوەت کرد، بەلاٚم ئەویش وەکو عەبدولٚلاٚ پاشا راضی نەبوو وە لەسەر ئەمە داود ئەفەندی – لەپیش ئەمەدا کە بیتە والی و صەلاٚحیەتی رەسمیەی ببیٚ – عەزلی کردو ئەو دوو سنجاغەشی‌دا بە مەحمود پاشاو بۆ زەوت کردنی، عوثمان بەگی کوری مەحمود پاشای بە قوەتیکەوە نارد.

بەرامبەر بە نەشارەزایی و ئیدارەی خراپی، ئەستەمول سەعید پاشای عەزل و تەحویل کرد بوو بۆ حەلەب. لە جێگەی ئەویش ئەولا ئەحمەد بەگی شیر برای داود ئەفەندی[٧٦] کرد بە قائمقامی والی، و فەرمانی بۆ ناردو لە دوای ئەو بە چەند ڕۆژێکیش ڕوتبەی بەگلەربەگێتی و والیەتی بەغدادو بەصرەو شارەزووری تەوجیهی داود ئەفەندی کردو فەرمانی بۆ نارد.

فەرمانی عەزلی سەعید پاشاو قائممقامێتی ئەحمەد بەگ زوو گەیشت. ئەحمەد بەگ لەترسانا، ئیعلانی نەکردو لە دوای حەرەکەتی عوثمان بەگ بۆ کۆیە، فرصەتێکی دۆزیەوەو بەعضیٚ طەرەفداری بۆ خۆی پەیاکردو چووە کەرکوك. لەویٚ لەگەڵ ئومەراو ئەشرافی ئەمەی مشاوەرە کردو فەرمانەکەی نیشان دان و معاونەتی ئەوانیشی تەئمین کرد. لە والیەتی داود پاشا بێخەبەر بوو وە بەعاصی ئەزانی. بەم فکرە قوەتێکی پێکەوە ناو لە پڕێکا هجومی کردە سەر ئۆردوگای داود ئەفەندی، بەڵام شکاو ڕای کرد.

عوثمان بەگی بابان، چووە سەر کۆیەو چونکە خالید پاشا بەجیٚی هێشتبوو بەبیٚ شەڕو هەرا هەر دوو سنجاغەکەی ئیشغال کردو، لە دوای چەند ڕۆژێك گەڕایەوە لای داود ئەفەندی. والی مستەقبەلی بەغداد، هەر لەو ساوە کەوتبووە ئیجرائاتەوە بۆ وەظائفی دیوانی، پاشەیەکی لە طەرەفدارانی خۆی تەعیین کردو مەعاشی ئاغاکانی مەعیەتی خۆی زیاد کرد، ومودەتێك ئینتظاری ئەمری والیەتی کرد، نیهایەت فەرمانی والیەتی لە دیی (طوقماقلو) و لە کانونی ثانی ١٨١٦ی میلادیدا وەرگرت و لە دوای دوو حەفتە بە سەر (طوزخورماتوو) و(کفری)دا ڕووی کردە بەغداد و سنجاغی (درنە) و(باجەلان) ی دا بە سلیمان پاشا.

سەعید پاشا، ئەوەلەن ویستی کە شەڕ لەگەڵ داود پاشادا بکا. خەبەری نارد بۆ شێخی مونتەفیك( حمود الثامر) و طەڵەبی معاونەتی لیٚکرد واقیعەن ئەم شێخە بە ١٥٠٠ سوارێکەوە هات بۆ بەغداد، عەبدوڵڵا پاشای بابانیش ٥٠٠ سوارێکی هەبوو، لە بەغدادیشدا دوو سیٚ هەزار عەسکەرێك مەوجوود بوو سەعید

---

[٧٦] بو گوێرەی تەئریخی جەودەت، ئەم ئەحمەد بەگە شیر برای سەعید پاشای والی بووە.

پاشا، بۆ تەشویق و تەشجیعی طەرەفدارانی خۆی گەلێ ڕوتبەو مەنصەبیدا وە بەم تەرحە ویستی مەوقیعی خۆی قایم کا.

عەبدوڵلاّ پاشاو خالید پاشا بۆ عەسکەر کۆکردنەوە نارد بووە کوردستان. عەبدوڵلاّ پاشا چووە سەر سلیمانی وسێ چوار ڕۆژێك دەوریدا، بەلاّم هیچی پێنەکرا و گەڕایەوە کەرکوك لەوێ دەسی کرد بە قووەت کۆکردنەوە خالید پاشاش بۆ ئەم مەقصەدە لە کۆیە خەریك بوو.

سەعید پاشا، لە لەوەندو یکیچری بەغدادو لە قوەتی معاونەی عەشیرەتی عەقیل ئۆردویەکی پێکەوە ناو دەیویست بەرامبەر بە داود پاشا مدافعە بکا. بەلاّم قسمی عەسکەر وردە وردە لە بەغداوە دەچوون بۆ لای داود پاشا.

نیهایەت داود پاشا، لە ڕەبیعو ئەلئاخیری ساڵی ١٢٣٢ی هیجریدا گەیشتە بەغدادو بە ئاسانی داخلی شار بوو وە لەسەرادا فەرمانی والیەتی خۆینرایەوە. سەعید پاشاو تەوابعیشی خۆیان هاوێشتبووە (ئیچ قەلاّ)وە، بەلاّم فائیدەی نەبوو لە دوای یەك دوو ڕۆژ گیران و ئیعدام کران. خالیدو عەبوڵلاّ پاشاش لە دواییدا بە مەجبوری هاتنە بەغداد و ئیطاعەتیان کردو یەکی چوار هەزار غروش تەخصیصاتیان بۆ بڕایەوە. ئەحمەد بەگی قائممقامیش لە کەرکوك دەرکرا و ئەویش هاتە بەغداد و ئیطاعەتی کرد.

مەحمود پاشا، بە وەعدی ئەمە کە ئیتر لەگەڵ ئێرانا قەطعی عیلاقە بکا، سنجاغی (کۆیە) و (حەریر)یشی لە داود پاشا سەند بوو. مودەتێك حەقیقەت لەسەر وەعدی خۆی ڕاوەستا، بەلاّم کە حاکمی کرماشان، محەمەد عەلی میرزا ئەمەی بیستەوە خەبەری بۆ ناردو تەهدیدی کرد، چونکە حکومەتی ئێران نەی ئەویست بیانوی مداخەلاتی لە دەس بچێ، لەلایەکی تریشەوە حاکمانی کرماشان و پیاوە ماقوڵیان هەموو ساڵێك لە ژێر ئیسمی دیاری وخذمەتا ئیستفادەیەکی زۆریان لە حاکمانی بەبە ئەکردو عەلاوەی ئەمەش ڕەسمێکی ١٦٠٠ تمەنیشیان بە ناوی حەقی لەوەڕی مالیاتی عەشائیری جاف وغەیرە (حەقی مەرعا) لێ ئەسەندن. جا لەبەر ئەمە ئەیانویست کە دائیمەن لە شارەزووردا دەسێکیان ببێ و حاکمانی

بەبە گوێ لە قسەیان بگرن. مەحمود پاشا لە سەر هەڕەشەی شازادە کەوتە غائیلەوەو چونکە لە وەضعیەتی خۆی بە نەظەر بەغدادەوە ئەمین نەبوو بە مەصڵەحەتی نەزانی کە دڵی شازادە لە خۆی بشکێنێو بەم فکرە لە گەڵیا رێك کەوت و حەتا بۆ بارمتە، ویستی کە حەسەن بەگی برای کە حاکمی (قەرەداخ) بوو، بنێرێتە کرماشان.

داود پاشا، کە ئەمەی بیست میهرەدارەکەی خۆی عنایەتوڵڵا ئاغای بۆ نەصیحەت ناردە لای مەحمود پاشا، بەلاّم فائیدەی نەبوو، وە مەحمود پاشا تەبدیلی فکرو مەسلەکی نەکرد. ئەم عنایەتوڵڵا ئاغایە لە گەڕانەوەدا لای (قەرەداخ) و هەر چۆنێ بوو حەسەن بەگی تەفرەداو کردی بە طەڕەفداری داود پاشا. والی بەغداد کە فکری مەحمود پاشا گەیشت ویستی سنجاغی (کۆیە) و (حەریر)ی لێ بسێنێتەوەو بۆ زەوت کردنیشی میهرەدارەکەی لەگەڵ قوەتێکا نارد بۆ (کۆیە) ١٢٢٤(هیجری).

حەسەن بەگی برای مەحمود پاشا، بە ناوی بارمتەوە چوو بۆ کرماشان، بەلاّم حەرەکەتی دوایی میهرەداری خەبەر زانی گەڕایەوە (قەرەداخ) و لەوێ ئەتباعی خۆی کۆکردەوەو چووە بەغداد.

عوثمان بەگی برای مەحمود پاشا، کە حاکمی کۆیە بوو لەم صرەیەدا لە سلیمانی بوو لەبەر ئەوە عنایەتوڵڵا ئاغا بەبێ زەحمەت و شەڕ کۆیەی گرت و لەدوای ئەمە داود پاشا حەسەن بەگی بە ڕوتبەی میری میران کرد بە حاکمی کۆیەو حەریر.[٧٧]

---

[٧٧] مستەر ریچ لە کتیبەکەی خۆیدا ( لاپەرە ١٣١-١٣٢) دەرحەق بە معامەلەی حەسەن بەگ بەرامبەر کاکی ئەڵێ: داود پاشا بە قەصدی ئەمە کە ڕەقیبێکی بە قوەت بۆ مەحمود پاشا پەیا بکا، بەدزیەوە لەگەڵ حەسەن بەگی برایا کەوتە موخابەرەوەو تەفرەی داو لە پڕێکا حەسەن بەگ ڕایکرەدە بەغدادەوە بە صورەتێکی فەوق ئەلعادە ئیستقبال کراو لە دوای چەند ڕۆژێك کرا بە پاشای کویسنجق، بەلاّم لە دوای چەند هەفتەیەك دیسانەوە بانگکرایەوە بەغداد، چونکە لەشکری ئێران بە ئیمدادی مەحمود پاشاوە هاتبوو و گنجایشی حەسەن بەگ نەمابوو. لە دوای بەینێك مەحمود پاشا ئەمینی کردەوەو حەسەن بەگ چووە سلیمانی ، بەم مناسەبەتەوە مستەر ریچ ئەڵێ: سالێك لەمەو پێش داود پاشا دیسان لەسەر بەعضێ شت لەگەڵ مەحمود پاشا بەینی چاگ نەبوو دیسان بەدزیەوە یەکێ لەئومەڕای بەبەی تەفرەدا بوو و

**عوصیانی مەحموود پاشا:**

مـەحمود پاشـا، بەرامبـەر بـەو وەضـعیەتـە بـە ئاشـکرا داوای کۆمـەکی لـە محەمەد عەلی میرزا کرد، ئەوەنـدەی پـێ نەچوو قوەتێکی دە هـەزار کەسـیی ئێـران لـە قۆمانـدای مـەکی خـانی شـەرەفبیانیدا بـۆ کۆمـەکی مـەحمود پاشـا ڕووی کـردە شـارەزوور، و ئۆردویـەکی تـری عەجـەمیش تـەجاوزی حـدودی کـردو ڕووی کـردە ئەطراڤ مەندنیجین ، بەدرەو جەسان.

داود پاشـا، بەرامبـەر بـەم قـوەتی دوایی‌یـە، کهیاکـەی لەگـەڵ ئۆردویەکـدا ناردو ویستی کە محەمەد ئاغای کدخداش بە قوەتێکی تـرەوە بنێـرێ بـۆ مـەحمود پاشا، بەڵام لەم وەقتەدا صادق بەگی برای سەعید پاشا لە بەغداد ڕای کرد بـوو وە لەگـەڵ بـەعـضـێ قـوەتی عەشـائیردا ڕێگـەی بەصـرەو بەغـدادیان بـڕی بـوو وە لەبـەر ئەمە کدخداکـەی ناردبووە سـەر ئەمانـە. وە لـە دواییدا قوەتێکی تریشـی حـاضـر کـرد لـە قۆمانـدای عەبـدوڵلا پاشـای بەبـەدا نـاردی بـۆ سـلیمانی، مەحمـەد پاشـای خالیـد پاشـاش لەگـەڵ ئـەم قوەتـە بـوو. عەبـدوڵلاّ پاشـا گـەیشتە کـەرکوك و لـەوێ لەگەڵ عنایەتوڵلاّ ئاغادا یەکدگیر بوو(١٢٢٣هـ).

محمودپاشا، بە قوەتی خۆی و ئیمدادی ئێرانەوە کە نزیکـی چـواردە هـەزار کەسـێك ئـەبوو، ئـەی ویـست بـچێتە (کۆیـە) و زەوتـی بکـا، بـەڵام نـەی وێـرا، کـە ئۆردوی کەرکوك ئیهمال بکا، و لە دوای خۆیەوە بەجیی بهێڵێ، بەم ملاحەظەیە بە ئۆردوەکەیـەوە ڕووی کـردە کـەرکوك، و بەرامبـەر عەبـدوڵلا پاشـا ئۆردوگـای هەڵـدا. چەند ڕۆژێك بەم تەرحە بەرامبەری یەك ڕاوەستان و بـەعـضـێ حـەرکاتی بچووکیان کرد. تەعروضـی ئەساسـی لـە هـیچ لایەکـەوە واقیـع نـەبوو. نیهایـەت ڕۆژێك خەبـەر بڵاوبـووەوە کـە والی بەغـداد بـە ئۆردویـەکی گـەورەوە ڕووی کردۆتـە کـەرکوك .

---

لەپاشا، کە لەگەڵ مەحمود پاشا ڕێك کەوتەوە بە مەئمورەکەی مەحمود پاشای گەتبوو کە :" خوا ئەیزانێ بەسەری یوسفی کوڕم، مەحمود پاشا بە ئەولادی خۆم ئەزانم و لای من لەیوسف فەرقی نییەو خێری منە. لە دواییدا کە کەوتە دوژمنایەتی لەگەڵ مەحمود پاشا، ویستی کە ئەو حاکمەی تا دوێنێ لەگەڵ یوسفی کوڕی فەرقی نەبوو، لەناو بەرێ. ئەم حاڵە زۆر جار لە داود پاشا و پاشایانی تری تورکدا بینراوە کە مقیاسێکی ئەخلاقە بوویان.

مـەحمود پاشـا، بـەم خەبـەرە قـوەی مەعنەویـەی شـكاو بـە خـۆی و قوەتەكەیـەوە گەڕایـەوە سـلیمانی[٧٨]. لـە دوای ئەمـە هـەر دوولا ویستیان بـە ئاشـتی ئـەم هەرایـە ببڕنەوە، شازادە محەمەد عەلی میرزا ، ئەی ویست مەحمود پاشا لـە جێگـەی خـۆی بمێنێتـەوە. داود پاشـاش چونكە قوەتی بـۆ نـەهاتبوو، صـوڵحی بـە مەصـڵەحەت ئـەزانی، و بـەم فكـرە دیـسانەوە لیـوای سـلیمانیدا بـە مـەحمود پاشـاو كۆیـەو حەریریدا بـە عەبـدوڵلاّ پاشـا، و شـەرطـی گەڕانـەوەی سـلیمان پاشـا( ئیـبراهیم پاشازادە) و عەبدولعەزیز بەگی ( كوڕی فەتاح پاشا)شی بە شازادە قبوول كرد.

**صولْح:**

ئەم ئاشتییە بۆ هەردوولا موەقەت بوو، چونكە دوو سەبەبی ئەساسـی ئـەم شەڕو هەرایە كە مەسئەلەی زوارو موداخەلـەی شـارەزوور بـوو، هـەر بـاقی بـوو، وە بۆ شەڕو شۆڕی تازە بیانوویەكی حاضر بوو بۆ حكومەتی ئێران.

هێـشتا مانگێـك بەسـەر ئـەم ئاشـتبوونەوەدا ڕانـەبورد بـوو كـە یـەكێ لـە ئومەرای بابان لە كەركوك، لەگەڵ یـەكێ لـە ئەشـرافی ئـەوێ هەرایـەكی گـەورەی بـوو وە لەترسانا ڕای كردە ئێران.[٧٩]

مەركـەزی حكومـەتی بەغـدادیش لـەم بەینـەدا حـاڵی چـاك نـەبوو. بـەعضێ جـەمعیاتی خەفیـە لـەم لاولا پـەیابوو بـوو حـەتا كهیـاش كـە بـەوالی دووەم ئەدرایـە قەڵـەم – لـەناو نـا مەمنوونـەكانا بـوو، وە خەزنـەدار ( یـەحیا بـەگ) یـش لەگـەڵ

---

[٧٨] حسێن ناظم بەگ، ئەڵێ: مەحمود پاشا لە دەوری كەركوك بەعضێ حەركاتی غالبانەی كردو لە پاشا داود پاشا لەگەڵ شازادە ڕێك كەوت و لە دوای تەصدیقی حاكمیەتیی مەحمود پاشا گەڕایەوە.

[٧٩] صاحێبی (تەئریخی بەغداد)، شێخ عوثمان ئەڵێ: ئەم ذاتە محەمەد پاشای خالید پاشا بوو بە ئەمری داود پاشا لە كەركوك دائەنیشت بەعضی لە خذمەتكارانی خراپەیان ئەكرد، داود پاشا بیستیەوە و ئەمری كرد بە محەمەد پاشا كە تەربیەیان بكا، بەلاّم محەمەد پاشا كویی نەدایە. لە سەر ئەوە گرتیان وحەپسیان كرد، بەلاّم چەند صەد كەسی لە پیاوەكانی چوونە سەر حەپسخانە و بە زۆر هێنایانە دەرەوەو چوون بۆ ئێران. داود پاشا كە ئەمەی بیست خالید پاشای باوكی لەگەڵ سلیمان بەگی كوڕی ئیبراهیم پاشای لە بەغدادا گرت و حەپسی كردن ، محەمەد پاشا كە ئەمەی بیست گەڕایەوە وطەڵەبی عەفوی كردو هاتەوە كەركوك دانیشت ، بەلاّم زۆری پێ نەچوو، لە مبادیی ساڵی ١٢٣٦دا محەمەد پاشا دیسان لە حكومەت عاصی بوو وە چوو بۆ ئێران.

مەحمود پاشادا متەفیق بوو وە ویستی ڕاکا بۆ ئێران، بەڵام داود پاشا گرتی و کوشتی. خولاصە: ئەم دوژمنایەتی حکومەتە یەك و دوو ڕایان کردە ئێران و لە سەرای شازادە محەمەد عەلی میرزادا کۆبوونەوەو لە عەلیهی حکومەتی بەغداد دەسیان کرد بە تەشویقات و پرۆپاغاندا. لەلایەکی تریشەوە پاشای ئەرضروۆم ، بە مناسەبەتی تەبدیلی تابعیەتی دوو عەشیرەت پڕۆتستۆی نارد بۆ ئێران، حاکم ئاذربایجان وەلی عەهد عەباس میرزا ذاتەن دائیمەن لە بیانو ئەگەڕا، نە ئەهمیەتی بە حکومەتی شاە ئەداو نە گویی ئەدایە صولْح و معاهەدە، زۆر سەربەخۆو سەرچڵ بوو. لەو وەقتەدا، لە طەرەف قونسلوسی روسی ( تەورێز) یشەوە لە عەلیهی حکومەتی عوثمانی تەهییج و تەشویق ئەکرا.

بەم نەوعە وەضعیەتی سیاسیەی حدود چە لە مەرکەزی (کرمانشاه) و چە لە (تەبرێز)دا دەرحەق بە حکومەتی عوثمانی زۆر خراپ بوو، وە هەموو ساعەتێك ئینتظاری ئیعلانی حەرب ئەکرا. نیهایەت عەلامەتی شەڕ دەرکەوت لە ساڵی ١٢٣٦ی هیجری ( ١٨٢١ی میلادی) دا بەگزادەکانی بەبە( عەبدوڵلا پاشاو محەمەد پاشاو سلیمان بەگ لە ناویانا بوو) کە خۆیان کوتابووە (کرمانشاه)، بەخۆیان و قوەتیانەوە ڕوویان کردە حدودو لە مەنطقەی (زەهاو)ەوە تێپەڕین و تەعروضیان کردە (خانەقین). ئەم خەبەرە گەیشتە بەغدادو ئۆردوی عوثمانی ڕووی کردە حدودو تەعروضاتی بەگزادە وەستا.

داود پاشا، ئەم خەبەرەی گەیاندە ئەستەمول و، خەبەری تەعروضی عەباس میرزاو خەبەری ئیستیلای بەعضێ ولاّتی شیمالی کوردستانیشی لەو وەقتەدا گەیشتبووە بابی عالی، پادشاە جەوابی ئیعلانی حەربی بەهەر دوولا دایەوە.

بەغداد ظاهیرەن بۆ حەرب زۆر باش خۆی حاضر کرد بوو، وە بە گوێرەی ئەمری ئەستەمبول ئەبوایە دەس بەجێ داخلی ئێران بێو، تا مومکین بێ پێش کەوێ، لەم صرەیەدا ٥٠٠٠ حەیتەیەکی ئەرناوتیش بۆ ئیمداد گەیشتبووە بەغداد. داود پاشا، حکومەتی مەحمود پاشای سەر لە نوێ تەصدیق کردو وەلحال شازادە محەمەد عەلی میرزا وەعدی حکومەتی بەبەی بە عەبدوڵلا پاشادا

بوو، وه قوەتێكی زۆری دابویەو ناردبوویە (سلیمانی)و خۆشی لە دوایی‌دا بە لەشكرێكی زۆرەوە ڕووی كردەبووە شارەزوور. داود پاشاش ئۆردویەكی لەگەڵ چل طۆپ لە قۆماندای محەمەد ئاغای كیهایدا بۆ كۆمەكی مەحمود پاشا ناردبوو بۆ سلیمانی.[٨٠]

ئۆردوی كهیا بەسەر ( زەنگ ئاباد)دا ڕووی كردە ( دەربەند) و لە ئەیلولی ساڵی ١٨٢١ی میلادیدا(١٢٣٦هـ)گەیشتە (زەنگ ئاباد)و لە دوای چل ڕۆژ ئیستراحەت و ئیحضارات بەسەر كەركوكدا چوو بۆ (دەربەند) هەدەف كهیا ئۆردوی عەبدوڵلاّ پاشا بوو كە لەگەڵ ٥٠٠٠ ئێرانیدا ڕووی كردبووە شارەزوور.

لەشكری كهیا لە دوای جەژنی ڕەمەضانی ١٢٣٦ی هیجری گەیشتە بازیان و لەشكری عەبدوڵلاّ پاشاش گەیشتبووە دەشتی شارەزوور. وە كەیخسرەو بەگی ڕەئیسی جافیش لەگەڵ عەبدوڵلاّ پاشادا ئیتفاقی كرد بوو، ئەم حاڵە بۆ مەحمود پاشا بووە سەبەبی مەئیوسیەت ، چونكە جاف بە قوەت بوو. لەشكری كهیاو بەبە لە گوندی ( ڕێكە) و لەلای چەپی (تانجەرۆ)دا هەڵیان دا، عەبدوڵلاّ پاشا دیسان طەڵەبی یارمەتی لە شازادە كردو واقیعەن شازادە بە نەفسی خۆی بە بیست هەزار كەسێكەوە هەڵساو بە (زەهاب) دا ڕووی كردە (زەنگ ئاباد). لەشكری كهیاو مەحمود پاشا تووشی نەخۆشی بوون و، ضایەعاتێكی زۆریاندا. عەبدوڵلاّ پاشا لەم فرصەتەدا ئیستیفادەی كردو لەگەڵ لەشكری شازادە یەكدگیر بوو وە لە (قەرەگۆل) شەڕ قەوماو لەشكری بەغدادو بەبە شكاو گەڕایەوە كەركوك. بێینە سەر كهیا، لە خەوف داود پاشا بە خۆی وتەوابعیەوە چووە لای شازادە.[٨١]

## عەبدوڵلاّ پاشا:

---

[٨٠] تەئریخی جەودەت، لە باتی كهیا والیی دیاربەكر ئەڵێ ظاهیر وایە غەڵەطە.

[٨١] شێخ عوثمان دەرحەق بە مەسئەلەی كهیایە ئەڵێ: لە دوای گەیشتنی لەشكری كهیا، عەبدوڵلاّ پاشا طەڵەبی ئیمدادی كرد لە شازادە محەمەد عەلی میرزا كرد و لەسەر ئەمە خۆی لەگەڵ پانزە هەزار كەسێكدا هەڵسا وڕووی كردە شارەزوور، داود پاشاش ئەمری نارد بۆ كهیا كەبێتەوە بەغداد بەلاّم كهیا ئیطاعەتی نەكردو بە دزی یەوە لەگەڵ عەبدوڵلاّ پاشا رێك كەوت و بە درۆ وە بەقەصدی لەناوبردنی لەشكرەكەی كەوتە شەڕەوەو بە طەبیعەت شكاو خۆشی چووە لای عەبدوڵلاّ پاشا، ظاهیر وەعدی والیەتیی بەغدادی لە شازادە و عەبدوڵلاّ پاشا سەند بوو.

ئـۆردوی غـالبی عەجـەم، عەبـدوڵڵا پاشـای لـە (سـلیمانی)دا دامەزرانـدو شوێنی بەقیەت ئەلسیوفی ئۆردوی کهیا کەوت, وئەطراف ودێهاتی کەرکوکی تالآن و وێران کردو کوشتارێکی زۆریشی کرد، قەلآی کەرکوك زۆر باش خۆی مدافعە کرد. محەمەد عەلی میرزا نەی ئەویست لەگەڵ محاصەرەدا وەقت ڕابـوێرێ لەبەر ئەوە بە (طاووق) دا ڕووی کردە (کفری) و ئەم خەطی ئەلحەرەکەیەی گرتە دەس خۆی. کهیا محەمەد ئاغا لە هەموو جێیەك بە صیفەتی پاشای تازەی بەغداد نیشانی خەڵق ئەدرا، وبەم تەرحە ئۆردوی عەجەم گەیشتە بەغداد تالوکەی کردو تا ( دەلی عەباس) هات.

داود پاشا، قەلآی بەغدادی باش قایم کرد بوو. ئەرزاق و جبەخانەی زۆر بوو، وە بۆ مدافعەی قوەتێکی کافی هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا شەڕکەرێکی زۆری قەید کردو، لە ئەستەمبولیش کۆمەکی داوا کردو تا ئۆردوی عەجەم گەیشتە ( هەب هەب) شاری بەغداد ساکن و بێ غائیلە بوو. لە دوایی‌دا ترس و خەوفی محاصەرە لە شاردا پەیا بوو چەند هەزار کەسێك لە بەغدادەوە چوون بۆ طەڕەفی حەلەب، گرانـی دەسـی پـێ کـرد، عـەلائیمی محاصـەرە دەرکـەوت و کەسـیش نەیەزانی ئاخری چۆن ئەبێ. واقیعەن داود پاشا بە خەزێنەی پڕی و ذەخیرەی زۆری و تەعلیم و تەربیەی قوەتی مدافعەی پشت ئەستوور بوو، وە ئەیزانی کە قوەتی دوژمن بۆ حەرەکەتێکی ئیستیلا کافی نییەو نیهایەت محاصەرە ئەتوانێ بکا، وەلحال ئەم ئەندێشەیەش نەهاتە جێ. چونکە ئۆردوی عەجەم بەتەئثیری ڕشانەوە لە حاڵێکی خراپا بوو بلذات شازادەش تووشی نەخۆشیەکی گران هاتبوو، ئۆردوەکەی چەند هەفتە یەك لە ئەطرافی ( بەعقوبە) مایەوەو لە (خانی بەنی سەعد)دا ئیلەری قرەغۆڵێکی دانا بوو، وە بۆ پەیاکردنی ذەخیرەی ئۆردو پارچە، پارچە قوەتیان بە هەموو لایەکا بلآوبوو بووەوە، ئۆردوی بەغداد بەرامبەر بەم حاڵە سەیرکەر بوو، هیچ خروجی نە ئەکرد.

**ڕەسمەن عەبدوڵڵا پاشا:**

ئەوەنــدەی پێنەچـوو شــازادە لەگــەڵ داود پاشــادا کەوتــە مــذاکــەرەی متارکــەوەو نیهایەت بەشەرطی تەعیین کردنی عەبدوڵڵا پاشا بۆ حکومەتی بەبەو محەمەد پاشای خالید پاشاش بۆ کۆیەو حەریرو بەعضێ شەرطی تر صوڵح کراو ئۆردوی عەجەم گەڕایەوە بۆ (کرمانشاە) شازادە محەمەد عەلی میرزا لە (کرند) وەفاتی کرد.[٨٢]

حەربی بەبینی دوو حکومەت هێشتا تەواو نەبوو بوو، شازادە عەباس میرزا، لە کوردستانی شیمالیدا گەلێ جێگەی لە حکومەتی عوثمانی زەوت کرد بوو. شای عەجەم لە هەمەدان ئۆردویەکی گەورەی گرد کردبووەوە.

حکومەتی عوثمانی بەرامبەر بەم وەضعیەتە، ئەمری تەعروضی بە والی (دیاربەکر) و (موصل) و(بەغداد)دا، داود پاشا کە ئەم ئەمرەی وەرگرت حاجی طاڵب ئاغای کهیای تازەی بە دەهەزار کەسەوە نارد بۆ سەر ئێران، بەڵام هێشتا ئەم قوەتە لە حدودە تێپەڕ نەبووبوو، کە محەمەد حسێن میرزای[٨٣] کوڕی محەمەد عەلی میرزای حاکمی تازەی (کرماشان)، ئۆردویەکی چل هەزار کەسی نارد بۆ بەغدادو، ئەم ئۆردوە لە چەند نوقطەیەکەوە تەجاوزی حدودی کردو تا (شەهرەبان) هات، بەڵام لەلایەکەوە ڕشانەوەو لەلایەکی ترەوە عەشائیرو عوربانی ئەو ناوە، تەنگی پێهەڵچنین و مەجبووری گەڕانەوەی کردن.

**دەفعەی دووەم – مەحمود پاشا:**

ئەم وەضعیەتە مەحمود پاشای سەر لەنوێ خستە فەعالیەتەوە بە مساعەدەی داود پاشا لەگەڵ عەلی پاشای والی دیاربەکر ڕووی کردە سلیمانی، عەبدوڵڵا پاشا خەبەری زانی و ( سەگرمە)ی لێگرت و لەوێ مەحمود پاشا شکاو تا (قەرەحەسەن) تەعقیب کرا، بەڵام سەر لە نوێ شەڕ دەستی پێکردو عەبدوڵڵا شکاو ڕای کرد بۆ ئێران و مەحمود پاشاش لە ١١ شەعبانی ١٢٣٧دا هاتەوە سلیمانی.بەڵام ئەم ئەمیرە ڕەشیدو بەکارە نەحەسایەوە ، چونکە وڵاتەکە تووشی

---

[٨٢] حسێن ناظم بەگ، ئەڵێ: لە ڕەبیع و ئەلئەوەلی ١٢٣٧دا لە (مەرجانیە)ی نزیك (قزلرباط) وەفاتی کرد.

[٨٣] شێخ عوثمان ، عەباس خان ئەڵێ.

طاعونێکی خراپ و چەند هەزار کەسێکی لێمرد وباقیش هیجرەتیان کردو بەعضیکیش کەوتە کێوان.

مەحمودپاشا، بە فکری ئەستەمول تا دیاربەکر چوو، بەلاّم لەسەر نەصیحەتی والی محەمەد عەلی پاشا گەڕایەوە و عوثمان بەگی برای بۆ طەلّەبی معاونەت ناردە لای عەباس میرزای وەلی عەهد، کەلە (تەبریز) بوو. واقیعەن شازادە، ئیبراهیم خانی موکری بە لەشکرێکەوە ناردو، مەحمود پاشا بەم یارمەتیە لە جەمادی ئەوەلی ١٢٣٨دا لە کۆیەوە ڕووی کردە سلیمانیو عەبدوڵلاّ پاشای دەرپەڕاند. وە عوثمان بەگی براشی کرد بەحاکمی کۆیەو حەریر.

عەبدوڵلاّ پاشاش ڕای کرد بۆ (تەبریز)، بەلاّم شازادە مساعەدەی نەکردو، لە (تەبریز) دای نا[٨٤].

**دەفعەی دووەم – عەبدوڵلاّ پاشا:**

جێی شوبهە نییە کە بەگزادەکانی بەبە، بۆ مەنفەعەتی خۆیان گاە خۆیان بە موحب و طەرەفداری ئێران نیشان ئەداو بە قوەت وتەوەسطی ئەوان حکومەتی بەبەیان ئەسەندو گاە گاهێکیش خۆیان بە موخلیص و صادقی حکومەتی بەغداد ئەدایە قەڵەم و بەو تەرحە حکومەتیان دەس خۆیان ئەخست. ئەم سیاسەتە دوو ڕووە واقیعەن لە نوقطەی ئەخلاقەوە مەردوودە، بەلاّم لە نوقطەی سیاسەتەوە ئیش وانییەو کەلیمەی وەفاو ئیخلاصی حەقیقی و دائیمی لە قاموسی سیاسەتدا نەبووەو نابێ. وە لەبەر ئەمە لەوم و تەعیبی ئۆمەرای بەبە (بەئیعتقادی خۆم) بێجێیە، بەلاّم چونکە ئەم سیاسەتە دوو ڕووە دائیمەن ضەرەرەی مالی و ڕوحی بۆ ئەهلی ولاّتەکە بووە. موسەبیبەکانی لە نوقطەی تەئریخ و ئینسانیتەوە حەقیقەت موستەحەقی تەنقیدن.

لەم هەرایەی دوایدا مەثەلەن، وەضعیەتی مەحمود پاشا، بەڕاستی موخلیصانەو مەردانە بوو تا نیهایەت لە طەرەفداری بەغداد قصوری نەکرد. بەلاّم کە

---

[٨٤] (چوار عەصری دوایی عیراق)، لەم بەحثی دوایییە بە نەوعێکی تر ئەدوێ و ئەڵێ: داود پاشا بۆ ڕێکخستنی ئیشووکاری ولاّتی کەرکوك ئەحمەد بەگی برای بە لەشکرێکەوە نارد بوو. مەحموند پاشا لە موصلەوە چوو بۆ ئێران ، لەسەر ئەمە داود پاشا لەشکرێکی کردە سەر کوردستان و عەبدوڵلاّ پاشاش لەگەڵیا بوو. ئەم لەشکرە سلیمانیی گرت و دیسانەوە عەبدوڵلاّ پاشای دامەزراند.

تەماشای ضوعفی حکومەتی بەغدادو تەئثیرو نفوذی حکومەتی ئێرانی کرد، بە تەواوی تێگەیشت کە حکومەتی بەغداد ناتوانێ محافەظەی حقوقی و حمایەی شەخصی بکا، لەبەر ئەوە مەجبوور بوو ئیلتجای کردە حکومەتی ئێران. خولاصە بەعضێ لە تەئریخیەکان، ئومەرای ئەم خانەدانەیان لە خصوصی سیاسەتی دوو ڕوویی‌و سەبەبی بوونی شەڕیان لە بەینی دوو حکومەتدا زۆر بە شیددەت تەنقیدو مواخەذە کردووەو هیچ ملاحەظەی ئەسباب و عەواملی حەقیقەیان نەکردووە. لای من وایە کە ئەم تەنقیداتە ئەوەندە عادلانە نییە، وە لازمە ملاحەظەی بەعضێ فکری تریش بکرێ ، وەکو ضەعیفی حکومەتی بەغداد، معامەلات و تەعییناتی کەیفی، تەئثیری پروپاغەندا لە ڕیجالی حکومەت، ئیبتلای پیاوە ماقوڵانی بە دیاری و بە بەرتیل ، بێ موبالاتی دەرحەق حقوقی مەئموریەت، وە بەرامبەر بەمە ئیستفادەکردنی حکومەتی ئێران لەم پەشۆکاویەو سەعی دائیمی بۆ مداخەلەو تەئثیر ونفوذی بە سەر حکومەتی بەغدادا.

واقیعەن ئەگەر بە چاوێکی ئینصاف و بێ طەرەفی لە ئەحوال وردبینەوە، ئەبێ سیاسەتی دوو ڕووی ئومەرای بەبە لۆمە نەکەین، چونکە زەمانیان دوو ڕوو بوو وە لە بەر ئەوە ئەوانیش گیرۆدەی زەمانە بوون. ئەگەر بە نەوعێکی تر حەرەکەتیان بکردایە ئیشیان سەری نەئەگرت، زوو بە زوو لەناو ئەچوون. لەگەڵ ئەمەشدا لازمە ئیعتراف بکرێ کە بەعضیکیان لەم خصوصەوە زۆر لە حەد چوونە دەرەوەو هیچ ملاحەظەی مەنافعی مشتەرەکەی خۆیان و خەڵکی و وڵاتەکەیان نەکردووە.

**مەحمود پاشا محەمەد پاشا:**

خولاصە هەرچۆنێ بوو دوو حکومەت رێك کەوتن. مەحمود پاشا، سێیەم جار لە سلیمانیدا و عەبدوڵلاّ پاشاش لەکۆیەدا حەتا جێگیر بوون و شەڕ و دەعوای خۆماڵی بە موەقەتی بڕایەوە( ١٨٢٣م).

حسین ناظم بەگ، ئەڵێ: لەو بەینەدا داودپاشا، محەمەد پاشای ڕەواندزی کرد بەگژ مەحمود پاشادا. وە لەشکری پاشا کوێرە تا ( قەمچوغە) هات، بەلاّم مەحمود پاشا بە یارمەتی لەشکرێکی عەجەمەوە لەشکری ڕەواندزی گێڕایە دواوە.

هاتنی تەذکەرەچی ئەسعەد ئەفەندی، لە ئەستەمولەوە بۆ بەغداد لەم بەینەدا تەحقیقاتی ئەم هەراو هوریایە بوو. مەحمود پاشا، بۆ تەحقیقات بانگ کرایە بەغداد بەلاْم ئەمنیەتی نەبوو وە نەچوو. واقیعەن هەر چەندە داود پاشا، بەسایەی حمایەی مەحمود پاشاوە والیەتی بەغدادی دەس کەوتبوو، بەلاْم موقتەضای خولقی، دائیمەن بۆ مەحوی حکومەتی بەبە سەعی ئەکردو، وەسپڵەیی خۆی ئەنواند لەبەر ئەوە مەحمود پاشا حەقی بوو خۆی لە داوی بپارێزێ.

لە عەینیساڵدا سلیمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا لە (کرماشان)، وەفاتی کردو خالید پاشاش هەر لەم ساڵەدا لە ناوچوو. مەحمود پاشا، مەیتەکەی سلیمان پاشای هێنایەوە سلیمانیو لە مزگەوتی گەورەدا ناشتی (١٢٣٩ھ).

وەکو لە سەرەوە باسمان کرد. داود پاشا لە جێگیربوونی مەحمود پاشا زۆر سەغڵەت بوو، نیهایەت خۆی ڕانەگرت و بۆی کەوتە تەداروکاتی شەڕەوە. ئەوەلەن محەمەد پاشای خالید پاشای بە لەشکرێکەوە کردە سەری، مەحمود پاشا بە سەبەبی وێرانی وپەرێشانی ولاْتی بەبە، نەی توانی لەشکر کۆ بکاتەوە، بە ناعیلاجی سلیمانی بەجێهێشت و، چووە (قزڵجە)، وە عوثمان بەگی براشی بۆ طەڵەبی یارمەتی ناردە ئێران. واقیعەن ئێران، کە دائیمەن لە شوێن ئەم نەوعە فرصەتانە ئەگەڕا، زوو کۆمەکی بۆ مەحمود پاشا ناردو، محەمەد پاشا خۆی لە سلیمانیدا ڕانەگرت و، گەڕایەوە کەرکوك ( ٢ی شەوالی ١٢٤١).

داود پاشا، بۆ ئیدارەی محەمەد پاشا وێرگۆی عەشیرەتی دزەیی تەخصیص کرد بوو. محەمەد پاشا لە ١٢٤٢ھ دا لەسەر ئەم تەخصیصاتە لەگەڵ فارس ئاغای دزەیی کەوتە شەڕەوەو، زۆر خراپ شکا ئەوەلەن چووە ئێران و لە دواییدا گەڕایەوە بەغداد.

لەساڵی ١٢٤٣ھ دا مەحمود پاشا چووە سەر (حەریر) و لەگەڵ محەمەد پاشای ڕەواندزی تێك هەڵچوو وە لەنەتیجەدا شکاو گەڕایەوە. ساڵی دوایی نفوذو قوەتی پاشا کوێرە گەیشتە (سورداش). مەحمود پاشا بە ناعیلاجی دیسان لەگەڵ محەمەد پاشادا کەوتە شەڕەوەو، لەشکری ڕەواندزی شکاندو، لەم وەقتە تەنگانەیەدا بوو کە سلیمان بەگی برای لە بەرامبەر قەلاْی (سکتان) دا بەشی زۆری

لەشکری تەفرەداو کوتوپڕ گەڕایەوەو چووە سەر سلیمانیو حاکمیەتی لە کاکی زەوت کرد.

**مەحمود پاشاو سلیمان بەگ:**

مەحمود پاشا بەناعیلاجی چوو بۆ (قزڵجە)و طەڵەبی معاوەنەتی لە حکومەتی ئێران کرد. واقیعەن لە ئەردەلأنەوە بەعضێ قوەتی بۆ هات و گەڕایەوە سەر سلیمانی. سلیمان بەگ خۆی کێشابووە (گڵە زەردە). مەحمود پاشا نەچووە سەریو وازی لێهێنا، بەلأم سلیمان بەگ، ئەوەندەی پێ نەچوو لەشکرەکەی کاکی تەفرەداو لەکاکی یاخی کردن مەحمود پاشای کەم طاڵع ، ئەم جارەش سلیمانی بەجێهێشت و ڕووی کردە ئێران. زۆری پێ نەچوو بە قوەتێکی مناسبەوە هاتەوە سەر سلیمانی و براکەی دەرپەڕاند.

سلیمان بەگ، چووە ( زەهاو)، و لەوێوە ئیمدادی لە داود پاشا ویست. داود پاشا ئەمەی بە فرصەت زانی لەگەڵ ئیمدادا ڕوتبەی میری میرانیشی بۆ نارد. بەم تەرحە دوو برا لە ( قەرگۆل) دا تووشی یەك بوون و چەند ڕۆژێك شەڕیان کردو لە نەتیجەدا مەحمود پاشا دیسان شکاو ڕای کردە ئێران. ماڵ ومنداڵی لە (کرماشان) داناو چووە (بانە)، عەشائیری ئەو ناوە و سەردەشت و پشدەری ئاکۆو مەرگەی کۆکردەوەو دیسان چووە سەر سلیمانیو لە (گردە گروێ)، لەگەڵ لەشکری سلیمان پاشادا کەوتە شەڕەوەو لە دوای کوشتارێکی زۆر، طۆپچی سلیمان پاشا بلأوەی بە عەشایر کردو مەحمود پاشا دیسان شکا، ضایەعاتی سلیمان پاشاش زۆر بوو، عەبدوڵلأ بەگی کەیخسرەو بەگی ڕەئیسی جاف ومصطەفا بەگی یونس بەگ لەناو کوژراوانا بوون.

مەحمودپاشا، دەسی هەڵنەگرت و چووە ئێران و بەواسیطەی والی (سنە)وە داوای ئیمدادی لە وەلیعەهد (عەباس میرزا) کردو واقیعەن لە ئیدارەی قەهرەمان میرزادا لەشکرێکی بۆ هات و لە ١٢٤٦ دا ڕووی کردە سلیمانی. سلیمان پاشا مقابەلەی پێنەکراو خۆی کێشایە (زەنگاباد)و مەحمود پاشا بێشەڕ داخلی مەکەزی ئیمارەت بوو.

ئەم شەڕە دوورو درێژەی بەینی دوو برا، بە تەواوی ئیمارەتەکەی بێهێزو ولاتەکەی وێران کردو ضایەعاتی ماڵ و ڕوح ئەهاتە حسابەوە. مولکی بەبە بەڕاستی لەدەس ئومەرای بەبە چوو بوو، نفوذی حاکمی کەوتبووە دەس ئێران و بەغداد. ئەو مولکی بەبەیە، کە بەقوەتی خۆی لە زەمانی عەبدولرەحمان پاشادا بەغدادی پەشۆکاند بوو وە موقەدەراتی عیراقی خستبووە ژێر دەسی ئومەرای بەبەوەو لەعەینی دەوردا ئێرانیشی بەتەواوی سڵەماندبووەوە، لەم دەورەدا بەدەس چەند هەزار عەجەمێکەوە داما بوو، وێران و پەرێشان بوو، وە شەڕو شۆڕی دائیمی بەینی بەگزادەی بەبە بە تەواوی فەوتاندبووی.

بەرامبەر بەم پەشۆکی و بێهێزیە، ئیمارەتی سۆران، کە بەهیمەتی بڵندی میر محەمەد پاشا لە ڕەقیب و حەسوود پاك کرابووەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لەبەرزی و پێشکەوتندا بوو. بێجگە لەم بەلای شەڕو شۆڕە، مصیبەتێکی تری گەورە کە (ڕشانەوە) بوو ڕووی کردە عیراق و کوردستان و ئێران و ئەم ولاتانەی پەرێشان و وێران کرد.

تەئریخ ئەڵێ، ضایەعاتی ڕۆژانەی شاری بەغداد بەینی (١٥٠٠ تا ٣٠٠) کەس بوو، سەرەڕای ئەمە، شە طی بەغدادیش زۆر هەڵسا بوو وە هەر دوولای شەطی غەرق کردبوو وە شاری بەغدادیش تووشی ضەرەریکی زۆر بوو.

لەم حاڵەتەشدا شەڕی دوو برا هەر نەبڕایەوە وە سلیمان پاشا لەشکرێکی لە داود پاشا سەندو هاتەوە سەر سلیمانی. چونکە لە ولاتەکەدا شەرکەر نەمابوو، بە ناعیلاجی مەحمود پاشا دیسان شارەکەی بەجێهێشت و چوو بۆ ئێران. سلیمان پاشا تا ( میاندواب) لە شوێنی نەبووەوە. مەحمود پاشا چووە (تەبرێز). وە وەلی عەهد عەباس میرزا لەشکرێکی بۆ پێکەوە ناو ناردیەوە سەر ولاتی بەبە، لە ناڵپارێز، لەگەڵ سلیمان پاشادا کەوتە شەڕەوەو خراپی شکاندو حەتا سلیمان پاشا خۆشی بریندار بوو وە بەعضێ پیاوە ماقولانیشی بەدیل گیرا. مەحمود پاشا، هاتە سلیمانی و حوکمی گرتە دەس خۆی( جەماذی ئەلئاخری ١٢٤٧).

**سلیمان پاشا:**

سلیمان پاشا، خۆی گەیاندە (کفری)و لەوێ لەشکرێکی لە طەرەف داود پاشاوە بۆ هات و لە ئەواخیری ڕەجەبدا گەڕایەوە سەر کاکی و، دیسان دەری

پەڕاند. مەحمود پاشا خۆی گەیاندە تەبریزو لەوێوە چووە (تاران=طهران) بەلاَم هیچی بۆ نەکراو بەناعیلاجی لە ساڵی ١٢٥٠دا چووە ئەستامول.[٨٥]

لە دوای دوور خرانەوەی داود پاشا لە بەغدادو جێگیر بوونی عەلی ڕەضا پاشا، محەمەد پاشای ڕەواندزی ویستی ئیستیفادە لە شەڕو شۆری بەینی ئومەرای بەبە بکا، بە لەشکرێکەوە ڕووی کردە ولاَتی بەبە، ذاتەن محەمەد پاشا، لەوەوپێش تەعروضی کردبووە ئێرانیش و شکاتێکی زۆری لیَکرا بوو. عەلی ڕەضا پاشا، لەگەڵ حکومەتی ئێران قسەی کرد بە یەك و لە ئێرانەوە لە قۆماندای ( سەرتیپ محەمەد خان)دا قوەتێکی کەوتەڕێ وعەلی ڕەضا پاشاش لەشکرێکی لە بەغدادەوە نارد تا لە مەعیەتی سلیمان پاشای حاکمی بەبەدا بێ.

محەمەد پاشا، لەو بەینەدا تا (سورداش) هاتبوو. دوو لەشکر لە (قەمچوغە) تووشی یەك بوون و لە دوای شەڕێکی قورس لەشکری ڕەواندز گەڕایەوە کۆیە و سلیمان پاشا شوێنی کەوت و تا نزیك کۆیە چوو. ضایەعاتی لەشکری سلیمان پاشاو لەشکری ئێران زۆر بوو، ئیتر طاقەتی شەڕیان نەما بوو، وە هەر چۆنێ بوو لەگەڵ محەمەد پاشادا بە گوێرەی ئەم چەند شەرطانە صوڵحیان کردو گەڕانەوە:

(١) لە خەطی ( ڕانیە – بتوێن – خەلەکان – چناران) ەوە تا ( زێی کۆیە) لە شیمالەوە بۆ جنوب، لای ڕاستی بۆ ڕەواندز و لای چەپی بۆ حکومەتی بەبە بێ.

---

[٨٥] یاخی بوونی داود پاشا والیی بەغداد لە حکومەتی عوثمانی تەصادوفی ئەم دەورەی کردووە. ئەم والیە لە هیچ خصوصێکەوە ئەهمیەتی بەئەمر ونەهی ئەستامبول نەئەدا و وێرگۆی نە ئەنارد. لەسەر ئەم ئەستامبول صادق ئەفەندی، ناو دەفتەردارێکی ناردە بەغداد تا نەصیحەتی بکا، داود پاشا ئەم مەئمورە فەقیرەی کوشت لە دوای ئەمە بۆ تەئدیبی عەلی رە ضا پاشا مەئمور کرا. داود پاشا، پێشداری لەشکری عەلی رەضا پاشا کە قاسم پاشای متصەریفی موصل بوو، خەڵەتاند و بەفێڵ وهێنیایە ناو شارەوەو ئەویشی کوشت. لە دواییدا عەلی پاشا، لە لەشکرەوە هات و دەوری بەغدادی حەفتا ڕۆژێك موحاصەرەی کردو گرتی ، داود پاشا نێررا بۆ (بروسە)، لە پاش بەینێك کرا بە شێخ ئەلحەرەمین تا مرد لە ( مەکە) ما. عەلی ڕەچا پاشا، لە دوای داود پاشا، بە بیانووی فەرمان خوێندنەوە، کولەمنی بەغدادی کۆکردەوەو عەموویانی کوشت و، ئەوانەی کەمابوون ئەوانیشی بەرە بەرە لە ناوبردن. بەم تەرحە ئیدارەی کۆلەمن، کە پەنجا ساڵێك لە عیراقدا ژیا بوو، بە تەواوی دوایی هات(١٨٣٠م).

(٢) ئەراضی لاهیچان بۆ ڕەواندز و ئەولای بۆ ئێران بێ و تەجاوزی ئەم حدودە نەکرێ.

(٣) جهەتی ڕۆژ ئاوای دەربەند بۆ ڕەواندزو ڕۆژهەلاٌتی بۆ سلیمانی بێ.

(٤) هەر دوو لا لەهەر کوێیە حەز بکەن بۆ تەڕصدو مودافەعە ئەتوانن قەلاٌ دروست بکەن.

بەلاٌم محەمەد پاشا ڕەواندزی ئەوەندە ڕیعایەتی ئەم شەڕط و شڕوطەی نەکرد.

***حەمە شەریفی هەمەوەند:***

ئەم حەمە شەریفە لە ١٢٥٢ دا گەورەی هەمەوەند بوو، ئیدیعای کوڕێتی عەبدولرەحمان پاشاو، وراثەتی ئەکرد، کوڕی (ڕەندانە)[٨٦] ناو ئافرەتێك بوو کە لە وەقتی خۆیدا مستەفریشەی عەبدوالرەحمان پاشا بوو، وە کە شووی کرد، بە حەمە شەریف حاملە بوو. بەم ئیدیعایە حەمە شریف خۆی بە وارثی عەبدوالرەحمان پاشا دائەنا.

حەمە شەریف زۆر ئازاو ڕەشید بوو، کەس نەی ئەتوانی بەرامبەری بووەستێ. عەشیرەتەکەشی لە ئازایی و نەبەزیدا ذاتەن بەناوبانگ بوو. ئەم ڕەئیسە لەگەلٌ هەزار سوارێکدا لەگەلٌ سلیمان پاشادا کەوتە شەڕەوەو ئەم شەڕەش زۆر طولی کێشا. ئەلێن، ڕۆژێ لە پێش کوژرانیا قەراری بە بڕینەوەی ئەم هەرایەدا و دەلاکێکی بانگ کردو پێی گوت، سەرم بتاشە، چونکە ئەم سەرە سبەینێ یا لەمەقامی حاکمیدا ئەبێ وەیا بە نووکی ڕمەوە ئەبێ. واقیعەن ڕۆژی دوایی لە نزیك سلیمانی شەڕێکی بێ ماننەدی کرد، بەلاٌم بەر گوللە کەوت و کوژراو سەرەکەی کرا بە نووکی ڕمێکەوە.

سلیمان پاشا، باقی دەوری حکومەتی بێ ڕەقیب و بێ غائیلە ڕابواردو نیهایەت لەسالٌی ١٢٥٤ی هیجریدا وەفاتی کردو لە (گردی سەیوان)دا نێژرا. سێ کوڕی هەبوو: ئەحمەد بەگ، عەبدولٌلاٌ بەگ، محەمەد بەگ.

---

[٨٦] ئەلێن عەبدولرەحمان پاشا، ئەم (ڕەندانە)یەی بەخشی بەیەکێ لە ئومەرای هەمەوەندو ئەم رەئیسە کەزانیی (ڕەندانە) زکی پڕە ڕاوەستا تا منداڵەکەی بوو وە لە پاشدا مارەی کردو حەمە شەریفی زڕکوڕی وەکو ئەولادی خۆی پێگەیاند.

**ئەحمەد پاشا:**

لە دوای وەفاتی سلیمان پاشا، ئەحمەد بەگی کوڕە گەورەی هاتە جێگەکەی[٨٧] ئەم ئەمیرە ، بەڕاستی زۆر زیرەك و هوشیارو ڕەشید بوو وە کەمێ ڕق ئەستوور بوو، زەبرو زەنگی حەز لێ ئەکرد. بۆ محافەظەو پێشخستنی مڵکەکەی ویستی لەشکرێکی منتەظەم ڕێك بخاو بە چەك و سیلاحی تازە تەجهیزی بکا، بەم فکرە ئالایەکی منتەظەمی ڕێکخست و لە دەرەوەی شار ( ڕەنگە لە سەرچنار) ئۆردوگای تەرتیب کردو لەوێ لەسەر ئصوڵی تازە بە تەعلیم و تەربیە، مەشغولی کردن و قوەتێکی طۆپچی مناسبیشی پێکەوە نا.

( چوار عەصری دوایی عیراق) ئەڵێ، حکومەتی ئەحمەد پاشا، بە سەبەبی هاتنەوەی (مەحمود پاشا)ی مامی لەگەڵ لەشکرێکی عەجەمدا نزیك ساڵێك تووشی تەگەرە بوو، ئیستیلای ولاتی بەبە لە طەڕەف ئێرانەوە بووەستێ جەدەلێکی سیاسی بە طوڵ، نیهایەت حکومەتی ئێران مەجبوور بوو قوەتەکەی گێڕایە دواوە. لە دوای دوور کەوتنەوەی لەشکری عەجەم ئەحمەد پاشا هاتەوە سەر سلیمانیو مەحمود پاشای دەرپەڕاند(١٢٥٨ﻫ) [٨٨]

حسین ناظم بەگیش ئەڵێ، ئەحمەد پاشا زۆر بە دەست و توندە تەبیات بوو. زۆری لێ ئەترسان و کەس نەی ئەتوانی خراپە بکا.بەعضێ لە پیاوخراپ ڕایان کردبووە ناو هەورامی و، ئەحمەد پاشا داوای ئەمانەی لێکردن و

---

(٨٧) مەرحوم نالی لەم دەورەدا بوو، مەنظومەیەکی شیرینی بۆ تەعزیە وتەبریك بۆ ئەحمەدپاشا نووسی ئەم چەند شیعرە لەوەیە:

تا فەلەك دەوری نەدا صەد کەوکبی ئاوا نەبوو
کەوکەبی میهری موبارەك طەڵعەتی پەیدا نەبوو
تا نەگریا ئاسمان وتەم ولاتی دانە گرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو
شاهی( جەم) جا(نالی)ا (تەئریخی جەم) تەئریخیەیە
تا نەڵێن:" لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جاه نەبوو"

بە گوێرەی ئەمە ئەبێ مەبدەئی تەئریخی حکومەتی ١٢٥٤ بێ.

(٨٨) حسێن ناظم بەگ، لە دوای ئەوە کە مەحمود پاشا ئاخر جار بەرامبەر بە سلیمان پاشا شکاو ڕۆیی، چووە تەورێز و لەوێوە بۆ طەهران ولەپاشدا لە ١٢٠٥دا چوو بۆ ئەستامبول. باسی هاتنی بۆ سەر ئەحمەد پاشا ناکا.

هەورامیەکان گوێیان نەدایە. لەسەر ئەمە لەشکرێکی ناردبووە سەر هەورامان وە چەند هەزار تەور بەدەستێکی لەگەڵ ناردن. خەڵکی هەورامان ڕایان کردو خۆیان شاردەوە. تەور بەدەستی بەبە ، هەموو باغەکانیان برین و هەورامیەکانیان ماڵ وێران کرد. لەسەر ئەمە لای حکومەتی ئێران لە قۆمانندای والی (سنە)دا ڕووی کردە سلیمانی. ئەحمەد پاشا، لەشکرێکی لە ئیدارەی عەبدوڵڵا بەگی برایدا نارد بە پیریانەوەو لە (مەریوان) تووشی یەك بوون و لەشکری ئێران خراپ شکا. لە دوای ئەمە حکومەتی ئێران لە ئەستامول شکاتی لە ئەحمەد پاشا کردو لەسەر ئەم شکاتە والی بەغداد محەمەد نەجیب پاشا (کوزلکی) بە لەشکرێکەوە بەسەر هەولێردا ڕووی کردە  سلیمانی.

ئەحمەد پاشا کە ئەمەی بیست بۆ خاطری دوور خستنەوەی مصیبەتی شەڕ لە ولاتەکەی بە لەشکرەوە چووە کۆیە. حسین ناظم بەگ، تەفصیلاتی ئەم شەڕەی لە باپیری بەم نەوعە بیستووە:

قوەتی  ئەحمەد پاشا، پێنج طابوور بوو وە قوەتێکی مناسبی عەشائیرشی لەگەڵ بوو. بە نەظەر قوەتی نەجیب پاشاوە هەر چەندە زۆر کەم بوو، بەڵام ئەحمەد پاشا لە نەتیجەی شەڕ ئەمین بوو. چەند دەفعە نەجیب پاشا تەکلیفی صوڵحی کرد ڕاضی نەبوو، لە پێش شەڕدا ویستی مەعاش بدا بە عەسکەر، بەڵام ئەحمەد بەگی خەزنەداری ئیعتراضی کردو گووتی: پاشا، عەسکەر لە تەبیات سەگدایە تا برسی بێ چاکتر شەڕ ئەکا. ئەبێ فکری دوایی بکەین، شایەد شکێن بە پارە قووت پەیا ئەکەینەوە لەبەر ئەمە ، لازمە کەم مەصرەف بکەین. ئەم قسەی ئەحمەد بەگە لە ئۆردودا بڵاببووەوە و قەراریان دا کە بەشەو یاخی بن و خەزنەدار بکوژن. بۆ ئیشارەت ئەبوایە تەفەنگێك بهاوێژرایە. ئەو شەوە ڕەشەبایەکی توند بوو. واقیعەن لە نیوە شەودا دەنگی تەفەنگێ هات و لە دواییدا عەسکەر دەسی دایە سیلاح و خەزنەداریان کوشت و بڵاوەیان کرد.ئەحمەد پاشا، کەپێی زانی

**کار لەکار ترازا بوو، دەس بەجیٚ سواری ولاٚخ بوو وە خۆی ڕزگار کرد. ئەوەلەن چوو بۆ ئیران و لەپاشدا چوو بۆ ئەستامول.[٨٩]**

**سجلی عوثمانی لەم باسەدا ئەڵیٚ، نەجیب پاشا قەراری لەغوی ئیمارەتی بەبەی دا، و ئەحمەد پاشای بانگ کردە بەغدادو عەبدوڵلاٚ پاشای برای کرد بە قائممقامی سلیمانی( چوار عەصری دوایی عیراق).**

**میٚجەر لۆنگریك، باسی شەری کۆیە ناکا. تەنیا ئەڵیٚ: لەسەر بەعضیٚ شکاتی دەوری حدود، ئەحمەد پاشا بانگ کرایە بەغدادو لەویٚ عەزل کرا.[٩٠]**

**و حکومەتی بەبە درا بە قادر پاشای کوڕەزای ئیبراهیم پاشا. ئەم قادر پاشایە چووە سەر سلیمانی، بەلاٚم عەبدوڵلاٚ بەگی برای ئەحمەد پاشا ڕیٚگەی نەدایەو گیٚڕایەوە. مەحمود پاشا، لەم بەینەدا دیسانەوە بە لەشکریٚکی عەجەمەوە هاتە سەر سلیمانی بەلاٚم شکاو گەڕایەوە. خولاٚصە عەبدوڵلاٚ بەگ تا گەڕانەوەی ئەحمەد پاشا لە بەغداد حکومەتی بەبەی بە کەس نەدا.**

---

[٨٩] مەرحوم ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری، ئەی گوت ، تەقەی ئەو تفەنگە بۆ ئیختلال نەبوو، بەڵکو تەصادوفی بوو وە عەسکەر وای زانی کە لەشکری نەجیب پاشا شەبیخونی داوە وەتا سبەینیٚ کوشتاری ناوخۆیان کرد، ڕۆژی دوایی ئەحمەد پاشا بە ناعیلاجی چوو بۆ ئیٚران وە لەویٚ بەتەوەسطی والی دیاربەکر، کەبە سەفارەت لەئیٚران بوو، عەفوو کراو چووە ئەستامبول وە لەپاش بەینیٚك کرا بە والی وان( بۆ دواییی تەماشای کتیٚبی مشاهیر الاکراد) بکە.

حسیٚن ناظم بەگ، لەم واقیعەدا باسی مەشهور ( صۆفی یارە) ئەکا کە یەکی لە طۆپچیەکانی ئەحمەد پاشا بوو. ئەڵیٚ لە دوای بلاٚوەکردنی لەشکر ، ڕۆژی دوایی لەشکری نەجیب پاشا بۆ تالاٚن ڕوویان کردە ئۆردوگای بەبە تەنیا صۆفی یارە و طۆپەکانی مابوو. مەرحوم صۆفی یارە لەشکری بەغدادی دایە بەر طۆپ وبەینیٚك نەیهیٚشت بیٚنە ناو ئۆردوگاهەوە. لە دواییدا گرتیان وبردیان بۆ نەجیب پاشا، لیی پرسی بۆچی تۆ بە تەنیا گولەبارانت کرد و مەقصەدت چی بوو، صۆفی یارە گوتی: هەر کەسە لە وەظیفەی خۆی مەسئولە بلاٚوبوونەوەی لەشکر من لە وەظیفەدا دوا ناخا. تا ئەتوانم وەظیفەی خۆم بەجیٚ ئەهیٚنم. والی ئەم جوابەی زۆرپیٚ خۆش بوو وە گوتی چیت ئەویٚ بیڵیٚ، صۆفی یارە دوای حاصیلاتی عوشریەی گوندیٚکی لیٚ کردو واقیعەن بۆشی تەخصیص کرا.

[٩٠] بەگویٚرەی قەیدی سەید نوری ئەفەندیی نەقیب عەزل وحەپسی ئەحمەد پاشا لە ١٢٦٠ی هیجریدا و چوونی عەبدوڵلاٚ پاشا بۆ ئەستامبول پیٚنج ساڵ لە دوای ئەم تەئریخە بووە.

دیسان عەینی موئەریخ ئەڵێ ،والی نەجیب پاشا، بە تەشویقی ئومەڕاو ئەرکانی حکومەتی بەغداد قەراری لەناو بردنی حکومەتی بەبەی‌داو، عەبدوڵلاّ پاشای برای ئەحمەد پاشای بە ناوی (قائممقام) تەعیین کرد بۆ سلیمانیءو چوار ساڵێك بەو تەرحە ئیدارەی کردو هێندێ عەسکەری تورکیش لە سلیمانیدا دانرا بوو.

لە ساڵی ١٢٦٧ی هیجریدا والی نامیق پاشا عەبدوڵلاّ پاشای بانگ کردە بەغدادو مەحفوظەن ناردی بۆ ئەستەمول و میر لیوایەکی تورکی، کە ئیسماعیل پاشا یان پێ ئەگوت، ناردە سلیمانیءو بەم تەرحە ئیمارەتی بەبەی، لە دوای دوو صەد ساڵێك حکومەت، بە تەواوی لەناوچوو ( ١٢٦٧هـ – ١٨٥١م).

**موطالەعەیەکی کورت دەرحەق بەم ئیمارەتە :**

حکومەتی بەبە، لە دەوری ( فەقێ ئەحمەد)ەوە تا زەمانی (سلیمان بەبە)، لە ئیمارەت زیاتر شکڵی ئیدارەیەکی بچووکی عەشیرەتی بووەو مەعلوم نییە کە ئەم حاڵە چەند ساڵ دەوامی کردووە. بەلاّم لە زەمانی (سلیمان بەبە)دا، دائیرەی نفوذی بەبە تەوەسعی کردووە، قزڵجە، سرۆچك، قەرەداخ و شارەزووریش کەوتۆتە دەس بەبەو، بەم تەرحە شکڵێکی بچووکی ئیمارەتی لێ پەیا بووە. ئەم دەورە زۆر ڕەنگە لە بەینی ١٠٨٠ و١١١٠ ی هیجریدا بووبێ. لە دوای لەناوچوونی بەکر بەگ ئەم ئیدارەیە چوار ساڵێك فاصیلەی بووەو لە پاشدا لە طەڕەف خانە پاشاوە ژیانراوەتەوە. لە دوای ئەم دەورە چەند ئەمیریکی بەکارو هوشیار وەکو سەلیم پاشاو سلیمان پاشای گەورەو مەحمود پاشای ئەوەل و عەبدولرەحمان پاشاو مەحمود پاشای دووەم و ئەحمەد پاشا حوکمی کردووە. بەلاّم لەلایەکەوە منافەرەتی بەینی ئێران و عوثمانی لەلایەکی تریشەوە ڕقەبەری وحەسادەتی بەینی ئومەرای بەبە، نەی هێشتووە کە ئەم چەند ئەمیرە وریاو زیرەکە بە تەواوی جەوهەری خۆیان بنوێنن و شکڵێکی بە قوەتتر و بەدەوامتری سیاسی بە ئیمارەتەکە بدەن. باخصوص لەم دوو سەبەبە، دووەمینی هەر وەکو ئیدارەی بەبەی فەوتاندوەو، ولاّتەکەشی وێران و خەڵکە کەشی پەرێشان ونان بڕاو کردووە . یەکێ لە ئومەڕای بەبە لەم خصوصەوە بەم تەرحە لەلای مستەر ڕیچ سکالاّی کردووە !

" حەسوودی بەینی ئومەرای ئێمە بۆتە سەبەبی ماڵ وێرانی بەبە. واقیعەن ئەگەر نیفاق و حەسادەتی بەینی ئومەرای بەبە نەبوایە تورك و نە ئێران نەیان ئەتوانی ظەفەرمان پێ بەرن".

مستەر ریچ، لە ملاقاتێکی لەگەڵ مەحمود پاشادا، تەمەنی بەرزی و بەقوەتی بۆ حکومەتی بەبە کردووەو مقابیل بەوە مەحمود پاشا گوتویەتی ئەمە تەمەنی مەحاڵە، مەگەر خوا بە قودرەتی خۆی طاعونێك بخاتە ناو ئومەرای بەبەوە بەغیری یەکێك کەسیان نەهێڵێ ( لەکوردستان ئیقامەت، لاپەرە – ٣٢٣).

مەقصەدی مەحمود پاشا، ئیشارەت بۆ حەسادەت ونیفاقی بەینی ئومەرای بەبەیەو، واقیعەن لەو وەقتەدا عوثمان بەگی برای لیی راست بوو بووەوە.مستەر ریچ، ئەڵێ، کە باسی وێرانی خانووەکانی سلیمانیم بۆ کرد، هەر ئەو پیاوە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو، گوتی: " واقیعەن حەقتە، بەلام ئەگەر ئێمە بمانزانیایە کە کونجەیەکمان ئەبێ‌و تیا ئەحەسێینەوە، ئەڵبەتە خانووی جوانمان دروست ئەکرد، وە یا چاکمان ئەکرد. ئەم پاشایە ئەگۆڕێ، پاشایەکیتر لەم خانەدانە تەعیین ئەکرێ‌و، ئەم پاشایە دەستەو دائیرەی خۆی ئەهێنێ‌و لەخانووەکانمان دەرمان ئەکەن و ئەوانی تیادا ئەنێن. بەم تەرحە گوڕانی حاکمانی بەبە بۆتە سەبەبی ماڵ وێرانی خەڵکی ئەم وڵاتە. ئەگەر حاکمێك بیزانیایە کەتا نیهایەت لەسەر ئیدارە ئەمێنێ، ئەڵبەتە بۆ سەعادەت و سەلامەتی وڵاتەکە تێ ئەکۆشا".

مستەر ریچ، لە جێگەیەکی تردا( لاپەرە – ٩٦) لەخصوص کەمی زراعەت‌و وێرانی وڵاتەکەوە پرسیاری لە مەحمود ئاغا( یەکێ لە پیاوە ماقوڵانی مەحمود پاشا بوو) کردووەو، ئەم جەوابەی لێ وەرگرتووە: " نەبوونی ئەمنیەتی موڵك و ماڵ بۆ ئێمە ئەوەل سەبەبی وێرانی وڵاتەکەمانە. ئێمەمانان تا لە خصوص موڵکەکانمانەوە ئەمین نەبین قەت مەیلی زراعەت ناکەین. وە تا ئێمە لەسەر ئەم حاڵە بڕۆین بە طەبیعەت رەفاە و سەعادەت رووومان تێ ناکا. من تا نەزانم کە ئاغاکەم لە حاکمیدا ئەمێنێ، چۆن جەسارەت ئەکەم کە طەغارێك تۆو بچێنم وتا وەقتی درەو راوەستم. لەباتی ئەمە ئیذن ئەدەم بەلادێ، بە مسکێنەکان، کە بەقەدەر حاڵی خۆیان وە هەر چۆنێ ئەتوانن بچێنن، وە لەوەقتی حاصڵاتدا بەناوی وێرکی دەیەکی وەیا هەر چەندی زیاتر کە بتوانم لێیان ئەسێنم.

لـەم حکایەتانـەوە  واحـاڵی ئـەبین ، کـە ئومـەرای بەبـەی نـە خۆیـان حەسـاونەوەو لـەذەتیـان لـە حـوکم وحاکمیـەت دیـوەو نـە ڕەفـاه و ڕاحـەتێکیان بەوڵاتەکـە داوە. لـە دەوری دامـەزرانیا گـاه لەگـەڵ ئێـران و گـاه لەگـەڵ حکومـەتی عوثمانی کەوتۆتە شەڕو هەراوە، لەشکری هاتۆتە سەر شکاندویەتی وشکێنراوەو شێلراوەو ئەم حاڵە تا ئەواخیری دەوری خانە پاشا دەوامی کردووە., لە ئیعتبـاری ئـەم تەئریخـەوە تـا زەمـانی لـە ناوچـوونی بەسـەبەبی مداخەلـەی حکومـەتی ئێـران وەڕقەبـەری و دوژمنایـەتی بـەینی ئومـەڕای بەبـە، وڵاتەکـە گـاه تووشـی ئیـستیلای لەشکری عەجەم هاتووەو جارجارێکیش تووشی تەئدیبات و تەخریباتی لەشکری والی بەغداد بووە. ئەسبابی ئـەو ئیستلاو تالآنانـەو ئـەم تەئدیبات و تەخریباتـە بـە غەیری نیفاق و ئیختلاف بەینی ئومەڕای بەبە شتێکی تر نەبووە، حرصـی حـوکم و حاکمیـەت بـە نـەوعێ تـەئثیری تێکـردوون کـە ئیتر هـیچ غایەیـەکی موشـتەرەك و قەومی‌یان لەبـەر چاوا نـەمابوو، وەهـەر کامێکیـان کە بەسـەوقی تەصادف و طاڵع وەیـا بـە جەوهـەری خـۆی بهاتایـە مـەوقعی حاکمیەتـەوە، خـزم و کەسـوکاری دەس بـەجێ لیـی ئەکەوتنـە خـۆ، یـا لەشـکری عەجـەم وەیـا کۆڵـەمنیان ئـەکردن بەگـژاو دەریـان ئەپەڕانـد. معامەلـەی خالیـد پاشـا لـە حـەق عەبـدولرەحمان پاشـا، وحەرەکەتی حەسەن بەگ دەرحەق مەحمود پاشا میثالێکی ئەم نەوعە ئەحواڵەیە. لەبـەر ئەمەیـە کـە حکومـەتی بەبـە، لـە ذەکـاو جەوهـەری بـەعـضێ حاکمـانی بەناوبانگی نەی توانیوە ئیستفادە بکاو خۆشیو وڵاتەکەشی فەوتاندووە.

**زەراعەت و فەلاحەت :**

مـستەر ڕیـچ، دەر حـەق بـە زراعـەت و فەلاحـەتی دەوری بەبـە وباخـصوص زەمـانی مـەحمود پاشـای عەبـدولرەحمان پاشـا بـەعـضێ مـەعلوماتی بـاش ئـەدا وخولاصـە ئـەڵێ: " لـە دوای ئەمـە کـە لـە دەربەنـدی تاسـلوجە پـەڕین و نزیکـی سەرچـنار بووینـەوە مـەزروعاتێکی زۆر گـەنم و جـۆ و مـەرەزەمان دی، و ئەمـە تـا سەرچنار بە بـەعـضێ فاصیلە دەوامـی کـرد، دۆڵـی چەمی( تانجـەرۆ) تـا سیروان چێنرابوو، و زۆریشی مەرەزە بوو. لـە ئیعتبـاری سەرچنارەوە مـوڵکی یـونس بـەگ

دەسی پێئەکرد کە لە طەرەف مەحمود پاشاوە پێی بەخشرا بوو. مەزروعاتی ئەم موڵکە، مەرەزە، پەموو، توتن و بەعضێ دەغڵ و دانیتر بوو.

مستەر بیلی فرایزەر، لە ١ی کانونی ئەوەلی ١٨٣٤ دا لە ( ورمێ = ئورمیە) ەوە بەسەر (سەردەشت)دا هاتۆتە (سلیمانی). دەرحەق شارەکە ئەڵێ: لە چۆڵی بەینی (سەردەشت ) و (سلیمانی) متحەیر بووین، بەلاّم کە گەیشتینە سلیمانی زیاتر سەرمان سوڕما، لە عومری خۆما قەت وێرانەی واپەرێشانم نەدیبوو. بەناو وێرانەیەکی زۆردا بەینێك ڕۆیشتین تا گەیشتینە ماڵی پاشا، یاخود سەراکە، ئەویش لە حاڵی وێرانیداو بەغەیری لایەکی کە حەرەم بوو، غەیر قابیلی سوکنا بوو. پاشا بە نەفسی خۆی لە دەرەوەی شارو لەناو خێوەتدا ئەژیا. ئەو جێگەیە کە بۆ ئێمە حاضر کرابوو، خانوویەکی لە قوڕ دروستکراو بوو وە ماڵی یەکێ لە پیاوە ماقوڵانی پاشا بوو، کە لەم ڕۆژانەدا نێرابووە (تەبرێز). هەر چۆنێ بوو خۆمان ولاّخەکانمان تیا جێگیر بووین. پاشا هەزار کەسێکی بۆ بەخێر هاتنمان ناردو ئێوارەیش نانی بۆ ناردین.

سیاحەتی ئەم دوو ڕۆژەی دواییەم بەڕاستی زۆر خۆش بوو. طەبیعەت هیچی لەم ولاّتە دریغ نەکردووە. بێ شوبهە لەمەوپێش جێوڕیی ئەهالیەکی مەسعود بووە. چونکە لە خانووی وێرانی ودێهاتی چۆڵی، باغاتی تر لە دارو ئاوداری، خوڕە خوڕی ئاوی، وڕەزانی دەوری شار وا دەرئەکەوت. مەنظەرەی ئیمڕۆی ، کە عیبارەت بوو لە بێدەنگی و تەنهایی و یڕانەیەکی غەیر طەبیعی، زۆر دڵسۆز بوو، کاتێ ئینسان تەماشای ڕووی مردوویەك ئەکا کە جەفاو ئازارێکی زۆری چەشتووە.

وادایار بوو کە ئەم ولاّتە دەورێکی سکون و ئاسایشی نەدیووە. کەمی ئەهالی چەند سەبەبێکی هەبوو. یەکێکیان طاعونێکی سێ ساڵ لەمەوپێش بوو کە قڕی تێخستبوو لە دوای طاعون، طاعونی هاتنی لەشکری عەجەم ڕوویداو ئەم لەشکرە پاش ماوەی طاعونی لەناوبرد هەموو دێهاتی و ڕەهگوذاری وێران کردو بەم تەرحە ئەم ولاّتە هیچی تیا نەما. لە خوارەوە باسێکی بەقایای ئەم مەصائیبە کە بەسەر ولاّتی سلیمانیدا هاتووە، ئەکەین.

ئیمڕۆ چەند ضابطیکی عەجەم کە بەسەر عەسکری (تەبرێز) ەوە بوون، هاتنە لام. دەر حەق بە حکومەتی بەبە بەعضێ مەعلوماتیان دامێ. لە دوای ئەوان چووم بۆ زیارەتی پاشا( سلیمان پاشای عەبدولرەحمان پاشا)، کە لە خێوەتەکەی دابوو. بەعضێ پیاوە ماقوڵی لە دەور بوو وەضعیەتی عمومیەی جێگەو ڕێگەی عەلعادەو بەسیط بوو، چونکە لەوە زیاتری بۆ نەئەکرا. حکومەتە بچووکەکەی سلیمانی، نە دەوڵەمەندو نە بە قوەت بوو وە لە دەوری ئاخیریدا بوو بووە مەرکەزی ئەنواعی مەصیبەت و بەدبەختی. وە ئەم مصائیبە خستبوویە حاڵێکی زۆر فەقیرو ضەعیفەوە. ئەوەل سەبەبی ئەم حاڵە ناکۆکی ورقەبەری بەینی ئەعضای ئەم خانەدانەو شەڕو شۆڕی داخلی بوو، دوو برا بۆ ڕیاسەت هەوڵیان ئەداو ئەمە بە طەبیعەت ئەبووە سەبەبی مداخەلەی غەیرە. لە پێشدا ئەم حکومەتە جوێو سەر بەخۆ بوو، بەلاّم بە سەبەبی ئەم مداخەلەیەوە کەوتە ژێر دەسی حکومەتی (کرمانشاه=کرماشان) کە بەدەس محەمەد عەلی میرزاوە بوو. ڕقەبەری و هەرای داخلی لەگەڵ ئەمەشدا دەوامی کرد لە دوای مردنی محەمەد عەلی میرزا، ئەمیری ڕەواندز هەڵی کوتایە سەر موڵکی بەبەو بەشێکی زەوت کردو ئەمە بووە سەبەبی تێکچوونی محەمەد پاشا لەگەڵ حکومەتی تەبرێزدا، چونکە حکومەتی ئاذەربایجان، لە دوای مردنی محەمەد عەلی میرزا، ولاّتی بەبەی خستبووە ژێر نفوذی خۆیەوە. سلیمانیی بەد بەخت، بەم تەرحە لەلایەکەوە ڕەسم و وێرگۆی بە حکومەتی بەبە ئەدا لەلایەکی تریشەوە لەشکرێکی ئێرانی بە خێو ئەکرد. لە دوای ئەمە طاعون کەوتە ولاّتەکەوەو نیوەی نفوسی ولاّتەکەی لەناوبرد. باقی ئەهالی کە نە لە حکومەت و نە لە عەشائیری دراوسێ معاونەتێکیان نەدی و ناعیلاجی و بە سەبەبکاری تەرکی ولاتەکەیان کردو چوونە ڕەواندز، کەرکوك، هەولێر ونەواحی شیمالی حەمرین. وە حکومەتی ئێران بەم تەرحە نفوذی خۆی کەم و نفوذی دوشمنانی لەم ولاّتەدا زیاد کرد. پاشای بەدبەخت، بە ڕەغمی مهاجرەتی ئەهالی، دیسانەوە هەر لە ولاّتەکەدا بە ناعیلاجی مابووەوە، و لە ناو ئەنقاضی حکومەتە بە شەوکەتەکەیدا بە تەواوی شڵەژا بوو وە قودرەتی ڕەدکردنەوەی تەکالیفی

ئێرانی نەما بوو، لەبەر ئەمە نەبوونی ماڵ و طاقمێکی مناسب لە خێوەتی پاشادا، نابێ باعثی حیرەت بێ. لەبەر ئەمە ئەهالیەکەی لەمنیان پرسی عەجەبا بەڕەو فەرشم هەیە کە لە هۆدەکەمدا ڕای بخەم؟

بە طەبیعەت کەسێك بەڕەیەکی نەدامێ چونکە نەبوو. پاشا، لەگەڵ ئەمە کە کورد بوو مەعلوماتێکی باشی بوو. قیافەت و ظەواهیری لە کورد زیاتر لە عوثمانلی ئەچوو. دەرحەق بە حکوماتی ئەوروپاو مناسەباتی بەینی ڕوسیەو بابی عالیو محەمەد عەلی پاشای لێپرسیم حەتا دەرحەق بە ئەمریقاش کەمێ زۆری مەعلوماتی بوو وە لەم خصوصەوە لە ئێرانیەکانی ئەوێ و پیاوەماقوڵانی خۆی زۆر لە پێش بوو( جلدی ٢، فەصلی ٦).

مستەر فریزەر، کە لە سەردەشتەوە بە سەر (ئاوەکورتێ)و ( قەیوان)دا هاتۆتە سلیمانی، ئەڵێ، لەم ڕێگەیەدا زۆر دێهاتی چۆڵمان دیو بە غەیری سێ ماڵ موهاجری ڕەواندز کە لەسەر ( ئاق صوْ = زاب الصغیر )ونزیك ڕێگەی سەردەشت — سلیمانی) لە وێرانەیەکدا ساکن بوون، نە ئینسانێك و نە گوندێکی ئاوەدانمان دی. ئەوەی کە لە طاعون نەجاتی بوو بوو لە ظوڵمی لەشکری عەجەم ڕای کرد بوو. نەفسی ( سەردەشت) صەد ماڵێکی فەقیرو هەژاری بوو. عەبدولصەمەد خانی حاکمی سەردەشت، لەم خصوصەوە زۆر سکاڵای کردو گوتی حکومەتی ئاذەربایجان لەم گوندە وێرانە ساڵی پێنج هەزار تومان تەحصیل ئەکاو لەلایەکی تریشەوە سەربازی عەجەم ڕووتیان ئەکاتەوەو هیچیان بە دەسەوە ناهێڵن.( فەصلی پێنجەم).

لە فەصڵی شەشەمدا، ئەڵێ: سەرتیپ محەمەد خان، لەگەڵ قوەتێکی لە چوار صەد سەرباز کەمترو هەشتا نەفەری طۆپچیو پێنج طۆپی جەبەل لە سلیمانی بوو. ئەم قوەتە، بۆ محافەظەی سلیمان پاشا بەرامبەر بە مەحمود پاشای برای لێرە هێڵرا بووەوە. لە دواییدا باسی فیشاڵ و خۆهەڵکیشانی ئەم سەرتیپیەی دوورو درێژ نووسیوە.

فرازەر، لەلایەکیتر باسی فەقیری سلیمان پاشا ئەکاو ئەڵێ سەرتپ داوای دوو صەد تومانی لێکرد بوو بۆ عەسکەرەکەی. بەڵام پاشا هەر چەند هەوڵیدا بۆی پەیا نەکرا( لاپەرە، ١٦١).

لـه دواییـدا ئـەم سـەیاحە لـە ٣ تـشرینی پـانی ١٨٣٤دا لـە سـلیمانی هاتۆتـە دەرەوەو چۆتە قـەرەداخ ئـەڵێ ئـەم دێیـە دوو صـەد ماڵێك و لەسـی بەشـی دووی جۆگەلـە بـوو. لـە دواییـدا بەسـەر ( جافـەران) دا وبـە( سـەگرمە)دا چـووە بـۆ كفری، وباسی دێهاتی چۆڵ و وێرانـی ولآتەكە ئەكا. دەرحـەق سـلیمانیش ئـەڵێ لـە پێـنج هەزار ماڵی تەنیا هەزار وپێنج هەزار ماڵێكی نیوە وێرانی تیاما بووەوە.

ظاهیر وایـە كـە نـا ئـەمینی ومـاڵ وێرانـی ولآتـی سـلیمانی، لـە دەوری سـلیمان پاشادا بووە. چـونكە ڕۆسـتەم ئاغـای ڕەئیـسی عەشـیرەتی زەنگەنـە بـە ( فرازەر)ی گوتـوە، كـە لـە دەوری عەبـدولرەحمان پاشـادا لـە ( سەردەشـت) تـا (كفـری) و لـە (كۆیـە) ەوە تـا ( بانـە) ئەمنیـەتێكی فەوقەلعادە هـەبوو، دزو جـەردە نـەما بـوو. ماڵ وێرانیو بەدبەختی ئێمە لە نەتیجەی شەڕو هەرای بەینی دوو بـرا یـەعنی سـلیمان پاشاو مەحمود پاشایە( لاپەرە، ١٨٠)

مستەر ڕیچ، دەر حەق بە فەیض و بەركەتی زراعەت پرسـیاری لـە عومـەر ئاغـاو مەحمود ئاغـا كـردووەو گوتویانـە: بەرەكـەتی تـۆی گـەنم لـە بـەینی یـەك بـە پێـنج و یـەك بەدەیـە، نادرێـك بـەپانزە ئـەبێ. لـە عـەینی زەویـدا گـەنم وجـۆش ئەچێنرێو هەمووی دێمە. نەوعی گەنم هەیە كە ( بەهارە)ی پێ ئـەڵێن و لـە بەهاردا ئەچێنرێ و ئەبێ ئاو بدرێ. زەوی دەشتی پێویستی نۆبـەتی نییـە، تـەنیا تۆوەكـەی ئـەگۆڕێ یەعنی ساڵێك گەنم و ساڵێك جۆی تیا ئەچینرێ. بەلآم زەوی شـاخی ئـەبێ ساڵێك بـچێنرێ و سـاڵێك بەحەسـێتەوە. پـەمو، دوو سـاڵ لـە سـەریەك لـە زەویەكـدا نـابێ بچێنرێ بەعضێ مەزروعاتی توتنیشی بە فاصیلە ئەبێ.

پـەموو، پێویـستە لـە زەوی پـڕ ئـاودا بكـرێ، بـەلآم لـە بـەعـضێ جێگـەی شاخستانیـشدا بـە دێـم ئـەبێ. تەسمیـد، عادەتـەن هـەر بـۆ ڕەز و تـووتن لازمـە. وە مەرەزە تەنیا لە چەند ساڵێكدا یەك جار لـە زەوی دێمـدا ئەچێنرێ، بـەلآم لەعـەینی زەویدا لەجێی مەرەزە گـەنم ئەچێنرێ. ئەساسـی مەركـەزی مـەرەزە ، شـارەزوورە. عومـەر ئاغـا، خـۆی بـەعـضێ كەتانیـشی چـەندووە و تۆوەكـەی لـە میـصرەوە هێنراوە.، بێجگە لەمانە بەعضێ حبوباتی تریشی لە كوردستاندا ئەچێنرێ".

" ئیحتیاجی میوەی کەرکوك لە سلیمانیەوە تەئمین ئەکرا، بۆ ئەم مەقصەدە بەعضێ لە توجاری کەرکوکی ئەهاتنە سلیمانیو سەلەمیان لەگەڵ لادێی ئەکرد. مەحصولاتی هەنگوینی هەرە باش مەخصوص کوردستان بوو. دارگوێز، لەم ولأتەدا وەباخصوص لەناو دارستانی دارو بەڕووی قەرەداغدا زۆر زۆر بووەو لەوێوە بۆ کەرکوك و موصل ئەنێررا. گەزۆی داربەڕوش مەشهورە، بەلأم ئەوەندە نییە. گەزۆ دوو نەوعە، نەوعێکی لە سەر بەرد کۆ ئەکرێتەوەو لە گەزۆی گەلأ پاکتر وباشترە. مەوسمی گەزۆ، ئاخیری مانگی حوزەیرانەو لە سەبەینییی شەوێکی فێنکدا کۆ ئەکرێتەوە".

مستەر ریچ، لە جێگەیەکی تریشدا بە تایبەتی باسی باغات و تووتنی شاربازێڕ ئەکا( لاپەرە ١٦٢). لەدوای ئەمە مەدحی زراعەتی پەمۆی دەشتی قزڵجەشی بەگەرمی کردووە.

**ئەحواڵی جوغرافیە :**

لە حاشیەی ( لاپەرە،٢٧٢)دا دەرحەق بەجوغرافیای ولأتی بەبە ئەڵێ لە ئیعتباری حدودی بەغدادەوە وەکو خوارەوە بوو:

" داودە، لەچوار سەعاتێکی (کفری) یەوە دەس پێ ئەکا. دەلۆ، زەنگەنە، کوم، زون وەیا زەند، شێخان، نورەو چەمچەماڵ، چیا سەوز، کوچمالە، شوان، چبوق قەلأ، عەسکەر، قەلأسێوکە، گردەخێر، بازیان. بێینەوە سەر قەرەداخ کە لە غەرب وشیمالەوە هاوحدودی دەلو وزەنگەنەیە. منتەهای جنوبی دیالەیە. دەربەندی ( بانی خێلأن) ی دیالە لە شاخی قەرەداخ دایە. ئەم مەنطقەیە واسیعەو زۆر ناحیەی هەیەو یەکێ لەوانە بانی خێلأنە کە بەدزیایش مەشهورە، و گەورە قەلأش لەو ناحیە دایە. وارماوا، سەرچنار، (سلیمانیە لەم مەنطقەیە دایە). سورداش، مەرگە، پشدەر، زێی کۆیە، بەبەر پشدەرو مەرگەدا ئەڕوا. مەنبەعی ئەم چەمە لە چوار پێنج سەعاتێکی ( سابلاخ)ەوەیە. گەلأڵە، شینك، ماوەت ، ئالان، سیوەیل، سەرئاوو میراوا، هاو حدودی (ماوەت)و ( سیوەیل) و (ئالان)ە. باڵخ، گاپیلۆن، شاربازێر، بەرکەوە، سرۆچك، گوڵعەنبەر، هەڵەبجە، (هاوحدودی گوڵعەنبەر، جوانرۆ، و زەهاوە).

شەمێران، مەنطقەیەکی شاخستانەو لەوبەری دیالەیە. چەوتان، خراوەتە سەر قزڵجە. قزڵجە، تەرەتول، قەرەحەسەن، گاه مەربوطی بەغدادو گاه مەربوطی بەبەیەو هاو حدودی کرکوك و لەیلان و چەمچەماڵ وشوانە.

ئەم مەعلوماتی عومەر ئاغایە کە دەرحەق بە جوغرافیاو تەقسیماتی ئیداریەی بەبە دراوە، ئەوەندە ڕێك وپێك نییەو ناتەواویشە، چونکە هەموو حدودی بەبەی نەگرتووە. بیٚ شوبهە ولاٚتی بەبە لەمە گەورەتر بووە. مستەر ڕیچ خۆی لە ( لاپەرە، ١٥٧) دا ئەڵیٚ: لە پێش زەمانی سلیمان پاشای گەورە ( والی بەغداد) دا ولاٚتی بەبە زۆر واسیع بوو وەتا زەنگ ئاباد، مەندەلی، بەدرەو جەسان ئەچوو، ئاڵتون کۆپری و هەولێریش لەژێر حوکمی بەبەدا بوو. لە زەمانی خانە پاشادا ولاٚتی سنەشیان بە دەسەوە بوو.

# دوای دەوری بابان تا زەمانی ئیحتیلال

لە دوای نێررانی عەبدوڵلاٚ پاشای بابان" قائمقامی سلیمانی"، بۆ ئەستەمول، ئیدارەی ولاٚتی بابان ڕاستەو ڕاست کەوتە دەس مەئمورینی عوثمانی. لە پێش تەشکیل کرانی ولاٚتی موصل، تەعبیری ( شەهرەزوور)ی ڕەسمی تەنیا بۆ ولاٚتی بابان و کەرکوك بوو، بەلاٚم لە دوای ئەم تەشکیلاتە عینوانی " شەهرەزوور"درا بە لیوای کەرکوك، قەضاکانیشی: کەرکوك، ئەربیل، ڕانیە، ڕەواندز، کۆیسنجەق و صلاحیە بوو.

شارەزووری تاریخیش لە شکڵی قەضایەکدا خرایە سەر لیوای سلیمانی. دەرحەق بە دەوری دوای بەبە مەعلوماتێکی تەواومان نییە. لەگەڵ ئەمەشدا لامان وایە کە لەم دەورەدا بە غەیری بەعضیٚ حادیثات و هەرای بەینی عەشائیر، شتێکی موهیم ڕووی نەداوە. تەنیا ئەمەندە هەیە کە لەم دەورەدا نفوذی سادات بەرە بەرە زیادی کردووە. سەبەبی ئەمەش زیادی ڕەغبەت و تەعصوبی دینی ئەهلی ولاٚتەکەو حورمەت و مەربوطەتیان بۆ سەلالەی طاهیرە بووە. لە دەرجەرەیەکی وادا کە ئیطاعەتی ساداتیان بە واجباتی دینیە ئەزانی. واقیعەن

ساداتیش موقابیل بەم حورمەت و ئیطاعەتە تا وەفاتی حەضرەتی حاجی کاك ئەحمەدی مەرحوم لە معاونەت و ئیرشادی خەڵکەکەو لە حیمایەی ضوعەفاو فوقەرا قصوریان نەئەکرد، مەیدانیان بە ظوڵم و خراپە نەئەداو لە هەموو حاڵێکی تەنگیو داماویدا بە فریای خەڵکا ئەگەیشتن. لەلایەك ئەم حاڵەو لە لایەکی تریشەوە دەوری سادات ومەشایخ لە ئالآیشی دنیوییو مەشغول بوونیان لەگەڵ علم وطاعەت و عیبادەت، موحبەت و ئیخلاصی خەڵکەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی کرد، ئەم حاڵە لە دەوری حاجی کاك ئەحمەد( ڕەحمەتی خوای لێ بێ)دا گەیشتە دەرجەی نیهایەت. نموونەیەکی موحبەتی خەڵك لە حەق مەرحوم ئەمە بوو کە لە ڕۆژی وەفاتیدا هەموو خەڵکی شارەکە بە گریان شوێن جەنازەکەی کەوتن و زۆر باش لە فکرمە کە مندالانیش لە گریان و شیوەندا شەریك بوون و، ئەم شێوەنە چەند ڕۆژێك دەوامی کرد.

ئەم حاڵە زۆری پێ نەچوو گۆڕاو لەو ڕێگە باشە کەمی زۆری لادرا ظوڵم و خراپە کەوتە ناویانەوەو ترس و خەوف لە دڵی ئەهالیدا پەیا بوو، ڕەقابەت و دوژمنایەتی کەوتە بەینی شێخانەوە. ئەمنیت و ئاسایش لەولآتەکەداو حەتا لە نەفسی شاری سلیمانیدا نەما. جەردە و دز زۆر بوو تەشقە لەو جەریمەیە دەسی پێکرد. نفوذی حکومەت نەما. مەمئمورینی بێکارە وبێ ئەخلاق لەگەڵ پیاو خراپا بوو بە شەریك و هەردوولا بۆ وێرانی ولآتەکەو بۆ ذەلیل کردنی خەڵکەکەی ئیتفاقی کرد، خولآصە ئەوەی مومکنی بوو سەری خۆی هەڵگرت و ڕووی کردە ئێران وە یا کەرکوك وە ئەم حاڵە تا دەوری ئیحتلال دەوامی کرد.

ظروف و ئەحوال بۆ تەصویری حادثاتی ئەم دەورە هێشتا ئەوەندە مساعید نییە. ئەوانەی کە ئەیانەوێ کەمێ زۆرێك شارەزای ئەحواڵ و وەقایعی ئەم دەورە بن لازمە تەماشایەکی ڕابورەکەی میجەرسۆن[٩١] و بەعضێ ئاثاری تر بکەین.[٩٢]

---

[٩١] ڕاپۆر لە حەق لیوای سلیمانیی کوردستان. لاپەرە ٩٨-١٠١.

[٩٢] تاریخ مقدرات العراق السیاسیة، امین العمری، جلد ٢، لاپەرە (١١٨-١٣٧). مەزۆپوتامیا، ١٩١٧-١٩٢٠. قائممقام ویلسن، جلد ١،٢.

**عەشائیری ولآتی سلیمانی**

عەشائیری ولآتی سلیمانی، وەکو ئەیزانین، جاف، پشدەری، هەمەوەند، ئیسماعیل عوزێری، چنگنیو بەعضیٚ عەشایری دراوسێیە کە لە خوارەوە یەکە یەکە باسیان ئەکەین.

**( أ ) جاف :**

بە گوێرەی تەدقیقاتی مێجەرسۆن[٩٣] ، وەضعیەتی ئەم عەشیرەتە لە پێش حەربی گەورەدا ( ١٩١٤ – ١٩١٨م) وەکو لەم جەدولەدا نیشانی ئەدەین وابووە:

| ناوی فرقەکانی | عەدەدی ماڵ | قوەت | | |
|---|---|---|---|---|
| | | سوارە | پیادە | ملاحەظە |
| هاڕونی | ٨٠٠ | ٣٠٠ | ٤٠٠ | گەڕۆکە |
| ئیسماعیل عوزێری | ١٥٠٠ | ٧٠٠ | ١٥٠٠ | = |
| مکایەلی | ٢٠٠٠ | ٧٠٠ | ١٥٠٠ | = |
| رەشوبۆری | ١٠٠٠ | ٥٠٠ | ٤٠٠ | ٢٥٠ |
| ماڵێکی لەتەپە چەرمگدا دانیشتووە باقی گەڕۆکە. | | | | |
| تەرخانی | ٥٠٠ | ٢٠٠ | ٢٠٠ | |
| بەشێکی موقیمی (سەید خەلیل)و بەشێکی گەرۆکە | | | | |
| شاتری | ١٨٠٠ | ٨٠٠ | ٩٠٠ | گەڕۆگە |
| صادانی | ٣٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | = |
| باداغی | ٢٥٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | = |
| باشکی | ٣٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | = |
| ئامالە | ٤٠٠ | ١٠٠ | ٢٠٠ | گەڕۆکە( ڕەنگە عاملەبی) |
| یوسف جانی | ٥٠٠ | ١٠٠ | ٢٠٠ | = |
| نەورۆڵی | ١٥٠٠ | ٤٠٠ | ٥٠٠ | = |

[٩٣] دەرحەق بە عەشائیری کوردستانی جنوبی، مەعلومات. لە ١٩١٨دا، لە بەغداد طەبع کراوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کەمالی | ٥٠٠ | ١٥٠ | ٢٠٠ | لەشارەزووردا جێگیر بوون |
| یەزدان بەخشی | ٩٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | گەڕۆکە |
| تاوەگۆزی | ٢٠٠ | ٣٠ | ٧٠ | |
| لە تاوەگۆز جێگیر بوون | | | | |
| گەلاڵی | ٢٠٠٠ | ٧٠٠ | ١٤٠٠ | |
| گەڕۆکە( چواریەکێکی تابعی پشدەرە) | | | | |
| پشت ماڵە | ٥٠ | ١٠ | ٢٠ | = |
| بێسەری | ٢٠٠ | ٥٠ | ١٥٠ | = |
| یاروەیسی | ٢٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | = |
| شێخ ئیسماعیلی | ١٠٠٠ | ١٠٠ | ٧٠٠ | = |
| عیسایی | ٣٠٠ | ٧٠ | ٢٥٠ | = |
| صوفیەوەند | ٦٠ | ١٠ | ٢٠ | |
| لەنزیك صەلاحیە لە داری ئیمام عەلیدا ساکنە | | | | |
| مەجموعی | ١٦٢٦٠ | ٥٤٢٠ | ٩٤١٠ | |

**جێگەیان :**

بەشی گەرۆکی ئەم عەشیرەتە گەورەیە لە زستاندا لە غەربی سیروانداو لە (بانی خێلان)ەوە تا بەرامبەری قزرباتدا داگیر ئەکاو لە بەهاردا بەسەر شارەزوورو ( پێنجوێن) دا ئەچێتە نزیك ( سنە). فرقەی (باداغی)و (صادانی) بەعضەن لە (هۆرێن )و (شێخان)دا ئەمێنێتەوە.

**ئەوصاف و عاداتیان:**

ئەم عەشیرەتە، هێشتا لە حاڵی ئیبتدائی دایە حەز لە قەیدی قانونی ناکاو شەڕ فرۆشە. وە هەر وەقتێ فرصەتی بۆ هەڵ کەوت شەڕ دائەگیرسێنێ. لەناو فرقەو خێلاتیدا بەعضێ عەشایری تریش هەیە. متحیدانە حەرەکەتیان زەحمەتە وە یا غەیر مومکینە. هەر فیرقەیەك تابعی ڕەئیسی خۆیەو سەر بەخۆیە. ئەمەیان عەجایبە کە لەناویانا هیچ فرقەیەك نییە کە تاپۆی بکرێو قوەتی پێبشکێ لەگەڵ عەشیرەتێکی

غـەیری جافـدا دۆسـتایەتی بکـا. لەبـەر ئەمـە هـەر چـەند فرقەیـەکیان دائیمـەن بەیەکـەوە ئەگـەڕێن تـا بەرامبـەر بـە عەشـایری تـر ضـەعیـف نەکـەون. تـا ئـەمینی وخراپـەکردنی عەشیرەتی جاف، بووە سەبەبی جۆبوونـەوەی بـەعضیّ خێڵی بـاش بـاش و ڕۆیشتنیان بۆ جێگایانی ڕاحەت و ئەمین. بـەعضیّ لـەو خێڵانـە ئەمانـەن: قوبـادی، باباجانی، وەلـەد بـەگی، ئانیـاخی، ئیمـامی، دارەوەشـی، دلـەتازە، میـرە بـەگی، دایـە تـیری، نامـدار بـەگی، تایـشایی، قـادر میروەیـسی، یوسـف یـار ئەحمـەدی، کویـك، گورگـەکێش، نـایرزەهی، شەرەف بەیانی. ئەم خێڵانە ئیستا کە هەر یەکە عەشیرەتێکی سەربەخۆیەو حالّ چاکن.

لـەم خێڵانـە دەی ئـەوەلیان یـەعنی لـە (قوبـادی)یـەوە تـا ( نامـدار بـەگی) لـە (جوانڕۆ) دا ماونـەوەو تـابعی ئـەمرو نـەهی والی (سـنە)ن، بەشـی زۆری لـە گـەڕۆکی وازی هێناوەو لە دێهاتاندا دانیشتوون و بە زراعـەت و فەلاحـەت وەقت ڕائـەبوێرن. بەشێکیشی هاوینان ئەچنە کەژەکانی دەوری ( زەهاو).

شــەش خێڵەکــەی تــریش چــۆتە عەشــیرەتی( گــۆران)ەوەو بوونــە تــابعی سولطانی گۆران. تەنیا قۆڵی شەرەف بەیانی لەم دوو کۆمەڵە جویّ بوونەوەو هاتـە شــیمالی عەشــیرەتی باجــەلان و ناحیــەی (هــۆرێن – شــێخان)ی ئیمــڕۆو بەسەربەخۆیی وەقت ڕائـەبوێریّ. بەشێکی ئـەم عەشیرەتی جافـە کەوتۆتـە ولاّتـی ( یەمەن)، چۆن وکەی چووە مەعلوم نییە. نفوسی ئـەم عەشیرەتە بێجگـە لـە باجـەلان و شەرەف بەیانیو جاڤ یەمەن و شام بە ٢٠٠٠٠ ماڵێك وە یا ١٢٠٠٠٠ کەسێك دانراوەو ڕەنگە جاڤ عیراق نیوەی بیّ.

عەشایری جاف هەموو سونی مەذهەبن، بەلاّم عەقائیدی عـەجاییبیان هەیـە. خێڵی (بارام بەگی)و (وەلەد بەگی) هەر بـەناو تـابعی مـەحمود پاشـا بـوو. لـەوەقتی شەڕدا هەریەکی هەشتا تا صەد سوارەیان بۆ مـەحمود پاشـا ئـەنارد لـە خوصـوص تـیرەی تـردا بـە تـەواوی سـەربەخۆن. قـوەتی جـاڤ تورکیـای زەمـانی مێجەرسـۆن ٤٠٠٠ تفەنگێك ئەبوو

**تەئریخچەی ئەم عەشیرەتە:**

کەریم بەگی فەتاح بەگ، لە باسی تەئریخی عەشیرەتی جافدا ئەڵیّ:

جـاف مـرادی، لـه زەمـانی سـولطان مـرادی چـوارەمدا هاتوونـه خـاکی بەبـه ( ١١٤٥هـ)، و مودەتێـك لـەوێ ماونـەوەو لـه پاشـدا چـوونەوه ( جـوانرۆ)و، لـه جێگەیەکدا لـه شـارەزوور( گـەلاڵی) ئەمێنێتـەوه، لـه دواییـدا ظـاهیر بـەگ وطـاهیر بەگی کوڕانی یار ئەحمەد بەگ( کوری سەیفوڵلا بـەگی کـوڕی سـەید ئەحمـەد بـەگی ڕەئیـسی جـاف) بەچـوار صـەد ماڵێکـەوه دێتـه ( بـانی خـێلاّن)کـه لـه قـەضـای صـەلاحیەدایه(١١٥٠هـ). لـەم تەئریخـەدا( شـارەزوور) بـەدەس عەشـائیری گـەلاڵی، مەندمی، گەڵباخی، کەڵهور، تیلەکۆ و بلباسەوه ئەبێ.

ظاهیر بـەگ، بـەره بـەره بـه مهاجرینی جاف (جوانرۆ) قووەت پـەیا ئـەکاو هـەزار ماڵێـك پێکـەوه ئـەنێ. و لـه فرصـەتێکدا لەسـەر طـەڵـەبی حـاکمی بەبـه چـل جـەردەی ئـەو نـاوه ئـەکوژێ و حـاکمی بەبـه لەسـەر ئـەم خـذمەتـە(بـانی خـێلاّن) و (دزیایش)یان ئەداتێو لەوێ جێگیر ئەبن، ئەمانه بەرەی (شاطری )ن.

ظـاهیر بـەگ، لـه ١١٦٥ی هیجریـدا ئـەمری خـوا بەجێئـەهێنێو. ظـاهیر بـەگیش مـدەتێك لـه پـێش مردنـی کاکیـدا ئەچـێته شـام و لـەوێ جێگـیر ئـەبێو ئێستەش لەوێ نەتەوەی ماوه.

لـه کـوڕانی طـاهیر بـەگ، سـلیمان و قـادر بـەگ لـه شـەڕێکدا عەشـایری شـارەزوور ئەشـکێنن و جێگـه کـەیان لێـزەوت ئەکـەن و لـەدوای ئەمـه عەشـایری جاف جوانرۆ، نزیك پانزه هەزار ماڵێك دێنه شارەزوورو جێگیر ئەبن.[٩٤]

له دوای سلیمان بەگ و قادر بەگ، ڕیاسـەتی جاف، ئەکەوێتـه دەس قادر بـەگ و کەیخـسرەو بـەگی کـوڕانی سـلیمان بـەگ و ئـەم دوو ڕەئیـسه تەصـادوف دەوری سلیمان پاشای باوکی ئەحمەد پاشای کردووه (١١٢٤٣-١٢٥٤ی هیجری).

له دوای کەیخسرەو بەگ، سلیمان بـەگی کوڕی بۆتـه ڕەئیس و لـه تـەئریخی ١٢٤٥دا که لەشکری ئەردەلاّن و ئێـران هاتنـه سـەر سلیمانی، عەبدوڵلا بـەگی بـرای سلیمان بـەگ به دوو هەزار سواری جافەوه دێت بۆ یارمەتی سلیمان پاشاو لەشکری لـه (گرده گروێ)

---

[٩٤] میجەرسۆن، ئەڵێ: له تەئریخەکەیدا والیی ئەردەلاّن لەشکر ئەکاته سەر جوانرۆ وه لەگەڵ عەشایری جاف شەڕ ئەکا و ڕەئیسەکەیان ئەکوژێ. وه بەشی زۆری جاف له دوای ئەم شەڕه هاتوونه شارەزوور وه نزیك ١٠٠٠٠ ماڵێك بوون وه (موورادی)یان پێ ئەگوتن (١٨٠٠م).

ی نزیك سلیمانی دەشكێو عەبدوڵلا بەگی كەیخسرەو بەگیش زامار ئەبێو هەر بەو زامەوە وەفات ئەكا. لە دوای ئەم شەڕە مودەتێكی بە طول ڕیاسەتی سلیمان بەگ دەوام ئەكاو قادر بەگی برای بۆ جێگیربوونی عەشیرەتی جاف خدمەتێكی زۆر ئەكا لە دوای وەفاتی سلیمان بەگ ڕیاسەتی جاف ئەكەوێتە دەس محەمەد بەگی برایان كە هێشتا منداڵ ئەبێ(١٢٤٨ی هیجری).

ظاهیر وایە كە ئەحمەد پاشای بەبە لەگەڵ محەمەد بەگدا بەینی چاك بووەو ویستوویەتی ئەحمەد بەگی وەلەد بەگی ، كە خاڵۆی بوو، بكا بە ڕەئیسی جاف. بۆ ئەم مەقصەدە ویستوویەتی بە فێڵێك محەمەد بەگ بگرێو دەعوەتی كردۆتە سلیمانی، بەلاّم محەمەد بەگ نەچووەو چەند بەگزادەیەكی خزمی ناردووە. ئەحمەد پاشا، ئەم بەگزادەنە ئەگرێ و لە كۆیە حەپسیان ئەكا. بەرامبەر بەمە محەمەد بەگیش ئەچێتە ئەردەلآن. بەلاّم بە سەبەبی خزمایەتی ئەحمەد بەگی وەلد بەگ و والی ئەردەلآن، لەوێ كەجایشی نابێ و دێنە دەوری (قزرابات)و (خانەقی)و خۆشی ئەچێتە لای والی بەغدادو حكومەتی بەغداد زۆر حورمەتی ئەگرێو لەگەڵ عەشائیری جافدا لە دەوری (قزرابات)جێگیریان ئەكا لە دوای سێ ساڵ لەگەڵ ئەحمەد پاشا ئاشت ئەبێتەوەو دێتەوە شارەزوورو تا نیهایەتی دەوری ئیمارەتی بەبە ( ١٢٦٤ ی هیجری)، بەم نەوعە دەوامی كرد. وەقتێك كە سەردار عومەر پاشا، بۆ تەنظیمات و تەشكیلاتی ئیدارە هاتە خاكی بەبە ویستی ڕەسمێك بخاتە سەر جاف و محەمەد بەگی تەهدید كرد. وە لە پاشدا لە سەر ڕەسمێكی چل یەكی لە مەڕو بزن ڕێكەوتن و بەم تەرحە ڕیاسەتی جاف و قائممقامیەتی (هەڵەبجە) تا ١٢٩٠ی هیجری بە دەسیەوە ما. لەم تەئریخەدا والی بەغداد، مەحمود بەگی كوڕی محەمەد پاشای بانگ كردە بەغدادو تەكلیفی ئیسكانی جافی لێكرد. مەحمود بەگ قبوولی نەكردو گەڕایەوە. لەسەر ئەمە محەمەد پاشا لە حكومەت كەوتە شكەوەو بەخۆیو جافەوە ڕووی كردە ئێران و ڕۆیشت، بەلاّم مەحمود بەگی كوڕی لە گەڵی نەچوو وە گەڕایەوە بەغداد.

محەمەد پاشا، بەواسیطەی حاکمی کرماشانەوە مراجەعەتی بە شای ئێران کردو، لە طەڕەف حکومەتی ئێرانەوە کرا بە ڕەئیسی عمومی عەشائیری (جوانرۆ). لە پاشدا محەمەد پاشا چۆتە ( طەهران)و حورمەتێکی زۆری گیراوەو، مەنطقەی (جوانرۆ)و ( قەصری شیرین)و (زەهاو)و (هۆرێنی شێخان)ی لەگەڵ بەعضێ خەڵاتدا دراوەتێ و بووە بە حاکمی حدود. و بەرە بەرە باقی عەشیرەتی جاف، خاکی عوثمانی تەرك کردووەو چووە لای محەمەد پاشا.

مەحمود پاشای کوڕی لە بەغداد جێگیر ئەبێ و وردە وردە ئاوو ئەراضیەکی زۆر لە قەضای خانەقین و کفریدا ئەکڕێ. والی بەغداد تەحسین پاشا بۆ هاتنەوەی محەمەد پاشا بۆ وڵاتی سلیمانی هەوڵ ئەداو سێ جار مەحمود بەگ ئەنێرێ و نیهایەت بۆ قائممقامیەتی هەڵەبجەو ڕیاسەتی جاف و بەعضێ ئەراضیو موڵك، فەرمانی بۆدێ و ئەگەڕێتەوە وڵاتی سلیمانیو تا تەئریخی ١٣٩٩ ی هیجری بەم تەرحە ئیدارەی کرد. لەم تەئریخەداو لە وەقتێکدا کە محمەد پاشای بێ محافەظە لە ( چیمەنی ئیبراهیم سەمین) دا ئەبێ، فرقەیەکی شاطری کە بەعضێ لە پیاوەکانیان لە حەپسی محەمەد پاشادا مرد بوون، ئەچنە سەری و ئەی کوژن و ڕائەکەنە لای جەوامێری هەمەوەند. مەحمود بەگ بۆ سەندنی خوێنی باوکی لەشکر ئەکاو بە شوێن (جوامێر) و شاطریدا تا ئێران ئەچێو بەعضێ لە هەمەوەند و هەموو پیاوی بە کاری شاطري لەناو ئەبا.

مەحمود بەگ، لە دوای باوکی ئەبێتە ڕەئیسی جاف و قائممقامی هەڵەبجەو لە دوای دوو ساڵ یەعنی لە ١٣٠٢دا ڕوتبەی میری میرانی بۆ دێ. لە ١٣٠٧دا کە نامیق بەگی میر ئالای بوو، تەشکیلاتی سنیە دێتە شارەزوور، عوثمان بەگی برای مەحمود پاشا زۆری خذمەت ئەکا، بەڵام مەحمود پاشا ڕووی ناداتێ. لەسەر تەلغرافی نامق بەگ قائممقامی هەڵەبجە لەگەڵ ڕوتبەی میری میران ئەدرێ بە عوثمان بەگ و مەحمود پاشاش ئەکرێ بە متصەریفی (ئۆرفە). مەحمود پاشا، ساڵی دوایی لە بهاردا لەگەڵ محەمەد عەلی بەگی برای ئەچێتە ئەستامول. وە لە ئەستەمول دوو ساڵێك مایەوەو ئیذنی هاتنەوەی نەدرایە لە دواییدا فرصەتی

بیذیو بەدزی‌یەوە بەسەر ڕوسیەدا دەرچوو وە هاتە (ڕەشت) و لە وێوە هاتەوە ناو جاف. بەلاًم زۆری پێ نەچوو دوو هەزار عەسکرێك پیادە نێررایە سەر (هەڵەبجە). بەلاًم مەحمود پاشایان دەس نەکەوت لە دواییدا مەحمود پاشا تەوەسطی بە نەصرەت پاشا کرد بۆ عەفووی و چووە بەغداد، بەلاًم بۆچوونی ئەستامولی ئیصرار کرا. خولاًصە مەحمود پاشا طاهیری بە فکری چوونە ئەستامول، لە بەغداد دەرچوو وە لەگەڵ موحافظی ژاندرمە هاتە (قەرەتەپە) لەوی لەشکری جاف بۆ حاضر کرابوو لەگەڵیانا چوو بۆ ( کانی چەقەڵ) . لە دواییدا عەسکری کرایە سەر و مەجبوور بوو دایە شاخی ( زمناکۆ). وە لەپاش بەینێك بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ محەمەد عەلی بەگی کوڕی چوو بۆ ئەستامول و سالێکی تێدا ماو لە دواییدا پانزە موقاطەعی لە قەضای کفری و هەڵەبجە و سلیمانیدا پێدراو نێررایەوە جێگەی خۆی وەتا ساڵی ١٣٢٩ ی هیجری بە نفوذێکی تەواوی بە سەر بردو ، لەم تەئریخەدا لە پانزەی شەعباندا لە عومرێکی ٧٨ ساڵیدا بەڕەحمەت چوو. زۆر ئاثاری خیریەی بەجێهێشت و خێراتی زۆر بوو.

لە دوای وەفاتی مەحمودە پاشا ڕیاسەتی جاف و قائمقامیەتی هەڵەبجە بە طەبیعەت دەس عوثمان پاشای برای کەوت وتا وەفاتی بە دەسیەوە بوو. زۆر میوان پەروەرو خێرکار بوو. لە تەئریخێکدا کچێکی لە خانەدانی خواست ئەم ئافەرەتە ڕەشیدە مەشهور ( عادیلە خانم)ە کە بە (خانم) مەشهور بوو. زۆر سیاسی، عاقڵ وەبە دەس بوو. ئەمرو نەهی عەشایری و ماڵداری هەموو خستبووە دەس خۆی.

عوثمان پاشا، لە دەوری قائمقامیەتی باوك و کاکیدا ڕیاسەتی جاف بە دەسەوە بوو وە کە مەحمەد پاشاش چوو بۆ ئێران حاکمی جوانرۆ بوو لە عومرێکی ٦٨ ساڵیدا وەفاتی کرد. هەڵەبجە و پێنجوینی زۆر ئاوا کردەوەو بە ئەنواعی بازارو حەمام و مزگەوت و کاروانسەرا تەرتیبی کرد.

ئۆردوی ئینگلیز، لە دوای گرتنی سلیمانی لە ١٩١٩م دا کەریم بەگی فەتاح بەگی محەمەد پاشای کرد بە ڕەئیسی جاف و ئەم ذاتە تا ساڵی ١٩٢٥ ئەم عەشیرەتەی زۆر باش ئیدارە کردو، لە دوای ئەم تەئریخە ڕیاسەت لەغو کرا.

بنەماڵـەی جـاف، سـێ بـەش بـوو: ئەوەڵـەمینی ڕاسـتەو ڕاسـت لـە ئیـدارەی مـەحمود پاشـادا بـوو. عوثمـان پاشـای بـرای مـەحمود پاشـا گـەورەی بەشـی دووەم بـوو، بەشـی سێیەمینیش، کـە هـەرە بچووکی پشت بنەماڵەی کەیخسرەو بەگیـە، بە دەس محەمەد عەلی بەگەوە بوو. عوثمان پاشا دائیمی لە شارەزووردا ئەمایەوەو تەقریبەن هەموو موڵکی قەضای گوڵعەنبەر هینی خۆی بوو. بە صیفەتی ئەمە کە قائممقامی قەضاکە بوو ئوموری ئیدارەو سیاسەتیشی هەر بەدەسەوە بوو.

مەرکەزی محەمەد عەلی بەگ ( قزرابات = قزلرباگ) بوو وە لـەوێ موڵکێکی زۆری پێکـەوە نـابوو لەگـەڵ ئەمەشـدا لـە زۆر جێگـە قائممقامیـەتی کـرد. مـوڵکی زۆری مـەحمود پاشا لە دەوری خانەقین بوو. لە شارەزووریشدا زۆر موڵك و جۆگەی بوو.

عوثمان پاشا، لە ساڵانی دواییدا حکومـەتی عوثمـانی لـە خـۆی خستبووە شکەوە. طاهیر بـەگ و مەجیـد بـەگی کـوڕی زۆر طـەڕەفداری ئێـران بـوون. ساردی عوثمان پاشا لە حکومەتی عوثمـانی بـە سـەبەبی (عادلـە خـانم)ی ژنیـەوە بـوو. ئـەم کەڵـە ژنــە لــە خانــەدانی قــەدیمی ئــەردەڵانی بــوو، بــە طــەبیعــەت زۆر ئێرانــی خۆشەویـست. لـە غـەیری ئێرانـی خـذمـەکتاری ڕانەئـەگرت و نەشـی ئەهێـشت لـە حضوریدا بە تورکی قسە بکرێ.

قوەت و نفـوذی ئـەم خانمـە بەسـەر عـوثمـان پاشـاو مـوحیطـی شـارەزوورو جافـدا زاڵ بـوو. ئـیش وکـاری حکومـەت بـێ ڕای ئـەو جـێ بـەجێ نەئـەکرا. حـەل و فەصڵی دەعوای ئەکرد. حەپسخانەی مەخـصوصی بـوو. بازاڕێك و سـێ خـانووی باشی لە هەڵەبجەدا دروست کرد. لە زەمـانی خانمـدا دیـی هەڵەبجە بـووە شـارێکی جوان و ئاوەدان. موخابەرات و معامەلەی هەر بە فارسی بوو.

محافـەظـەی بـەینی عـوثمـان پاشـاو مـەحمود پاشـا، بـە سـایەیی سیاسـەتی خانمەوە بوو، چونکە نـەی ئەویـست بـە عـاجزی وشـەڕی دوو بـرا حـوکم و نفـوذی عەشیرەتەکە ضـەعیف بکـا. نفـوذی خـانم، تـەنیا لـە شـارەزووردا نـەبوو لـە وڵاتـی ئەردەڵانیـشدا قـسە و ئـەمری خـانم جـاری بـوو، بـە دەرەجەیـەکی وا بـەعـضـێ عەشائیری ئێرانیش خانمیان بە ڕەئیس وحامی خۆیـان دائـەنا. عـوثمـان پاشـا، تـا

وەفاتی (نزیك بیست ساڵ) قائممقامی هەڵەبجەی بە دەسەوە بوو. لە دوای وەفاتی (١٣٢٨ه) مەجید بەگی کوری جێگەی گرتەوە.

**ب - عەشایری پشدەر:**

دوو بەشە: بەرەی بابەکری سەلیم ئاغا، بەرەی عەباسی مەحمود ئاغا. ڕەئیسی هەر دوو بەشەکە خزمێکی نزیکن. نفوس وە یاعەدەدو ماڵ و گوندی ئەم دوو بەشە لێك جوو ناکریتەوە. چونکە دائیمەن ئەگۆڕێ، بەعضیَکی کە ئیمڕۆ تابعی یەکێ لە ئاغاکانە، واقیع ئەبێ کە لە پاش بەینێك تابعی ئەوی تریان ئەبێ.

ئەم عەشائیرو دێهاتیەیە لە ئەساسدا دوو بەشە: ئاغاوات ، مسکێن.

ئاغاوات: سێ بەشە: ئەصڵی میراودەلی : ٢٥٠ ماڵێکە.

هۆمەر ئاغایی: ٢٠ ماڵێکە.

وەسۆ ئاغایی: ١٠ ماڵێکە.

هەمووی : ٢٨٠ ماڵ

ئەم ٢٨٠ ماڵە کەبەشی ئاغاواتە ( بەگزادە) حاکمی سەربەخۆی هەموو پشدەر و تەوابعین.

مسکێن: ئەم ناوەی کە بۆ بەشی گەورەی پشدەر وەیا بە ڕاستی بۆ هەموو پشدەر دانراوە، باش حاڵیمان ئەکا، کە ئەم بەشە ڕەعیەتی ئاغاواتن و بە گوێرەی قابلیەت و قوەتیان ئیدارە ئەکرێن. لەمانە بەعضیکی کە بەقوەت و دڕن ئەوەندە تەضییق نابینن، بەڵام بەشی بێهێزی بە تەواوی لە ژێر حوکم ونفوذی ئاغاواتا یەو حقوقی مەدەنیەو ئیجتماعیەیان لە جوملەی نەبووانە، ذی ڕۆحیو بێڕوحی ماڵی ئاغایەو بەکەیفی خۆی معامەلەی لەگەڵ ئەکا.

عەشیرەتی نورەددینی، ئەصلی پشدەرو لە مەنطقەی (قەلاَدزە)دایە لای ڕاستی (زیی کۆیە) کەوتووە، عەدەدی مالی ڕەنگە بە زیادیەوە ١٦٠٠ ئەبێ عەشائیری مەرگە، عەشیرەتی (شیلانە) ١٠:١٢ دێیەو عەدەدی ماڵی بە تەخمین ٣٠٠ ئەبێ.

| | |
|---|---|
| عەشیرەتی (جافەتی) | ١٠٠٠ ئەبێ. |
| عەشائیری تر بە زیادی یەوە | ١٠٠٠ ئەبێ. |
| بەری ئالان: ١٥ دێیە کە بەتەخمینی | ٥٠٠ ئەبێ. |

ناحیەی ماوەت : عەشیرەتی (شینکی)، هەشت گوندێکی هەیەو مقداری ماڵی ٤٥٠ ئەبێ.

لە باقی ناحیەی (ماوەت) دا یەعنی لە دۆڵی ماوەت، سەراو میراوا، ئالانی شاربازێر، دۆڵێ و بەشێکی ناحیەی چوارتادا ٦٥ گوندێکی هەیە کە عەدەدی ماڵی ٢٠٠٠ ئەبێ.

| | |
|---|---|
| هەموو ماڵی مسکێن | ٦٧٥٠ |
| ئاغاواتی | ٢٨٠ |
| عەدەدی ماڵی پشدەری | ٨٠٣٠ |

خانەدانی ئاغاوات: بەگوێرەی ڕوایەتی خۆیان لە نەتەوەی ( میر عەبدال = میر عەبدوڵلاً) ناوێکن. لە نەتەوەی ئەم ذاتە عەودالْ ئاغا)یەك پەیا بووە کە یا باوکی وە یا باپیری ( حەمەد ئاغا = محەمەد ئاغا)ی باپیرە گەورەی ڕوئەسای ئێستایە. حەمەد ئاغا، حەوت کوڕی بووە: بابەکر ئاغا، مەحمود ئاغا، ئەحمەد ئاغا، عەلی ئاغا، ڕەسول ئاغا، مصطەفا ئاغا، عەباس ئاغا). لەمانە بابەکر ئاغا چوار کوڕی بووە: عوثمان ئاغا، سەلیم ئاغا، مەمەند ئاغا، عەبدوڵلاً ئاغا. عوثمان ئاغا، دە کوڕی بووە: ڕەشید ئاغا، صالْح ئاغا، عەلی ئاغا( مردووە)

حەسەن ئاغا، ئەحمەد ئاغا، سەعید ئاغا، مەمەند ئاغا، مصطەفا ئاغا، عوثمان ئاغا.

سەلیم ئاغا، پێنج کوری بووە: بابکر ئاغا( گەورەی بەشێکە)، حاجی عەباس ئاغا، عومەر ئاغا، خضر ئاغا، صالح ئاغا.

مەمەند ئاغا: سێ کوڕی بووە: سەلیم ئاغا، بابکر ئاغا، ئەحمەد ئاغا.

عەبدوڵلاً ئاغا، سێ کوڕی بووە: بابکر ئاغا، شێخ محەمەد ئاغا، عەباس ئاغا.

مەحمود ئاغای حەمەد ئاغا، چوار کوڕی بووە: حاجی ڕەسول ئاغا، بابکر ئاغا، عەباس ئاغا (گەورەی بەشێکە) ، عەبدوڵلاً ئاغا.

باقی ئاغاکانی تریش نەتەوەیەکی زۆریان لێ بۆتەوەو وەکو لەسەرەوە باسمان کرد، هەموویان (٢٨٠) ماڵێك ئەبن.

***ج – عەشیرەتی هەمەوەند:***

ئەصـلی هەمەوەنـد، پێـنج فرقەیـە: بـەگزادە ( چـەلەبی)، رەشـەوەند، ڕەمەوەند، صەفەروەند، سیتە وەند:

لادیی ژێردەسیان: کافرۆشی، پیریایی، صوفیەوەند، چنگنی.

نفوس وقوەتی : ئەصڵی هەمەوەند ١٠٠٠ ماڵێکە لەمەوپێش (٧٠٠) سوارێك قوەتیان بوو.

لادێی : ١٠٠ ماڵ، ٥٠ سوار، ١٠٠ پیادە.

پیریایی: ٢٥٠ ماڵ، ١٥٠ سوار، ٢٠٠ پیادە:

صوفیەوەند: ١٣٠ ماڵ، ٦٠ سوار، ١٠٠ پیادە.

عمومی ئەوصاف: هەرە ئازاو شەڕکەری عەشایری کوردستانە. حەتا لە شەڕی مدافعەدا ژنەکانیشیان ئیشتراك ئەکەن. سواری باش و شەڕکەرێکی بێ ئەمثالن. هەموو عەشیرەتەکە شافعیو متەعەصبن لە خصوص ئەصڵ و زمانەوە کرمانجن. ناوی فرقەکانی لە ئیسمی موئەسەسەکانیانەوە تـەحریف کراوە، مـەثـەلـەن وەکو ( ڕەشـەوەند). فرقـەی ( ڕەشـید= ڕەشـە) یـە، ڕەمەوەنـد، فرقـەی (ڕەمـەضـان)ە، وصەفەروەند بەناوی ( صەفەر) ەوەیە. وئەم سێ ڕەئیسە هەرسێکیان لە باوکێکن. ( سـیتە بەسـەر) یـش تێکـەڵ هەمەوەنـد بـووە و ئەصـەڵەکەی جافـە و تەقریبـەن (١٦٠) سـالێکە لەگـەڵ ئـەم عەشیرەتە. ئـەم عەشـیرەتە هـیچ ئیرتبـاط و مناسـەبەتی لەگەڵ ( ئەحمـەد وەنـدی) ی ئێران نییـە. کـە ئێستا ئـەخلاق و عەقائیـدی گۆڕاوەو بووەتە شیعە، وە بەعضەن ئیدیعای مناسەبەت لەگەڵ هەمەوەندا ئەکا. عەشـایری دێهاتی: ئەوانەیە کە لە وەقتی هاتنی هەمەوەندا بۆ بازیـان لەوێدا سـاکن بوون. تەنیا لەناو ئەمانەدا (صوفیەوەند) مستەثنـایـە کـە ئەصلیان جافەو تەقریبەن دوو صـەدو دە سالێك لەمـەوپێش لەگـەڵ هەمەوەند بوونـە یـەك. ئـەم عەشیرەتە زۆر بـە شەرەف و سەربەخۆو جەسوورە.

مەنطقەی: لای شیمالی جێگەی هەمەوەنـد، شـوانی بازیـان و چیای طـوقمایـە، لای جنوبی، ئاوی طاووقە، لای شەرقی، بەرزایدو چیای تاسلوجەیە. لای غـەربی، قەرەحەسەن و شوانی خاصەیە.

لادێی: له دێهاتی مظهفەر، دولاّن ، هەنجیرەو کانی ماران و بەعضێ جیی تردان.

تــەئریخی: ئــەم عەشــیرەتە تەقریبــەن لــە (١٧٠٠) ی میلادیــدا لــە طــەڕەف (سـنه)ەوه، هـاتووەو بازیـانی زەوت کـردووه. ئـەم عەشـیرەتە بەرامبـەر بـە پاشـای بەغـداد لـە (١٧٨٧)ی میلادیـدا یاریـدەی حـاکمی قەلاچوّلان، سـلیمان بەبـەیان دا. ئیتفاقیان لەگەڵ خانەدانی بەبە دەوامی کرد، وە لە دوای بینای شاری سلیمانی ( ١٨١٩میلادی). کۆمەکی عەبدولرەحمان پاشای بابانیان کردو، بەرامبەر بە نەجیب پاشــای والی بەغــداد لــە نزیــك (کۆیــسنجەق) یاریـیــەی ئەحمــەد پاشــای بەبەشیاندا(١٨٣٤م). لەم دەعوایەدا قوەتی کورد بلاّوە بووەوە، و ئیتفاق تێکچوو، وە ئەحمـەد پاشـاش خـۆی کێـشایە چیای (بـامۆ- Bamu) لـە سـاڵی (١٨٣٦)ی میلادیـدا، عەشـیرەتی هەمەوەنـد دیـسانەوە لەگـەڵ خانـەدانی بەبـەدا ئیرتبـاطـی پـەیاکردو لـە دواییـدا لـە قۆمانـدای عـەزیز بـەگی بابانـدا، بەرامبـەر بـە تـورك لـە (کرپچنه) و (دەربەنـدی بازیـان)دا چـەند شـەڕێکیان کـرد. لـە دواییـدا عـەزیز بـەگ شکاو، هەمەوەندیش بلاّوەی کرد.

لە دوای ئەمە مدەتێکی زۆر، ئـەم عەشیرەتە هـەر لـە دووسـێ ساڵدا جارێـك بەرامبەر بە تورك عصیانی ئەکرد، ئەم عصیانە، لە دوای محارەبەی قـەریم، دوایـی هات وئەم عەشیرەتە تـەعقیب کـراو چـووە دەوری (زەهـاو =زەهـاب)و لـەوێ حـەوت ساڵێك مایـەوە. بـەلاّم لێـرەش ڕاحـەت دانەنیشت وتـا دەوری حـەمرین هـەموو ئـەو ناوەی بێزار کرد.

لە ساڵی ١٨٦٢ی میلادیدا، پاشای بەغداد کە ڕوانـی چارەی تەئـدیبی (هەمەوەند) نییە، ناعیلاج ما مساعەدەی کرد بێنـەوە بازیـان. لـە ١٨٦٧ دا، هەمەوەند بەرامبـەر بـە نـامیق پاشـای والی بەغـداد عصیانی کـردو لـە دوای شـەڕ و دەعوایـەکی زۆر دیـسانەوە خۆی کێشایەوە( زەهاب)و دوو سـاڵێك لـەوێ مـا، و لەپاشـدا حـافظ پاشـاو تـەقی پاشـا نێرراپە صەلاحیە تا لە گەڵیان ڕێك بکەون. لێـرە محەمـەد بـەگی باجـەلانی صـوڵحێکی بۆ هەمەوەنـد تـەرتیب کـردو لەسـەر ئـەم صـوڵحە دیـسانەوە هاتنـەوە بازیـان. ئـەم جـارە پێنج ساڵێك ڕاحـەت دانیشتن. لـە پاشـدا بەرامبـەر بـە مەدحـەت پاشـا عصیانیان کـرد،

دێهاتانی کەرکوکیان وێران کردو، زۆر دەفعە قوەی تەعقیبییەی عەسکەریان شکاند. لەسەر ئەمە مەدحەت پاشا مەفرەزەیەکی بە قوەتی ناردە سەریان و لەگەڵ ئەم مەفرەزەیەدا (٥٠٠) سوارێکی چەرکەسیش هەبوو، هەمەوەند، ئەم مەفرەزەیەشی لە (دوانزە ئیمام)ی نزیك( کفری) دا شکاند. وکەمێك لە دوای ئەم وەقعەیە، مەفرەزەی (خانەقین )یشی بەودەردە برد.

ڕەئوف پاشای خەلەف مەدحەت پاشا لەم خصوصەوە باشتر موەفەق بوو، چونکە لەگەڵ هەمەوەنددا ڕێك کەوت و ڕەئیسەکانی بانگ کردە بەغدادو مەصالەحەیەکی لەگەڵ ئیمضاکردن و بەم تەرحە دیسان گەڕانەوە بازیان. ئەم صوڵح و سکونە تا (١٨٧٥)دەوامی کرد. کە شەڕی ( عوثمانلی – ڕوس) دەسی پێکرد، هەمەوەند بە ڕەضای خۆیان چوون بۆ جیهاد بۆ جەبهەی قەفقاسیا و لێرەدا حەقیقەت زۆر خذمەتیان کردو لە ئیعتباری ئەم دەورەوە، لە باتی سیلاحی قەدیمیان کە (دەمانچە) و ڕم بوو بە تفەنگی ڕوس خۆیان تەسلیح کرد. لە (١٨٧٨)دا، هەمەوەند، لە خانی ئیبراهیم خانچیدا لەگەڵ ( زەنگەنە) تێك هەڵچوو. سەبەبی ئەمەش ئەوە بوو: کە زەنگەنە بە خیانەت، ڕەئیسێکی هەمەوەندیان کوشتبوو. زەنگەنە، لەم شەڕەدا شکاو ڕای کردە (شێخ لەنگەر) و هەمەوەند تا ئەوێ ڕاوی نان. زەنگەنە، لە دواییدا طەڵەبی مەعاونەتی عەسکەری کرد، لەسەر ئەمە طابورێك پیادە و (٦٠)سوارو(٤٠) ئێستر سوارو (٢) طۆپی جەبەل لە قۆماندای عەبدوڵلاّ ئەفەندی خانەقینیدا چوو بۆ ( شێخ لەنگەر) و لەوێ قائممەقامی صەلاّحیەش بە (٧٥٠) سوارو(٨٠)ژاندرمەو عەشیرەتی (زەند و پالانی) و بەعضێ لە سوارەی طاڵەبانی و باجەلانییەوە هات و لەگەڵ مەفرەزەی عەبدوڵلاّ ئەفەندی یەکدگیر بوو.

هەمەوەند، هیچ سڵی لەم قوەتە زۆرە نەکردو لە دواوە هەڵی کوتایە سەری، لە دوای ئەمە کە سیلاحەکانیان لێسەندن ئەم ئەسیرانەیان بەرەڵلا کرد. لەشکری هەمەوەند، لە گەڕانەوەدا تووشی دوو طابوور پیادەی تر هات کە ئەچوون بۆ کەرکوك ، دەس بەجێ هەڵی کوتایە سەری و شکاندیان.

له دوای ئەم وەقعەیە مەفرەزەیەکی زۆر بە قوەت لە بەغدادەوە لە قۆماندای ئەدەهەم پاشادا هات ، قوەتی ئەم مەفرەزەیە (٨) طابوور پیادە، ئالاَونیویَك سواری و طابووریَکی طۆپچی جەبەلی بوو. ئەم مەفرەزەیە لە کۆك تەپە، تووشی هەمەوەند بوو، کە لەویَ خەریکی تێپەڕاندنی بارگرانی و مالّ ومندالّەکانیان بۆ مولّکی عەجەم بوون. شەڕیَکی قورس ڕوویدا، هەمەوەند مەفرەزەکەی ئیحاطە کردو ئەدەهەم پاشاشی ئەسیر کرد. بەلاّم لە دواییدا بەرەڵلاّیان کردو خۆشیان بەڕاحەتی و لەسەر خۆ چوون بۆ (زەهاو).

هەمەوەند، لە دوای ئەمە کە خۆی کێشایە ( زەهاو). دەسی کرد بە تەعجیزاتی عوثمانی و ئێران. زەهاویان کرد بوو بە مەرکەز. لەلایەکەوە تا کەرکوك و لە طەرەف بەغدادەوە تا مەداین و لە طەرەف عەجەمەوە تا کرماشان، سەر حدود سنووری شەقاوەتیان بوو، وە لەم مەنطەقەیەدا عالەمیان هێنایە هاوار. ئەم حالّە دوو سالّ ونیویَك دەوامی کرد. لە پاشدا حکومەتی عوثمانیو ئێران بەئیتفاق قەراریان بە کوژاندنەوەی ئەم هەرایەدا. قوەتێك لە (هەمەدان) ەوە نێررا کە عیبارەت بوو لە دوو ئالاَی هەمەدان ، ئالاَی زەنگەنەی کرماشان، ئالاَی کولیایی وگۆران، ٢ ئالاَی کرند، عەشیرەتی کەلهور و سنجابی و ئەحمەدەوەندی بوو، هەمووی بە تەخمین قوەتی ئەم لەشکرە (١٥٠٠٠) کەسێك بوو. تورکیش لە دۆڵی سیرواندا قوەتێکی زۆری کۆکردەوە. هەمەوەند بەرامبەر بەم وەضعیەتە مالّ ومندالّیان لە ( عەلی پاکان)ی نزیك دۆڵی (عەباسان) قایم کرد، و بۆ ڕێگە گرتن بە لەشکری ئێران ڕوویان کردە ( حاجیلەر)و ( سەرتاف) ی دەشتی باجەلان ، لێرە تووشی لەشکری عەجەم بوون و زۆر خراپ شکاندیان وچەند هەزار ئێسترێکیان بەبارەوە دەسکەوت و لەشکری شکاوی ئێرانیان تا ( ماهی دەشت) ڕادوونا، و لێرەوە بەتالاَنێکی زۆرەوە گەڕانەوەو لە ( قۆرەتوو) و(قەصری شیرین)دا دانیشتن.

ئۆردوی تورك لەم بەینەدا گەڕایەوە، چونکە ئەبوو لە بەغدادەوە بچێتە سەر مەنصور پاشای مونتەفك، کە عەشایری ئەو ناوەی هەڵساند بوو. قۆماندانی ئەم قوەتە بۆ مذاکەرە کردن لەگەلّ هەمەوەنددا لە دۆڵی سیروان مایەوەو لە دوای مذاکەرە قەرار درا کە صولّح بکرێو هەمەوەند لە جێگەی ئەو سایان هەڵسن و بەدۆڵی سیرواندا بچنەوە بازیان. بارگرانی هەمەوەند بە (١٧) ڕۆژ ئینجا لە

سیروان پەڕینەوە. هەمەوەند، تەکلیفی حکومەتی عوثمانی یان کرد کە بەرامبەر بە عەرەبی مونتەفك یاریدەی حکومەت بدەن، بەڵام ئەم تەکلیفەیان قبوول نەکرا.

لە ساڵی ١٨٨٠ی میلادیدا( ١٢٩٨ هیجری)، فرقەی (شاتری)ی جاف، لە ئیدارەی عەزیزی شاوێس)دا ، تەعروضی کردە ڕەئیسی عەشیرەتی جاف و محەمەد پاشایان کوشت و لە پاشدا ڕایان کردە ناو هەمەوەند کە ئەو وەقتە لە ژێر ئیدارەی (جوانمرد=جوامێر)ی نەتەوەی بەگزادەدا بوو. لە دوای ئەم وقوعانە، عەشایری ئەصلیەی جاف تەعروضی کردە هەمەوەند، چونکە ڕاضی نەبوو کە (شاتری)بدا بەدەستەوە. لەنزیك (گل)، جاف و هەمەوەند بەرەنگاری یەك بوون وجاف شکا.

تەقی پاشای والی بەغداد، قوەتێکی عەسکریەی بۆ یارمەتی جاف نارد. (شاتری)ی جاف، لەگەڵ ئافرەت و منداڵی هەمەوەند، ئیحتیاطەن بۆ (زەهاو) نێرراو بەشی شەڕکەری هەمەوەند، لە دوو مانگ زیاتر مەفرەزەکەیان غافلاند، و جوامێریش (قەصری شیرین)ی کرد بوو بە مەرکەز.

لەم بەینەدا ( ظل السولطان)ی والی عمومی (ئەصفەهان)، ئۆردویەکی حاضر کردو ناردی بۆ معاونەتی (جوامێر)، لەسەر ئەمە( جوامێر) بە خۆی و چل سوار چووە ئەصفەهان. لەوی بە مانگانەیکی هەزار تومانی کرا بە حاکمی (زەهاو)و گەڕایەوە بۆ ئەویٚ، وسوارەی هەمەوەندی، کە هێشتنا لە تورکیا دابوون. کۆکردەوەو لە (قەصری شیرین)دا بەناوی خۆیەوە قەڵایەکی دروست کردو لەو دەورەدا جێگیر بوو. لە دوای عەزلی (ظل ئەلسولطان)، بنا بە تەزویرات و ئیفساداتی حکومەتی ئێران، (جوامێر) عصیانی کردو تا مەسافەیەکی دوور ئەو ولاتەی خستە ژێر ترس و لەرزەوە. نیهایەت دوو حکومەت بۆ تەسکینی ئەم حاڵە ئیتفاقیان کرد.

لەشکری ئێران لە قۆماندای ( حسام الملك) دا بوو، لە طەڕەف حکومەتی عوثمانیشەوە قۆرت ئیسماعیل پاشای دیاربەکر لەگەڵ ئۆردوی بەغداد بۆ ئەم حەرەکاتە مەئموور کرا ( ١٨٨٤ میلادی، ١٣٠٢ هیجری).

حیسام الملك، بە درۆ و وەعدی صوڵحی کردو( جوامێر) ی بانگ کردە قەرارگاهەکەی کە لەنزیك (قەصری شیرین) ەوە بوو، کە ( جوامێر) هاتە ئەوەی چەند کەسێکی لە پشت خێوەتەکەیدا قایم کرد بوو لە پشتیەوە هجوومیان کردە سەری و کوشتیان(١٨٨٦میلادی). لە دوای ئەمە عشیرەتی هەمەوەند ڕای کردە قەرەطاغ.

لەم وەضعیەتە خراپەدا ، محەمەد پاشای طاغستانی هاتە خانەقین و بۆ هەمەوەند تەوسط و شەفاعەتی کرد، لە نەتیجەدا بەعضیکیان بۆ (طەرابلس – شام) و بەعضیکیشیان بۆ (ئەطەنە) نەفی کران. محەمەد پاشا سی سواری بۆ هێشتەوە کە لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیان لە ( زەهاو)دا بن.

لە (١٨٩٦م، ١٣١٤ هیجری)دا، ئەوانەی کە بۆ ( طەرابلس)نەفی کرابوون، بەجارێك دەرچوون و بە معاونەتی (شوان) گەیشتنەوە بازیان، قۆڵی( زەهاو) یشی هاتبووە بازیان وهەموو لایەکیان بۆ نەجاتدانی مەنفیەکانی( ئەطەنە) هەوڵیان دا.

لە دوای چەند مانگێك، ١٥٠ سوارێك لە مەنفیەکانی ( ئەطەنە)، ڕایان کردو بە گوێرەی تەرتیبێك کە لەناو خۆیانا قەراریان دابوو، ماڵ و منداڵیان لەوێ بەجێهێشت بوو. لە هەموو لایەکەوە عەسکریان نارد بوو بە شوێنیانا بەلام لە هەموو نوقطەیەکا شکاندنیان و لە ( حەلەب) و (دیرزور) یش خۆیان نەجاتداو ئەمانەش گەیشتنەوە بازیان. لە دوای ئەمە چوار صەد سوارێکیان کۆبوونەوەو چوونە دەوری موصل، وخەبەریان نارد بۆ حکومەت، کە ئەگەر ماڵ و منداڵەکانیان بۆ نەهێننەوە، ئەو ناوە وێران ئەکەن. حکومەت تەکلیفی قبوول کردن و ماڵەکانیان بۆ هێنانەوەو تەسلیمیان کردن.

لە ساڵی ١٩٠٨ ی میلادی( ١٣٢٦ی هیجری)، عەشیرەتی هەمەوەند ڕاحەت دانیشت، و لە دوای کوژرانی شێخ سەعید و لە دوای ئەمە کە ئەو ناوەیان چەند مانگێك ناڕەحەت کرد، ڕێگەی کاروان وهاتووچووی بەینی سلیمانی و کەرکوکیان بڕی، تەعروضیان کردە نوقطەی ضەبطییەی قەرەطاغ. لە هاوینی ساڵی ١٩٠٩دا، لە وەقتێکدا کە بۆ تەئدیب و دەرکردنیان لەو ناوە، لە چەمچەماڵدا وردە وردە عەسکەر

کۆبوونەوەو، طابورێکی (٢٥٠) نەفەری لەگەڵ کاروانێکدا کە صەد تەفەنگی ماوزور و جبەخانەی بۆ سلیمانی ئەبرد ڕووی کردە سلیمانی. هەمەوەند، کە ئەم خەبەرەی بیست (١٧٠)سوارو پیادەیەکی کۆکردەوەو لە بازیان ڕێگەی پێگرتن، و دەوری دان، لە دوای شەڕێکی چارەك سەعاتی دوو ضابط و چەند نەفەرێکی لێ کوشتن و طابورەکەی ئەسیر کرد، هەموو سیلاح وجبەخانەو ولاخ شتومەکی تری لێ سەندن و بە ڕووتی بەرەڵڵای کردن. تا ئەم وەقتە ٣٥٠٠ عەسکرێك لە چەمچەماڵ کۆبووبووەوە، وسێ مانگێك ئینتظاری ئەمری حەرەکەتیان کرد. هەمەوەند، لە دوای ئەم غەلەبەی دوایی شەوێك لە پرێکا دای بەسەر چەمچەماڵدا، ڕێگەی ئاوی لێ بڕین و چەند عەسکرێکیشی گرت و تا ناو خەطی عەسکرەکە هات و لە پاشدا گەڕانەوە دواوە.

لە دوای چەند مانگێك و کە ٨٠٠٠ عەسکرێك لە چەمچەماڵدا کۆبووەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ (٢٥٠) هەمەوەنددا، حکومەتی عوثمانی و ئێران بۆ تەئدیبی ئەم عەشیرتە ئیتفاقیان کرد، قۆماندانێکی تازە هاتە چەمچەماڵ و دەسی کرد بە حەرەکاتی عەسکریە لە مەنطقەی هەمەوەنددا. عەشیرەتەکە هیچ مقابەلەی نەکردو عەسکەر گەیشتە بازیان. بەلاّم هەمەوەند، ماڵ و منداڵیان دەمێك بوو دەرچوون بوون.

ئەم حەرەکاتە لە ئغستۆسی ساڵی ١٩٠٩ دابوو. قوەتی تورك دەوامی لەسەر حەرەکاتی کردو حەقی لە دێهاتانی عەشیرەتی (شوان) و بەعضێ عەشایری نارەحەتی ئەوناوە سەند.

هەمەوەندیش، لە دوای ئەمە مدەتێك لە طەرەف ( زەهاو) مایەوەو لە ١٩١٠دا ناظم پاشا مساعەدەی کردن و گەڕانەوە بازیان، بەلاّم دیسان تەکالیفی حکومەتیان نەدا.

**د - عەشیرەتی ئیسماعیل عوزێری :**

نفوس و قوەتی (٦٠٠) ماڵێکە، ٢٠٠ سوارو ٥٠٠ پیادە ئەتوانێ دەرهێنێ . مەسکەن و مەئوای — زستان مەنطقەی دوکان ، طوقماطاغ، سەردەشت، شاخی ئەشکەوت ، شیمالی سەید عەلی — وە هاوینان خاکی ئێرانە.

ئەوصـاف – خراپەکـەرو عەشـيرەتێکی گەڕۆکـە. هـيچ لەگـەڵ زراعـەت خـەريك نابێ، ڕيعايەتی ئەهلی سونەت ناکەن.

**هـ - عەشيرەتی چنگنی :**

٣٠٠ ماڵێکـە، ٢٠٠ سـوارو ٣٠٠ پيـادە ئـەتوانی دەرهێنـێ. زسـتانان لـە دولآنـی شـاخی ( پيرەمـەگرون) دا و لەشـيمالی غـەربی سـليمانيداو هاوينـان لـە (مەرگە) ڕائەبوێری.

ئەوصاف و تەئريخی – عەشيرەتێکی گەڕۆك و خراپەکەرە، مەذهەبی شافعیيە، قـەت تـەکاليفی بەحکومـەتی تـورك نـەداوەو تەئـديب نـەکراوە. زۆر ئيبتدائيـە. تەقريبـەن (٨٠) سـاڵێك لەمـەوپێش لـە طـەڕەف (سـنە)ەوە هـاتوون و لـە طـائيفـەی ئيسماعيل عەوزێرين.

لە دوای باسکردنی عەشايری ئەم ولآتە وامناسەبەتە دەرحەق بەعەشائيری هەورامان و مەريوانيش يەك دوو قسەيەك بکەين چونکە بەشێکی هـەورامانيش لە داخلی ئەم ولآتە دايەو مەريوانيش ڕابطەيەکی بەقوەتی لەگەڵ ولآتەکەمانە هەيە.

**و - هەورامی:**

بەشـی زۆری لـە ئێراندايـەو بـەعضيکيـشی کەوتۆتـە شـەرق و شـەرقی جنوبی قەضای هەڵەبجە. ئەساسەن دوو بەشن:

هەورامانی تەخت: لە ئيدارەی جەعفەر سولطانداو زياتر لە سێ هـەزار پيادەی شەڕکەرو ئازای هەيە. نيوەی لە عيراقدا و نيوەکەی تری لە ئێراندايە.

هەورامانی لوهۆن: باباجانيشی پێئەڵێن و لە ئيدارەی عەباس قليخاندايەو لە (جوانرۆ) و لەدەوری خانی شور و شارەشاخدا و لەزستاندا لەشەرقی چيای بامۆ ڕائەبوێرن. نزيکی دوو هـەزار پيادە وشـەش صـەد سـوارێکی ئـەبێ. چوار خێڵـە: کاکۆی، قوبادی، تاوەگۆزی، يەباخلی.

( سـۆن)، دەرحـەق بـەزمانی پێـشووی ئـەم عەشـيرەتە ئـەڵێ، " بـەگوێرەی ڕوايـەتی خۆيـان" (داريـۆس) قـەومی هـەورامی لـە کێـوی (دەماوەنـد)ەوە هێناوەتـە

ئـەم ولآتـە وخۆشـی لەگـەڵ (کانـدول)ی بـرای لـە ( میـدیا) هـەڵاتووە وهاتۆتـە ئـەم چیای هەورامانەو بەرە بەرە ئەم عەشیرەتە پەیابووە. زمانێکی خصوصیان هەیەو لە کوردی ناچیٚ. بەینێك و لەزەمانی بە قوەتی ئەردەلآندا ئومەڕای ئەویٚ بۆ زاڵ بـوون بـە سـەر ئـەم عەشـیرەتەدا زۆر هـەوڵیان داوە، بـەلآم بۆیـان نـەلواوەو لـە نـاو عەشـایری حـدوددا تـەنیا ئـەم عەشـیرەتە لـە ولآتـی خۆیـدا سـەربەخۆی محافـەظـە کردووەو بۆ ئەمە زۆر فیداکاریان نواندوە. حاکمی ئیمڕۆیـان ( عـەلی شـاە) ەو لـە قەلآی ئەوراماندا دانیشتووەو بە تەواوی سەربەخۆیە.

ئەم عەشیرەتە نیهایەت لە ساڵی ١٩٢٣دا تووشـی تـەعروضـی ئێـران بـووە جەعفەرسوڵتان خۆی هاوێشتە عیراقەوەو بەم تەرحەو بەشـی ئێرانـی بـە تـەواوی کەوتە دەس حکومەتی شاە و لە عیراقیشدا نفوذو تەئثیریان نەما[٩٥]

مـەریوانی: هـەموو عەشـیرەتەکە لـە ئێراندایـەو نزیکـی دوو هـەزار شـەڕکەێکی هەیـە. تـابعی ئـەردەلآن بـووەو ئەغلـەب لەگـەڵ هەورامیـدا لەشـەڕو هـەرادا بـووە. ئێستاکە و بەخصوص لە دوای ئیلتجای (مەحمود خان)ی ڕەئیسیان بە حکومـەتی عیراق ١٩٣٢ بەتەواوی کەوتۆتە ژێر حوکمی ڕاستەو ڕاستی ئێران.

## ئەحواڵی ئەم لیوایە لە ئەواخیری دەوری عوثمانیدا

**( أ ) ناوی متصریفەکان:**

لە قیسمی ئەوەلی ئەم کتێبەدا دیمان کە حکومەتی بەبە لە دوای عەبدوڵڵا پاشا بە تەواوی لە ناوچوو وە کەوتە دەس حکومەتی عوثمـانی ( ١٢٦٧هیجـری – ١٨٥١ی مـیلادی). لـە دوای ئەمـە ئـەوەل کەسـێك کـە بـۆ متـصریفیەتی سـلیمانی تەعیین کرا، میر لیوا ئیسماعیل پاشا بوو. نازانین ئـەم پیـاوە تاکـەی لـەو مەقامـەدا ماوەو یا لـە بـەینی ئیسماعیل پاشـاو نـوری پاشـادا موتـصرفی تـر هـاتووە یـان نـا.

---

[٩٥] ئەم عەشیرەتە و بەعضیٚ لە مەریوانی زۆ ئیعتقادیان بە شێخانی (بیارە)و (طەوێلە) هەیە ئەم طەریقەتی نەقشبەندییە لە عریراقیشدا بلآوبۆتەوە، بەلآم مەرکەزی قەضای هەڵەبجە و هەورامانە. نەتەوەی مەرحوم شێخ عومەری طەوێلەیە، زۆر تەئثیریان بە سەر ئەحواڵی ڕوحیەی ئەم ولآتە بووە و هەیەو جارجار ئەم تەئثیرەیان بۆ سیاسەتیش صەرف ئەکەن.

لەبەر زۆری بەلاو کوێرەوەری کە بەسەر ئەم ولاتەدا هاتووە ، قەیدو قیودێکی مەظبوطی متصریفەکانی چنگ نەکەوت، نیهایەت بە هیمەتی مدیری تەحریراتی سلیمانی جەلال صائیب ئەفەندی ( قائممەقامی عەقرە) ئەم جەدوەلەمان پێکەوە نا:

| | |
|---|---|
| ئیسماعیل پاشا | ١٢٦٧ ی هیجری |
| نوری پاشا | |
| مظهر پاشا | |
| ئیبراهیم پاشا (ماردینی) | ١٢٨٨ هەتا ١٢٩٤ ی هیجری |
| ئەشرەف پاشا | |
| مظهر پاشا ( دووەم جار) | |
| ئیبراهیم پاشا( دووەم جار) | |
| پابت پاشا | ١٢٩٥ ەوە تا ١٢٩٦ |
| زێور پاشا | |
| عالم پاشا | ١٢٩٧ەوە تا ١٣٠٣ |
| ڕەئوف پاشا | |
| طاهر پاشا | ١٣٠٤ |
| بەهرام پاشا (دیاربەکری) | ١٣٠٥ |
| عەلی رەضا پاشا(ئەرچرۆمی) | ١٣٠٦ |
| میر لیوا ڕاسم پاشا | ١٣٠٧ ەوە هەتا ١٣١٠ |
| عەبدولرەحمان پاشا | ١٣١١ |
| صالح پاشا( کەرکوکی) | ١٣١١ ەوە هەتا ١٣١٢ |
| ڕەفعەت بەگ | ١٣١٣ ەوە هەتا ١٣١٤ |
| غالب پاشا | ١٣١٤ ەوە هەتا ١٣١٥ |
| عەبدوڵلاّ پاشا ( دیرەلی) | ١٣١٦ |
| ئەلیاس سامی بەگ | ١٣١٧ ەوە تا ١٣١٨ |

| | |
|---|---|
| صالح سالم پاشا | ١٣١٩ ەوە تا ١٣٢٠ |
| جەما بەگ | ١٣٢١ |
| صالح وەصفی ئەفەندی | ١٣٢٢ |
| تۆفیق پاشا | ١٣٢٣ ەوە تا ١٣٢٤ |
| چیا پاشا | ١٣٢٥ |
| حسێن بەگ | ١٣٢٦ ەوە تا ١٣٢٧ |
| بایرام فەهمی بەگ | ١٣٢٨ ەوە تا ١٣٣٠ |
| شەوقی بەگ | ١٣٣١ ەوە تا ١٣٣٣ |
| مەقصود بەگ | ١٣٣١ ەوە تا ١٣٣٤ |

عەلی رەضا بەگ تا نیهایەتی تشرینی ئەوەلی ١٣٣٤ ( هاتنی ئینگلیز بۆ سلیمانی)

**ب - ئیدارەو مالیەی ئەم ولأتە**[٩٦]

مەنطقەی سلیمانی و تەوابعی، لە شکلی لوایەکدا لە طەڕەف حکومەتی عوثمانیییەوە ئیدارە ئەکراو تابعی ولایەتی موصل بوو. مەرکەزی لیوا، شاری سلیمانی و چوار قەضای هەبوو. ڕوئەسای ئیدارەی لە تەئریخی ١٣٠٧ی هیجریدا ئەمانە بوو:

| | |
|---|---|
| متەصریف و قۆماندان: | میر لیوا راسم پاشا، |
| قاضی: | یوسف سنان ئەفەندی |
| مدیری تەحریرات: | صالح سالم ئەفەندی |
| محاسەبەچی: | ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی |
| مدیری تەلغراف: | مجرم ئەفەندی |
| قائممقامی گوڵعەنبەر: | عوثمان پاشا |
| قائممقامی بازیان: | ئیبراهیم بەگ |
| قائممقامی شارباژێر: | عەبدوڵلأ ئەفەندی |
| قائممقامی معمورە ئەلحەمید: | مەحمود پاشا |

[٩٦] بەگوێرەی ساڵنامەی ساڵی ١٣٠٧ ی ڕۆمی‌یە.

نەفسی شاری سلێمانی، مەرکەزی ئالآی صەدەمینی رەدیف و ئالآیەکی نظامیەی فرقەی سیو شەشەمینی کەرکوك بوو، طابووری یەکی ضەعیفی ژاندەرمەشی بوو.

میزانیه ( بودجه)ی لیوای سلیمانی لە ساڵی ١٣٠٧ی رۆمیدا لە ژێرەوە قەید کراوە:

| وارداتی | غرۆش | مەصروفاتی | غرۆش |
|---|---|---|---|
| وێرگۆی ئەملاك و عەقار | ٨٠٤٧٧ | شەرعیه | ٥٠٣٠٩ |
| وێرگۆی تەمەتوع | ٩٣٩١٨٧ | داخلیه | ٣٢٧٣٨٨ |
| بەدەلی عەسکەری | ٢٦٥١١ | عەدلیه | ١٩٣٨٢٠ |

| واریداتی | غرۆش | مەصروفاتی | غرۆش |
|---|---|---|---|
| ڕەسمی ئەغنام | ٧٥٧٨٧١ | مەعاریف | |
| بەدەلی ئەعشار | ٦٥٤٠٦١ | نافیعه | |
| حاصیلاتی ئەعشار | ٢٧٨٥٠ | ئەورامان | ٢٠٠٠٠؟ |
| خەرجی ئەملاك وطاپۆ | ١٧٧٢٠٠ | مەعادن | |
| خەرجی مەحاکم | ١٥٠٢٥ | مالیه، وێرگۆ | |
| ومعاشاتی ذاتیه | ٢٥٨٥٠٦ | | |
| ڕسومی متنوعه | ٥٢٢٥٠ | ضه بطیەو ژاندرمه | ٨٨٦٠١٤ |
| حاصیلاتی متفەرقه | ٥١٠٠٠ | صحیه | ٦٠٠ |
| مەجموعی | ٢٧٢٥٦٣٧ | | ١٧٠٦٦٣٧ |

عەینی ساڵنامە، بۆ خەدەماتی نافعە( دروست کردنی بیناو ڕێگە و پرد) ی ولایەتی موصل ٢٠٩٨٨ غرۆش، یەعنی تەقریبەن دوو صەد لیرەی داناوە، لام وایە ئەم پارە بە تەنیا مەعاشی باشی موهەندیسی موصل و معاونەکەی بوو.

مەصارفاتی سەنەوییەی مەعاریفی لیوای سلیمانی لە ١٣٠٧ دا نزیکی صەدو پەنجا لیرەیە وئەمەش بۆ مەعاشاتی مەعلمینی تەنیا مەکتەبێکی ڕوشدیەی

مولکیـە بـوو. بـاقی مەکتەبـەکانی لیـوا یـا بـە خێرۆخێراتـی ئـەهالی وە یـا بـە واسیطەی ئەوقافی خصوصیەوە ئەژیا. هەر وەکو لـە میزانیـەی لیـوادا نیشانمان داوە. واریداتی لیوا کەم نەبووە لـە مەصـاریفی ١٠ هـەزار و شـتێکی زیـاد بـووە. بەڵام لە باتی بۆ ئاوەدانیو زانستی لیواکە صەرف بکرێ یا بۆ ئەستەمول ئەنێررا و یا ئەچووە باخەڵی مەئمورین.

**ج - مەعاریفی:**

ڕەسمـی و ئـەهلی مەدارسـی لیـوای سـلیمانی لـە سـاڵی ١٣٢١ی ڕۆمیـدا.[97] ئەمانەیە:

| | عەدەدی | نەوعی | قوتابی | معەلمینی | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەسمی | ١ | ڕوشدی عەسکریە | ١٠٦ | ١٣ | لە ١٣٠٩ دا کرایەوە. |
| | ١ | ئیبتدائی | ؟ | ؟ | لە ١٣١٦ دا کرایەوە. |

قەضای سلیمانی

مەدارسی ئەهلیە

ناوی مەدرەسە گەڕەکی ناوی مدریسەکەی قوتابی موئەسیسەکەی

خانەقای مەولانا -- مەلا موسا

١٥ مەحمود پاشا

باشچاوش سەرچیمەن حاجی مەلا ٩ عەبدولرەحمان ئاغا

مەلا عەلی خانقاه سەرچیمەن مەلا مەحمود

٥ مەلا عەلی نیظامی

شێخ عەبدولکەریم خوار تەکیە شێخ عەبدولکەریم ٧ شێخ عەبدولکەریم

شێخ عەبدولکەریم شێخ عەبدولرەحمان مەلا ئەمین ٨ بە ئیعانە

تەکیە تەکیە مەلا ئیسماعیل ٦ حاجی بەگ

شێخ عەبدوڵڵا هەولێری شێخ عەبدوڵڵا مەلا محەمەد ئەمین ١٤ شێخ عەبدوڵڵا

مەلا عەزیز مەیدان شێخ عەبدولرەحمان عازەبانی ٤ خەڵکی گەڕەك

---

[97] بەگوێرەی ساڵنامەی نەظارەتی مەعاریفی عومیەی ساڵی ١٣٢١ی ڕۆمییە.

حاجی مەحمود   سەرشەقام   مەلا قادر   ٥   حاجی مەحمود
خانەقای مەلا عوثمان   خانەقاه   مەلا صالح   ١١ مەلا عوثمان حاجی ئیسماعیل
مەحمود سوورە   سەرشەقام   مەلا حسین   ٩   مەحمود سوورە
شێخ یوسف   سەرشەقام   شێخ ئەحمەد   ٨   مەلا عەلی
مەلا عەلی   سەرشەقام   مەلا غەفوور   ٥   حاجی مەحمود
زوبیدە   چوارباخ   مەلا عومەر   ٧   زبیدە
حاجی عەبدولرەحمان   مەیدان   حاجی ئەحمەد   ٨   حاجی عەبدولرەحمان بەگ
مزگەوتی گەورە   کانی ئاسکان   مەلا ئەحمەد   ٦   عەبدولرەحمان پاشا
بن طەبەق   بن طەبەق   مەلا عەبدوڵڵا عرفان   ٦   مەلا عوثمان
شێخ قادری گولآنی   قامیش   شێخ مصطەفا   ٧   عەبدولرەحمان پاشا
مەلا گودرون   کانی ئاسکان   مەلا گودرون   ٣   عەبدوڵڵا پاشا
مزگەوتی شێخ سەلام   کانی ئاسکان   مەلا عەزیز   ٥   شێخ سەلام
حاجی حان   گوێژە   مەلا مەعروف   ٦   حاجی حان
مەحمود ئاغا   گوێژە   مەلا محەمەد ئەمین   ٥   مەحمود ئاغا
مەلا ئەحمەد   بن طەبەق   مەلا حاجی صالح   ٣   سلیمان پاشا
نەقیب   مزگەوتی نەقیب   سەید ئەحمەد   ٣   سەید ئەحمەد
موفتی   سەید حسێن   مەلا مصطەفا   ٣   عەبدولرەحمان پاشا
شێخ عەبدولرەحیم   شێخ محەمەد   سەید محەمەد   ٧   سلیمان پاشا
شێخ خالید   خانەقاه   شێخ ئەمین   ٧   سلیمان پاشا
حەمزە ئاغا   گۆیژە   ؟   ٦   حەمزە ئاغا
شێخ ئەبوبەکر   سەرچیمەن   مەلا عەلی   ٣   شێخ عەبدولرەحمان شێخ ئەبوبەکر
جامع سەرچیمەن   حاجی ئەمین   ٣   مەحمود دارۆغا
خیاطیە   دەرگەزێن   مەلا ئەحمەد   ٦   حاجی عەزیز خەیاط
چاومار   ؟   حاجی ئەمین   ٦   مەلا محەمەدی چاومار

شێخ ئەحمەد   گوێژە   مەلا مەحمود ئەصەم   ٤   عەزیز

قەضای مەعمووره

مەدارسی ئەهلیە

کانی چاوماران   مەرگە   مەلا مصطەفا   ٩   فەقێ قادر
مەلا زادە   مەرگە   مەلا عەلی   ٨   مەجید پاشا( بابان)
کانی زەردەشان   مەرگە   مەلا عەبدوڵلاْ   ٤   محەمەد بەگ
چانا   مەرگە   مەلا عەبدوڵلاْ   ٤   محەمەد بەگ
بیمون   بیمون   مەلا محەمەد ئەمین   ٥   قوجەره
کوخا محەمەد   کانی توو   مەلا ئیبراهیم   ١٠   کوخا محەمەد
مەلا زادە   گەناو   مەلا عوثمان   ١٧   مەلا زادە
مەلا غزائی   گەناو   مەلا غەزائی   ؟   مەلا زادە
قەلعە دزە   قەلعەدزە   مەلا عەبدولرەحمان   ١١   قائممقام حوسنی بەگ
بەشیر   بەشیریە   مەلا خەلیفە ئەحمەد   ١٠   ئیعانە
مەلا عوثمان   مەرسولیە   مەلا عوثمان   ١٣   ئیعانە
مەلا ئیبراهیم   بیقلاس   مەلا ئیبراهیم   ١١   ئیعانە
شوران   دیی شوران   مەلا محەمەد   ٧   ئیعانە
شێخ محەمەد   تیمار   مەلا محەمەد   ٧   ئیعانە
شێخ عەلی   سەرکاو   شێخ عەلی   ١١   ئیعانە
فەتاحیە   عەوالأن   مەلا فەتاح   ١٥   ئیعانە
سورداش   سورداش   مەلا عەبدولرەحمان   ٢٠   ئیعانە

قەضای گولعەنبەر

مەدارسی ئەهلیە

محەمەد پاشا   هەڵەبجە   شێخ مەحمود   ١٧   محەمەد پاشاو یونس بەگ
عوثمان پاشا   پێنجوین   مەلا عەبدولرەحمان   ٤   عوثمان پاشا

| | | | |
|---|---|---|---|
| شێخ عومەر | بیارە | مەلا قادر | ٧ شێخ عومەر |
| مەحمود | نێرگسەجار | مەلا مەحمود | ١١ مەحمود |
| ئیبتدائی مەکتەبی کلدانی | سلیمانی | | ١٣ |
| مەکتەبی جولەکە | سلیمانی | ٢٥ | ١٢٣٥ کراوەتەوە |

مەجموع ٥٥ مەدرەسەو (٤٧٠) طەڵەبەیە.

مەکاتبی ڕەسمیەی لیوا، لە ئەواخیری دەوری عوثمانیدا گەیشتبووە ئەم حاڵە:

| عەدەدی معەلمین | | عەدەدی طەڵەبەی | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئیعدادی مەلەکی | ٧ | ٧٠ |
| ١ | روشدییەی عەسکەریە | ٧ | ١١٠ [٩٨] |
| ١ | ئیبتدائی نموونە | ٤ | ١٠٠ |
| ١ | دووەم ئیتدائی | ٢ | ٥٠ |
| ١ | ئەوەلی سیتەك | ١ | ٢٧ |
| ١ | ئەوەلی هەڵەبجە | ١ | ٣٠ |
| ١ | ئەوەلی چەمچەماڵ | ١ | ٣٠ |
| ١ | ئەوەلی پێنجون | ١ | ٢٥ |
| ١ | ئەوەلی ئەغجەلەر | ١ | ١٧ |
| ١ | ئەوەلی مەعموریەی حەمیدیە | ١ | ٩١ |
| ١٠ | | ٢٦ | ٤٨٩ |

ئەمویست بۆ تەواوکردنی باس و ئەحواڵی سلیمانی لە حەق نفوسی شارەکەش شتێك بنووسم و باسێکی کورتی مەدارسی علمییەو مزگەوتەکان بکەم. بەلاّم فاضلی موحتەرەم مەلا محەمەدی قزڵجی ئەم ئەرکەی لەسەر شان هەڵگرتم و

[٩٨] ڕوشدیەی عەسکەری‌یە لە ئۆغستۆسی ١٣٠٩ ی ڕۆمیدا کرایەوەو صنفی ئەوەل و دووەمی تەشکیل کراو ئەوەل صنفی لە ١٣١١ دا نێررایە ئیعدادی عەسکەری بەغدادو لە دوای سێ ساڵ یەعنی لە مارتی ١٣١٥دا داخلی حەربییەی ئەستامۆل بوو. خۆم ئەوەلی ئەم صنفە بووم.

له ژێر عینوانی ( التعریف بمساجد السلیمانیة و مدارسها الدینیة) ، ڕیسالەیەکی زۆر موفیدو موختەصەری لە کانونی ثانی ١٩٣٨دا لەبەغداد لە چاپدا. ئەم ئەثەرە بچووکە فەراغێکی گەورەی پڕ کردەوەو لە حەق عولماو مودرەسین و مەدارسی سلیمانیو مزگەوتەکانی مەعلوماتێکی باشی داوە. باسێکی کورتی ئیمارەتی بابانیشی تیایە. لە دوای ئەم ئەثەرە نووسینێکی ترم بێ لزوم دی. ئومێد ئەکەم هەموو کوردێکی ولاّتی سلیمانی لە ( التعریف )و لە نوری فەیضی موئلیفە موحتەرەمەکەی خۆی مەحروم نایەلێتەوە.

تەنیا ئەوە مایەوە بۆ من کە باسێکی بە تەفصیلیتری سادات و عولەماو شوعەراو ڕیجالی ولاّتەکەمان بنووسم تا (تەئریخی ولاّتی سلیمانی) نوقصان نەبێ.

**د - مەشاهیری ولاّتی سلیمانی:**

**(١) موقەدیمە: طەریقەتی قادری و نەقشبەندی:**

ئەوانەی کە شارەزای کوردستانن ئەیزانن کە ڕوحیاتی خەڵکی ئەو موحیطە بەلای زۆریەوە لە ژێر تەئثیری دوو طەریقەتدایە: قادری و نەقشی. واقیعەن بەشێکی زۆر کەمی تابعی بەعضێ فرەقی مەذهەبیەن : وەکو عەلی ئیلاهی ، جەعفەری ، ...... الخ. بەشێکی تریشی یەزیدییە.

بەلاّم وەکو لە سەرەوە گوتمان طەریقەتی قادری و نەقشی مەنسوبێکی زۆری هەیە لەبەر ئەوە بە مناسبم زانی کە دەرحەق موئەسیسی ئەم دوو طەریقەتە شتێکی کورت لێرەدا بنووسم. دەرحەق مەذاهب و فرقەکانیتر لە جلدی ئەوەلی خولاّصەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان دا بەعضێ مەعلوماتمان داوە.

شێخ عەبدولقادری گەیلانی( قدس سرە): موئەسیسی موحتەرەمی طەیقەتی قادرییە. ئەم ذاتی موبارەکە، کونیەی (محیالدین ابو محمد)ە و کوڕی ( ابو صالح زنگی دوست)ە. مورشیدو صۆفی و موئەسیسی طەریقەتی قادرییە. لە تەئریخی ٤٧٠ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوەو وەفاتی لە ٥٦١ه( ١١١٦م)دایە. لە طەرەف باوکیەوە نەتەوەی حەضرەتی حەسەن( رضی الله عنە)ە. لە بەغداد بە ( شێخی عەجەمی) مەشهور بووە، هەرچەندە بە گوێرەی ئیسمی باوکی ئەبێ لە قەومی ئێرانی بێ، بەلاّم

قاضـی ((ابـو صـالح ناصـر)ی کوڕەزای شـەجەرەکەی نیشان داوە، مەسقەطـی ڕەئسـی گوندی (نیف=نایف)ە کە لە ولاّتـی ( گێلان)ی جنوبی بەحری خەزەردایە[٩٩]. لـە هـەژدە سـاڵیدا بـۆ تەحـصیل نێرراوەتـە ( بەغـداد) و لـە (تـەبرێز)دا تەحـصیلی لیـسانی کـردو مـەذهـەبی حنبلیـی  ( بەگوێرەی بەعـضیك مـەذهـەبی شـافعی) لـە نـەوابغی عولـەما وەکو (هبة الله ابن المبـارك) و ( ابـو ناصـر محمـد بـن البنـاء) تەحـصیل کـرد. گوذەرانـی ژیـانی بـەینی ٤٨٨ و ٥٢١ی هیجری ئەوەنـدە مـەعلوم نییـە، و لـەم دەورەدایـە کـە چۆتە حـەج و تـەئهیلی کـردووە. بـەعـضیك ئـەڵێن کلیلـداری مەرقـەدی (ابوحنیفـة) بـۆ طـەریقـەتی صـوفیەی لـە (ابـو الخـیر محمـد بـن مـسلم الـدباس ) وەرگـرت( ٥٢٥ھ)، ولەقـەبی ( بـاب الاشـهب)ی درایـە. لـە دوای مودەتێـك بـۆ وەرگـرتنی ڕەمـزی طـەریقـەتی صـوفیە کـە (خرقة)یان پیێ ئەگوت لایەق بینراو لە طەڕەف ( قاضـي ابـو سـعد مبـارك المخرمـي)یـەوە، کە مودیری مەدرەسەیەکی حنبلیی نزیك ( باب الازاج) بوو، ئـەم ڕەمزەی تـەودیع کـرا، لـە دوای ئەمـە وردە وردە دەسـی کـرد بـە وەعـظ و ئیرشـادو تـا هـات موسـتەمعینی ڕوو لـە زیـادی بـوو. مەرکـەزی  وەعظـی ئەوەلـەن ( بابـا حلبـا) بـوو، لـە پاشـدا لـە دەرەوەی شـار ڕباطـی بۆ دروسـت کـراو، لـە ٥٢٨دا مەدرەسـەکەی مبـارك المخرمیـی بۆ تەوسـیع کـراو، بەصـیفەتی مـدیرو ڕەئیـسی تیـا دانیـشت و هـەموو سـبەینانی جومعـە و ئێـوارانی دوو شـەممە، لـەم مەدرەسـەیەدا وەعظـی ئـەداو سـبەینانی یـەك شـەمموش لـە مزگەوتەکەیـدا مەشـغولی ئیرشـاد ئـەبوو. زۆری طـەڵەبـەی لـە پاشـدا پیێگەیـشتن و بـوون بـە وەلـی. لـە مەسـائیلی دینیـەدا مەرجـەعی حـەل و فەصـل بـوو، حـەتا خەلیفـەو وەزیـریش لـەم خصوصەوە موراجەعەتیان ئەکرد. مەشغەلەی حەیاتی بە تـەواوی دیـنی بـوو، ئاثـاری زۆری عیبارەت لە مەواعیظ و ئیرشاداتە، بەعضیکی مەعلومی ئەمانەن:

١ – الفینة لطالب طریق الحق( لە قاهیرە لە ١٢٨٨دا طەبع کراوە).

٢ – الفتح الربـانی( ٦٢ وەعظەو لەبـەینی سـالاّنی ٥٤٥ و ٥٤٦ھ)دا نووسـراوە، ( لە قاهیرە لە ١٣٠٢دا طەبع    کراوە).

---

[٩٩] لەو عەصرەدا، خەڵکی ئەم ولاّتی گەیلانە دیلەمی و کورد بوو. بە دوور نییە کە حەضرەتی شێخیش لەو قەومە بیێ.

**٣ – فتوح الغيب ( ٧٨ وەعظە و دەرحەق بەعضىٚ مەواضیعە لە دوای وەفاتی لە طەرەف شێخ عەبدولرەزاقی کوڕیەوە کۆکراوەتەوەو شەجەرەیەکی باوك و دایکیشی عەلاوە کراوەو ئیثباتی ئیرتباطی لەگەڵ حەضەراتی ئەبو بەکرو عومەری تێدایەو باسی ڕەمزی و بەعضیٚ ئەشعاریشی ئەکا( قاهیرە، ١٣٠٤).**

**٤ – حزب بشائر الخيرات ( ئەدەعیەو ئەورادە ( اسکندریە، ١٣٠٤).**

**٥ – جلال الخاطر ( مجموعەیەکی وەعظە).**

**٦ – المواهب الرحمانية و الفتوح الربانية في مراتب الاخلاق السنية والمقامات العرفانية.**

**٧ – يواقيت الحكم.**

**٨ – القيوضات الربانيه في الاوراد القدسيه( مجموعەیەکی مناجاتە)( قاهیرە، ١٣٠٣هـ).**

**٩ – بەعضیٚ مەواعیظە کە لە ( بهجت الاثار) دا جەمع کراوەتەوە.**

**ئەم ئاثاری موبارەکەی ، بۆ ڕسوخ و مەتانەتی عەقیدەی، موحبەتی دینیی و خلوصی ڕوحانیی و بەلاغەتی وەعظ و ئیرشادی شهودی بەلیغەن.**

**ئەڵێن چل و نۆ ئەولادی هاتۆتە دنیاوە، وە لەمانە تەنیا پانزەیان باس کراوە( ئینسقلۆپەدیای ئیسلام).**

***شێخ محەمەدی نەقشبەند( قدس سره ):***

**ئەم ذاتە موبارەکە کە موئەسیسی طەریقەتی نەقشبەندییە، کوڕی محەمەد بەهائەددینی بوخارییە. لە موخلیصی موبارەکی نەقشبەندو ئیستنتاج کراوە کە مصوری بیٚ ئەمثالی عیلمی ئیلاهیاتە. ئەو عنوانی (شاە)ییە کە دراویەتیٚ و لەمەرثیەیەکی ڕەشحاتدا ذکر کراوە، مەعنای ئەوەیە کە ڕەئیسێکی دینیو یا ڕوحانییە.( نسب الویسی) ئەڵیٚ ئصولٚ و مەراسیمی طەریقەتەکەی ئەشوبهێتە مەراسیم و ئادابی (ویس القرنی). ئاثاری موبارەکی، لە طەرەف یەکیٚ لە خولەفیایەوە، کە شێخ صەلاح کوڕی موبارەکە ، لە ژێر عینوانی ( مقامات سیدنا شاه نقشبند) کۆکراوەتەوەو بۆتە ئەساس بۆ ( رشحات عين الحياة) (٨٩٣هـ)، بلذات لەم ئەثەرەدا دەرحەق بە کەلیمەی (نەقشبەند) باسێکی تەواو هەیە. لە فارسیەوە بەعەرەبی تەرجومە**

کـراوەو عینوانەکەشـی بۆتـە( الحقـائق الوردیـة في الحقـائق الادلـة النقـشبندیة) و موتەرجمەکەشـی عەبدالەمەجیـد بـن محەمـەد بـن محەمـەد ئەلخانیـەو، لـە (قـاهیرە) لـە تەئریخی ١٣٠٦ی هیجریدا لە چاپ دراوە.

مـەرحوم، لـە تـەئریخی ٧١٧ی هیجریـدا و لـە دێیـەکی فرسـەخێك دوور لـە (بوخـارا)، کـە ئەوەلـەن (کۆشـکی هنـدەوان)یـان پێئـەگوت و لـە دواییـدا نـاونرا( کۆشکی ئەلعارفین)، هاتۆتە دنیاوە. لە عومری هەژدە ساڵیدا بۆ فێربوونی ئوصـولْ و قەواعیدی تەصوفی لە (محەمەد بابا ئەلسماسی)،نێررایە گونـدی (سـاماس)، کـە سێ فرسەخ لە (بوخارا) دوور بوو. بە گوێرەی ئوصولْی (محەمەد بابـا)، بـە دەنگـی بەرز ذکر ئەکرا، شێخی نەقشبەند، ئصولْی ( علاء الدولـة عبـدالخالق طوجـداواني) ی تـەرجیح کـرد کـە عیبـادەت بـوو لـە ذکـری بێدەنگ، ئـەم ئیختلافـە، لـە طـەرەف مەنـسوبینی ( الـساماسی)یـەوە حـەمل کرایـە سـەر سـوئی نیـەتی ویـا ضـوعفـی عەقیدەی، وە ئەلحال لە دوای بەینێك بلذات( الساماسی) خۆی حەقی دا بە شێخی نەقشبەندو ئەو ئصولْی ذکرەی قبوولْ کردو لە پێش وەفاتیـدا کـردی بـە خەلیفـەی خـۆی. شـێخ، لـە دوای وەفـاتی ( الـساماسی) چـوو بـۆ ( سـەمەرقەند)و لـەوێوە بـۆ (بوخـارا) و لـەوێ تـا هـەڵی کـرد وگەڕایـەوە گوندەکـەی خـۆی، لـە دوای بـەینێك بـۆ تەحصیل کردن لە (ئەمیری کولال) ی خەلیفەی ( ئەلـساماسی) چـووە ( ناسـاف).

لـە دواییـدا لەگـەڵ خەلیفەیـەکی ( ئـەمیر کـولالْ) دا حـەوت سـاڵێك مەشـغولی تەحـصیل بـوو. لـە دوای ئەمـە دوانـزە سـاڵێك لـە مەعیـەتی سـولطان خـەلیل دا خـذمـەتی بـەینی ، ئـەم سـولطان خەلیلـە ، بـە گـوێرەی ئـیبن بـەطوطـە، مـودەعیی سـەلطـەنـەت و مـەرکزی (سـەمەرقەند) بـووە. لـە دوای سـقوطـی ئـەم حوکمـدارە ( ٧٤٧ه)، ڕۆیـەوە دێـی (زۆارتـون)ی نزیـك ( بوخـارا)و لـەوێ حـەوت سـاڵێك بـە خدمەتی ئینسانیەت و ئیعتنا بە حەیوانات ڕای بوارد، وحەوت ساڵیتریش لەگەڵ ئیصلاحی ڕێوبـان خـەریك بـوو. ظاهیر وایـە ئـاخر ساڵی حـەیاتی لـە گوندەکـەی مەسـقەطـی ڕەئـسیدا ڕابـواردووەو لـەوێ بەڕەحمـەت چـووە(٧٩١ه). مەرقـەدی موبـارەکی لـە ( بـاوەدین)ە کـەدوو قۆنـاغ لـە بوخـارا دورەو حـەتا لـە (چین)ەوە بـۆ زیارەتی دێن.

ئـەقوالی شـەریفەی ، لـە طـەڕەف ( محەمـەد بـن محەمـەد ئـەلحافـظ ئەلبخاری)یەوە و لە سەر طەڵەبی (عەلائەددین عـەطار ئـەلبوخاری) کۆکراوەتـەوە ( ظـاهیر وایـە نوسخەیەکی لـە مەتحەفی بـریطـانیا دایـە). نوسخەیەکی فارسیی کـە لەطەڕەف خۆیەوە نووسراوە لە ( حدائق)دا نووسراوە.

**٢ - مورشیدینی بەناوبانگی دوو طەریقەت لە ولأتی سلیمانی:**

ئەم دوو طەریقەتە یەکێکیان لە عەصری شەشەم و ئەوتریان لە عەصری هەشتەمی هیجریـدا تەئسیس کـراو، بـەلأم کـەی و لـە طـەڕەف کێـوە داخلـی ئـەم ولأتە کراوە، ئەمە مەعلوم نییەو یاخود بۆ من ساغ نەکراوەتەوە، وەکو بیستوومە ڕەنگە ئەم دوو طەریقەتە لە دەوری ئیمارەتی بەبەدا بڵاوبوویێتەوەو رۆژ بە ڕۆژ مە نسووبینی زیـادی کـردووە. مورشیدی بـۆ ئێمـە ناسـراوی طـەریقـەتی قـادری لـە ولأتـی سـلیمانیدا مـەرحوم شـێخ مـەعرووف ( نـۆدی)و مورشـیدی( نەقـشی)ش مەرحوم مەولانا خالیدەو ژیانی هەردووکیان تەصادوفی عەینی دەوری کردووە. بە گـوێرەی مـەلا محەمـەدی قزڵجـی، ئـەبێ جـەنابی شـێخ مـەعرووف، طـەریقـەتی قادریـەی لـە شێخ عـەلیی (دۆڵ پـەموو)و ئـەمیش لـە شێخ ئیسماعیل قازانقایـەی وەرگرتبـێ. بـەلأم مـەعلوم نییـە کـە شـێخ ئیسماعیل طـەڕیقـەتی کـەی ولـەکوێ وەرگرتووە.

بە غـەیری ڕوایـەتێکی ناکۆکی بـەینی مـەرحوم شـێخ مـەعرووف و مـەولانا خالید لـە دەوری مـەحمود پاشای عەبدولرەحمان پاشادا، حادثـەیەکی موهیم لـە بەینی ئەربابی دوو طەریقەتدا ڕووی نەداوە. ظاهیر وایە لە سەر ئەو ناکۆکیە بووە کە جەنابی مەولانا سلیمانیی بەجێهێشتووەو چۆتە بەغدادو لـەوێوە بـۆ شـام و لەوێدا ماوەتەوە.

مورشیدانی مەشهوری طەڕیقەتی ئەوەل (وەکو بۆمان ساغ بۆتەوە)مـەرحوم شێخ مەعروف[١٠٠] وحاجی کاك ئەحمەدو مورشیدانی طەڕیقـەتی دووەمیش شێخ

---

[١٠٠] بیستوومە کە مەرحوم شێخ مصطەفا باوکی شێخ مەعروفیش خذمەتی ئەم طەریقەتەی کردووە، بەلأم تەرجومەی حالیم دەس نەکەوت ، مەرحوم لە نۆدێ مەدفونە.

سیراج ئەدین و دوو کوڕی شێخ بەها وئەدین و شێخ عومەرە ( ڕەحمەتیان لێبێ).
مەرکەزو مەقامی مەولانا خالید بەنەظەر ئەم ڕوئەسای نەقشییەوە چۆن بووە، مەعلوماتێکی مەوثوقم نییە. مەرکەزی مەنسوبینی قادری سلێمانی و مەنسوبینی نەقشی( بیارە) و ( طەوێلە) و یا ( شارەزوور)بووە و ئێستاش وایە.

مورشدینی هەر دوو طەریقەت بە صەرەو بە تەئریخ لە خوارەوە باس کراوە. ئەوەلەن مورشدینی مبارەکی طەریقەتی قادرییەوە دەس پێ ئەکەین.

**شێخ مەعرووفی نۆدێ:**

هەر چەندە ئەصلێ و ناوی سەیید محەمەدە، بەڵام بە شێخ مەعرووفی نۆدێ شورەتی سەندووە. سەبەبی ناو گۆڕینەوەی تێنەگەیشتم. ئەم ذاتە موبارەکە کە بێجگە لە مەقامی بڵندی دینیی پایەی عیلم و فەضلیشی زۆر بەرز بوو. لە گوندی ( نۆدێ)ی شارباژێرو لە ساڵی ١١٦٦ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. کوڕەزای شێخ محەمەدی نۆدێیە. سیانزەمین جەدی بە گوێرەی ڕیسالە مەطبوعەکەی ( تەخمیسی قەصیدەی بوردیە) ئەبێ سەید عیسا بەرزنجی کوڕی سەید بابا عەلی هەمەذانی[١٠١] بووبێ کە هاتۆتە شارباژێر و جێگیر بووە. صاحبی تەرجومە، لە (قەڵاچوڵان)و لە( مەدرەسەی غەزائیە)دا خوێندویەتی. بەینێکیش لە (هەزارمێرد) لە لای مەشهور( مەلا محەمەد ئیبن ئەلحاج) دەوامی لەسەر خوێندن کردووەو لەم دەورەدا لەگەڵ ( مەلا عەبدوڵڵا بێتووشی) تێکەڵی پەیدا کردووەو لە دوای موتاڵا کردنی بەعضێ ئاثاری ئەدەبیەی بێتووشی، خوی داوەتە شیعرو ئەدەب و بە نەتیجە بێتووشی زۆر دواخستووە، چونکە ذەکایەکی مستەثناو فەصاحەتێکی مومتازی بۆ بەشێکی زۆری ئاثاری مەنظوم و وێنەی دیانەتێکی قووڵ و ئەدیبێکی پڕ لە وەجدو ئیستغراقە سیلسیلەی ئاثارو تەئلیفاتی، بە

---

[١٠١] وەکو لە کتێبێکی دەس خەطی حەفید زادە جەنابی شێخ مەحمووددا دیومە، ئەم ذاتە کوڕی شەهاب ئەلدین یوسفی برای باباطاهیری هەمەذانییە. تەصادوفی دەوری تەیمور لەنگی کردووە. شیعاری عارفانە و تەئلیفاتێکی زۆری بووە هەمووی لە حەق دین و تەصوفە. زور گەڕاوە. لە ٧٨٦ وەیا لە ٨٠٥دابە ڕەحمەت چووە. سێ کوڕی بووە: سەید محەمەد نوربەخش، شێخ موسی و شێخ عیسا. ئەم دوو ذاتەی دوایی لە زەمانی باوکیانە( ٧٦٠هیجری) هاتوونە بەرزنجە.

گوێرەی ( تەخمیسی قەصیدەی بوردیە)، کە لە طەرەف حەفید زادە شێخ مەحمودەوە لە بەغداد لە چاپ دراوە، ئەگاتە پەنجاو چوار و عینوانیان وایە:

١ – الفوائد في العقائد.
٢ – الفريدة في العقيدة.
٣ – زاد المعاد، في مسائل الاعتقاد.
٤ – القطر العارض، في علم الفرائض.
٥ – سلم الوصول في علم الاصول.
٦ – عقد الدرر، في مصلح اهل الاثر.
٧ – ترصيف المباني، في نظم تصريف الزنجاني.
٨ – الشامل، للعوامل.
٩ – الاغراب، نظم قواعد الاعراب.
١٠ – كفاية الطالب، نظم كافية ابن الحاجب.
١١ – القطوف الدواني، في حروف المعاني.
١٢ – فتح الموفق، في علم المنطق.
١٣ – تنقيح العبارات، في توضيح الاستعارات.
١٤ – نظم الرسالة العضدية، في الوضع.
١٥ – نظم آداب البحث.
١٦ – عمل الصياغة، في علم البلاغة.
١٧ – فتح الرحمن، في علم المعادن والبيان.
١٨ – غيث الربيع في علم البديع.
١٩ – الجوهر النضيد، في علم قواعد التجويد.
٢٠ – فتح المجيد في علم التجويد.
٢١ – تنوير البصائر، في التحذير عن الكبائر.
٢٢ – روض الزهر، في مناقب آل سيد البشر.
٢٣ – عقد الجوهر، في الصلوة والسلام على الشفيع المشفع في يوم المحشر.

٢٤ – نظم العروض.

٢٥ – تنوير العقول، في أحاديث مولد الرسول.

٢٦ – تنوير القلوب، في مديح جيب علام الغيوب.

٢٧ – الهمزية( ناقص).

٢٨ – الاحمدية، في الترجمة العربية بالكردية.

٢٩ – جوهر الاسني، في الصلوات المشتملة على اسماء الحسنى.

٣٠ – تنوير الضمير، في الصلوات المشتملة على اسماء البشير والنذيز.

٣١ – ازهار الخمائل، في الصلوات المشتملة على الشمائل.

٣٢ – راحة الارواح، في الصلوات المشتملة على خصائص حبيب الملك الفتاح.

٣٣ – كشف البأساء، باذكار الصباح والمساء.

٣٤ – فتح الرزاق، في اذكار رفع الاملاق، وجلب الارزاق.

٣٥ – كشف الاسف في الصلاة والسلام على سيد أهل الشرف.

٣٦ – شرح نظم الاستعارات.

٣٧ – البرهان الجلي، في مناقب السيد علي.

٣٨ – اوثق العرا، في الصلوة والسلام على خير الورى.

٣٩ – ايضاح المحجة واقامة الحجة على الطاعن في نسب (سادات البرزنجية).

٤٠ – السراج الوهاج، في مديح صاحب المعراج.

٤١ – وسيلة الوصول الى علم الاصول.

بێجگە لەمانە حەوت تەخميس ( البردة، بانت سعاد، لامية العجم، المضرية، يامن يرى، وانعم عيشا، الهمزية) وسیٚ قەصيدە( مبتدئة علىقافية من نغمات الكردية، فارسية على نغمات الكردية، ايضاً، على نغمات الكردية)ى ممتازيشى نووسيووە. بەعضیٚ لە ئاثاريشى ون بووە.

شێخ مەعرووف، کە مەفاخیری ساداتی بەرزنجەیە[١٠٢] ، لە تەئریخی ١٢٥٢ی هیجریدا بە ڕەحمەت چووەو لەسەر گردێك کە بەناوی خۆیەوە شورەتی سەندووە دفن کراوە. عومری خۆی بە تەدریس و تەئلیف وئیرشاد ڕابوارد. غەریقی ڕەحمەت بێ.

**٢ – حاجی شێخ کاك ئەحمەد:**

کوڕی شێخ مەعرووف نۆدێیەو لەساڵی ١٢٠٧ی هیجریدا لە سلیمانی هاتۆتە دنیاوە. لە باوکی تەحصیلی کردووە. لە علومی تەفسیرو حەدیث و فیقهدا بەهرەیەکی زۆری بوو. لە زوهدو تەقوادا کەم کەس گەیشتۆتە دەرەجەی ئەو و ئەم شورەتەی تا هندوستان چووە. مورشدێکی موئەثیرو خادمێکی زۆر باشی ئینسانیەت و پشتیوانی موحتاجین بوو. لە دوای بڵاوبوونەوەی شورەتی، سولطان عەبدولحەمید ویستی بیبینێ، بەڵام نەی توانی بچێتە ئەستامبول و لەباتی خۆی سەید محەمەدی موفتیی نارد. لەشەڕی عوثمانلی و ڕووسدا ( ١٢٩٢ –١٢٩٣ه) قوەتێکی مناسبی لە مریدان و مەنسوبینی خۆی لە ئیدارەی شێخ سەعیدی کوڕەزایدا نارد بۆ جیهاد. لە طەڕەف پادشاهەوە پێنج دێ بۆ مەصروفاتی تەخصیص کرا.

دەر حەق عیلمی تەفسیر و حەدیث و فیقه صەدو بیست ڕیسالەیەکی بە زمانی فارسی نووسیووە. مەغفور لە ١٣٠٥ی هیجریدا و لەعومرێکی نەوەدوو هەشت ساڵیدا وەفاتی کردو لە مزگەوتی گەورەدا نێژرا. مەرقەدی موبارەکی زیارەتگاهە، غەریقی ڕەحمەت بێ. لە بیرمە ڕۆژی وەفاتی لە شاری سلیمانیدا شینێکی عمومی بوو.

---

[١٠٢] ساداتی بەرزنجە، نەتەوەی شێخ عیسا کوڕی بابا عەلیی هەمەدانیین، کە ئەڵێن سەید بابا عەلی برازای مەشهور بابا طاهیری هەمەدانیە. شێخ عیسا لە بەرزنجە جێگیر بووەو لە ئەحفادو ئەنسالی زۆر عالمی گەورەیی گەیشتووە. شێخ محەمەدی نۆدێ کە بە ( کبریت الاحمر ) مەشهورە بوو، وەعەلامە سەید بابا ڕەسول و سەید محەمەد محی ئەدینی صاحێبی کتێبی ( بئر الالام وبحر الانساب) و سەید محەمەدی کوڕی سەید ڕەسول ، کە صاحێبی تەئلیفاتێکی زۆرە لەم بنەماڵە موبارەکەن( التعریف).

**موشیدو خولەفای طەریقەتی نەقشی**

**مەولانا خالید:**

مورشـیدو موئەسیـسی طـەریقـەتی نەقـشیی ولاّتـی سـلیمانیو ولاّتـانی دراوسیّیە. حەتا ئەناطولی و ئیرانە. عینـوانی ضـیاء الـدین) و کوڕی حسین و لەتیرەیـەکی عەشـیرەتی جـاف ( میکـائیلی)ە. لـە سـاڵی ١١٩٣ی هیجریـدا لـە (قەرەداخ)دا هاتۆتە دنیاوە. لەلای باوکی دەسی کرد بە خوێندن. لە پاشدا لەلای عالمانی بە شورەت وەکو سەید عەبدولکەریمی بەرزنجەییو سەید عەبدولرەحیمی برای و مەلا صالحی تەڕەماری و بەعضیّ عولەمای تر ئیکمالی تەحصیلی کرد. لە پاشدا چووە (سنە)و لە ڕەئیسی ئەلعولەما شێخ محەمەد قەسیم دەرسی خوێندو ئیجازەی تەدریسی لیّ وەرگرت و چوو بۆ حەج و بەسەر موصل و شامدا ڕۆیی و لە شام ئیستماعی حەدیثی لە شێخ مصطەفای کوری محەمەد ئەلکوردی و شێخ محەمەدی کزبەری کردو لە دوای حەج گەڕایەوە سلیمانی. لە دوای بەینێك میرزا ڕەحیم ئەڵلاّ، کە بەدروێش محەمەد مەشهور بوو، هاتە سلیمانی ومەولانای دی و بۆ زیارەتکردنی (شاە عەبدوڵلاّ دەهلی) ی نەقشبەندی تەشویقی کردو واقیعەن مـەولانا لەگـەڵ ئـەم دەروێـشە لـە ١٢٢٢دا چـوو بـۆ هندسـتان و لـە دوای سـاڵێك مواظەبەتی خدمەتی شێخ، بۆ ئیرشاد ئیجازەی درایەو گەڕایەوەو لە (سنە)دەسی کرد بـە نەشـری طـەریقـەت و شـێخ محەمـەد قەسـیمی مامۆسـتاشـی داخلـی ئـەم طـەریقەتـە کـردو، لـە پاشـدا هاتـەوە سـلیمانی و لـە دوای مـدەتێکی کـەم چـووە بەغدادو پێنج مانگێك لەتەکیەی قادریدا مایەوە لە پاشا هاتەوە سلیمانیو دەسی کرد بە ئیرشادو زۆر کەسی داخلی ئەم طەڕیقەتە کرد. ئەم حاڵە بووە سەبەبی عاجزی وحەسادەتی ئەربابی طەریقەتی قادری . لەسەر ئەمە مەولانا هەڵسا چوو بـۆ بەغـداد ١٢٢٨ه، لـە مەدرەسـەی (الاحسائیة)دا، کـە لـە دوای تـەعمیرکرانی لـە طەڕەف داود پاشاوە ناونرا تەکیەی خالیدیە، دانیشت و دەسی کرد بە ئیرشادو زۆری پیاو ماقولان و عولەما بوونە موریدی. تەصادوف لەو وەقتەدا ئەمیری بەبە مـەحمود پاشـای کـوری عەبـدولرەحمان پاشـا هاتـە بەغـدادو کـە ئـەم حاڵـەی دی

ڕجـای گەڕانـەوەی بـۆ سـلیمانیی لێ کـردو، واقیعـەن هاتـەوەو مـەحمود پاشـا خانەقایەکی بۆ دروست کردو لەوێدا دەسی کردەوە بە ئیرشادو لەهـەموو لایەکـەوە عـالم ڕووی تێکـردو ئـەم حاڵـە بـووە سـەبەبی دوو بـەرەکیی عولـەماو ئەشـراف و ئومەراو ئەهالی، و حەتا فکری کوشتنی مەولاناش لەناو دوژمنانیا پـەیا بوو بوو. مەحمود پاشاش لەگەڵ بەغداد تێك چوو بوو وە لەپێش کـەوتنی نفوذی مـەولانا و تەفریقـەی وڵاتەکـەو، بـە حورمـەتیی مـەولانا لـە بەغـداد عـاجز بـوو. مـەولانا فـەرقی پێکردو تەنیا خۆی هەڵساو چووە بەغدادو لە تەکیـەی خالیدیـەدا جێگیر بـوو لـە دوای بـەینێك شـێخ ئەحمـەدی هـەولێری خەلیفـەی نـاردە شـام و لـەوێ نەشـری طـەریقـەت و ئیرشـادی کـردو زۆری پێنەچـوو لـە شـامەوە ڕجـای هـاتنی کـراو مـەحمود پاشـاش خەبـەری بۆ نـاردو ڕجـای گەڕانـەوەی لێکـرد. نیهایـەت جـەنابی مـەولانا ڕۆیـی بـۆ شـام ( ١٢٣٨ﻫ) و گـەرمیی دا بـە ئیرشـادو لـە پاشـدا (بیـت المقـدس)ی زیـارەت کـردو، لـە ١٢٤١دا چـوو بـۆ حـەج و گەڕایـەوە شـام و شـەوی جومعـە لـە ٢٨ی شـوالی ١٢٤٦دا بـەطـاعون وەفـاتی کـرد. غـەریقی ڕەحمـەت بـێ. عولـەماو فـوضـەلای شام بـە ئـەنواعی قەصـائید تەقدیـسیان کـردوە، شـێخ داودی بەغـدادیش لـەناو ئەمانـەدا بـوو. بـە عـەرەبی و فارسـی و کـوردی زۆر قەصـائید وڕەسـائیلی هەیـە، دیـوانی ئەشعاری لـە ئەسـتامبول بـە ئـەمری سـولطـان لـە چـاپ دراوە. لەوەعظ و حەکەمیاتدا لە دەرەجـەی سـەعدی و حـافظـدا بـوو. ( التعریـف ، لاپەرە ٤٧ تا ٥٠ حاشیە). ئەم غەزەلە جوانە نموونەیەکی ئەشعاریە:

ندارد هیچ کس، یاری چو یار من همایون فر
خجسته طلعت، و فرخ رخ، ماه سعید اختر
صنوبر قامتی، آهو نگاهی، کبك رفتاری
سمن بوی، قمر روی، ملك خوی، پری پیکر
جبین مهری، پری چهری، ستمگاری، دل آزاری
شهی سرکش، بنی سر خوش نگار نیش، مه انور
بطلعت خور، بسیمامه، به مو سنبل، به خگ سبزه

دهن فندق، لبنان بسته، زبان طوطی، سخن شکر
خجل از گردن، و روی، ولب، موی،و قد، آوپند
صراحی، ناب، صهبا،وعنبر، وعرر ...
برفت از سحر چشم، وعشوه، وناز،ونگاه او
خرد از سر، روان از تن، شکیب از دل، دلم از بر
زاید روی آتش سان، وخالی عنبرینش هست
دمم دود،و نفس آتش، تنم عودو دلم مجمر
زجور هجر،و رنج، پیچ وتاب، دوریش دارم
بسر خاك و بەچشم آب، وبلب بادو، بدل اخگر

**شێخ عوسمانی تەوێڵە:**

عینوانی موبارەکی ( سراج الدین ) و خەلیفەی مەولانا خالیدی مەرحومە. لە ١١٨٩ی هیجریدا لە گوندی (تەوێڵە)، کە تابعی قەضای (هەڵەبجە)یە، هاتۆتە دنیاوە. طەریقەتی نەقشی، لە وڵاتی سلیمانیو کوردستانی ئێراندا لە دەوری ئەم ذاتە دەسی کرد بە بڵاوبوونەوە. عومری خۆی بە ئیرشادو نەصیحەت ڕابواردو حەیاتی وەقفی دین کرد لە ١٢٨٤ دا هەر لە تەوێڵە بە ڕەحمەت چووە لە خانەقاکەی خۆی تەودیعی خاکی غەفران کرا.

**شێخ محەمەدی تەوێڵە:**

عینوانی موبارەکی (بهاءالدین)و کوڕە گەورەی شێخ عوسمانە لە ساڵی ١٢٣٥ی هیجریدا لە تەوێڵە هاتۆتە دنیاوە و هەولێرەش خوێندویەتیو ئیجازەی ئیرشادی لە باوکی وەرگرتووە. وە لە دوای وەفاتی باوکی چواردە ساڵ ئیرشادی کردووە. لە عیلم و ئەدەبیشدا مەرتەبەیەکی گەورەی بوو بەعضێ ئەشعاری هەیە لە سێ زماندا ( عەرەبی ، کوردی، فارسی)شا ڕەزا بوو لە ١٢٩٨دا لە تەوێڵە بە ڕەحمەت چوو.

**شێخ عومەری تەوێڵە:**

برا بچووکی شێخ محەمەد و کوڕی شێخ عوسمانی مەرحومەو عینوانی ( ضیاءالدین)ە لە ١٢٥٥ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. ئیذنی ئیرشادی لە کاکی

وەرگرت و لە (بیارە)، کە نزیکی (تەوێڵە)یە ، خانەقایەکی دروست کردو، لە وێدا دەسی کرد بە ئیرشاد. لەگەڵ عیلم و تەقوادا لە شیعرو ئەدەبیشدا بە قوەت و فەصیح و بەلیغ بوو. عیلم و عولەمای زۆر خۆش ئەویست، خانەقاکەی مەرکەزی وەعظ و ئیرشادو مەدرەسەی عیلم بوو، هەموو وەقتێك صەد طەڵەبەیەکی تێدا بوو. ئەم ذاتە موبارەکە لە ١٣١٨ی هیجریدا بە ڕەحمەت چوو.

**حاجی شێخ ئەمینی خاڵ:**

شافعی مەذهەب، نەقشی طەریقەت وخەلیفەی شێخ بەهائەددینی طەوێڵەو لە نەتەوەی مەلا ئەبو بەکری موصەنیف ، صاحێبی (الوضوح)ە ، کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئیسماعیلی قاضیی عەبدولرەحمان پاشای بابانە. لە سلیمانی و لەتەئریخی ١٢٥٩ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. لە دوای تەحصیلی ئیبتدائی ( مەلا محەمەدی کەوانەدۆڵی) و (شێخ عەبدولقادر) ی سنەیی عیلمی خۆێندووە. لە دوایی‌دا ئینتسابی طەریقەتی نەقشیی کردووەو بۆتە خەلیفەی شێخ بەهائەددین و لە سلیمانی لەگەڵ ئیرشادو تەتەبوع خەریك بووە، مەرتەبەی دیانەت و تەقوای زۆر بەرزو بە ڕاستی خادیمی ئینسانیەت و پیاوێکی موخلیصی خوا بوو. لە عەرەبی و کوردی و فارسیدا بەشێکی موناسبی ئەدەبی بوو، حەوت بەندەکەی کە لە ڕێگەی حەج گوتویەتی نموونەیەکی سەوادی سەرمەدی و لیاقەتی ئەدەبیەتیی. لە حەیاتیدا گۆشەگیرو لە حکومەت بە دوور بوو چە لە دەوری عوثمانی و چە لەزەمانی ئیحتیلال و حکومەتی محەلیەدا مەعاشی قبوول نەکردو، هەر چاوی لە قاپیی خوا بوو لە ساڵی ١٣٥٠ی هیجریدا بە ڕەحمەت چوووە مەرقەدی لە ( گردی سەیوان).

**حاجی شێخ محەمەدی مەحوی:**

کوڕی شێخ عوثمانی( باڵخ)یە، کە لە ناحیەی (ماوەت)ی شارباژێر دایە. لە خولەفای مەشهوری کوڕانی شێخ عوثمانی (تەوێڵە)یە. لە باوکیو موفتیی زەهاوی تەحصیلی کردووە لە پاشدا چۆتە حەج و لەگەڕانەوەدا لای داوەتە ئەستامبول و زۆر حورمەتی بینیوەو بە ئەمری سولطان عەبدولحەمید لە

سلیمانیدا خانقایەکیان بۆ دروست کردووەو لەوێدا بە تەدریس و ئیرشاد وەقتی ڕابواردووە. لە ٥ی رەمەضانی ١٣٢٧ی هیجریدا و لە عومرێکی (٧٥)ی سالێیدا لە سلیمانی بە رەحمەت چوو.

ئەم ذاتە لە عەرەبی و کوردی و فارسیدا بەهرەیەکی باشی شیعرو ئەدەبی بوو. دیوانی ئەشعاری لە طەڕەف عەلی کەمال ئەفەندیەوە لە ١٣٣٨ی هیجریدا و لە مەطبەعەی سلیمانیدا لە چاپ دراوە. ئەغلەبی قەصائید و عەزەلیاتی دینیە.

دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێبەشە بێ داغی عیشق
مەحویا دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا

بنووسە،پیری دڵم ئەمری کرد ئیطاعەم کرد
لە ئیبتداوە کە بەیتێ موناسبی دیوان
گەدایەکی وەکو مەحوی، قەلەندەرێکی کورد
میثالی پادشەهی فورسە، صاحێبی دیوان

ئەم مەوهیبەیە کە خوا بە مەحویی دابوو، ظاهیر وایە بە ئیرثی بووە بە نصیبی شێخ ئەسعەدی کوڕیشی تەخمیسێکی جەانی دی ، بەرخوردار بێ.

**٢ - عولەماو شوعەرای صاحێب ئەثەر و ڕیجالی مەشهور**

**( بە تەرتیبی حروفی هیجا )**

**١ – سەید ئەبو بەکر:**

کوری سەید هیدایەتوڵڵای مەریانیە، بە موصنیف مەشهورەو، مەلا محەمەدی قزڵجەیی لە ( التعریف)یدا ئەڵێ لە خانەدانی چۆرییە ( چۆری، گوندێکی مەریوانە). لە ئەعاظمی موحەققینە. لە مەدینەی منەوەرەدا ساکن و مەرجەعی طولاّبی عیلم و کەمال بوو. ئاثاری هەیە ( کتاب الوضوح)ی کەسێ جڵدە ( التعریف) ئەڵێ چوار جڵدەو، دائر بە فیقهی شافعیە، ( ریاض الخلود)و ( سراج الطریق) ی مەنظوم و فارسیەو دەر حەق ئەخلاق و حمیاتە، ( طبقات الشافعیة) ش ئەثەری ئەم ذاتی شەریفەیە لە ١٠١٤ دا بە ڕەحمەت چوو. ( خولاصة الاثر). مەرحوم حاجی شێخ ئەمینی خاڵ لە ئەحفادی سەید ئەبو بەکرە.

**٢ - ابو عدی:**

خەڵکی شارەزووره به گوێرەی ( كتاب تتمة اليتيمة)، که له ئەواخیری قەرنی چوارەمی هیجریدا نووسراوە، ئەبێ ابو عدی له قرنی سێیەم وەیا چوارەمدا ژیابێ. ئەم کتێبە باسی تەوەلدو ژیان و وەفاتی ئەکا تەنیا مەدحی شاعیریی ئەکاو دوو ڕوباعی عەرەبی ئیقتباس کردووە.

**٣ - مەلا ئەحمەدی گۆرانی:**

له هەرە گەورەترینی عولەمای عەصریەتی بە ( مەلا گۆرانی = ملا گورانی) وەیا ( مەلا شەمس ئەلدینی گۆرانی) شوورەتی سەندووەو خەڵکی شارەزوورە، ناوی باوکی ئیسماعیلە. لە دوای تەحصیل لە وڵاتی خۆیدا، چووە بۆ میصرو لەوێ ئیکمالی کردو له علومی دینیەدا زۆر بە ناو بانگ بووە. ئیجازەی لە عیلمی عولەما ( ابن حجر) وەرگرت. لەپاشدا چووە (بروسە)و لەوێ تەقدیمی سولطان مرادی ثانی ( ٨٢٤ ٠ ٨٥٤ﻫ) کراو له مەدرەسەی خداوەندکارو بایزیددا بووە بە مودەریس و زۆری پێ نەچوو کرا بە موعەلیمی وەلیعەهد شەهزادە محەمەد ( فاتح)، و چونکە شازادە حەزی لە خوێندن نەئەکرد مەلا گۆرانی فەلاقەی ئەکردو بەزۆر هێنایە سەر خوێندن. لە دواییدا کە فاتح بوو بە پادشاه ویستی بیکا بە وەزیر ، بەڵام مەلا گۆرانی قبوولی نەکردو کرا بە قاضی عەسکەرو لە دواییدا بوو بە قاضیی ( بروسە)و متەوەلیی ئەوقافی سولطانی. جارێك ( سولطان فاتح) ئەمرێکی بێ شەرعیی بۆ نارد، مەلا گۆرانی دڕی و لەسەر ئەمە عەزل کراو چوو بۆ میصر، ( سولطان قاتیبای) زۆر قەدرو حورمەتی گرت و هەدایاو تەخصیصاتێکی زۆری دایە. ( سولطان فاتح) لە ڕۆیشتنی مامۆستای سەغڵەت بوو وە کاغەذێکی بۆ سولطانی میصر نارد کە مامۆستاکەی بۆ بنێرێتەوە. هەر چەندە سولطانی میصر ئارەزووی ڕۆیشتنی مەلا گۆرانی نەبوو، بەڵام مامۆستا چونکە فاتحی وەکو ئەولادی خۆی خۆش ئەیست خۆی ڕانەگرت و چووەوەو دەس بەجێ کرایەوە بە قاضیی بروسە( ٨٦٢ﻫ). لە دوای بەینێك مەقامی ئیفتای درایە کە لەو دەورەدا ئیفتاو مەشیخەتی ئیسلامیە تەنیا مەقامێك بوو. بێجگە لە

هەدیەو ئیکرامی سولطانی ڕۆژی دوو صەد درهەم ومانگی ٢٠٠٠٠ درهەم مەعاشیو ساڵی ٥٠٠٠٠ درهەم تەخصیصاتی بوو. لەم دەورەدا لە ژێر عینوانی (غاية الاماني في تفسير السبع المثاني)دا تەفسیرێکی شەریفی تەئلیف کردو، بەناوی( الكوثر الجاري على رياض البخاري) شەرحێکی موکەملی بوخاریی نووسی. بێجگە لەمانە لەسەر ( ابن حجر)و (کرمانی)و) شرح جعبری) حەواشی مومتازەی نووسیووە. بە ناوی فاتحەوە لە ژێر عینوانی ( شافية)دا مەنظومەیەکی (٦٠٠) بەیتی نووسی. وە لەژێر ئیسمی ( الدر اللامع)دا شەرحێکی ( جمع الجوامع)ی هێنایە وجود. بۆ عیلمی قیرائەت ( فرائد الدرر في شرح لوامع الغرر) ی تەئلیف کرد. مەلا گۆرانی، لە پایتەختی عوثمانیدا بۆ تەفسیرو علومی قورئان مەرجەعی یەکانە بوو زۆر عالمی پێگەیاندووەو وەقتی بە دەرس وئیفتاو تەئلیفو عیبادەت ڕائەبوارد، هەموو شەوێك خەتمێکی قورئانی ئەکرد. زۆر زەلامو بەهەیبەت بوو. پادشاە و وزەرای بە ئیسمی خۆیانەوە بانگ ئەکردو، کە ئەچووە حضوری پادشاە، بە خیلافی عادەتی ئەو وەقتە، سەلامی ئەکردو دەسی ئەگوشی، دائیمەن فاتحی نەصیحەت ئەکردو ئەی گوت: (خواردەمەنی وجل وبەرگت هەموو حەرامە، ئاگات لە خۆت بێ). تەصادوف ڕۆژێك لەگەڵ فاتح نانی ئەخوارد، سولطان پیی گوت: ( ئەوا تۆش حەرامت خوارد). گۆرانی لە جەوابدا گوتی: ( نا، ئەوەی بەردەمی تۆیە حەرامە، ئەوەی لای من کەوتووە حەڵاڵە). سولطان دەورەی چێشتەکەی وەرگێرا، بەڵام مامۆستا دیسان لیی خوارد، سولطان گوتی: ( ئەوا لە حەرامەکەت خوارد). مەولانا جەوابی دایەوە گوتی: ( نا، تۆ حەرامەکەت و من حەڵاڵەکەم تەواو کرد).

مەلا شەمس ئەدین تا ڕۆژی دوایی، بەم تەرحە لەناو عیزەت و حورمەتدا ژیانێکی مەسعودی ڕابواردو لە ساڵی ٨٩٢ھ دا لە ئەستامبول بەڕەحمەت چوو[١٠٤]. سولطان بایەزید، بە نەفسی خۆی نوێژی لەسەر جەنازەکەی کردو، لە

[١٠٤] عثمانلی مؤلفلری، ئەڵێ، تەئریخی وەفاتی مەلا شەمس ئەدین (دەوڵەت جنت) ەکە بەحسابی ئەبجەد ٨٩٣یە ولەگەڵ ڕوایەتی (الشقائق النعمانية)دا ساڵێك فەرقی هەیە.

دفنیدا حاضر بوو، وه ۱۸۰ هەزار درهەمیشی قەرضدار بوو، بۆی دایەوه. ڕۆژی وەفاتی تەعزییەیەکی عمومی بوو له ئەستەمول.

لەحالی حاضردا گەرەکێکی ئەستامبول به ناوی ( مەلا گۆرانی)یەوه مەشهوره ( عوثمانلی مؤلفلری، الشقائق النعمانیة). لەژێر عینوانی (گۆرانی)دا زۆر عولەماو فوضەلا هاتووەو کوتبی تەراجوم ئیقرار به کوردیەتیان ئەکا، بەلام مەنسووب بوونیان به ولاتی سلیمانی وه یا شارەزوور ئەوەنده مەعلوم نییه.

بەعضیٚ لەم عولەمایانه شێخ محەمەد، قاضی شێخ محەمەد، شێخ مصطەفا، قاضی محیئەلدین، شێخ سەعید، شێخ سەعدەدین، شێخ محەمەد شەریفه. نازانین له بەینی مەلا شەمس ئەددین و ئەم عالیمانەدا مناسەبەتێکی خزمایەتی هەیه یان نا؟.

**٤ – ئەحمەد فائیز ئەفەندی:**

له مەشاهیری ساداتی بەرزنجەو کوڕەزای مەرحوم ( سەید حەسەن)ی (کامزردە)ی یه، لەساڵی ١٢٥٨ی هیجریدا و له (گڵەزەردە) هاتۆته دنیاوه. خوشکەزای حاجی شێخ ئەحمەدی مەرحومه. له باوکیو خاڵیو بەعضیٚ عولەمای تر تەحصیلی کردووه. له ١٢٧٧دا بوو به مودەریس له دواییدا داخلی مەسلەکی قەضا بووه. له ( مەرگە)، ( کویسنجەق)، (قەراداغ)و ( کوت الامارە)دا و له لیوای مونتەفیك، کەربەلا، دەرسیم، ئۆرفەدا قاضیەتیی کردووەو له ١٣٠٨دا چۆته ئەستامبول و له دوای ساڵێك کراوه به قاضی ولاتی قسطمونی و له ١٣١٣دا تەحویل کرا بۆ موصل و له دوای مانەوەی چەند ساڵێکی لەم وەظیفەیەدا ئینفصالی کردو چووەوه ئەستامبول و کرا به ئەعضای مەجلیسی مەعاریفی عمومیو له ١٩١٨ی میلادیدا (١٣٣٦ھ)له ئەستامبول به ڕەحمەت چوو.

ئاثاری علیمیەی زۆرەو به سیٚ زمان زۆر کتێبی نووسیوه. ئەوەی که مەعلومه هەژدەیه ئەمانەن:

١ – روضة الازهار، في شرح غاية الاختصار، (١٢٧٧ھ) به فارسی نووسراوەو دائیر به فیقهه.

٢ – خولاصة العقيدة، في شرح درة الفريدة، به عەرەبی نووسراوەو دائیر به عەقائیده.

٣ – التسهيلات البرزنجية، في عوامل جدولية، به توركی نووسراوەو دائیر به عیلمی نەحوه.

٤ – تحفة الاخوان، في شرح فتح الرحمن، به عەرەبی نووسراوەو دائیر به مەعانی وبەیانه.

٥ – البدر الكامل في اختصار التصريف والعوامل ، به توركی نووسراوه.

٦ – جلاء الطرف في اختصار الصرف، به توركی نووسراوه.

٧ – حميدية، في اختصار الصرف والنحو، بەتوركی نووسراوه.

٨ – انفس الفوائد، في شرح الفرائد، بەعەرەبی نووسراوەو دائیر به عیلمی کەلامه.

٩ – السيف المسلول، في القطع بنجاة اصول الرسول، بەعەرەبی نووسراوه.

١٠ – خير الاثر، في النصوص الواردة، في مدح آل سيد البشر، بەعەرەبی نووسراوه.

١١ – زبدة الامال، في ترجمة نصوص الآل، بەتوركی نووسراوه.

١٢ – نص القرآن في وجوب اطاعة السلطان، به عەرەبی نووسراوه.

١٣ – الدرر المنظوم، في ايضاح ما اشتمل على سبعة علوم، به عەرەبی نووسراوه.

١٤ – بهجة البنيان، حاشية تحفة الاخوان، به عەرەبی نووسراوه.

١٥ – ابهى القلائد، في تلخيص انفس الفوائد، بەعەرەبی نووسراوەو دائیر به عیلمی کەلامه.

١٦ – ارشاد العباد، الى صحيح الاعتقاد، به عەرەبی نووسراوه.

١٧ – السحر الحلال، في تعريفات العلوم، ويقرأ على عشرة منوال، به عەرەبی نووسراوه.

١٨ – كنز اللسن المكنون، في ستة السن واثنى عشرة فن( ١٣١٣ﻫ)یه به عەرەبی نووسراوه.

ئەم ئەثەرەی دوایی‌یه، زۆر عەجائیبەو له ئەسلافی کەسی شتێکی وای نەنووسیوه. ئەساسەن یانزه جەدوله بەشەش زمان. هەشت جەدوەلیان هەشت عیلمه به زمانی عەرەبی، یەعنی که لەسەری جەدوەلەوه بخوێنرێتەوه تا خوارەوه، عیلمێکی خصوصی لێ دەرئەچێو باسی غایەو مەوضوع وفائیده ومەسائیلی ئەو عیلمه ئەکا. جەدوەلی نۆهەمیان قەصیدەیەکی تورکی‌یه، جەدوەلی دەهەم

قەصیدەیەکی فارسیـیە لە حەق سولطان عەبدولحەمید. جەدوەلی پانزەمین سێ شیعرە یەکێکیان بە زمانی فەرنساویو دوهەمیان بەزمانی روسیو سێیەمیان بەزمانی کوردیـیە. لەهەمووی عەجائیبیـتر ئەمەیە ئەگەر لە سەری لاپەرەوە دەس بکەی بە خوێندنەوەی تا ئاخری، یەعنی دێری ئەوەل لە هەر پانزە جەدوەلەکە لە پاشا دێری دووهەم لە هەر پانزەیان هەر بەو ڕەنگە هەموو عیلمەکان ئەبی بە عیلمی فیقه، وە هەر شەش زمانەکە کە عەرەبیو کوردیو فارسیو تورکیو فەرنساوی وروسیـیە، ئەبێ بەیەك زمانی عەرەبی. شتێکی غەریب تریشی ئەوەیە ئەگەر لە ئاخیری هەموو دێرێکی کەلیمەیەکی لێهەڵبگیرێ ئەبێ بە تەنیا شیعرێکی عەرەبی بۆ تەئریخی نووسینی کتێبەکە. شیعرەکەش ئەمەیە:

ما نیل ما ابتدعت من عجائبي　　　لذا اتی التاریخ من غرائبي

سیحری حەلالەکەشی هەروایە، بە دوانزە نەوع ئەخوێنرێتەوە، بەلأم هەر بە زمانی عەرەبیـیە.

**٥ - سەید ئەحمەدی نەقیب:**

کوڕی مەرحوم سەید ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحمودی نەقیبە. لە تەئریخی ١٢٨٠ی هیجریدا لە سلیمانی هاتۆتە دنیاوەو هەر لەوێشدا خوێندویەتی و پێگەیشتووە. لە شانزەساڵیداو لە دوای وەفاتی باوکی کراوە بە نەقیبی سلیمانی. لە ١٣١٨دا چۆتە ئەستامبول و لە ١٣٢٧دا چووە بۆ حەج و لەوێ بە ڕەحمەت چووەو لە ( بقیع) دا نێژراوە.

دەرحەق بەعضێ کوتبی دینیە بەعضێ شەرحی نووسیووە و غەیر مەطبوعە. لە کوردی وفارسیدا دەسی شیعر گوتنی بوو،و بەعضێ ئەشعاری هەیە.

**٦ – شێخ ئەحمەد:**

کوڕی شێخ ئەلیاس ( شارەزوور)یـیەو بە ( قاموس الشافعي) شوورەتی سەندووە. باوکی هیجرەتی کردۆتە شام و شێخ ئەحمەد لەوێ هاتۆتە دنیاوە. وە هەر لەوێشداو لە عولەمای بە شورەت فێری خوێندن بووەو علومی ئیکمال کردووە. بەینێك چۆتە ئەستامبول و لە پاشدا گەڕاوەتەوە (طرابلس شام)و لەوێ ژنی هێناوە. لە دوای چەند ساڵێك چۆتە میصر وبۆتە نەدیمی مەحمود پاشای

وەزیر. لە پاش مودەتێك لەگەڵ وەزیر راغب پاشادا چۆتە (حەلەب)و لەوێ لە ١٢ی رەجەبی ١١٩٩ دا بە رەحمەت چووە، بێجگە لە دەرەجەی بڵندی عیلمی لە عەرەبییشدا شاعیرو ئەدیبێکی تەواو بوو.

**٧ - حاجی مەلا ئەحمەد:**

خەڵکی گوندی (دێلێژە)ی ناحیەی قەرەداغەو لە دەوری ١٢٥٠ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. وە هەر لە لیوای سلیمانیداو لە عالیمە بەشورەتەکان تەحصیلی کردووە لە پاشدا چووە بەغدادو پێنج شەش ساڵێك لەلای موفتیی زەهاوی مەرحوم محەمەد فەیضی ئەفەندی خوێندی و ئیجازەی لێ وەرگرت. لە پاشدا چووە ئەستامبول و کرا بە قاضی قەضای (شارباژێڕ)ی سلیمانیو لەچەند جێگەیەکی تردا وەظیفەی قەضای بینی لە دواییدا وازی لەم مەسلەکە هێناو گەڕایەوە سلیمانیو لەگەڵ تەدریس خەریك بووو، بەعضێ ئاثاریشی نووسی، تەئلیفاتی مەعلومی ڕیسالەی (واجب الوجود)و ( کلامین) و (فتاوي شرعية)یەو بەعضێ شەرحیشی نووسیووە. لە ١٣١٨ی هیجریدا بە رەحمەت چوووەو لە گردی شێخ محی ئەددین نێژرا.

**٨ - ئەحمەد پاشا:**

کوڕی سلیمان پاشاو ئاخیر ئەمیری بەبەیە، فکرێکی بڵندو دووربینی بووە. دەوری ئیمارەتی لە صرەی ئیمارەتی باباندا باس کراوە. لە دوای تەرکی ئیمارەتی (١٢٦٤هـ) نێررا بۆ ئەستەمبول[١٠٥]. و لە ١٢٧٢ی هیجریدا کرا بە بەکلربەگی (یەمەن) وە تا ١٢٨٠ لەوێ ما، لە پاشدا کرا بە والیی (وان)و ساڵی

---

[١٠٥] دەرحەق دەوری دوایی ئەم ئەمیرە بەعضێ ڕوایەتمان باس کردبوو. باسێکیتریش هەیە، ئەڵێن لە دوای کوژرانی عەزیز بەگی بابان(مامی) و مەحمود بەگی صاحێبقران و ڕێك کەوتنی هەمەوەند لەگەڵ والیی بەغداد وهاتنی لەشکری عوثمانی بۆ سلیمانی، ئەحمەد پاشا بۆ لەشکر کۆکردنەوە ئەحمەد ئاغای باشچاوەشی نارده پشدەر وخۆشی چووە ناو جاف و لەشکرێکی مناسبی پێکەوەنا وگەڕایەوە سەر سلیمانی. بەلاّم کە دیی شارەکە گیراوەو لەشکری بەغداد لە (گردی سەیوان) هەڵی داوە، ڕۆژی دواییی لە بەری بەیاندا دای بەسەر لەشکری بەغدادا و شەڕێکی مەردانەی کرد، بەلاّم هیچی بۆ نەکرا و شکاو ڕۆیی بۆ (سنه) لەوێ بە تەوەسطی والی، پادشاهی ئێران رجای بۆ کرد وەعەفوو کراو گەڕایەوە بەغداد. بەلاّم لەوێ گرتیان وناردیان بۆ ئەستامۆل.

دوایی بە ڕوتبەی وزارەت کرا بە والیی (یەمەن)، لە ١٢٨٤دا بوو بە والیی ئەرضرۆم و ساڵی دوایی لەم وەظیفەیە جویٚ بووەوەو لە ١٢٩٢دا کرا بە والیی ( ئەطەنە)و لە ذی ئەلقەعدەی ئەم ساڵەدا لەویٚ بە ڕەحمەت چوو. خەلیل خالید بەگ و میری لیوا مصطەفا عیزەت پاشا کوڕانی ئەم ئەمیرەن.

**٩ - ئەحمەد حەمدی بەگ :**

کوڕی فەتاح بەگی ئەراضیی‌یەو، لە ١٢٩٥ی هیجریدا لە سلیمانی تەوەلودی کردووە، تەحصیلیشی هەر لەوێوە و بەیەکەوە لە حوجرەی مەلا عەزیز ئەمان خوێند. خزمی دوو شاعیری مەشهوری کورد یەعنی ( کوردی و سالم)ەو، لە خانەدانی صاحیبقرانە. لە فارسیو کوردیدا پایەیەکی بەرزی ئەدەبی بووە. دیوانی ئەشعاری لە ١٣٣٤ی ڕۆمیداو لە ئەشغالی سلیمانیدا سووتا. بەلاٚم لە دوای ئەم تەئریخەش دیوانێکی باشی هێنایە وجودو هێشتا لە چاپ نەدراوە. قەصائیدو غەزەلیاتی تەخمیس و تەرجیعی بە ڕاستی وێنەیەکی مومتازی طەبعی بڵندی‌یەو بۆ ئەدەبی کورد مایەی فەخرە. لە ساڵی ١٣٥٥ی هیجریدا لە سلیمانی ئەمری خوای بەجێهێنا.

ئەم دوو شیعرە مەطلەع و مونتەهای غەزەلێکی مەشهوری‌یە:

حەرفی ناساغی بە جێم پیٚ چاکە نەك بێجایی ساغ
کاسەی گڵ بێنە لە مەی پڕ، خاڵی نەك مینایی ساغ
لا پەڕە تەکلیفی دەست و پیٚ لەسەر خۆت ئێستەکە
(حەمدی) دەس بۆ ظاڵم و بۆ جەردە چاکە پایی ساغ

**١٠ - ئەحمەد موختار بەگ:**

کوڕی عوثمان پاشای جافە. لە ( هەڵەبجە)و لە تەئریخی ١٨٩٦ی میلادیدا هاتۆتە دنیاوە. تەحصیلیشی هەر لە موحیطی خۆیدا کردووە، سەلیقەیەکی مناسبی شیعری بوو بە کوردیو فارسی. گەلیٚ ئەشعاری هەیە لە ١٩٣٣دا مەقتولەن وەفاتی کرد. لە (دیاری کوردستان)دا غەزلێکی بە سۆزی لە حەق وەطەن هەیە لە نیهایەتی‌دا ئەڵیٚ:

من بە باغ و گوڵستانی جەنەتی ناگۆڕمەوە

خاکی ئەو جێگەیەی کە کوردە، نەشتەری خاری وەطەن.

**١١ - ئیسماعیل حەقی بەگ:**

لە بنەماڵەی بابان و کوڕی مصطەفا ذهنی پاشایە. لە ئەرکانی موهیمەی جەمعیەتی ئیتحادو تەرەقی‌و حقوق شناسێکی مومتازو موحەررێکی پڕ فکرو سەلیقە بوو. بەینێك لە ئەستەمبول بووە بە وەزیری مەعاریف. لە ژێر عینوانی (حقوقی ئەساسیە)و( عیراق مەکتوبلەری)دا دوو ئەثەری بەقیمەتی هەیە، لەگەڵ عەلی ڕەشاد بەگیشدا دوو ئەثەری نووسیووە. لە ١٣٢٩ی ڕۆمیدا لە ئەستامبول بە ڕەحمەت چوو.

**١٢ – مەولانا ئەلیاسی گەورە:**

خەڵکی (قەلاً گۆران)ی ( سەردەشت)ە کە عەشیرەتی (گەورك)ی تیا ساکنە. لە دوای تەحصیلی موقەدیماتی علوم چووە میصرو لە حافظ ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەرسی وەرگرت و لە علومی عەقلیەدا ئیجازەی لە سەید شەریفی جرجانی وەرگرت و لە عیلم و فەضلدا شوەرتێکی تەواوی پەیاکردو زۆر عولەمای پێگەیاند لە نوصفی ئەوەلی قەڕنی دەهەمی هیجریدا بە ڕەحمەت چوو.

**١٣ - ئەمین فەیضی بەگ:**

خەڵکی سلیمانی‌یە، لە ئۆردوی عوثمانیدا ئاخر ڕوتبەی میرئالآی طۆپچی بوو. ذاتێکی ئەدیب و فاضل و قەلەندەر مەشرەب بوو. لە علومی ڕیاضیەدا زۆر شارەزا بوو. لە شیعرو ئەدەبیشدا بەهرەی هەبوو. ئەغلەبی موخابەراتی لەگەڵ شێخ ڕەضای طاڵەبانی‌دا بە نەظم بوو. ( ئەنجومەنی ئەدیبان)ی مونتەخەباتی ئەشعاری بەعضێ شوعەرای کوردەو بەعضێ موخابەراتی مەنظومی خۆشی تیایە. بێجگە لەمە چوار ئەثەری زۆر موفیدی تریشی نووسیوە. ئەم ئەثەرانەی ئەمانەن:

١. تفرقە ریاضیة، باسی قەواعیدی عیلمی جەبر ئەکا.
٢. اجمال نتایج، خولاصەیەکی زۆر موفیدی ڕیاضیات و طەبیعیاتە.
٣. هەوای نەسیمی، باسی ئەحواڵی حیکمییەو کیمیەوییەی هەوا ئەکا.
٤. شعاعات، مەجموعەیەکی ئەشعاری خۆیەتی.

ئەثەرەکانی لەیەکەوە تا سێ بە تورکی وچوارەمیشی بە کوردی‌یە.

**١٤- سەید جامی:**

لەبنەماڵەی (چۆریە)و حەفیدی سەید ئەبوبەکری موصنەف و لە فحولی عولەمای عەصری بوو. تەعلیقاتی مەشهوری هەیە. بۆداق سولطان حاکمی موکری مەدرەسەی ( جامع الاحمر )ی لە ( ساوجبلاق = سابلاخ) دا بۆ دروست کرد( ١٨٠٩هیجری) و لەوێدا لەگەڵ تەدریس عومری بەسەر بردو لە ئەوائیلی قەڕنی دوانزەمیندا بەڕەحمەت چوو. بەعضێ لە حەواشیو تەعلیقاتی بە طەڕزی موتەفەریقەو لە هامیشی بەعضێ کتێبدا طەبع کراوە.

**١٥ - شێخ حەسەن:**

بە (گڵەزەردە)یی مەشهورەو کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێیە. لەگەڵ شێخ ئیسماعیلی برایدا چۆتە لای ئەحمەد بەگی ئەمیری (زەنگەنە). ئەم ئەمیرە شێخ ئیسماعیلی لە (قازانقایە) و شێخ حەسەنی لە (گڵەزەردە) داناو مزگەوتی بۆ دروست کردن و، لەوێ بە تەدریس وئیرشاد مەشغول بوون. صاحێبی تەرجومە، زۆر عالیم و فاضیل و عابیدو تەقی بوو. ڕیسالەی (سرائر القلوب) ئەثەری ئەم ذاتە. لە وەقتی هاتنی نادرشاە بۆ وڵاتی سلیمانی، شێخ حەسەنی طەڵەب کرد، بەڵام شێخ کاغەذێکی بۆ نووسی و عوذری هێنایەوە لە ١١٧٥ی هیجریدا لە گڵەزەردە بە ڕەحمەت چوو وە هەر لەوێشدا مەدفونە.

**١٦ - حەسەن کەنۆش:**

لە شوعەرای فیطری موحیطی سلیمانیەو، لە عەصری چواردەمینی هیجریدا ژیاوە. سەرگوذشتەی ژیانی نازانین، بەڵام ئاثاری ئەدبیەی لەبەرچاوە. ئەم ذاتە هەروەکو حەمە ئاغای (دەربەند فەقەرە) قودرەتی شیعر گوتنی لە طەبیعەت و زەکای خۆی وەرگرتووە. ڕەنگە لە عەشیرەتی (خانجی)وەیا (دەلۆ) بێ. ئەم شیعرە هی ئەوە:

زمزەمەی شادیم برشێ نە ئەفلاك          مەوانات ئایەی (ئینا ئەرسەلناك)

**١٧ - شێخ حسێنی قاضی:**

کوڕی نەقیب سەید مەحمودەو لە ١٢٠٥ی هیجریدا لە سلیمانی هاتۆتە دنیاوە. لە مەرحوم شێخ مەعرووف باپیری و مەلا حامید تەحصیلی کردووەو گەیشتۆتە پایەیەکی بڵندی فەضل وعیرفان. مەولودێکی بە کوردی نووسیوە. لە ژێر عینوانی (صنعەت و ترس)دا ئەثەرێکی بە فارسیو بە عینوانی (لیلی ومجنون)یش ئەثەرێکی بە عەرەبی ونەظمەن نووسیوە. بەعەرەبی و کوردی وفارسی بەعضێ ئەشعاریشی هەبووە. لە خذمەت حاجی کاك ئەحمەد خالیدا چۆتە بەغدادو لەوێدا لەگەڵ ئەدیبی موحتەرەم (عمری عبدالباقی) ئەفەندی مەلاقاتی کردوەو دوو قەصیدەیان بۆ یەکتری نووسیوە. بەعضێ لە تەئلیفاتی لە ئەستامبول بە ناوی موستەعارەوە لەچاپ داوە. لە ساڵی ١٢٨٥ ی هیجریدا لە سلیمانی بە ڕەحمەت چووەو لە گردی (سەیوان) نێژرا.

١٨ - ***خەستە:***

موخلیصی شاعیرێکی ئەم وڵاتەیە. ئیسم و سەرگوذەشتی ژیانیم دەس نەکەوت، تەنیا لە ( ئەنجومەنی ئەدیبان)دا بەعضێ ئەشعاریم دیوە. ڕەنگە لە شوعەرای قەڕنی سیازەهەمینی هیجری بێ. مەطلەعی غەزەلی (دەکەم شین) ی ئەمەیە:

لە هیجرانی گوڵی سوورم دەکەم شین          دەڕێژم دەم بە دەم فرمێسکی خوێنین

١٩- ***مەلا خضری نالی:***

کوڕی ئەحمەد شاوێس و، خەڵکی گوندی (خاك و خۆڵ)ی شارەزوورە، لە دەوری ١٢١٥ی هیجریدا لە دایك بووە. بۆ خوێندن چۆتە (قەرەداغ). هەر لە منداڵیدا دەسی کردووە بە شیعر گوتن. لە دەوری تەحصیلیدا عاشقی کچێکی قەرەداغی ئەبێو ئەم سەودایە ئەبێتە مەنبەعی شیعرو ئیلهامی. لەدوای چەند ساڵێك چۆتە سلیمانیو لە (مزگەوتی سەید حەسەن)دا دەرسی لە (مەلا عەبدوڵڵای ڕەش) وەرگرتووە. لە پاشدا ئەچێ بۆ حەج و لە ١٢٥٥ی هیجریدا ئەچێ بۆ ئەستەمبول و تا نیهایەت لەوێ ماوەتەوەو، کە ئەحمەد پاشای بابان هاتە ئەستامبول، نالی بووە مداومی مەجلیسی و، ئەمیر زۆری خۆش ئەویست. لە

دوای وەفاتی سلیمان پاشاو بوونی ئەحمەد پاشا بە ئەمیر، تەعزیەو تەبریکێکی مەنظومی نووسیوە، کە حەقیقەت وێنەیەکی مومتازی شیعرو ئەدەبەو شیعرێکی ئەمەیە:

تا سلیمانان نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت     ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو

لە نیهایەتی ئەم غەزەلەیدا ئەڵێ:

شاە جم جاە (نالی)یا تاریخی جەم تاریخیە

تا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جاە نەبوو

کە لە حیجازەوە چوو بۆ ئەستامبول لا ئەداتە شام و بەینێك لەوێ ئەمێنێو بەیادی وەطەن قەصیدەیەکی دڵسۆز ئەنووسێ کە ئەمە مەطلەعەکەیەتی:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور

ئەی پەیکی شارازا لە هەموو شاری شارەزوور

وە لە نیهایەتیدا ئەڵێ:

ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە     یا مەصڵەحەت تەوەققفە تا یەومی نەفخی صور

حاڵی بکە بە خەفویە کە ئەی داری سەنگ دڵ

نالی لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور

سالم جەوابی ئەم قەصیدەی سیوسێ شیعرییەی بە قەصیدەیەکی جوان داوەتەوەو لە نیهایەتیدا خیطاب ئەکاتە نەسیمی سیحرو ئەڵێ:

توخودا بڵێ بە حەضرەتی نالی دەخیلی بم

بەم نەوعە قەت نەکا بە سلیمانییا گوذەر

سالم صیفەت لە بێ کەسیا بانەبێ هەلاك

من کردم ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر

لە دوای وەرگرتنی ئەم جەوابەیە کە نالی قەراری داوە نەچێتەوە سلیمانیو ڕووی کردۆتە ئەستامبول و لەوێ لە ساڵی ١٢٧٣ ی هیجریدا (١٨٥٥م)دا بەڕەحمەت چووەو لە مەقبەرەی ( ابا ایوب الانصاری) دا مەدفونە.

نالی لە مەفاخیری وڵاتی سلیمانیو لە هەرە موقتەدرینی شوعەرایەتی. دیوانی ئەشعاری لە ١٩٣١دا لە طەڕەف کوردی و مەریوانی یەوە لە بەغداد طەبع کراوە.

**٢٠- خەلیل خالید پاشای بابان:**

کوڕی ئاخیر ئەمیری بەبە، ئەحمەد پاشایە. لە شەڕی سلیمانیدا کەوتە دەس نەجیب پاشاو لە دواییدا نێررا بۆ ئەستامبول و لەوێ خرایە مەکەتبی حەربیەوە لە دوای ئەمە کە بە ضابط دەرچووە بەینێك بە موعەلیمێتی لە بەعضێ مەکاتبدا خدمەتی کرد، لە ١٢٩٠ی هجریدا تەعیین کرا بۆ قەڵەمی تەرجومەی نەظارەتی خارجیە. لە پاش مودەتێك بوو بە کاتبی سەفارەتی (پارس)و لە پاشدا تەحویلی سەفارەتی (لۆندەرە) کرا. لە دوای بەینێك هاتەوە ئەستامبۆل و لە دەوری موحارەبەی عوثمانلیو ڕوسدا کرا بە موعەلیمی وەلیعەهد شازادە ڕەشاد ئەفەندی. لە پاشدا کرا بە مەئمووری تەحدیدی حدودی (قەرەطاغ)و لە پاشدا کرا بە سەفیری (چتینە) کە پایتەختی ئیمارەتی قەرەطاغ بوو وە لێرەوە بۆ سەفارەتی بەلغراد تەحویل کراو، لە پاشدا بوو بە سەفیری کەبیر لە طەهران و دە ساڵ لەم وەظیفەیەدا مایەوە. لە تەئریخی ١٣٠٦دا کرا بە والیی (ئەطەنە) بەڵام نەچوو، وە ئیستعفای کرد لە دوای سێ مانگ کرا بە والیی (بیروت) و دوو ساڵێك دەوامی کرد لە ١٣٠٨ دا تەحویل کرا بۆ (قسطمونی). خالید پاشا بێ موساعەدە هاتەوە ئەستامبۆل بەڵام بەزۆر نێررا بۆ قسطمونیو زۆری پێ نەچوو ئیستعفای کرد. بەڵام قبووڵ نەکراو ئیصراری کرد. خوڵاصە ئەستامبول لیی ئەمین نەبوو، نیهایەت قباصقال محەمەد پاشا بە ڕاپۆرێکی مەخصوص نێررا بۆ قەسطمونیو خەلیل خالید بەگ مەحفوظەن بۆ (قەیصەری) نەفی کرا ( ١٣١١ و ١٣١١٧)دا لەوێ وەفاتی کرد. زۆر ئەدیب و کامل و شارەزای ئەورووپاو پێنج شەش زمانی ئەزانیو شارەزای ئەدەبیاتی بوو.

**٢١- ڕەسول زەکی ئەفەندی:**

لە عولەمای ناوداری قەڕنی یانزەمینی هیجریەوە، خەڵکی گوندێکی ناحیەی سەردەشت)ە، لەلای مەلای ماوەران، حەیدەر ئەفەندی، خویندویەتیو ئیجازەی لێ وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆی کە بە ( کەلو) مەشهورە، تا دواییی

ژیانی بە تەدریس و تەئلیف وەقتی ڕابواردووەو زۆر شەرح و تەعلیقی بە قیمەتی هەیە.[١٠٦]

**٢٢- *ڕەسول مەستی ئەفەندی:***

خەڵکی (شارەزوور)ەو لە تەئریخی ١٨٢٣ی میلادیدا هاتۆتە دنیاوە. لە (هەورامان )و (سنە) تەحصیلی کردووە. بەینێکیش لەلای مەشهور مەلای خەطیو لە (ڕەواندز)دا خوێندویەتیو لەم ذاتە ئیجازەی وەرگرتووە. لە ئەثنای تەحصیلی لە ڕەواندزدا ئەوەل ئەثەری، کە ( تشریح الادراك فی تشریح الافلاك)ە تەئلیف کردووە. ( اثبات واجب الوجود)یشی هەر لەو بەینەدا نووسیوە. لەدواییدا چۆتە ئەستامول. لە مەکتەبی مولکیەدا خوێندویەتیو ئیکمالی کردووە. لەم دەورەدا کتێبێکی دەرحەق عیلمی فیزیا نووسیو تەقدیمی سولطانی کردو، خەڵات و مەعاشی درایە. لەڕوشدیەی مەلەکیەی موصڵ و کەرکوك و بەصرەدا چەند ساڵێك معلمێتی کرد لە پاشدا چووەوە ئەستامول و کرا بە موفەتیشی مەعاریفی وڵاتی وان، لە دوای مودەتێك کرا بە مدیری مەعاریفی ئەو وڵاتە. لە دوای ئەم وەظیفەیە بە چەند ساڵێك چۆتە میصرو مودەتێك تیا دانیشتووەو بە جەوهەر وەسعی خۆی فێری زمانی فەرنگیش بووەو سیاحەتێکی لە ئەورووپادا کردووەو لە ئەواخیری حەیاتیدا چۆتەوە ئەستامۆل و بۆ ئیثباتی (حەرەکەتی دائیمە) چە لێرە و چە لە میصر زۆر هەوڵی داوە، نیهایەت لە ١٩٠٨دا لە ئەستەمبۆل بە ڕەحمەت چووە. ئاثاری علمیەو فەنیەی زۆرە، بەڵام ئەوی مەطبوع و بینراوە( حەوادث عناصر) و ( سپرزلزلە)یە.

**٢٣- زەهاوی:**

ئەم بنەماڵەیە خەڵکی سلیمانین و، لە طەڕەف عائیلەوە نیسبەتی لەگەڵ بنەماڵەی بابان هەیە. سەبەبی شورەتی بە (زەهاوی)، چوونی حەسەن بەگی باپیری محەمەد فەیضی ئەفەندی مەرحومە بۆ (زەهاو)و بەینێك لەوێ مانەوەیەتی.

---

[١٠٦] لە نەتەوەی ئەم ذاتە زۆر عولەما پەیابووە. عەلی زەکی صاحب (الرسالة الاخلاقية ومختصر القانون لابن سينا في الطب ، محدث رسول الثاني، محمد ابن رسول) کە صاحێبی زۆر ئاثارە لە عیلم وجەبر وهەیئەت وهەندەسەو تەعلیقاتە لەم خانەدانەیە.

به ڕیوایەتێك ئەم هیجرەتی موەقەتە لە نەتیجەی عاجزیی میر ئەحمەد لە حاكمی بابان بووە. ئەم عینوانە، لە ئیعتباری مەرحوم موفتی محەمەد فەیضی ئەفەندییەوە بۆ خانەدانەكە بۆتە عیلم.. كەوابوو مناسب وایە لەسەر گوزەشتی ژیانی موفتی مەرحومەوە دەس پێبكەین.

**(أ) محەمەد فەیضی زەهاوی:**

كوڕی میر ئەحمەدو خەڵكی سلیمانییە.[107] ڕەنگە تەئریخی تەوەلدی ١٢٠٨ی هیجری بێ. لە سلیمانی لەلای عەلامەی مەشهور شێخ مەعروفی نودێ خوێندی، لە پاشدا چووە ( سنە)و لەلای شێخ محەمەد قەسیم مودەتێك خوێندی و لە (سابلاّخ) لە مەنبەعی عیلم و كەمال ( محەمەد بن ڕەسول) چەند وەقتێك كەسبی فەیضی كردو ئیجازەی لێ وەرگرت و گەڕایەوە سلیمانی و مودەتێك لە مزگەوتی عەبدولرەحمان پاشادا ( مزگەوتی شێخ عەبدولرەحمان شێخ ئەبوبەكر لەگەڵ تەدریس مەشغول بوو وە لەپاشدا چووە كەركوك و لەوێ بە مودەریسی وەقتی ڕابواردو لە دواییدا چووە بۆ بەغدادو كرا بە ڕەئیسی مودەریسین و لە ١٢٦٦ەوە تا ١٢٧٠ی هیجری لەم وەظیفەیەدا ماو لەم تەئریخی دواییەدا لە طەرەف والی نامیق پاشاوە و لە جێگەی ( حاجی محەمەد ئەمین ئەفەندی زەند)، كە كرابوو بە كهیا[108] ، بوو بە موفتیی بەغداد[109] وەتا وەفاتی ١٣٠٨هیجری لەم وەظیفەیەدا ماوە، بە ئیفتاو تەدریس وەقتی

---

[107] ئەمیر ئەلیواء خالید پاشای كوڕی مەحمود ئەفەندیی كوڕی موفتی محەمەد فەیضی ئەفەندی، شەجەرەی خانەدانی زەهاویی لە ئەثەرێكی مەرحوم موفتی، كە بە خەطی خۆی نووسیویەتی، ئیستنساخ كردو بۆی هێنام. بە پیی تەسجیلی مەرحوم موفتی، ئەبێ كوڕی ئەحمەد بەگ كوڕی حەسەن بەگ كوڕی ڕۆستەم بەگ كوڕی كەیخسرەو بەگ كوڕی ئەمیر بابا سلیمان بێ. لە عەینی حاشیەدا مەرحوم ئەڵێ: خضر بەگ، (قەلاّچۆلان)، خەسرەو بەگ(قزڵجە)، سلیمان بەگ بزورگ و ڕەشید(یەعنی كوڕە گەورەی)، میر محەمەد( پشدەر)، میر ئیبراهیم( مەرگە)، حەسەن بەگ( قەرەداغ). ئەم كتێبە بەدەس خەطی محەمەد فەیضی (مەلا ئەحمەد)، ولە تەئریخی شەعبانی ١٢١١ی هیجریدا نووسراوە. سجلی عوثمانی بۆ تەئریخی ولادتی محەمەد ئەفەندی١٢١٨ی داناوە بە گوێرەی تەئریخی ولادەتی ئەوەل كوڕی موفتی، عەبدوڵلاّ ئەفەندی كە لە ١٢٢٧ی هیجریدا واقیع بووە، ئەبێ تەئریخی ولادتی موفتی كۆنتر وبەڵكە ١٢٠٨ھ بێ.

[108] جامعی كهیای بەغداد، ئەثەری ئەم ذاتەیە و مەشهور (بیت كهیاش) نەتەوەی ئەون.

[109] بەم مناسەبەتەوە عەبدولباقی ئەلعەمەری گوتویەتی:

قد قیل لي اذ رحت انشد عندما شاهدت دین محمد یتجدد

ڕابوارد. له ڕوتەبی علمیه، پایەی (حەرەمین)ی بوو. لەشەش هەزار طەڵەبەی زیاتر پێگەیاندووە شێخ عەبدولقادری شێخ ئەلمارێنی مودریسی سلیمانیی بەغداد، مەلا حسێن پشدەری مودەریسی مەدرەسەی ئیمام ئەلئەعظەم، شێخ عەبدولوەهابی نائیب، شێخ عەبدولرەحمان قەرەداغی له جوملەی طەڵەبەی زەهاوین. قودرەتی ئەدەبیەی لەگەڵ دەرەجەی علمیەدا متناسب بوو، ئەشعاری فارسیو عەرەبی زۆرە ئەم چەند بەیتە هینی ئەوە:

لاتدع في حاجة بازاَ ولا اسداَ　　　الله رّبك لا تشرك به احدا(١١٠)

شيخا تو كه در عالم عرفان فردى　　　اين رتبه ز دستار بدست اوردى

حيف است كه او دور سر تو گردد　　　بايست كه تو دور سر او گردى

محەمەد فەیضی ئەفەندی تەمام دوانزە کوڕی بوو(١١١)

**ب - جەمیل صدقی:**

کوڕی محەمەد فەیضی ئەفەندیيە. له ٢٩ی ذی ئەلحجەی ١٢٧٩( ١٨ ی حوزەیرانی ١٨٦٣) له بەغدادا هاتۆتە دنیاوە. تەحصیلیشی هەر له بەغدادا کردووە. له ٢ی تەمموزی ١٣٠٣ی ڕۆمیدا کرا به ئەعضای مەجلیسی مەعاریفی بەغدادو له دوای سێ ساڵ بوو به مدیری مەطبەعەی ولایەت و محرری جەریدەی (زوراء)ی ڕەسمی. له ١٢٠٨دا بوو به عضوی مەحکەمەی ئیستئناف. له عومری بیست و پێنج ساڵیدا تووشی (داء العضال) بووە، وە لەعومری پێنجاو پێنج دا قاچی چەپی ئیفلیج بووە. له ساڵی ١٨٩٦دا دەعوەت کرایه ئەستامول و بەسەر میصردا ڕۆیيو لەوێ لەگەڵ مەشاهیری عولەماو ئودەبادا مەعاریفەی پەیا کرد. له ئەستامول به دەسی خەفیەوە تووشی ئەذیەت بوو، وە لەگەڵ بەعثەی ئیصلاحات

---

في مذهب النعمان بالزوراء　　　قد افتى الامام الشافعي محمد

(١١٠) مەقصەد له (باز)شێخ عەبدولقادری گەیلانی وە له (ئەسەد) حەضرەتی عەلی( ر.ع)ە. و غەرضی مەرحوم، تێیگەیاندی عالمە که لەبەینی خالیق ومەخلوقدا بۆ دوعاو نیاز واسیطەی جائیز نیە.

(١١١) کوڕانی موفتی بەصرەی تەئریخ ئەمانەن: عەبدوڵلاّ، عەبدولحەکیم، عەلی، مەحمود، محەمەد ڕەشید، محەمەد صالح، محەمەد لەطیف، محەمەد سەعید، عەبدولغەنی، عەبدولحەمید، جەمیل صدقی، جەلیل. لەمانە عەبدوڵلاّ و عەبدولحەکیم له سلیمانی هاتۆتە دنیاوە.

نێررا بۆ یەمەن و ساڵێکی پێچوو گەڕایەوە نیشان و ڕوتبەی ( بلاد خمسة)ی درایە. لە دوای مودەتێك بەهەزار حاڵ نەجاتی بوو وە گەڕایەوە بەغداد. لە دوای ئیعلانی مەشروطیتی عوثمانی ئینتخاب کراو بووە نائیبی بەغداد و چووە ئەستامول لە دوای ئیعلانی حەربی گەورە گەڕایەوە بەغدادو لەگەڵ موطاڵەعەو تەئلیف خەریك بوو. لە دوای تەشکیلی حکومەتی عیراق و ئیعلانی دەستوور کرا بە عضوی مەجلیسی ئەعیان (١٩٢٥). لە دوای ئیکمالی مودەتی قانونیە لە ماڵی خۆیدا بە موطاڵەعەو تەئلیف وەقتی ڕابواردو لە ١٩٣٥ دا بەڕەحمەت چوو، وە بە ئیحتفالێکی عەظیم تەشییع و لەنزیك مەرقەدی ئیمام ئەلئەعظەم ئەبوحەنیفە دفن کرا.

صاحبی تەرجومە لەگەڵ زمانی ئەصلیی کوردیدا لە عەرەبی و فارسی و تورکیشدا ئەدیبێکی بڵندو شاعیرێکی مەشهور بوو. زۆر مەشاعیرەو موشاجەرەوی لەگەڵ شێخ ڕەضای طەڵەبانیدا هەیە. قەصیدە مەشهورەکەی، کە لە ئیحتفالی هەزار ساڵیی فردۆسیدا لە (طەهران) ئیرادی کرد، نموونەیەکی قودرەتی ئەدبیەی لە زمانی فارسیدایە. لە مەجلیسی مەبعوثانی عوثمانیدا زۆر خیطابەی بەلیغی گوتووەو بە تورکی بەعضێ تەئلیفیشی هەیە. مەرحوم لە ئەدەبیاتی فارسیدا تەرجیحی عەبدولغەنی ئەفەندی برای بەسەر خۆیدا ئەدا.

مەرحوم، هەر وەکو لە مەیدانی شیعردا فەرید بوو لە مەیدانی نەثریشدا زۆر ماهیر بوو. لە مجلەکانی میصردا زۆر مەقالاتی ئەدەبیەی نەشر کراوە. بێینەوە سەر تەئلیفاتی ، ئەمانەن:

١ – دیوان الکلم المنظوم ، قبل الدستور العثماني.
٢ – دیوانه بعد الدستور العثماني.
٣ – هواجس النفس.
٤ – بقایا الشفق.
٥ – رباعیات الزهاوي.
٦ – دیوان الشذرات.
٧ – دیوان نزعات الشیطان.

٨ – عيون الشعر.

٩ – كتاب الفجر الصادق.

١٠ – كتاب الجاذبية وتعليلها.

١١ – الدفع العام، والظواهر الطبيعية والفلكية.

١٢ – محاضرة في الشعر.

١٣ – كتاب في العاب الدامة.

١٤ – حكمت اسلامية درسلری ( بەتورکی).

له شیعرو ئەدەبی عەرەبیدا دەرجەیەکی وا بڵندی پەیاکرد کە لە دوای مەلیك ئەشوعەراو ئەحمەد شەوقی بەگ مەرحومی هاوقەومی، لە طەرەف ئەغلەبەوە عەینی لەقەبی دراوەتیٚ. لە جوملەی ئەشعاری مومتازی عەرەبی قەصیدە بەلیغەکەیەتی کە بۆ تەوحیدی کەلیمەی ئەقوامی شەرقی نووسیوە، کە ئەمە مەطلەعەکەیەتی:

| | |
|---|---|
| يا امة الشرق ! انشطي و افيقي | من طول نوم في الغداة عميق |
| يا شرق ! ان الناس ليس يضرهم | شئ كمثل سياسة التفريق |
| يا شرق! انت على العقول مضيق | والغرب مبغيها بك تضيق |
| لا يخدعك تزلف يدلى به | يا شرق ! ان الغرب غير صديق |

**ج – عەبدولغەنی ئەفەندی:**

کوری موفتی محەمەد فەیضی ئەفەندییەو، لە جەمیل صدقی ئەفەندی گەورەترە، لە ٢٥ی شوال ١٢٧٧دا هاتۆتە دنیاوە فاضل و ئەدیب بوو باخصوص لە فارسیداو، بە تەصدیقی مەرحوم جەمیل صدقی ئەفەندیو بەگوێرەی گفتوگۆی خۆم لەگەڵیا بەڕاستی شاعیرێکی مومتاز بوو. لە ١٣٢٣ ی ڕۆمیدا لە بەغدادا بەڕەحمەت چووە.

**د - ڕەشید پاشا:**

کوڕی محەمەد فەیضی ئەفەندیەو لە ٢٠ صەفەری ١٢٦٤دا هاتۆتە دنیاوە. ذاتێکی فاضیل و ذەکی بوو. لە بەعضیٚ ئەقضیەی عیراق و سوریەدا

قائممقامیەتیی کرد. بەینێك بووە عضوی مەحکەمەی ئیستئناف بەغدادو لە کەربەلاشدا وەکالەتی موتەصریفی کرد. زۆر ئەدیب و لەبیب بوو. لە ١٣٢٧ی ڕۆمیدا لە بەغداد بەڕەحمەت چووە.

**٢٤- سەعید پاشا:**

خەڵکی سلیمانیە. حسێن بەگ( پاشا)ی باوکی کدخدای ئاخر ئەمیری بەبە ئەحمەد پاشا بوو. لە دوای لەناوچوونی ئیمارەتی بەبە ( ڕەنگە هەر لەگەڵ ئەحمەد پاشا)دا چووە ئەستامبول و سەعید بەگی کوری ، کە هێشتا منداڵ بوو، نارده مەکتەب و لە پاش ئیکمالی تەحصیلی داخلی سلکی مەئموریەت بوو وە بەرە بەرە بە جەوهەرو زیرەکی خۆی پێش کەوت و لە ١٣٠٢ی ڕۆمیدا کرا بە ناظری( خارجیە). و لەپاش بەینێك کرا بە سەفیری کەبیری (بەرلین)و مودەتێك لەم وەظیفەیەدا ما. لە دوای چەند ساڵێك دووبارە کرا بە ( ناظری خارجیە = وزیری خارجیە). لە پاش چەند ساڵێك کرا بە وەکیلی ڕەئیسی( شورای دەوڵەت) و لە دەوری وەزارەتی صەدری ئەعظەم خەلیل ڕەفعەت پاشادا ئیصاڵە کرا بە ڕەئیسی ( شورای دەوڵەت) و تا وەفاتی ( ١٣٢٤هـ – ١٩٠٨م) ئەم مەقامە گەورەیەی موحافەظە کرد. عالیم و فاضیل، شارەزای مەراسیمی غەرب و بەعضێ زمانی بوو، خۆیو ولاّتی زۆر خۆش ئەویست، فەقیر دۆست بوو. بۆ سلیمانی و ڕیجالی بنەماڵەی خذمەتی ئینکار ناکرێ. کرانەوەی ڕوشدیەی عەسکەریەی سلیمانی ئەثەری هیمەتی ئەم ذاتە گەورەیەیە ڕەحمەتی لێ بێ.

**٢٥- سلیمان یەمنی ئەفەندی:**

خەڵکی شارەزوورەو لە ١٢١٧دا هاتۆتە دنیاوەو بەینێك لە سلیمانی کاتبی حکومەتی بەبە بوو لە دواییدا لەگەڵ ئەحمەد پاشا چووە ئەستامۆل و لە ئەواخیری سولطان عەبدولعەزیزدا بە ڕەحمەت چوو. ئەدیب و فاضیل و شاعیرێکی بە جەوهەر بوو.

**٢٦- شارەزووری :**

عینوانی بنەماڵەیەکی فەضل و عیرافانە. بە گوێرەی بەعضێ کوتبی تەراجم وەکو ئەثەرەکانی ( السبکی، ابن خلکان، تأریخ الموصل) ئەبێ باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵە لە شارەزوورەوە هاتبێو لە موصلدا جێگیر بووبێ. جدی مەعلومی ( شمس الدین الکوردی)یەو پێگەیشتوانی بە ناوبانگی شارەزووری ئەم ذەواتەیە:

**أ - ئەبو ئەلقاسم ئەحمەد:**

عالمێکی بە شورەت بوو لە (ئەربیل = هەولێر)و (سنجار)دا بەینێك قاضی بوو لە ٤٨٩ی هیجریدا وەفاتی کرد.

**ب - ئەبو بەکر محەمەد:**

بە ( قاضی ئەلخافقین) شورەتی بەستووەو کوڕی ئەبو ئەلقاسم ئەحمەدە. تەوەلودی لە ساڵی ٤٥٤وەیا ٤٥٥دا وەفاتیشی لە ٥٣٨ی هیجریدا یە. عالمێکی گەورەو شاعیرێکی لەبیب بوو.

**ج - مورتەضا عەبدوڵلا:**

برای ئەبو بەکر محەمەدە. تەوەلودی لە ٤٦٥ و وەفاتی لە ٥١١دایە. عالیم، موحەدیث و ئەدیب بوو. بەینێك قاضیەتی موصلی کرد. ئەشعارو قەصائیدی زۆرە.

**د - محەمەد کەمال ئەلدین:**

کونیەی ( ئەبو ئەلفەضل) و کوڕی مورتەضا عەبدوڵلایە. لە ٤٩٢دا لە موصل هاتۆتە دنیاوە. تەحصیلی لە بەغدادە. لە وەقتی وەفاتی ( عمادالدین زەنگی) لە قەلأی (جەعبەر)دا ئەم ذاتەی لەگەڵ بوو. لەوێوە گەڕایەوە موصل. سەیف ئەلدین غازیی ئەمیری موصل ئیدارەی ئیمارەتەکەی دایەدەس کەمال ئەدین و تاج ئەدینی برای. لە ٥٥٥ی هیجریدا لە طەرەف سولطان نورئەدینەوە کرا بە قاضی شام. وە بەرە بەرە پێشکەوت و گەیشتە پایەی وەزارەت. لە زەمانی سولطان صەلاح ئەلدینیشدا جێگەی خۆی لە دەس نەدا. لە هەرە گەورەکانی

عولەمای ئەو عەصرە بوو. قسەخۆش، بەتەدبیر، وریاو جەسوور، ئەدیب وشاعیر بوو. لە عومرێکی هەشتا ساڵیداو لە ٥٧٢ی هیجریدا بەڕەحمەت چوو.

**ھ - ئەبو حامد محەمەد:**

کوڕی محەمەد کەمالەدیینە. لە زەمانی باوکیا قاضی (حەلەب) بوو، لە دوای وەفاتی سولطان نورەئەدین بوو بە مدیری ئموری مەلیك ئەلصالح ئیسماعیلی کوڕی. لە دوای بەینێك لەبەر چاو کەوت و گەڕایەوە موصل. مودەتیٚ لێرە موعتەمەدی عزەئەددین مەسعودی ئەمیری موصل بوو. لە عیلم و ئەدەبدا صاحێبی بەهرە بوو. لە ٥٨٦ی هیجریدا وەفاتی کرد.

بێجگە لەم ذەواتە لەم خانەدانە بەعضیٚ عولەمای تریش وەکو: جەلالەدین ئیبن کەمال ئەدین و قاضیی دیمەشق ضیاءئەدین، بەهائەدین ئەبو ئەلحەسەن ، نەجم ئەدین ئەبو عەلی پیٚگەیشتوون. بەلاٚم لە ترسی طولٚ پیٚدان بە سەر گوذەشتی ژیانی بەعضیکیان کورتم بڕیەوە.

**٢٧- مەلا صالحی حەریق:**

کوڕی مەلا نەصروڵلاٚ و خەڵکی گوندی ( زێویە)ی ناحیەی سورداشی قەضای سلیمانیە. لە ١٢٨٢ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. بۆ تەحصیل زۆر لە کوردستاندا سووڕاوەتەوە. لە ( ئیلاهیات) دا زۆر شارەزاو لەزمانی فارسیدا زۆر بە قوەت بوو. لە دوای ئیجازە وەرگرتنی بەینێك لەولاٚتی سلیمانیدا مایەوە لە پاشدا چووە (سابلاخ)و لەویٚ لە حضوری شێخ بورهانی خەلیفەی شێخ عوثمانی ( تەوێڵە)دا تۆبەی کردو داخلی طەریقەتی نەقشی بوو. عومری بە موتالاٚو تەدریس ڕابوارد. بەسیٚ زمان ( عەرەبی وکوردی و فارسی) زۆر ئەشعاری هەیە وزۆر موئەثیرو بەلیغە. لە ١٣٢٧ ی هیجریدا لە (سابلاخ) بە ڕەحمەت چوو، وە لە قەبرستانی (مەلاجامی)دا  نێژرا، دیوانی ئەشعاری هێشتا طەبع نەکراوە. ئەم شیعرە  هینی حەریقە:

چاوەکەم دوێنیٚ لە باغا گوڵیٚ بە عیشوە خۆی نواند

نەك نمەكگیر بم، بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەم دواند

**٢٨- صالح ئەفەندی ئاهی:**

خەڵكی سلیمانیەو لە شوعەرای كوردی عەصری سیانزەمین و چواردەمینی هیجریەیە. زۆری حەیاتی لە (كۆیە= كویسنجق)دا ڕابواردووە. عالمێكی باش و شاعیرێكی حەساس بوو. زۆر غەزەل و قەصائیدی كوردی هەیە. ئەم دوو بەیتە لە نیهایەتی غەزەلەكەی ( خوا هەڵ ناگریٚ)ی وەرگیراوە.

هەتا كەی سا زقومی میحنەتی دووریت بچێژم من
بەشێتی وێڵ و سەرگەردانی دەشت و كێوو صەحرا بم
دەبیٚ ( ئاهی) لە جەژنی وەصلی دولبەردا بە قوربانی
قەدی باریك و لێوی ئاڵ وچاوی مەست و شەهلا بم

**٢٩- طاهر بەگ:**

كوڕی عوثمان پاشای جافە. لە ١٢٩٥ی هیجریدا لە (هەڵەبجە) هاتۆتە دنیاوە. لەسیٚ زماندا ( كوردی، فارسی، توركی) شاعیرو لە دەوری ئەوەڵدا حەقیقەت ماهیرو صاحێب سەلیقە بوو. دیوانی ئەشعاری طەبع نەكراوە. لە ١٩٢٧م دا وەفاتی كرد.

**٣٠- عارف صائیب:**

كوڕی مەلا محەمەدی مەلا قادری خەڵكی سلیمانیەیە. لە ١٣٠٧دا هاتۆتە دنیاوەو هەر لە سلیمانیدا خوێندویەتیەو لە مەدرەسەی ئەلقضائی موصڵدا، ئیمتحانیدا بۆ قەضای شارباژێر تەعیین كرا، بەڵام نەچوو. لە ١٣٣٠ ی ڕۆمیدا لەگەڵ قوەی سەفریەی ( عومەر ناجی بەگ) چوو بۆ ئێران و گەڕایەوە لەم سەفەرەدا كرا بە ڕەئیسی قەڵەمی قیسمی فارسیی غروپی (ئیبراهیم تەبلیس)و لە ١٣٣٤دا بوو بە كاتبی مەخصوصی شێخ مەحمودو ساڵی دوایی لە ( قەرەچەتان) كوژرا. كاتبێكی موقتەدیرو شاعیرێكی بە سەلیقەو حەساس بوو. دیوانی ئەشعاری كوردی و فارسیی – حەیف– لە ناوچووە. مەرحوم ئەمین فەیضی بەگ

تەنیا قەصیدەیەکی لە (ئەنجومەنی ئەدیبان )دا باس کردووە. ئەم دوو شیعرە لەو قەصیدەیەیە کە لەژێر عینوانی (شەکوای حاڵ)دا نووسیویەتی:

کافر بە زەویی دێتەوە بەم حاڵە پەشێوە
وا دەربەدەر وقوڕبەسەرو تووشی بەڵاٚ خۆم
بۆ شاری سلیمانیەیە فەریادو فوغانم
دائیم لە خەیاڵ و غەمی تەبدیلی هەوا خۆم

**٣١- مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوینی:**

کوڕی مەلا محەمەدی ( شێخ ئەلمارێنی) قەضای شارباژێرە. لە ساڵی ١٢٤٤ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوەو هەر لەوێ و لە سلیمانیدا خوێندویەتی. لە دوای ئیجازە وەرگرتن لە مەلا عەلیی (قزڵجە)یی چۆتە (پێنجوین)و لەوێ بە تەدریس وموتالاٚ وەقتی ڕابواردووە. بەعضێ حەواشی و ئاثاری علمییەی نووسیوە. لەم ساڵانی دواییدا بەعضیکی لە میصردا طەبع کرا. مودەتێك لە مزگەوتی گەورەی سلیمانیشدا دەرسی گوتۆتەوە، بەلاٚم لە دواییدا گەڕاوەتەوە (پێنجوین) و لەوێ لە ساڵی ١٣١٨ی هیجریدا بە ڕەحمەت چوو.

**٣٢- شێخ عەبدولڕەحمان:**

خەڵکی قەرەداغ و کوڕی شێخ مەلا محەمەدە و لە ١٢٥٣ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. ئەوەلەن لەلای باوکی خوێندویەتیو لە عومری بیست ویەك ساڵیدا ئیکمالی تەحصیلی کردووەو ئیجازەی دراوتێ. لە ١٢٥٧دا چۆتە بەغدادو بەینێك لە موفتیی زەهاوی دەرسی وەرگرت و ئیجازەشی لێ سەندووە. لە دوای ساڵێك گەڕاوەتەوە ( قەرەداغ)و لەوێ طەریقەتی نەقشی قبوول کردوەو لە شێخ سەراجەدین ئیجازەی وەرگرتووە. لە ١٢٩٩دا چۆتە کەرکوك و لەوێدا ساڵێك تەدریسی کردووەو لە ١٣٩٣دا لەسەر طەڵەبی والی هاتۆتە بەغدادو تا ئاخیری عومری ژیانی لەوێدا ڕابواردوە.. مەشغەلەی تەدریس و موتالاٚو ئیرشاد بوو. لە ١٣٣٥ی هیجریدا بەڕەحمەت چووەو لە تەکیەی (بابە گورگور) دا نێژراوە.

تەئلیفاتی ئەمانەیە:

١- دقائق الحقائق، دەرحەق عیلمی نەحوە.

٢- الایقاظ، دەرحەق عیلمی وەضعە.

٣- مواهب الرحمن، دەرحەق عیلمی بەیانە.

٤- ملخص الاقوال، في خلق الاعمال.

٥- اسنى المطالب، في علم الواجب.

٦- التحقیق الغالي، في شرح قصیدة الامالي، دائیر بە عیلمی کەلامە.

٧- تحفة اللبیب، دائیر بە عیلمی مەنطیقە.

٨- فهم الوصول، في شرح منهاج الاصول، دائیر بە عیلمی فیقهە.

٩- الاجوبة البهیة، في جواب الاسئلة الهندیة.

١٠-تنبیه الاصدقاء، في بیان التقلید والاجتهاد، والافتاء والاستفتاء.

بێجگە لەمانە بەعضێ تەعلیقاتی باشی لەسەر تەفسیری بەیضاویو توحفەی ئیبن ئەلحەجەرو عەبدولحەکیم سبالکوتیو شەرحی موختەصەرو فەتاوی فیقهیەی هەیە.

**٣٣- عەبدولرەحمان بەگ ( سالم ):**

لە شوعەرای بەناوبانگی سلیمانیە. کوڕی مەحمود بەگی قەرەجەهەنمی کوری ئەحمەد بەگی صاحبقرانەو ئامۆزای شاعیری مەشهور مصطەفا بەگ( کوردی، هیجری)یە. ئەم شاعیرە لە ئیبتدادا جارجارێ موخلصی (ڕەنجور، بیمار)ی ئیستعمال کردووە. بەلاّم لەسەر موخلصی ( سالم) قەراری داوە.

بە گوێرەی قسەی خزمەکانی ئەبێ لە ١٢٢٩ی هیجریدا هاتبێتە دنیاوە. تەئریخ نوویسی بنەماڵەی صاحبقرانی ئێران بوو. لە دوای لەناوچوونی ئیمارەتی بابان بەماڵەوە چووە ئێران و مودەتێکی زۆر لە (طەهران)دا مایەوەو لە دواییدا وەکو خۆی ئەڵێ:

لەگەڵ دڵ شەڕطە ( سالم) گەر نەجاتم بوو لە طەهران
بەهەشت ئەر بێتە دەشتی (ڕەی) بە ئێرانا گوزەر ناکەم

بێزار ئەبێ و ئەگەڕێتەوە سلیمانیو لەوێ بە ڕەحمەت ئەچێ. شاعیرێکی حەساس و شوریدە طەبع بوو. دیوانی ئەشعاری لە طەڕەف (کوردی مەریوانی= طاهر ئەفەندی) یەوە لە ١٩٣٣ دا لە بەغداد لە چاپ درا.

بێجگە لە قەصائیدو غەزەلیاتی شیرینی موخابەرەی مەنظومەشی لەگەڵ مەرحوم (نالی)دا بوو. ئەو جەوابەی کە بۆ کاغەذەکەی نالی( قوربانی تۆزێ ڕێگەتم) نووسیویەتی بەڕاستی سەهلێکی مومتنعە:

ئەمش غەزەلەکەیەتی:

لە طەڕەف یارەوە نۆبەی نەظەرە    ئەی دڵ ئامادە بە، خوێنت هەدەرە
طەشتی پڕ خوێنە بە دائیم سینەم    تا مژەت بۆ ڕەگی دڵ، نەشتەرە
وەزنی یەك بۆ سەو جورمی سەرو جان    لە تەرازوی ئەوا سەر بە سەرە
بۆ کەسێ صوحبەتی مەعشوقە نەبێ    حاصڵی هەر دوو جەهان دەردە سەرە
طالبی وەصلی کەسێکم بە دوعا    وەصلی فردەوسە ، فیراقی سەقەرە

٣٤- **شێخ عەبدولڕەحمان:**

کونیەی ( ئەبو ئەلقاسم) وە عینوانی (صەلاح ئەدین ) و کوڕی ( ئەبو عومەر و عوثمان)ی شارەزووریە. کە بە ( ئیبن صەلاح) مەشهور بوو لە ( حەلەب)دا ژیاوەو تەئریخی تەوەلودی ٥٣٩ی هیجرییە. بەینێك لە (مەدرەسەی ئەلئەسەدیە)دا مامۆستا بوو. لە ژێر عینوانی ( کتاب المصطلح) دا دەرحەق عیلمی حەدیث کتێبێکی باشی نووسیوە لە ئەدەبیاتیشدا دەسی بوو لە تەئریخی ٦١٨ی هیجریدا بە ڕەحمەت چووە    (خولاصە الاثر).

٣٥- **مەلا عەبدولڕەحیم ( مەولەوی ):**

لە عەشیرەتی (تاوەگۆزی) ی قەضای هەڵەبجەیە، بە ڕوایەتێکی تر لە بنەماڵەی (چۆریە)[١١٢] و لە ئەحفادی سەید ( پیر خضر)ی شاهۆییە. موخلصی لە شیعردا ( مەعدوم)ە. خەلیفەی مورشیدی طەریقەتی نەقشی مەرحوم شێخ

---

[١١٢] چۆر، گوندێکی (مەریوان)ە کە تابعی ولاتی (سنە)یە. لەم بنەماڵەی ( چۆریە)، کە جەدیان مەشهور سەید پیرخضری شاهۆییە، زۆر عولەمای بەناوبانگ وەکو سەید ئەبو بەکری موصەنیف، سەید عەبدولکەریم، عەلامە سەید جامی پێگەیوە.

عوثمانی طوێڵە بوو. وەفاتی لە مەبادی قەڕنی چواردەمینی هیجریدایە. دەرجەی دیانەت و تەقوای لەگەڵ مەرتەبەی شیعرو ئەدەبیدا زۆر بڵند بوو، قودرەتی شیعرو ئەدەبی لە دەرجەی ئیجاددا بوو. ئسلوبی ، خاصە بە خۆی. لە سەرشوێنی هێچ شاعیرێك نەڕۆیوە، ئیلهام و سنوحاتی ثەمەرەی تەتبع نەبوو، بەڵکو ڕاستە وڕاست وەهبی بوو. بەعضێ ئەشعاری لە خصوص شێوەو نەسقەوە زۆر لە ئەشعاری باباطاهیری هەمەدانی ئەکا. بەڵام ئەم موشابەهەتە تەقلیدی نییە، تەصادوفیىیە، چونکە مەولەوی لە ئەشعارو ئاثاری باباطاهیر بێ خەبەر بوو. ئەغلەب ئەشعارو غەزەلیاتی تەصویری عەشق و حوبی ئیلاهی ئەکا، وێنەیەکی پڕ لە وەجدو بەسۆزی دینی یە ( العقيدة المرضية)ی ، کە لە ١٣٥٥٢ی هیجریدا لە طەڕەف (محیئەدین صەبری ئەفەندی سنەیی و فەرەجوڵڵا زەکی)یەوە لە میصر طەبع کراوە، وێنەیەکی عەشقی دینیی ( مەولەوی)یە. مەرحوم، ئەم ئەثەرەی بە لەهجەی کوردیی خۆی تەئلیف کردووەو مەنظومە. چل وسێ مەبحەثە. بەعضێکی فارسیىو عەرەبیىیە. لە ١٣٠٨دا لە طەڕەف مەلا ڕەسولەوە ئیستنساخ کراوە. لە ذەیلی ئەم ڕیسالەیەدا ئەثەرێکی تری (مەولەوی)، کە عینوانەکەی ( العقيدة الفارسية)یە، هەیەو بە فارسی ومەنظومە عبارەتە لە وەصف و مەناقیبی نەبەویىو تەصویری عەقائیدو نوکاتی دینی. بێجگە لەم دوو ئەثەرە بە عەرەبیش ( العقيدة المرضية)یو، ( ئیمان وباوەر)یشی بە کوردی نووسیوە، لەهجەی نە بە تەواوی هەورامیىیە نە لەهجەی سلیمانیىیە، بەڵکو لە بەینی ئەم دوو لەهجەیەدا دێت و دەچێ هەر وەکو ئسلوبی شیعر و ئەدەبی لەهجەکەشی خاصە بی بە خۆی.

دیوانی ئەشعاری هێشتا لە چاپ نەدراوە. بەڵام مامۆستای شوعەرای سلیمانیی ئێستا شاعیری موحتەرەم حاجی تۆفیق بەگ خەریکی جەمع و طەبعیىیە. تەقفیەی مەصرەعی ئەوەل لەگەڵ سێیەمداو دووەم لەگەڵ چوارەمدا، کە ئصوڵێکی تازەی غەربە، ئەوەلجارو لە خۆیەوە بێ بیستن وچاوپێکەوتن لە طەڕەف ئەم ذاتەوە ئیستعمال کراوەو ئەمە نموونەکەیەتی:

فریاد جه شوومی ئەرضی چارەی من
دادجه هەوای بەد، بەدستارەی من
هەر سۆزەی موراد، من نادیارەن
هەر نۆ گولاڵەی من بەینی وارن
ئەمەش ڕوباعیەکی تریە:
گۆل چۆن ڕوو عەزیز نەزاکەت پۆشان
وەفرەوان چون سەیل دیدەی من جوشان
سۆزەی حەیاتم ڕستەی وەفای تۆن
ئەر وەفات نەبۆن حەیاتم جه کۆن

**٣٦- شێخ سەمیع:**

کوڕی شێخ ئەحمەدی ( بەرزنجە)یی وخەڵکی دیی چنارەی شارەزوورە. لە بیارە، خوێندویەتیو ئاخر مامۆستای مەلا بچکۆل )ی هەولێرییەو عیلمی فەلەکی لەم ذاتە تەحصیل کردووە. لە ساڵی ١٣١٥ی هیجریدا چۆتە حەلەب و لەوێ بە تەدریس وموتالاً وەقتی ڕابواردووە. لە کوردیدا زۆر فەصیح و بەلیغ و لە عەرەبیدا کۆل بوو. صاحێبی ( الاعلام النبلاء بتاریخ حلب الشهباء) محەمەد راغب ئەفەندی، ( شرح شمسیة)و( علم فلك)ی لە ذاتە تەحصیل کردووە. لە دوای وەفاتی ( شێخ حەسەن ئەلکوردی) کرا بە مودەریسی ( مدرسة الاحمدیة) وە تا وەفاتی لەسەر ئەم وەظیفەیە ماو لە موحەرەمی ١٣٣٨دا بە ڕەحمەت چوو. وە لە مەرقەدی (شێخ ثەعلەب)دا نێژرا.

**٣٧- عەبدوللاّ موصیب پاشا[١١٣]:**

لە دوای ئەمە کە نەجیب پاشای والیی بە معاونەتی ئەم برا بچوکەی ئەحمەد پاشا مەجبووری چوو بۆ ئەستەمول کرد لە مەقامی موکافاتدا بە ڕوتبەی میری میران کردی بە قائممقامی سلیمانی. چوار ساڵێك لەم وەظیفەیەدا ما. لە ١٢٦٨ی هیجریدا عەزل کراو نێررایە ئەستامول. بە وەظیفەی قائممقامیو موتەصەریفی

[١١٣] چونگە لە تەئریخی باباندا باسی هەموو ئومرای بابان کراوەو، لێرەدا باسی ئەوانە ئەکەین کە داخلی ئەو تەئریخە نەبوون.

مودەتێك لە چلدر، وان، مەرعش، بنغازی، خەرپوط دا خدمەتی كردو لە ڕەمەضانی ١٢٩٤دا لە بەیروت وەفاتی كرد. ( سجلی عوثمانی)

٣٧- **مەلا عەبدوڵڵا:**

لە تەئریخی ١١٦٠ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوەو، بە ناوی گوندەكەیەوە بە ( بێتوشی) شورەتی سەندووە. لە عیلمی لوغەتدا بە قوەت و لە شیعرو ئەدەبیاتدا دەرجەیەكی گەورەی بوو. لەگەڵ مەلا مەحمودی برای هەر لە وڵاتی خۆیانا خوێندویانەو لە پاشدا چوونە بەغدادو لەبەر ئیحتاج كتێبەكانیان فرۆشت و دەوامی مەجلیسی عەلامە صبغەتوڵلا حەیدەریان كرد. لە دوای بەینێك مەلا مەحمود گەڕایەوە وڵاتی خۆیو مەلا عەبدوڵڵا چوو بۆ بەصرەو لەوێ بوو بە مودەریس. كە صادق خانی زەند، بەصرەی گرت خۆی شاردەوەو، لەم دەوری ئیختفایەیدا (الزواجر)ی ئیبن حەجەری كرد بە نەظم و شەرحی كرد لە پاشدا چوو بۆ ( ئەحسا)و لەوێ لە ساڵی ١٢٢١ی هجریدا بە ڕەحمەت چوو. ئەم عالیمە شاعیرە تەئلیفاتی زۆرە. یەكێكیان ( الكفاية في نظم حروف المعاني وشرحها)یە. دائیر بە مەدحی دیی (بێتوش)ە، كە لە ناوچەی (ئالان) ونزیك سەردەشتە، قەصیدەیەكی جوانی نووسیوە كە موطاڵەعەكەی ئەمەیە:

الا حي بيتوشاَ واكنافها التي      يكاد يروي الصاديات سرابها

مرابيع يزري بالعبير رغامها      وتهزأ بالضبى النفور كعابها

لە نیهایەتی قەصیدەیەكی تریدا ئەڵێ:

وان تجد شيئاٌ خلاف الادب      فالطبع كردى وهذا عربى

مەشهور ابن السند شیخ عوثمای بەصرەیی لە ( مطالع السعود في اخبار والى داود)ی دا باسی بیتوشی ئەكاو ئەڵێ:

" كتب البليغ الاديب فارس الحماسة والنسيب والعالم العامل بعلمه والناظم الذي فخرت الاكراد بنظمه معرى مصره سيبويه عصره عبدالله ابن محمد الكردي البيتوشي الخانحلي الآلاني كتابا الى سليمان بك بن عبدالله بن شاوي الحميري واستصرخ فيه لنصرة البصرة وتخليصها........"

**٣٩- مەلا عەبدوڵڵای ڕەش:**

مەرحوم عەبدولرەحمان پاشای بابان ، وەظیفەی تەدریسی مزگەوتەکەی خۆی ( لە دوایدا ناونرا مزگەوتی سەید حەسەن)، دابویە. عالیمێکی بەناوبانگ، صاحێبی رای و فتوای حور، ولە ئەحکامیدا راست و جەسوور بوو لە ئەواسیطی قەرنی سیانزەمینی هیجریدا بە ڕەحمەت چوو.

**٤٠-مەلا عەبدوڵڵای عیرفان:**

عالم و فاضیل و ئەدیب و شاعیر بوو. (عیرفان). موخلصیەتی لە چوار زماندا شارەزابوو. لە علومی دینیە، ریاضیة و فەلەکیەدا زۆر بە قوەت بوو. لە ئەوائیلی قرنی چوارەمی هیجریەوە تا مەبادی حەربی عمومی لە مزگەوتی ( بن طەبەق)دا مودریس بوو لە عەینی وەقتدا لە مەکتەبی ڕوشدیەی مولکیەی سلیمانیشدا دەرسی ئەگوتەوەو خۆم لە ساڵی ١٣٠٩ی هیجریداو لەم مەکتەبەدا ساڵێك دەرسم لەلای خوێندووە. مەرحوم طەڵەبەی مەلا عەبدولرەحمان پێنجوینی بوو. ئەڵێن لە ساڵی ١٩١٤م دا بەڕەحمەت چووە.

**٤١ - شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی:**

ئەوەل مودەرسی مزگەوتی شێخ عەبدولرەحمان و لە فوضەلآی عەصری بوو. مەرحوم مەولانا ئیراهیمی بیاری سەید عەلی بەرزنجەیی ومەولانا خالید لەم ذاتە دەرسیان وەرگرتووە. لە ١٢١٣دا وەفاتی کردووە.

**٤٢-شێخ عەبدولقادری سنەیی:**

عالمێکی بە شورەت و فەیلەسوفێکی موحتەرم بوو. بە گوێرەی ( التعريف ) ئەم ذاتە برازای ( شێخ محەمەد قەسیم) ی ( سنە)یی مامۆستای مەولانا خالیدە. لەسەر حادیثەیەکی مەذهەبی ناعیلاج ما لە (سنە)ەوە هاتە سلیمانیو بوو بە مودەریسی مزگەوتی مەلا محمود. لە طەڕەف سولطان عەبدولمەجیدەوە مەعاشێکی مناسبی بۆ بڕایەوە. ئەساسەن لە بنەماڵەی ( مەردۆخ)ە کە زۆر عولەماو فوضەلای بەناوی لێهەڵکەوتووە. لە جوملەی ئاثاری، (حاشية اللاري) و (حاشية على العقائد العضدية)و (حاشية اثبات الواجب) و(شرح رسالة الزوراء)یە

وسیّ شەرحیشی لە سەر ( تهذیب الكلام قديم وجديد)هەیەو مەطبوعە وبەعضیّ ڕەسائیل و تەعلیقاتی موهیمی تریشی نووسیوەو لە ١٣٠٣دا بەڕەحمەت چووەو لە ( گردی سەیوان) نێژراوە.

**٤٣- عەبدوڵلا حەسەن:**

لە عەشیرەتی ( نەوڕۆڵی)و خەڵکی گوندێکی شارەزوورە. هاوعەصرو هاودەمی مەولەی‌یە. شاعیرێکی فطری و نەخوێندەوارە. مەولەوی زۆری خۆش ئەویست، مەسلەکێکی فەلسەفی بەرزی بوو. عومری خۆی بە باغەوانی وفەقیری ڕائەبوارد. لە هەڵەبجە وەفاتی کردووە.

ئەم شکایتنامەیەی نموونەیەکی فەلسەفەیەتی:

ئەوە نان نەبوو تۆ دات وە بەنە ( بەندە)
وە هەولّی قۆڵ وە زۆری چەنە
چەند ساڵ لە سەریەك ڕەمەضانم گرت
ونان و ئاوو پارشێوم ئەکرد
وەگەڵی ئەدەی مایني موحەنەك
وەمنت نەدا کەلاشێکی چاك
ژێرم خاك ئەکەی، سەرم سنگ ئەکەی
ئەمن دەنگ ناکەم، ئەتۆ دەنگ ئەکەی

**٤٤- عوثمان پاشا:**

کوڕی محەمەد پاشای کەیخسرەو بەگی ڕەئیسی عەشیرەتی جافە. لە ١٢٦٣ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. لە ١٢٩٠دا لە طەڕەف حکومەتی ئێرانەوە کرا بەحاکمی جوانرۆو زەهاو( زەهاب). لە دوای چوار ساڵ، بەسەبەبی کەوتنەوەی باوکی لەگەڵ حکومەتی عوثمانی، لەگەڵ عەشیرەتەکەی‌و لە مەعیەتی باوکیا هاتەوە خاکی عوثمانی. باوکی کرا بە قائممقامی هەڵەبجەو عوثمان بەگیش مەعاونەتی بوو. لە ١٢٩٩دا، کە مەحمود پاشای برای بوو بە قائممقامی هەڵەبجە، لەگەڵ باوکیا بەسەر عەشیرەتەکەوە مان. لە ١٣٠٦دا کرا بە ڕەئیس جاف و قائممقامی هەڵەبجە و بیست ساڵ لەم

وەظیفەیەدا ما، حکومەتی عوثمانی ڕوتبەی میری میرانی دایە. شاهی ئیرانیش سێ جار خەڵاتی بۆ نارد. لە موحیطی سلیمانیو ئەردەڵاندا زۆر بە نفوذ بوو. لە ١٣٢٧ی هیجریدا لە هەڵەبجە بە ڕەحمەت چوو. زۆر دیندارو خێرخواه، خۆشگۆ ، شیرین زمان و میوانپەروەر بوو بوو. لە شاری هەڵەبجەدا زۆر ئاثاری هەیە. مشهور ( عادلە خانم) حەرەمی ئەم ذاتەیە.

**٤٥-عیزەت بەگ:**

کوڕی حسێن پاشاو برای ڕەئیسی شورای دەوڵەت مەرحوم سەعید پاشاییە. لە ١٢٨٧ی هیجریدا لە ئاستامبۆل هاتۆتە دنیاوە. تەحصیلی لە ئەستامولدا کردووەو لە ١٢٠٣دا داخلی سلکی خارجی بوو وە بەرە بەرە پێشکەوت و گەیشتە ڕوتبەی بالاْ. لە ئیعلانی مەشروطیتدا نۆ مانگ بێوەظیفە هێڵرایەوەو لە پاشدا کرا بە مودیری دائیرەی تابعیەت، وە لە دەوری وەزارەتی ئەحمەد موختار پاشادا کرا بە والیی وان. بەڵام جەمعیەتی ئیتحاد لە دوای بەینێك عەزلی کردو تا نیهایەتی حەربی گەورە مەعزول بوو. لە وەزارەتی توفیق پاشادا کرا بە وەزیری ئەوقاف و زۆری پێنەچوو کرا بە وەکیلی نەظارەتی ئیعاشەو داخلیە. لە طەڕەف وەزارەتی داماد فەرید پاشاوە تەکلیفی وەزارەتی داخلیەی لێکرا، بەڵام قبوولی نەکردو لەپاشدا کرا بە والی (ئایدین). لە وەقتی ئەشغالی (ئەزمیر) لە طەڕەف لەشکری یونانەوە زۆر ئەزیەت و حقارەتی دیو لە ڕووی ئەمەوە تووشی نەخۆشی قەلب بوو، بەڵام وەظیفەی تەرك نەکردو لەسەر وەظیفەو لە پڕێکا لە ٥ ی کانونی ثانی ١٩٢٠دا وەفاتی کرد.

**٤٦- عەزیز بەگ :**

کوڕی عەبدولرەحمان پاشاو مامی ئاخر ئەمیری بابان ئەحمەد پاشایە. سەرگوذشتەی حەیات و وجەلادەتی مەضبوط نییە. بەڵام داستانی قەهرەمانیو فیداکاری ئەم ذاتە و مەحمود بەگی صاحێبقران ئیستاکەش لە فکر نەچۆتەوەو، ئەغلەب لە بەینی خەڵکدا ئەگێڕێتەوەو ئەخوێنرێتەوە. ظاهیر وایە لە دوای ڕۆیشتنی ئەحمەد پاشاه تەعیین کرانی عەبدوڵلاْ پاشا بە قائممقامی بەبە،

طەرەفداری عوثمانی غەلەبەی سەندووەو بەعضیکیش بە شیددەت طەرەفداری ئیدارەی بابان بوون، عەزیز بەگ ومەحمود بەگی صاحبقران سەر ئامدانی ئەم بەرەیە بوون. وا دیارە کە عەبدوڵلاّ پاشا ڕقی لێیان بووەو حورمەتی نەگرتوون. لەبەر ئەم حاڵە ئەوەلەن مەحمود بەگ بە ماڵەوە سلیمانیی بەجێهێشتووەو عەبدوڵلاّ پاشا قوەتێکی بە شوێنیا ناردووە تا بیگرن و مەحمود بەگ ئەم قوەتەی شکاندووەو لە دواییدا عەزیز بەگیش ڕۆیوەو لەگەڵ مەحمود بەگ یەکدگیربوون و لەگەڵ هەمەوەندو بەعضێ عەشائیری ئەو ناوە ئیتفاقیان کردووەو لەگەڵ لەشکری عوثمانی کەوتوونە شەڕەوە، لە نزیك (کرپچنە)و لە ( دەربەندی بازیان) دوو شەڕی قورسیان کردووەو نەیان هێشتووە لەشکری والیی بەغداد بگاتە سلیمانی. نیهایەت لە دوای کوژرانی مەحمود بەگ لە کەرکوك بەحیلە، و تەفرەدانی هەمەوەند لە طەرەف حکومەتی عوثمانیەوە، ئاخر دەفعە لە (بانی مەقان) ڕێگە بە لەشکری تورك ئەگیری و لە دوای شەڕێکی زۆر عەزیز بەگ ئەکوژرێ و لەشکری بەغداد بەزەحمەت ئەگاتە سلیمانی. شاعیری مەشهور(سالم)، داستانی قەهرەمانیی عەزیز بەگی لە قەصیدەیەکی نایابیدا تەصویر کردووە کە دوو بەیتی دواییی ئەمەیە:

عەزیزە وا لە ناوچاها خوداوەندا نەجاتی دە
لە چیهرەی ئەو بکا یەعقوبی دڵ ڕەمزی صەفا پەیدا
خودایا موڵکی بابان بێ ڕەواج و قەڵبە سا لوطفێ
بە ئکسیری وجوودی ئەو بکا وەك میسك بەها پەیدا

**٤٧- شێخ عەلی:**

کوڕی عەبدوڵلاّ کوڕی ئەحمەدی ئیسماعیلە لە ١٠٧٤ی هیجریدا لە گوندێکی شارەزووری نزیك (عەوالأن)هاتۆتە دنیاوە لە دوای وەرگرتنی ئیجازەی تەدریس، ساڵێکی بە سیاحەت ڕابواردووە. زۆر دیندارو موتەقی بووە. لە زەمانی سولطان مصطەفادا بانگ کرایە ئەستامول و زۆر حورمەت و عیزەتی دی. ویستیان مەعاشی بۆ ببڕنەوە، قبوڵی نەکرد، بەلاّم بۆ نەشکاندنی ئەمری سولطان

تەنیا مانگی غروشێکی قبوڵ کرد. لە ئەستامولەوە چوو بۆ شام و لەوێ لە ساڵی ١١٧٩دا بە ڕەحمەت چوو.     ( سلك الدرر).

٤٨- **شێخ عومەر:**

کوڕی شێخ محەمەدو خەڵکی شارەزوورەو عینوانی ( شهاب الدین)ە، لە ٥٣٩ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. عالمێکی بەناوبانگ و واعیظیکی فەصیح و بەلیغ بوو. چەند جارێك لە طەڕەف خەلیفەی عەباسی (ناصر الدین الله) ەوە بە تایبەتی نێرراوەتە لای مەلك ئەلعادل ئەبوبەکری ئەیوبی. لە بەغدادا خانەقایەکی مەخصوصی بووە لەوێ لەگەڵ وەعظ و ئیرشاد خەریك بووە لە ٦٣٠ی هیجریدا بە ڕەحمەت چوو.                    ( مرآة الزمان، جلدی ٣).

٤٩-**شێخ عومەری قەرەداغی:**

کوڕی شێخ ئەمینەو لە تەئریخی ١٣٠٢ی هیجریدا لە سلیمانی لەدایك بووە. وەهەر لەم شارەشدا خوێندویەتی. لەدوای پێگەیشتنی لە خەنەقای مەولانا خالیددا بە تەدریس وموتالاً وەقتی ڕابواردووە. هەشت کتێب و چەند حاشیەیەکی بە قیمەتی نووسیوە. لە ساڵی ١٣٥٥دا بە ڕەحمەت چووە.

تەئلیفاتەکەی ئەمانەن:

١- منيحة الالباب، في شرح اسطرلاب .

٢- الدرة المنجية، في شرح الفرائض القزلجية.

٣- البدر العلاة، في كشف غوامض المقولات.

٤- الفتح الغوامض، على المنح الفائض في علم الفرائض.

٥- شرخ منظومة التجويد.

٦- متن جلاء القلوب، في عمل ربع المقنطرات والجيوب.

٧- المنهل النضاح، في المسائل الفقهية المختلف فيها بين ابن حجر والخطيب الشربيني‌و الزملي.

٨- وسيلة النجاة، في احزاب من الصلواة.

حاشیەکانی سیانزەیە، دووانی لەحەق بەدیع و مەنظومەی عروضە. یەکێکی دائیر بە عیلمی حیساب و باقیی لەحەق عیلمی هیئەت و ئیسطرلاب و بەعضێ علومی ترە.

٥٠-**شێخ محەمەد:**

لە ساداتی بەرزنجەو، خەڵکی شارەزوورو کوڕی شێخ عەبدولرەسولی کوڕی عەبدئەلسیدە. لە ١٠٤٠ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە لە لای مەلا شەریف ومەلا ئیبراهیمی گۆرانی خوێندویەتی لە هەمەدان و بەغداد وشام و ئەستامبۆلیشدا عومرێکی ڕابواردووەو لە شەست زیاتر ئەثاری هەیە. ( قدح الزند في رّد جهالات اهل الهند)و (الاشاعة في اشراط الساعة) لە ئاثاری ئەم عالیمە گەورەیە. لەم ئەثەری دوایییە نوسخەیەکی دەس خەط لە بەغداد لە کتێبخانەی ( یەعقوب سەرکیس) دا هەیە. ئەثەرێکی شێخ محەمەد مظەفەری بەرزنجیشی بەعەرەبی تەرجومە کردووەو، نوسخەیەکی ئەم تەرجومەیە لە ئەستەمۆل لە کتێبخانەی ڕاغب پاشادا مەوجودە. لە ١١٠٣ی هیجریدا لە ( مەدینە) وەفاتی کردووە. بەعضێ ئەشعاری جوانیشی هەیەو ئەم دوو بەیتە لە قەصیدەیەکی وەرگیراوە.

جذعان فخري يشهدان بمجدي          جذع هنا قد كان من لجدي

ثان ببرزنج بمسجدها الذي          موسى وعيسى اسساة بجد

شێخ محەمەد لە مەجدەدینی قران مەعدودە و دەرحەق ئەم صەنعەتەی گوتراوە:

حادي عشر قد كان برزنجي          مجدداً وشرطه جلي

(سلك الدرر. التعريف)

٥١-**شێخ مەلا عومەر:**

لە ١٢١٣ی هیجریدا لە قەرەداغ هاتۆتە دیناوەو مەبادی علومی هەر لەوێ ولە ( مورتکە)لەلای مەلا عەبدلغەفور و شێخ عەبدولەطیف بەرزنجی خویندوە. لە دوایی‌دا بۆ ئیکمالی عیلم چۆتە( هەڵەبجە)و لەشێخ عەبدوڵڵا خرپانی ئیجازەی تەدریسی وەرگرتووە. بەینێکیش لە ژێر ئیرشادی مەولانا خالیدداو لە سلیمانیدا لەگەڵ علومی عالیەو باطنیە خەریك بووەو لەدوای ئیجازە وەرگرتنی چۆتەوە قەرەداغ. سلیمان پاشای بابان لەوێ

مزگەوتێکی بۆ دروست کردو تا ساڵی ١٢٦٥ لەو مزگەوتەدا بە تەدریس و تەئلیف وەقتی ڕابوارد. لە پاشدا چووە موصل و لە مەدرەسەی ( جامع الاحمر) دا ساڵێك تەدریسی کردو لە پاشدا گەڕایەوە وڵاتی خۆی و باقیی عومری بە تەدریس وتەئلیف بەسەر بردو لە ١٢٨١دا بەڕەحمەت چوو، وەلە گردی کمزی نێژرا. ئاثاری علمیەی زۆرە: (شرح الاغراب) دائیر بە نەحوو (شرح رسالة الاداب) ئەثەری ئەم ذاتەیە. بێجگە لە مە بەعضێ تەعلیقاتی لەسەر حاشیەی عەبدولحەکیم و خەیالیو لەسەر شەرحی شەمسیەو عصام ئەدین و تەفسیری بەیضاویو لەسەر توحفەی ئیبن حەجەرو ڕیسالەی بەهائەدین عاملی نووسیوە.

٥١ - **محەمەد حەمدی پاشا( بابان ):**

کوڕی حسین بەگ و برای مصطەفا ذهنی پاشایە، لەناوچوونی ئیمارەتی بەبەی بەچاوی خۆی دیوە. لە تەئریخی ١٨٤٦م دا هاتۆتە دنیاوە. لە سلیمانی فێری خوێندن بوو بەرە بەرە لە علومدا تەرەقیی کردو لە دوای ئینقراضی ئیمارەت چووە بەغدادو داخلی قەڵەمی ولایەت بوو وە لە قەوانیندا زۆر شارەزا بوو، لەبەر ئەوە نەقلی مەسلەکی عەدلی کردو بوو بە مەعاونی مدعی عامی موصل، وە لە زەمانی ویلایەتی جەودەت پاشا(موئەریخی مەشهور) دا بوو بە مودەعی عومومیی ولایەتی( بەیروت) و لەدوای چەند ساڵێك کرا بە موفەتیشی عەدلیی ویلایاتی ثلثە( بەغداد، موصل، بەصرە)و ڕوتبەی ( روم ئیلی بەگلەر بەگی) تیی درایە. لە دوای ظهوری بەعضێ ئیغتشاشات لە یەمەندا، کرا بە موتەصریفی (حدیدە)و ئەو لیوایەی تەسکین وئیصلاح کردو لە پاش بەینێك لەسەر بەعضێ ئەسبابی صحی نەقل کرا بۆ لیوای (عمارە)و موتعاقیبەن بۆ مونتەفیك و لە دوای مودەتێك تەرکی وەظیفەی کردو لە بەغداد دانیشت. لەوەقتی تەشکیلی حکومەتی عیراقیەدا تەکلیف کرا بۆ وەزارەتی عەدلیە، بەلاّم قبولی نەکرد. ذاتێکی نەجیب و عالیم و فاضیل و صاحێب تەدبیرو مەحبوب بوو لە تەئریخی ١٩٢٢دا لە ئەعظەمیە بە ڕەحمەت چوو وە لەوێ دفن کرا.

٥٣-**شێخ محەمەد مەظەفەر:**

خەڵکی بەرزنجەیەو، بە شێخ مەکی شورەتی سەندووە. تەصادوفی دەوری یاوز سولطان سەلیمی کردووەو، بە ئەمری ئەو (الجانب الغربي في حل مشكلات ابن عربي)ی

به كوردی نووسیوەو ئەم ئەثەرە لە طەرەف محەمەدی كوڕی عەبدلڕەسولی بەرزنجی‌یەوە بە عەرەبی تەرجومە كراو لە چاپ دراوە.    ( عثمانلی مؤلفلری).

**٥٤- محەمەد ڕەئفەت ئەفەندی :**

خەڵكی سلیمانی‌یە لە مەكاتبی ئەستامبۆلدا مودەتێكی بە طول دەرسی فارسیی گوتەوە، شاعیرێكی مناسب بوو بە كوردی و فارسی وتوركی بەعضیٚ ئەشعاری هەیە، بەڵام زۆری فارسی‌یە لە ئەواسیطی دەوری سولطان عەبدولعەزیزدا لە ئەستامول وەفاتی كرد.  ( سجل عوثمانی).

٥٥ – محەمەد ئیبن رەسول:

نەتەوەی ( ڕەسول زەكی)ی سەردەشتی[١١٤] و لەبنەماڵەی ئەوە كە بە (زكیە)شورەتی سەندووە. عالمێكی بەناوبانگ و ڕیاضی‌یەكی شورەت بوو گەلی ئاثاری دەرحەق علیمی جەبرو فەلەكیات هەیە ئەلچغمینی وە ئەلبەرجەندی شەرح كردووەو صاحێبی شەرحی (اشكال التأسیس في الهندسة)یە لەسەر( السیلكوتی)و خەیال حەواشیی هەیە. لە ساڵی ١٢٤٦دا لە سابلاخ بە طاعون وەفاتی كرد. لە نەوادیری عەصری خۆی بوو. مەرحوم موفتیی زەهاوی گوتویەتی: " علوم ئیسلامیە وەكو كوپەیەك بوو بە دەس ئیبن ڕەسولەوە هەرچۆنی هەوەسی ببوایە وەری ئەگێرا".

**٥٦ - شێخ محەمەد:**

خەڵكی شارەزوورە، لە ١٠٧٣ی هیجریدا تەئریخێكی كوردستانی لە (مەكەی موكەرەمە)نووسیوە، تەنیا نوسخەیەكی هەیەو، لە ( بریتیش موزەئەم) دا مەحفوظە.

**٥٧-مەلا محەمەد خاكی:**

خەڵكی گوندی ( ئەحمەد برندە)ی قەضای هەڵەبجەیە. لە ١٢٦١ی هیجریدا و لەم گوندەدا هاتۆتە دنیاوە. لە سلیمانی خوێندویەتی ولە سنە ئیكمالی تەحصیلی كردووە. عالمێكی بەناوبانگ و ئەدیبێكی گەورە بوو. عومری

[١١٤] لە ئەثەرێكی تردا ئەڵیٚ خەڵكی (چوارتا)یە.

له سلیمانیدا وبه تەدریس ڕابوارد ئەشعاری زۆر بەلیغ و پر مەعنایە. مەنسوبی طەریقەتی نەقشی بوو له ١٣٢٢دا بە ڕەحمەت چوو. جاریك بە مناسەبەتی بەجێمانی له کەوشەك مەرحوم سەید ئەحمەدی نەقیب بەچەند شیعرێك توانجی لێ داوە کە شیعرێکی ئەمەیە:

له مەیدانی عیبادەتدا بە جێما هەر کسێ بێشك
بە دائیم چاو بەرەو ژێرو ئەبێ مەهتوك و ڕیسوا بێ

خاکی بە غەزەلێکی چواردە جەوابی داوەتەوە کە دوو بەیتی ئەوەلی ئەمەیە:

ئەگەر دەروێش ئەگەر صۆفی لەتەکیەو خانەقادا بێ
گەدا بێ یاخو پاشابێ خەلیفە یاخو وەستا بێ
لە عەرصەی (کەوشەك)ا جێما وەکو دابە دەبێ دابێ
دەبێ سەر حیز ومل کزبێ داماو ڕیسوا بێ

**٥٨-مەلا محەمەدی ئیبن ئەلحاج:**

له ئەعلەم عولەمای عەصری خۆیە لە وەقتی مودەرسیی لە دیی (هەزارمێرد)دا ماموستاییی شێخ مەعرووف نۆدێ و مەلا عەبدوڵڵا بێتووشی کردو، له سەرچاوەی عیلم و عیرفانی، زۆر تینوانی عیلم ئیستفادەیان کردووە. له حەق فەضل و فەضیلەتی بە فارسی ئەم ڕوباعیە گوتراوە:

ملا محمد آنکه ز دریای علم خویش          گوش زمانه پر ز در شاهوار بود
ذکری چو ذکر او نبود در هزار ذکر
مردی بسان او نبود در هزار مرد

ئاثارو تەئلیفاتی زۆرە. ( رفع الحفاء في شرح ذات الشفاء) کە دائیر بە سیرەی نەبەوییە ئەثەری ئەم ذاتەیە. حەیف کە تەئریخی تەولدو وەفاتی لەگەڵ سەرگوذەشتی ژیانی نازانین.

**٥٩ - محەمەد ڕەشید پاشا بابان:**

کوڕی سلیمان پاشای عەبدولرەحمان پاشایە، لە ۱۲۳۷دا لەسلیمانی هاتۆتە دنیاوە. لە ویلایەتی بەغدادا بەعضیّ مەئموریەتی کردو، دەفعە لە (حلە)و جارێك لە (مونتەفیك)و (تەعز)و (دێرزۆر)دا موتەصریفیەتی کرد. لە ۱۲۹۹ی هیجریدا کرا بەوالیی بتلیس لە ۱۳۰۳دا لە وەظیفە جویّ بووەوە، موتەقاعیدەن لە ئەستامول دانیشت و لە ٥ی ڕەجەب ۱۳۱۳دا بە ڕەحمەت چوو.

**٦٠- حەمەد پاشا( جاف ):**

کوڕی کەیخسرەو بەگی سلیمان بەگی ظاهر بەگە. لە سالّی ۱۲۳۰ی هیجریدا هاتۆتە دنیاوە. کە باوکی وەفاتی کرد(١٢٤٤ھ) چواردە سالّ بوو وە لەعومری هەژدە سالیدا طەڵەبی ڕوئەسای عەشیرەتەکە کرا بە ڕەئیسی جاف. لە دوای بەینێك بەسەبەبی ڕقەبەری ئەحمەد بەگی وەلد بەگ کە خالّی ئەحمەد پاشای بابان بوو، ئەمیری بەبە چوار ئامۆزای محەمەد بەگ ئەگریّ و نەفی ئەکاتە (کۆیسنجەق). محەمەد بەگیش بەرامبەر بەمە ئەحمەد بەگ دەعوەت ئەکاو ئەی گریّ و لەگەلّ خۆی ئەی با بۆ (زەهاو)و لە دوای سالّێك کە ئەحمەد پاشا ئامۆزاکانی بەڕەڵلا ئەکا ئەویش ئەحمەد بەگ ئەنێرێتەوەو، لە پاشدا لەگەلّ ئەحمەد پاشا ڕێك ئەکەوێتەوەو دێتەوە شارەزوور. لە بەینی محەمەد بەگ وعەشیرەتی (هەمەوەند) یشدا بە سەبەبی خوێنی ڕۆستەم بەگی وەلد بەگ دوشمنایەتی پەیا ئەبیّو زۆر لە ڕوئەسای هەمەوەند ئەکوژیّ.

وەقتیّ کە لەشکری نەجیب پاشای والیی بەغداد هاتە سەر ئەحمەد پاشا محەمەد بەگ نە معاونەتی ئەمیری بەبەی کردو نەهێشتی بەعضیّ عەشایری تریش کۆمەکی بکەن، چونکە دوژمنایەتی قەدیمی لەگەلی بوو وە دۆستی عەبدوڵلاّ پاشای برای بوو.

محەمەد پاشا، بەینێك لەگەلّ حکومەتی عوثمانی تێکچوو (١٢٩١ھ)وبە عەشیرەتەکەیەوە چووە ئێران و لە طەڕەف ئێرانەوە بە مەمنونی قبول کراو خەلاّتیشی دراوەتیّ، بەلاّم بە تەوەسطی مەحمود بەگی کوڕی، کەساکینی بەغداد بوو، ئاشت کراوەتەوەو گەراوەتەوە شارەزوور. لە دوای چەند سالێك مودەتێك کرا بە وەکیلی

موتەصەریفی سلیمانی[١١٥]. نیهایەت لە طەڕەفی فیرقەی (کەرەم وەیسی)ی جافەوە بە ئینتقامی رئیسەکەیان لە ١٢٩٩دا لە قەضای (کفری)دا کوژرا.

ئەم ذاتە موحبی عیمران بوو، قەصرەکەی (قەلای شێروانە) قەراغ( سیروان) ئەثەری ئەم ذاتەیە. لە موحیطی خۆیدا پیاوخراپی نەهێشت. خوا عەفوی کا.

**٦١- حەمەد ئاغا:**

خەڵکی دەربەند فەقەرەی قەضای سلیمانی و شاعیرێکی فەطری و لادیی بوو. بەعضێ ئەڵێن ماجەرای عەشقەکەی تەصادوفی دەوری عەبدولرەحمان پاشای کردووەو بەعضیکی تر ئەڵێن لەزەمانی ئەحمەد پاشادا بووە. کەوابوو ئەبێ لەعەصری سیانزەمینی هیجریدا ژیابێ. شیوەنە جگەرسۆزو موئەثیرەکەی و بەدوعاکەی ئەبێ لە حەق عەبدولرەحمان پاشا وەیا ئەحمەد پاشابێ. شیوەنەکەی لە ژێر عینوانی (میرزا تەواری)و قەصیدەیەکی تریشی بەعینوانی (گلکۆی تازەی لەیل)ە زۆر بە تەئثیرەو پڕ وەجد وهەیجانی عەشیقە.

**٦٢- شێخ محەمەد:**

کوری شێخ عەلی بابا ڕەسولەو لەساڵی ١٢٦٩ﻫ دا هاتۆتە دنیاوە. لە عولەمای مەشهوری سلیمانی تەحصیلی کردووە. لە ١٣٠٠ دا چۆتە ئەستامول و لە دوای گەڕانەوەی کراوە بە موفتیی سلیمانێ، عالمێکی باش و لە چوار زماندا زۆر شارەزا بوو لە ١٣٢٤ﻫ دا ڕەحمەت چووە.

**٦٣- مەحمود بەگی صاحێبقران:**

کوڕی ئەحمەد بەگ و لە خانەدانی صاحێبقرانە لە زەمانی خۆیدا سوارێکی بێ ئەمثال و قەهرەمانێکی بەناوبانگ بوو. حەیاتی لە خدمەتی

---

[١١٥] بە گوێرەی کاغەذێکی خصوصیی حەسەن بەگی کوڕەزای محەمەد پاشا و بەنەظەر وەثیقەیەکی ئەو دەورە، ئەبێ ئەم وەکالەتە لە دەوری ساڵی ١٢٩٥ی هیجریدا بووبێ. وەلحال بە گوێرەی ساڵنامەی عوثمانی و قیوداتی ڕەسمیە لە ١٢٩٥ تا ١٢٩٦ ثابت پاشا موتەصریف بووە. جا بە دوور نییە ئەم وەکالەتە لە بەینی دەوری ئیبراهیم پاشا( ١٢٩٤)و ثابت پاشادا بێ.

ئیمارەتی بەبەدا ڕابواردووە. زۆر مەناقیبی قەهرەمانیی ئەگێرنەوە، عاشقی مەردی وشەرەف شەیدای حوریەت وئیستقلالی ئیمارەتەکە بوو. ئەڵێن لە دوای ئەمە کە بە تەئثیری عەبدوڵلاَ پاشا، طەڕەفدارانی ئیلتحاقی ئیمارەتەکە بە حکومەتی عوثمانی زۆر بوو، مەحمود بەگ و عەزیز بەگ کە بەدڵ لایەنی ئەحمەد پاشایان گرتبوو وە طەڕەفداری ئیستقلالی ئیمارەتەکە بوون، سلیمانیان بەجێهێشت وچوونە ناوچەی هەمەوەندو لەبەینی سلیمانیو کەرکوکدا قوەتێکی مناسبیان کۆکردەوەو ئیرتباطی بەینی سلیمانیو کەرکوکیان بڕی. زەنگەنە، داودە، شێخ بزەینی وهەمەوەند هەموو لە دەوری عەزیز بەگ و مەحمود بەگ کۆبوونەوە حوکم و نفوذیان تا نزیك کەرکوك و قەشقە ئەچوو. لە طەرەف (کرپچنە)و (دەربەند) چەند شەڕێکیان کردو لەشکری عوثمانی ظەفەری پێ نەبردن. نیهایەت بۆ موذاکەرەی شڕوطی صولْح لە کەرکوکەوە مەحمود بەگیان ویست و ئەمەش حیلە بوو. ئەم کەڵە سوارە نەترساو چووە کەرکوك و لەوێ لە قشلە میوان کراو لە وەقتێکدا کە نوێژی ئەکرد هەڵیان کوتایە سەری و گرتیان و کوشتیان، لە بەینی ١٢٦٤ و ١٢٦٧ی هیجری.

**٦٤- شێخ مەحمود:**

کوڕی شێخ مەحمودو بە (گڵەزەردە)یی مەشهورە. تەوەلودی لە سلیمانی و لە ١٢٠٠ھ دا یە لە شێخ مەعروفی نۆدێ و بەعضێ عولەمای تر تەحصیلی کردووە. بە سەبەبی عیلم و فەضلەوە کراوە بە نەقیبی سلیمانی. لە دەوری ئیمارەتی سلیمان پاشادا چۆتە ئەستەمۆل و لە طەرەف مەحمود پاشاوە نێرراوە بۆ طەهران. عالیم و فاضیل بوو، بەعضێ حەواشی غەیر مەطبوعەی هەیە لە ١٢٥٧دا بە ڕەحمەت چوو.

**٦٥-مەحمود پاشا( جاف ):**

کوڕی محەمەد پاشایەو، لە ساڵی ١٢٦١دا هاتۆتە دنیاوەو، لە دوای کوژرانی باوکی کرا بە ڕەئیسی جاف و قائممقامی هەڵەبجەو، ڕوتبەی میری میرانی درایە لە ساڵی ١٣٠٦دا حکومەت، عوثمان پاشای برای کرد بە ڕەئیسی جاف وقائممقامی هەڵەبجە، ومەحمود پاشا کرا بە موتەصەریفی (ئۆرفە)، بەلاَم قبووڵی نەکردو چوو بۆ ئەستامبۆل وسێ ساڵ تیامایەوەو نیهایەت بە دزیەوەو بەسەر ڕوسیەدا فیراری کردو،

هاتەوە شارەزوورو لە دوای ساڵێك حكومەت ئیجباری كردو چووەوە ئەستەمول و لە دوای ساڵێ بە ڕوتبەی بەگلەربەگی كرایەوە بە ڕەئیسی جاف و قائممقامی هەڵەبجە و لە دوای بەینێك هەر ڕیاسەتی عەشیرەتەكەیانی بە دەستەوە هێشت وتا حەربی گەورە حاڵی بەم نەوعە دەوامی كرد. مەحمود پاشا زۆر موحبی شیعرو شوعەراو دیندار بوو، زۆر مزگەوتی دروست كردووەو، هەموو ساڵێك چەند عالمێكی ناردووە بۆ حەج. لە طەرەف حكومەتی ئێرانەوە ڕوتبەی (خان)ی درابویەو، خەلاَتیشی بۆ نێررا بوو. لە ساڵی ١٣٣٨ی هیجریدا لە هەڵەبجە وەفاتی كردو لە مزگەوتی (قزلرباط)، كە ئەثەری خۆی بوو دفن كرا. ئەم ذاتە حەزی لە یەكێتی قەومەكەی ئەكردو، زۆر هەوڵی بۆدا.

**٦٦-*شێخ محی ئەدین* :**

كوڕی شێخ حوسێنی گڵەزەردیە. زۆر عالیم و عابد بووە، عەدەدی تەئلیفاتی چواردەیە، هیچیان لە چاپ نەدراوە. (سیف القاطع)، (مجمع الجواهر)، (كشف الاعمال)، (ضایع الاعمال)، ( اصلاح النفوس)، ( كشاف الكروب) لە جوملەی ئەو تەئلیفاتانەیەو، هەموو ئاثاری لە حەقی دین و تەصەوف و طەبابەتە. صاحێبی تەرجومە، معاصری موفتیی زەهاوی بوو. لە گڵەزەردە چۆتە كەركوك و لە گەڕەكی (اخی حسین) دا ساكن بوو، وە لە مزگەوتەكەیدا وەقتی بە تەدریس و ئیرشاد ڕابوارد لە ١١٩٤ و ١١٩٥دا بە ڕەحمەت چوو.

**٦٧ - *شێخ مصطفی* :**

كوڕی سەید( بابا رەسول)ی بەرزەنجەییە. لە ١٢٣٥دا لە بەرزنجە هاتۆتە دنیاوە، لە دوای خوێندنی مەبادی علوم لە وڵاتی خۆیدا بۆ ئیكمال چۆتە (سابلاخ) و مودەتێكیش لەلای موفتیی زەهاوی خوێندویەتی. بەعضێ حەواشیو ئاثاری نا مەطبوعی هەیە، لە سێ زماندا ( عەرەبیو كوردیو فارسی) دەسی شاعیری بوو. مودەتێكیش بوو بە موفتیی سلیمانی لە ١٣٠٢ھ دا بە ڕەحمەت چوو.

**٦٨ - مصطەفا بەگ ( كوردی ):**

كوڕی مەحمود بەگی صاحێبقرانەو، خۆی گوتویە: ئەحمەدم جدو پدەر مەحمود و نامم مصطەفا است. سەردەمێك مخلصی ( هیجری) بوو، بەلاَم لە پاشدا لەسەر ( كوردی) قەراری گرت. ڕەنگە ولادەتی لە ١٢٢٧ی هیجریدا بێ.

شاعیری مەشهور سالم خزمێتی. تەحصیلی لە سلیمانیدا کردووە. بەهرەی شاعیری لە کەسی زیاتر فطری‌یە وا ئەکثەر بە ئیرتجالی شیعری گوتووە. ئسلوبی، بەلیغ و سەلیس، ڕەقیق و، پڕ مەعنایە. ئەغلەبی ئەشعاری دائیر بە عەشق و سەودایە لە مەواضیعی تریشدا ئەشعاری هەیە. لە حەق مەظلومیەتی قەومەکەی و تەعدای قوەی حاکمەش زۆر سکالأی کردووە.

نموونەی وتەی عاشیقانەو مەدحی ئەم مەوضوعە ئەمەیە:

حافظ وسعدی ونظامی قەیس و جامی و دیهلەوی
فیض خواه و مەعریفەت جۆ بوون لە شاگردانی عیشق
خوسرەو ومەحمودو فەرهاد هەر سێ شاو شەهزادە بوون
ئاخری بووشن بە عەبدو چاکری سولطانی عیشق

چەند غەزەلێکیشی لە حەق مەظلومی ولأت و قەومەکەی هەیە کە مەطلەعی یەکێکیان ئەمەیە:

صاعیقەی بەرقی نحوسەت ظوڵمەتی‌دا شەرق و غەرب
بەردە بارانە بە مەخصوصی لە سەر موڵکی بەبان
چاوی عیبرەت هەڵبرە ئەی دڵ لە وەضعی دەهری دوون
سەیرکە سا فەلەك چیی کرد بە زومرەی کوردزمان

( کوردی)، لە ئێراندا زۆر ماوەو زۆر بەناوبانگە. قەصیدەیەکی مەدحیەی بەدیعی بۆ شاهی ئێران گوتووەو، خەلأت کراوە و بەینێك لە طەهراندا ژیاوە. لە حضوری شاهدا مناظەرەیەکی لەگەڵ شاعیری مەشهور ( قاآنی )هەیە.

شێخ رەضا، فەضلی (کوردی) بەسەر هەموو شاعیرانی تردا داوە. مەشهور حاجی قادر کەلە حەق (کوردی) ئەدوێ، ئەڵێ:

شەهسواری بەلاغەتی کوردان          یەکە تازی فەصاحەتی بابان
مصطفەفایە تەخەڵوصی(کوردی)          غەزەلی کردە بەر بەیتی کوردی

ئەم شاعیرە، لە پەشۆکی ولأتی سلیمانی‌و ظوڵم و تەشقەڵە زۆر عاجز بووەو تەرکی ولأتی کردووەو مودەتێکی بە سیاحەت ڕابواردوەو زۆر لە ئێراندا

ژیاوەو، بەینێك بۆتە ئەعضای ( ئەنجومەنی ئەدیبان)ی طەهران. تەئریخی وەفاتی بە تەواوی مەعلوم نییە، ئەڵێن لە ١٢٦٧ه دا لە سلیمانی بەڕەحمەت چووە.

**٦٩- حاجی مصطەفا پاشا:**

خەڵکی سلیمانی و کوڕی عەزیزی (یامولکی)یە لە ١٢٨١ی ڕۆمیدا هاتۆتە دنیاوە. تەحصیلی ئیبتدائی لە سلیمانیو ثانەوی لە ئیعدادی عەسکری بەغدادیە. لە پاشدا چۆتە ئەستامبۆل ولە ١٣٠٤ ڕۆمیدا بە یوزباشی ئەرکانی حەربی دەرچووەو بۆ نەظارەتی حەربیە تەعیین کراوە، لە دوایساڵێك کرایە ڕەئیسی ئەرکانی حەربی فیرقەی حجازو موهەندیسی (مەکە)، ولە ١٣٠٩ دا کرایە بە قونسلوسی (خوی)و ( سلماس)، لە دوای سالێك کرا بە باش شەهبەندەری (سنە) و لەم دەورەدا بە سەبەبی خەلاَصکردنی کچی شاە لە دەس ثوار، لە طەڕەف مظەفەر ئەدین شاهەوە نیشانی شێرو خورشیدی درایە. لە ١٣١٣دا کرا بە وەکیلی ڕەئیسی ئەرکانی حەربی ئۆردوی شەشەم ( بەغداد) لە دوای ساڵێك نەقلی (سیواس) کراو وە لە ١٣٢٠دا لەگەڵ هەیئەتێك بۆ تەحقیقاتی مونتەفیك و حدودی ئێران تەعیین کرا. لە دوای چوار ساڵ بۆ ڕیاسەتی ئەرکانی حەربی فیرقەی( ئەنقەرە) نێرراو لە عەینی ساڵدا کرا بە میری لیواو قۆماندانی فیرقەی بیست ویەك (بەغداد) و لە ١٣٢٦دا تەحویل کرا بۆ فیرقەی سێیەم ( ئەرزنجان)و وەکالەتی قۆمانی قول ئۆردو. لە حەربی ئیتالیادا بە قۆماندانی فیرقەی پێنجەم نێررا بوو بۆ غازی بەحری سفید. لە حەربی بالقاندا قۆماندانی فیرقەی بیست و حەوتەم بوو وە لەشەری (کلیبولی) و(بولایر) داو لە ئیستردادی (ئەدرنە)دا حاضر بوو. لە پاشدا لە طەڕەف ئەنوەر پاشاوە سەوقی تەقاعودی کرا. لە دوای حەربی عمومی بەینێك کرا بە ڕەئیسی دیوانی حەربی عورفی و لەپاشدا کرا بە والیی (بروسە). لە ١٩٢٠ دا هاتەوە عیراق و لە ١٩٣٦دا بە ڕەحمەت چوو.

**٧٠- مصطەفا ذهنی پاشا:**

دووەم کوڕی حسێن بەگی محەمەد پاشای خالید پاشایە لە دەوری ١٨٥٠م هاتۆتە دنیاوە. لە سلیمانی خوێندی و پێشکەوت زۆر زیرەك و وریا بوو لە

عومری نۆزدە ساڵیداو لە زەمانی والیەتیی مەدحەت پاشادا بوو بە مەئموور، لە قەڵەمی مەکتوپچی بەغدادا. مەدحەت پاشا زۆر تەقدیری ئەکردو، (بویك عەقللی مصطفا)ی پیٛ ئەگوت و کردی بە ڕەئیسی قەڵەمی تەحریرو شفرە. لە زمانی فرانسیزیدا زۆر شارەزا بوو. بەرە بەرە تەرەقی کرد بوو بە موتەصریف و زۆری پیٛنەچوو بوو بە (والی) ( ئەطەنە) و (یانیە)و (حیجاز)یك لە دوای یەك. لە پاشدا وازی لە وەظیفە هێناو لە ئەستامبول دانیشت. بەینێك داخلی حزبی پرنس صەباح ئەدین بوو، کە مەبدەئی ئەم حیزبە ( لامرکزی) بوو. لە دەوری جەمعیەتی ئیتحادو تەرەقیدا تەکلیفی لێکرا بۆ مەقامی وەزارەتی داخلیە، بەلاٚم قبوڵی نەکردو هەر بەم نەوعە والیەتی (بەغدادیش)ی ڕەد کردەوە. چونکە سەر ئەنجامی حکومەتی زۆر تاریك ئەدی واقیعەن زمانیش ئیثباتی کرد. صاحێبی تەرجومە بەڕاستی لە سەر ئیمدانی عیلم و عیرفانی عەصری بوو لەچوار زماندا، بێجگە لە کوردی، زۆر شارەزا بوو موئەلەفاتێکی زۆر هەیە. لە ئەستامبول بەڕەحمەت چوو.

**٧١- مەلا مصطەفا:**

خەڵکی گوندی ( بێساران)ی لیوای سلیمانیەو، لە شاعیرانی عەصری سیانزەمینی هیجریەیە. دیوانێکی ئەشعاری باشی هەیە، بەلاٚم لە چاپ نەدراوە. زۆر قەصیدەو بەیتی شیرینی هەیە ( هەوری نوازو زار)و (بەرزە ئێلیخان ) ی زۆر بە شورەتە:

ئەشعاری بە قوەت و ڕەقیقە ئەمە نموونەیەکیەتی:

گیانە لە پرخەی خەوی خاومدا — پیٛ بنیٛ وەبان هەردوو چاومدا
مەڵی برژانگت تیژە وەك چقڵ — ئەچەقێتە پیی نازکی وەك گوڵ
بە برژانگی تیژ بۆیە خۆشحاڵم — خاکی بەردەرگای تۆی پیٛ دەماڵم
هەر چەند تیژیش بیٛ بۆ پیٛی تۆ نەرمە — بۆتی هەڵسونی بەرپێت دڵگەرمە
سا فەرموو پیٛییٛ بنیٛ سەر دیدەم — ئەو دیدەی بیٛ تۆ هیچ کەس نەدیدەم
ئەگەر نەقشێکی غەیری تۆی تیابیٛ — تو خوا کوێری کە با نابینا بیٛ
کە پێت هەڵبڕی سەیر کە چە جوانە — بە خوێنی دیدەم خەنەبەندانە

**٧٢ - مەقصود ئەفەندی:**

له عولەمای عەصری چواردەمینی هیجریو خەڵکی سلیمانیەیه. بەشی زۆری عومری له شام و ئەرضرۆم دا ڕابوردووه. بەعضێ حەواشی به قیمەتی نووسیوه. ( عوثمانلی مؤلفلری).

**٧٣ - وەلی دێوانه :**

له عشیرەتی (جاف)و له تیرەی ( کەمالەیی)یه. شاعیرێکی طەبیعیو نەخوێندەوار بوو، نیو عەصرێك له پێش (مەولەوی)دا ژیاوه یەعنی له شوعەرای عەصری سیانزەمینه. عاشقی ( شەمسه)ناو کچێك بوو. سەر گوذەشتی حەیاتی زۆر ئەشوبهێته ( مەجنون) سۆز وتەئثیری عەشیق، تەرکی ئاوەدانیی پێکردووەو خستویەته کێوو صەحرا، ئەشعاری زۆر صاف و طەبیعیو هەمووی دائیر به شور عەشقیەو زۆره ، بەلاّم کۆنەکراوەتەوەو تەنیا له بیری بەعضێ کەس ماوه. ئەم چەند بەیتە هی ئەوه:

یاران له جەرگم ، یاران له جەرگم تیری ( شەم) ئەمشەو درا له جەرگم
بەو تیره گەیمه ئاکامی مەرگم شەهیدم کفن مەکەن به بەرگم
ئەوه شەهیدەکەوته پێناوێ ئەوی شەهیده کفنی پێ ناوێ
هەروا به خوێنی زامی جەرگەوه بم خەنه ژێر خاك خوێن به بەرگەوه
با بەو ئەندامەی گوڵ ڕەنگیمەوه پەروانه ئاسای بێ دەنگینمەوه
شۆرین نەیگۆڕێ خوێنی زامانم بەوه پەسندی ناو شەهیدانم
بەلاّم وەصیەتم ئەمه بێ لاتان هەرچەن کەوتومه دووره ولاّتان
تەنها قەبرەکەم لەڕیی خێلاّن بێ نزیك هەوارگەی سەر ڕەوێلاّن بێ
کێلێکی بەرز بێ به قەد بالاّی شەم له ژوور سەرم بێ بێ زیادو کەم
طاقێکیش وێنەی طاقی ئەبرۆی ئەو که سوجدەگاهی ڕوحم بێ به شەو
بنووسن، بەخوێن جەرگی سەرکردووم کەمن بەتیری دەستی شەم مردووم
چونکه ئەو شەمەی تاتاری چینه له دەشت بێزاره، جەبەل نشینه
بەڵکو هەڵکەوێ له ڕێگوذارێ ڕێ بخاته سەر قەبرەکەم جارێ

| | |
|---|---|
| بزانیٚ کوشتەی دەستی خۆیەتی | لە خاکدا مەیلی ڕەنگ و بۆیەتی |
| جوابی سوئالی قەبریشم وایە | دیاری مەحشەرم شۆری لەیلایە |

٧٤ - **یەعقوب بەگ:**

خەڵکی شارەزوورەو، عینوانی ( بەهائەدین)ە، لە زەمانی ( ملك صالح نجم الدين) ی ئەیوبیدا (٦٣٧-٦٤٧ﻫ) چووە میصرو بە خۆی و مەعیەتیەوە کە هەموو شارەزووری بوون، لەگەڵ ( مظفر قطز)دا چوو بۆ طەڕەفی (کەرەك) بۆ شەری تاتارو خدمەتێکی باشی کردو لە دوای چەند ساڵێك مەلك ئەلمنصوری حوکمداری میصر بەهانەی پێگرت و حەپسی کرد، بەلاّم زۆری پیٚ نەچوو مەلك ئەشرەف خەلیل بەڕەلاّی کردو مەنصەبێکی باشیدایە. ئەمیرێکی موکەرەم و صاحێب دەستەو دائیرەیەکی باش بوو، لە ئەواخیری ٧٠٧ﻫ دا وەفاتی کرد.( تأريخ العراق بين الاحتلالين).

٧٥ - **شێخ یوسف :**

کوڕی حەمزەو خەڵکی شارەزوورە، لە موئەلفین و عولەمای صاحێب شورەتی عەصری خۆیەتی. کتێبی (ذهب المذاب في مذهب النجاة ودفة الاعراب) ئەثەری ئەم ذاتەیەو لەم کتێبە نوسخەیەك لە ئەستامول لە کتێبخانەی عاطف بەگدا مەجودە، لە موتالاّی ئەم کتێبەوا دەرئەکەویٚ کە هەشت ئەثەری تری هەیە. ( عثمانلى مؤلفلرى)

٧٦- **یوسف ضیاء ئەفەندی:**

لە ئەحفادی مەرحوم مەولانا خالیدو ساکنی شامە بە ( مقدسى) شورەتی سەندووەو لە موئەلیفینی ناسراوی عەصری چواردەهەمی هیجریە. ( عكاز الادب)و ( التحفة الحميدية) ی بەکوردی نووسیوە.


ئەو کتێبانەی کە بۆ نووسینی ئەم ئەثەرە ئیستیفادەی لیٚ کراوە

١ - عناصری میزوپۆتامیا. دوقتۆر سپایزەر، طەبعی١٩٣٠م، فیلادلفیا ( ئینگلیزی).

٢ - تەئریخی ئاسووریە، ئۆلمستید، طەبعی ١٩٢٣م، لندن ( ئینگلیزی).

٣ - تەئریخی قەدیم، کەمبریج کووك، جلدی ٣، طەبعی ١٩٢٥، لەندن.( ئینگلیزی).

٤ – ئینسقلۆپەدیای ئیسلام.

٥ – به تەبدیل له مەزۆپۆتامیادا، مێجەرسۆن، طەبعی ١٩١٢، لەندن.( ئینگلیزی).

٦ – چوار عەصری دواییی عیراق، لۆنگریك. طەبعی ١٩٢٥، لەندن.( ئینگلیزی).

٧ – تەئریخی جەودەت،(جەودەت پاشا)، طەبعی دووەم ١٣٠٩هیجری، ئەستامبۆل. ( تورکی).

٨ – کتاب مآثر السلطانیة، عبدالرزاق نجفقلی، دەسخەته له ١٨٢٨دا نووسراوه ( فارسی)یەو باسی سەلطەنەتی قاجار ئەکا. نوسخەیەکی له کتێبخانەی ( یەعقوب سەرکیس )داهەیە.

٩ – مرآت الزمان، جلدی ٣، سبط ابن الجوزی یوسف، طەبعی ١٩٠٧، شیقاغو.

١٠– موصل ولایتی سالنامه، عائد به ساڵی ١٣٠٧ی ڕۆمی.(تورکی)

١١– ڕاپۆر له حەق لیوای سلیمانیی کوردستان، مێجەرسۆن ( ئینگلیزی).

١٢– دەرحەق عەشائیری کوردستانی جنوبی بەعضێ مەعلومات، مێجەرسۆن، ١٩١٨، بەغداد(ئینگلیزی)

١٣– تەئریخی ئومەڕای جاف، دەستخەته، کەریم بەگ. (کوردی)

١٤– سجل عثمانی، چوار جلده، محەمەد ثریا، طەبعی ١٩١٠، ئەستامبۆل(تورکی)

١٥– تەریخ نەعیما(تورکی).

١٦– شەرفنامه، شەرف ئەدین بتلیس، مصر(فارسی).

١٧– کلشن خلفا.(تورکی)

١٨– ڕەسائیلی خصوصی بەعضێ عولەماو سادات و ڕیجال.

١٩– کتاب تتمة الیتیمة، لأبي منصور عبدالملك الثعالبی النیسابوری، ناشری عباس اقبال، طهران فی ١٣٥٣هجریه.

٢٠– خاطیرەی ئیقامەتێك له کوردستانداو له نەینەوادا، مستەر ڕیچ، به ئینگلیزیيه و دوو جلده، له ڕوبعی دووەمی قرنی نۆزدەمیندا نووسراوەو له ( لوندەره) طەبع کراوه.

٢١– له کوردستان و مەزۆپۆتامیادا، له طەرەف جی. بەیلی فرازەرەوه له ئینگلیزی نووسراوەو دوو جلده. له ڕوبعی دووەمی قرنی نۆزدەمیندا (١٨٣٤م) نووسراوه. طەبعی لەندنه.

٢٢- تاريخ خلاصة الأثر في اعيان القرن الحادي عشر، تأليفی محەمەد المحیی‌یە، چوار جلدە لە ١٢٨٤ھ دا لە میصر طەبع کراوە.

٢٣- التعريف. لە حەق مساجدو مەدارسی سلیمانی‌یە، لە طەڕەف فاضلی موحتەرەم مەلا محەمەد قزڵجی‌یەوە تەئلیف کراوەو لە ١٣٥٦ھ-١٩٣٨م دا لە بەغداد لەچاپ دراوە.

٢٤ - مطالع السعود في أخبار والي داود. ئەثەری عەلامە ابن سند البصری شیخ عثمانە، لە ساڵی ولادەتی والی داود پاشاوە تا وەفاتی حەوادثی عیراقی بە موفەصلی‌و بە مناسەبەتی وەقایعەوە بەحثی ئومەڕای بەبەشی تیایە بەلاًم تەواوی نەکردووەو لە زەمانی داود پاشادا نووسیویەتی. غەیر مەطبوعەو نوسخەیەکی دەسخەتی لە کتێبخانەی ئەوقافی بەغداددا هەیە.

٢٥- اعجام الاعلام. تأليف محمود مصطفى، استاذ الادب العربی بكلية اللغة العربية من الجامعة الازهرية. لە مەطبەعەی رەحمانییەی میصردا و لە ساڵی ١٩٣٨دا لە چاپ دراوە.

# ئەوەی لەم کتێبەدا نووسراوە


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | سکالایەك |
| ٥ | تەئریخی ولاتی سلێمانی لە زەمانی قەدیمەوە تا دەوری ئیسلام |
| ١١ | قەومی لۆللۆ، مەدەنیەتی |
| ١٢ | زمانی، جوغرافیای |
| ١٥ | ئاثارو مەواقیعی قەدیمەی ولاتی سلێمانی |
| ١٩ | لە ئیبتدای دەوری ئیسلامەوە تا دەوری بابان |
| ٢٨ | دەوری حکومەتی بەبە، خانەدانی ئەوەل تا پێنجەم |
| ٢٩ | دووەم خانەدان، سێیەم وچوارەم خانەدان |
| ٣٤ | خانەدانی پێنجەم ( بەبەی سلێمانی) لە دامەزراندنیەوە تا بینای شاری سلێمانی(١١٩٩هیجری)، عینوانی بەبە |
| ٣٥ | مەنشەئی |
| ٤١ | خولاصەی تەئریخی، سلیمان بەبە |
| ٤٣ | بەکر بەگ |
| ٤٥ | فاصیلەی ئیمارەت |
| ٤٦ | خانە پاشا |
| ٥٠ | خالید پاشا، سەلیم پاشا |
| ٥٢ | سلیمان پاشا |
| ٥٤ | ئەحمەدپاشا |
| ٥٥ | دەفعەی دووەم: سلیمان پاشا |
| ٥٦ | محەمەد پاشا |
| ٥٧ | دەفعەی دووەم: ئەحمەد پاشا |
| ٥٨ | دەفعەی دووەم: محەمەد پاشا |

٦٠ دەفعەی سێیەم: ئەحمەد پاشا
٦٢ مەحمود پاشا
٦٤ مەحمود پاشا لە ئێراندا
٦٦ ئیبراهیم پاشا، بینای سلێمانی
٦٩ عوثمان پاشا
٧١ دەفعەی دووەم: ئیبراهیم پاشا
٧٢ عەبدولرەحمان پاشا، دەفعەی سێیەم: ئیبراهیم پاشا
٧٤ دەفعەی دووەم: عەبدولرەحمان پاشا
٧٥ عوصیانی عەبدولرەحمان پاشا
٧٦ شەڕی دەربەند
٧٧ خالید پاشا، تەعروضی عەلی پاشا، تەعروضی ئێران
٧٨ شەری مەریوان
٧٩ دەفعەی سێیەم: عەبدولرەحمان پاشا
٨٠ دووەم شەڕی دەربەند، سلیمان پاشا
٨١ دەفعەی چوارەم: عەبدولرەحمان پاشا
٨٣ شەڕی بەغداد
٨٥ فروفێڵی حالت ئەفەندی
٨٩ دەفعەی دووەم: خالید پاشا
٩١ دەفعەی پێنجەم: عەبدولرەحمان پاشا، شەڕی کفری
٩٣ دەفعەی سێیەم: خالید پاشا
٩٤ دەفعەی شەشەم: عەبدولرەحمان پاشاو وەفاتی
٩٦ د– لە ئیمارەتی مەحمود پاشاوە تا دوایی ئیمارەتەکە
دەفعەی ئەوەل – مەحمود پاشا
١٠١ عوصیانی مەحمود پاشا
١٠٢ صوڵح

١٠٥ عەبدوڵلاً پاشا
١٠٦ ڕەسمەن عەبدوڵلاً پاشا، دەفعەی دووەم: مەحمود پاشا
١٠٧ دەفعەی دووەم– عەبدوڵلاً پاشا
١٠٨ مەحمود پاشا محەمەد پاشا
١١٠ مەحمود پاشاو سلیمان بەگ
١١٢ سلیمان پاشا
١١٣ حەمە شەریفی هەمەوەند
١١٤ ئەحمەد پاشا
١١٧ موطاڵەعەیەکی کورت دەرحەق بەم ئیمارەتە
١١٩ زەراعەت وفەلاحەت
١٢٤ ئەحواڵی جوغرافیە
١٢٦ دوای دەوری بابان تا زەمانی ئیحتیلال
١٢٧ عەشائیری وڵاتی سلێمانی (أ) جاف
١٢٩ جێگەیان، ئەوصاف و عاداتیان
١٣٠ تەئریخچەی ئەم عەشیرەتە
١٣٥ عەشایری پشدەر
١٣٧ عەشیرەتی هەمەوەند
١٤٤ عەشیرەتی ئیسماعیل عوزێری، عەشیرەتی چنگنی
١٤٥ عەشیرەتی هەورامی
١٤٦ ئەحواڵی ئەم لیوایە لە ئەواخیری دەوری عوثمانیدا، (أ) ناوی متەصریفەکان
١٤٨ ب – ئیدارەو مالیەی ئەم وڵاتە
١٥٠ ج– مەعاریفی
١٥٤ د– مەشاهیری وڵاتی سلێمانی (١) موقەدیمە:
طەریقەتی قادریو نەقشبەندی
١٥٦ شێخ محەمەدی نەقشبەند (قدس سره)

١٥٨ مورشدینی بەناوبانگی دوو طەریقەت لە ولاٚتی سلێمانی
١٥٩ شێخ مەعروف نۆدێ
١٦٢ حاجی شێخ کاك ئەحمەد
١٦٣ مورشیدو خولەفای طەریقەتی نەقشی (مەولانا خالید)
١٦٥ شێخ عوثمانی تەوێلە، شێح محەمەدی تەوێلە، شێخ عومەری تەوێلە
١٦٦ حاجی شێخ ئەمینی خاڵ، حاجی شێخ محەمەدی مەحوی
١٦٧ عولەماو شوعەرای صاحێب ئەثەرو ڕیجالی مەشهور، سەید ئەبو بەکر
١٦٨ ئەبو عودەی، مەلا ئەحمەدی گۆرانی
١٧٠ ئەحمەد فائیز ئەفەندی
١٧٢ سەید ئەحمەدی نەقیب
١٧٣ شێخ ئەحمەد، حاجی مەلا ئەحمەد، ئەحمەد پاشا
١٧٤ ئەحمەد حەمدی بەگ
١٧٥ ئەحمەد موختار بەگ، ئیسماعیل حەقی بەگ،
مەولانا ئەلیاسی گەورە، ئەمین فەیضی بەگ
١٧٦ سەید جامی، شێح حەسەن
١٧٧ حەسەن کەنۆش، شێخ حسێنی قاضی، خەستە
١٧٨ مەلا خضری نالی
١٧٩ خەلیل خالید پاشای بابان
١٨٠ ڕەسول زەکی ئەفەندی، ڕەسول مەستی ئەفەندی
١٨١ زەهاوی، محەمەد فەیضی زەهاوی
١٨٣ جەمیل صدقی
١٨٥ عەبدولغەنی ئەفەندی، ڕەشید پاشا، سەعید پاشا
١٨٦ سلیمان یومنی ئەفەندی، شارەزووری،
ئەبو ئەلقاسم ئەحمەد، ئەبوبەکر محەمەد
١٨٧ مورتەضا عەبدوڵلاٚ، محەمەد کەمال ئەلدین، ئەبوحامد محەمەد

١٨٨ مەلا صالحی حەریق، صالح ئەفەندی ناهی
١٨٩ طاهر بەگ، عارف صائیب، مەلا عەبدولرەحمانی پێنجونی
١٩٠ شێخ عەبدولرەحمان
١٩١ عەبدولرەحمان بەگ ( سالم)
١٩٢ شێخ عەبدولرەحمان، مەلاعەبدولرەحیم (مەولەوی)
١٩٣ شێخ سەمیع
١٩٤ عەبدوڵڵا موصیب پاشا، مەلا عەبدوڵڵا
١٩٥ مەلا عەبدوڵڵای ڕەش، مەلا عەبدوڵڵای عیرفان
١٩٦ شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی،
شێخ عەبدولقادری سنەیی، عەبدوڵڵا حەسەن
١٩٧ عوثمان پاشا
١٩٨ عیزەت بەگ، عەزیز بەگ
١٩٩ شێخ عەلی
٢٠٠ شێخ عومەر، شێخ عومەری قەرەداغی
٢٠١ شێخ محەمەد، شێخ مەلا عومەر
٢٠٢ محەمەد حەمدی پاشا( بابان)، شێخ محەمەد مەظەفەر
٢٠٣ محەمەد رەئفەت ئەفەندی، محەمەد ئیبن ڕەسول،
شێخ محەمەد، مەلا محەمەد خاکی
٢٠٤ مەلا محەمەدی ئیبن ئەلحاج، محەمەد رەشید پاشا بابان
٢٠٥ حەمەد پاشا(جاف)
٢٠٦ حەمەد ئاغا، شێخ محەمەد، مەحمود بەگی صاحێبقران
٢٠٧ شێخ مەحمود، مەحمود پاشا( جاف)
٢٠٨ شێخ محی ئەدین، شێخ مصطەفا، مصطەفا بەگ (کوردی)
٢١٠ حاجی مصطەفا پاشا، مصطەفا ذهنی پاشا
٢١١ مەلا مصطەفا

٢١٢ مەقصود ئەفەندی، وەلی دێوانە
٢١٣ یەعقوب بەگ، شێخ یوسف، یوسف ضیاء ئەفەندی
٢١٥ ئەو کتێبانەی کە بۆ نووسینی ئەم ئەثەرە ئیستیفادەی لێکراوە